عبدالکریم فتاح

١٦



گەڕانەوە بۆ مەرگ

گێڕانەوەی سەربوردەی مەینەتیەکان

منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

ڕۆمان

چاپی دووەم 2017

بۆدابەزاندنی جۆرەها کتێب:سەردانی: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

لتحميل أنواع الكتب راجع: (مُنْتَدى إِقْرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

www. iqra.ahlamontada.com

بسم الله الرحمن الرحيم

" گەڕانەوە بۆ مەرگ "

(گێڕانەوەی سەربوردەی مەینەتییەکان)

"رۆمان"

نووسینی

مامۆستا عبدالکریم فتاح

چاپی دووەم ١٤٣٨ ك - ٢٠١٧ ز

ناوی کتێب: " گەڕانەوە بۆ مەرگ"
(گێڕانەوەی سەربوردەی مەینەتییەکان)
بابەت: ڕۆمان.
نووسینی: مامۆستا عبدالکریم فتاح.
نەخشەسازی ناوەوە: احمد خالد
تایپ: وەرگێڕ.
نۆرەو ساڵی چاپ: دووەم ٢٠١٧ زایینی.
تیراژ: (١٠٠٠) دانە.
نرخ: (٨٠٠٠) دینار
چاپخانە: هێڤی
بەسەرپەرشتی: نەهرۆ محمود
ژمارەی سپاردن: (٢٦٢٣)ی ساڵی ٢٠٠١
لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکانی دراوەتێ.
مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ نووسەر

نووری
حەقیقەت

١٦٠

نووری
حەقیقەت

Nuri.haqeeqat@gmail.com

✓ **بە ڕۆحی دایکم،**

بە بێبابی پەروەردەی کردم...

✓ **بە هاوسەری ژیانم،**

هاودەمی ئازارەکانم...

✓ **بە کچی گەورەم خەجگوڵ،**

ڕۆشنایی ماڵەکەمان...

پێشکەش بێت...

کەسایەتییە دیاریەکانی ناو ڕۆمانەکە:

- ئەشرەفی سولّتانی (پیاوی باوەڕ و بەندیخانە)
- محەممەدی خەڵوەتی (مرۆڤی ئازاری چرکەساتەکانی تەمەن)
- حیلمی شێخ ئەنوەر (سەرکردەی حیزب)
- حەسەنی مودەڕیس (سەرکردەی حیزب)
- (حەسەنی پورە گوڵێ–حەسەنی مودەڕیس)
- فوئادی ساهیر (سەرکردەی حیزب)
- عەزامی موهاجیر (سەرکردەی حیزب)
- زاهیدی پیریادی (ڕابەری ڕۆحی)
- عوسمانی فەرەنگیز (کاراکتەر)
- زەینەبی سولّتانی (خوشکی ئەشرەفی سولّتانی)
- هودای سولّتانی (خوشکی ئەشرەفی سولّتانی)
- مێریای سپیپۆش (ڕاهیبەیەکی ئایینی مەسیحی)
- مام سەعیدی باخەوان (باخەوانی زانکۆ)
- فەرەنگیز خانم (دایکی عوسمان)
- فاتمە خاتوون (دایکی ئەشرەفی سولّتانی)
- وەیسی (گوند نشین)
- باقری موجتەهیدی (پارێزەر و نووسەر و ڕۆماننوس)

- عامر شەممەری (جەنرالّی سوپا)
- شەمسی سیراجی (پیاوی سێبەر)
- فەخری شێخ مونیر (شاگردی شەمسی سیراجی)
- جاوید کوێستانی (شاعیر و ڕۆشنبیر)
- شێخ مونیر(باوکی فەخری)
- یوسوف شوعله (پارێزەر)
- سابات (هاوسەری محەممەد)
- سێبەر (منداڵی محەممەد)
- سرووه (منداڵی محەممەد)
- سواره (منداڵی محەممەد)
- پەریزاد خانم (دایکی جاوید)
- مام سمایل (خاوەن چاخانه)
- شەمالّ (چایچی)
- دلێر (بەندی)
- زەردەشت (دیل)
- شاسوار (دیل)
- حارس ئەنباری (رائیدی دەزگای ئەمنی)
- میران (بابی جاوید)

- سابیر (بابی یوسوف)
- شوعله (دایکی یوسوف)
- سیوەیل (خۆشەویستی یوسوف)
- شاوەیس ئاغا (سەرۆك جاش)
- حاجی عوسمان (بازرگان)
- کەمالی موهەندیس (دەولّەمەند)
- گەلاوێژ (دایکی هەتیوەکان)
- ئارام (برای جاوید)
- ڕەشە (پیاوی ئاغا)
- مەلا عەبدولاّ (باوکی شەرعی پەریزاد خانم)

بەشی یەکەم

مەرگدۆستی و ژیاندۆستی

تاریکی ئەم ژوورە بە داگیرسانی فانۆسەکە بڕەوێنە و ئەوجا بە خامۆشی گوێ بۆ سەربوردەی مەینەتییەکان بگرە...

نووسینی یەکەمین ڕۆمانی بوو، تۆ بڵێ لە دایك بوونییەکەمین کۆرپەی بوو... من و ڕۆماننووس هاوڕێی گیانی بە گیانی بووین، هەمیشە بۆ گفتوگۆ و یەکتر بینین تامەزرۆ بووین.. کلیلی گفتوگۆی من و "ئەو" خوێندنەوەی ڕەهەندەکانی مەرگو ژیان بوو، "ئەو" منی بە دۆستێکی نزیکی خۆی دەزانی، هەموو ڕاز و نیازێکی لە لای من بوو... سکالاّمان لای یەکتری دەکرد و دڵی یەکتریشمان دەدایەوە... هەفتەیەك جارێ یان دووجار بە سەردانی یەکتر دەچووین... زۆرجار لە دونیای ئازارەکان دادەبڕاین و فەزایەکی مەلەکوتیمان بۆ یەکتری دەخولقاند...

مەرگ و ژیان ئەو فەلسەفەیە بوو هەردووکمانی پێکەوە گرێدابوو... ئەو ژیانی بە بەشێك لە مەرگ تەماشا دەکرد...

من بەپێچەوانەی ئەوەوە دەموت (مردن لە ناو ژیاندایە، مەرگ دواین وێستگەی ژیانە، کۆتاخاڵە و دەبێت لەسەر هێڵی ژیان تەماشا بکرێ و هەڵ بسەنگێنرێ...)

ئەو دەیوت (گەر ژیان کۆتاییەکەی مەرگ بێت، هەموو ژیان مەرگە)

دواین خاڵێ کە من لەناو ژیاندا دەمبینی، ئەو پێی وابوو:

(هەموو ژیان هەڵدەلوشێ، ڕاستە خاڵێکە بەڵام خاڵێك کە سێبەری خۆی بە سەر دانە بەدانەی خاڵەکانی تری ژیاندا سەپاندووە... بە حوزنەوە دەیوت: مردن خاڵێکە هەموو خاڵەکانی تری ژیان لە ناوخۆیدا نوغرۆ دەکات....)

من بەڕەڕچم دەدایەوە و دەموت: (مردن ناتوانێ پەپولەیەك لە فڕین بخات، ئەو کە دەزانێ چەند ڕۆژێکی کەمی لە ژیاندا پێ بەخشراوە، لە ئەوپەڕی هەوڵیدا دەیەوێ زۆرترین کات بفڕێ و لەم دارەوە بۆ ئەودار و لەم گوڵەوە بۆ ئەو گوڵ خۆشی لە ژیان ببینێت...)

ڕێگەی لێ دەگرتم و دەیوت: (مردنە ئەو پەپولەی خستۆتە جووڵە و باڵەتەپێ، ئەو لە ترسی مردن لە گەڕان ناوەستێ، ئەو کاتانەش کە گوایە لەزەت لە ژیان دەبات سێبەری مەرگ و پاڵنەری مەرگ، باڵی بە سەردا کێشاوە)

دەمویست لە ڕێگەیەکی تردەوە بۆی بچم: (ترسان لەمەرگ، مەرگ لە مرۆڤ دوور ناخاتەوە، کەوابوو با ژیانمان بە کوێرایی چاوی مەرگەوە پڕ لە ئاسودەیی بکەین)

دەیوت: (ئەمەش خۆ خەڵەتانێکی گەورەیە، وشترمرخ سەری لە لم دەنێ و پێی وایە ڕاوچی شارەزا نایبینێ، بەڵام لم لە چاوانی خۆی دەکات، چونکە لاشە زەبەلاحەکەی بە دەرەوەیە... بەر لە من و تۆ عومەرخەیامی زانا و فەیلەسوف بەم جۆرەی تۆ باسی لێوە دەکەی ویستی خۆی لە ئازارەکانی مەرگ بشارێتەوە، بەڵام دواجار مەرگ وەك پاڵەوانێ یەخەی گرت و تۆڵەی ئەو خۆ دزینەوەیەی لێکردەوە...)

من نەمدەویست بەو ئاسانیە ئالای سپی لە بەردەم بەڵگە و بۆچوونەکانیدا هەڵ بکەم و دەموت: (کامیان باشترە بە ئازارەوە ڕووبەڕووی مەرگ ببینەوە یان بەخۆشییەوە پێشوازی لێ بکەین؟)

مەرگ دۆستی دەستی لە بینی ئەو نابوو نەیدەتوانی مۆتەکەی مەرگ لە یەخەی خۆی بکاتەوە، دەیوت: (لام سەیرە باسی خۆشی و ئاسودەیی ژیان

دەکەیت، کام خۆشی؟! ئاسودەیی چ مانایەکی هەیە؟! گەر خۆشی بریتی بێت لە چێژی خواردن و خواردنەوە ژاراوی مەرگ هەموو شتێکمان لێدەکات بە ژەقنەموت..چێژ و خۆشییەکم بۆ باس بکە هالأوی مەرگی لێ بەرزەوە نەبێت!)

ڕێگەم لێ دەگرت و دەموت +(چارەسەرمان چی یە؟)

–(تەنها مردووەکان لە مەرگ ناترسن، بۆ ئەوەی ترسی مەرگت نەبێت خۆت بەقافڵەی مردووان بگەیەنە)

+(کە وابوو ئەو شتەی لێ ی دەترسین بەپەلە بە دەمیەوە چووین و خۆمان هاوێشتە ئامێزییەوە!)

–(بەڵێ وایە، ئێمە و مەرگ مەڕ و گورگین، ئەو کە هێرش دەباتە سەر ڕانەمەڕ، قوربانییەکە بۆخۆی بە دوای گورگەکەدا ڕادەکات، گورگ لەپێشەوە و ئەویش بە دوایدا، لە کاتێکدا ڕاکردنی ئەو بەستەزمانە خۆهاوێشتنە بۆ ناو باوەشی مەرگ)

+(من نازانم، بۆ ئەوەندە لە مەرگ زەندەقت چووە؟!)

–(لەبەر ئەوەی حەقیقەتی مەرگ و ژیانم لا ئاشکرایە)

+(کام حەقیقەت؟)

–(ئەوحەقیقەتەی ڕۆژێك ئەژنۆی لەسەر سنگت دادەنێ)

+(دەمەوێ لە تۆقاندنی مەرگەوە بگوێزینەوە سەر تەوەرێکی تر، بەڵکو لێرەوە بتوانم هەندێ لە ترست کەم بکەمەوە، وەرە سەرنجت بۆ کاری مێش هەنگ ڕابکێشم، ئەو لەو تەمەنە کورتەیدا گەورەترین خزمەت بە خۆی و دەوروبەری پێشکەش دەکات، خزمەت بە خۆی دەکات، چونکە وەچە پێدەگەیەنێ و مانەوەی ڕەگەزی خۆی لە ژیاندا دەپارێزێ، هەنگوین بەرهەم

دێنێ و خۆی و بێچووەکانی و ئێمەش لێ ی سوودمەند دەبین، بە گەڕانی بەردەوامی گوڵ و درەخت دەپیتێنێ و خزمەتێ بەوانیش دەکات، ئایا ئەمە پەیامێك نی یە تاکو مرۆڤ لێیەوە فێری کار و خزمەت ببێت؟ پێمان ناڵێت وەرن چێژی ژیان لە ناو کار و خزمەتدایە؟! ئێمە بۆ ئەوەی ئازارەکانی مۆتەکەی مەرگ لە گەردنمان بکەینەوە با ئەو ژیانە کورتەمان بە کار لێوانلێو بکەین، کارێك سەرئەنجامێکی باشی بۆ خۆمان و ئەوانی تر لێ بکەوێتەوە...)

–(تۆشیرینی هەنگوین تاڵەی مەرگی لە بیر بردوویەوە، باشە کێ نالێ هەنگیش تامی گوڵاکەی مەرگ ئەو هەنگوینە شیرینەی پێ دروست ناکات؟! تام و بۆن سروشتێکی بازنەیی هەیە، دەمەوێ بڵێم، تامەکان لە شیرینترینەوە بە سەر هێڵێکی بازنەیدا دەست پێ دەکەن، تا کەمترشیرین، لەوێشەوە بێ تام وپاشان تامی تاڵ و تاڵترو تاڵترین تا لوتکەی تاڵییەکان کە لەسەر هێڵی بازنەکەدا لە تەنیشت لوتکەی شیرینیەکانەوە خۆی دەبینێتەوە... ئەوپەڕی تاڵی لە بندەستی ئەوپەڕی شیرینیدایە... شیرینی هەنگوین تاڵەی مەرگ خوڵقاندوویەتی)

+(بەپێ ی ئەم بیرۆکەیەی بەڕێزت بێت، دەتوانین لەوپەڕی تاڵی ئەوپەڕی شیرینی دروست بکەین... با سێڵەی تاڵیەکانی مەرگ، بۆ لێشاوی تام و لەزەت بگۆڕین)

لە هەندێ خولی گفتوگۆدا من لەو بەهێزتر بووم، بۆیە کاتێ بەگیردەهات و بەڵگەی لێ دەبڕا پەنای بۆ هەموو ڕێگایەك دەبرد تاکو ڕاستێتی بۆچوونەکانی خۆیی پێ بسەلمێنێ یاخود باسەکەی بەجۆرێك ئاڵۆز دەکرد زۆر بەگران لە کەمێکی دەگەیشتم و دەیوت–(ئەم بەڵگەیەشت وەڵامی هەیە، هەرچی لەژیان و بوونداید لەسەر بازنەیەکبەیەك ئاراستە دەبزوێن و دەسوڕێنەوە، سوڕانەوە لەسەر بازنەی تامەکان بە یەك ئاراستەیە، لە شیرینەوە دەست پێ دەکات و بە

دەیان و سەدان و هەزاران جۆری تامدا تێدەپەڕی تا ئەوپەڕی تاڵی...تاڵی و شیرینی تایبەت بە ئەندامی چێژی ئێمەی مرۆڤ، مەبەستم ئەم زمانە گۆشتینەیە، ئەو هەنگوینەی تۆ ناوت لێناوە شیرین، گەر کەمێکی بکەینە ناو دەمی جۆرێك لە "کرم" بە هۆی تاڵییەکەیەوە ژیان لە دەست دەدات، ئێمە ناتوانین تاڵی بۆ شیرینی بگۆڕین، بەڵام دەتوانین هەنگوین بکەین بە ژەقنەموت...)

من لە زۆرێك لەوەی ئاماژەی پێدا حاڵی نەبووم، بەڵام دەمزانی بیر و بۆچوونێکە توانا و ئیرادە لە مرۆڤ وەردەگرێتەوە +(ئەم باوەڕە جەبرییەت چۆن دەسەلمێنی، مرۆڤ دەتوانێ باش بە خراپ بکات بەڵام ناتوانێ خراپ بکات بە باش؟!)

-(لەو شوێنەوە دەیسەلمێنم کە مرۆڤ "فانی" یە، فانیبوونی مرۆڤ بەڵگەی باش بە خراپ کردنیەتی)

+(چۆن؟)

-(مرۆڤ غەریزە و حەزی جاویدان بوونی تێدایە، ئەم حەزەشی وەهمی مانەوەی لا دەخوڵقێنێ، مانەوەشی بە کۆمەڵێك هۆکاری مادیەوە دەبەستێتەوە، ئەو بۆ ئەوەی نەمرێ دەیەوێ زۆرترین مالّ و دەسەلآت تۆ بڵێ زۆرترین هێز لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، دەسەلآتی بۆ پاراستنی خۆی و وەچەکانی و مالّ و دارایی گەرەکە، سەروەت و سامان و منداڵ و نەوەشی بۆ تێرکردنی حەزەکانی خۆی دەوێت.. حەزی مانەوە سەردەکێشێ بۆ حەزی خڕکردنەوە، حەزی خڕکردنەوەش پێویستی بە حەزی دەسەلآتە... لێرەوە حەزەکان تێکدەئاڵێن و ململانێ و کێبەرکێ دێتە ئاراوە، ململانێش سەردەکێشێ بۆ کاولکردنی مرۆڤ و ژیانی مرۆڤ... مرۆڤی هاوچەرخ بە زانست و زانیارییەکانی تەنها حەزە فەردییەکانی بۆ حەزی بە کۆمەڵ گۆڕیوە، واتە هەماهەنگی لە ڕێگەی بەرژەوەندییەوە خستۆتە نێوان کۆمەڵێك حەزی فەردی

تاکو له بەردەم کۆمەڵێکی تردا ململانێ بکەن... مۆدێرنێتە تەنها (دانە) کانی حەزی کردووە بە (شانە) و ململانێکە سەختگیرتر و دژوارتر بووە، گەر جاران تاکێك حەزەکانی خۆی بە سەر تاکێکی تردا سەپاند بێت، ئێستا کۆمەڵێك، کۆمەڵگەیەك، نەتەوەیەك، دەوڵەتێك، شارستانی و ژیارێك حەزەکانی خۆیان بەسەر ئەوانەی بەرانبەریاندا دەسەپێنین، شمشێری ململانێکەش گۆڕاوە، تەکنۆلۆژیای سەردەم بەو هەموو چەك و جبەخانەیەوە لە خزمەتی ئەو ململانێ نامۆدێرنەدایە... ژیان بە بێ مرۆڤ باش بوو، مانادار بوو، مرۆڤ هات و خۆی و ژیانی وێران و بێ مانا کرد...)

+(لام سەیرە دەڵێ ی ژیان بە بێ مرۆڤ ماناداره.. ئەوە مرۆڤە مانا بە هەموو شتەکانی تردەدات، بەڵکو (مانا) بە بێ مرۆڤ مانای نی یە)

–(خۆپەرستی و خۆبەزلزانی مرۆڤ گەیشتۆتە ئاستێ خۆی بەخوا و ئاغای هەموو شتەکانی تر بزانێ، برادەری بەڕێز، هەزاران ساڵ ژیان ژیان بووە و گەردوونیش گەردوون، مرۆڤ سەری لە هێڵکە دەرنەهێنا بوو، کێ نازانێ ئەو ژیانەی ئێمە دەیان ڕەگەزی چەشنی مرۆڤی سەرنەناوەتە چاڵ... ئەم هەموو لەخۆباییبوونەی مرۆڤ، بوودەڵەیی ئەو نیشان دەدات، لە کوێ مرۆڤ چەقی ژیان و گەردوونە تاکو خۆی ببێت بە سەرچاوەی ماناکان، ئەو وەهم و خەیاڵپڵاوییەی مرۆڤ تێیکەوتووە سەرئەنجامی ترسناکی لێ دەکەوێتەوە...)

+(مرۆڤ بەو ئەندازەیەش بێ دەسەڵات نی یە تا باڕەشی مەرگ

وەك چڵەپووشێك ئەم دیوئەودیوی پێبکات....)

بەڵێ، قسەکردنی من و ئەو لەسەر مەرگ و ژیان درێژەی دەکێشا، هەرجارە و لە گۆشەیەکی ئەو فەلسەفەیەمان دەڕوانی، لای من تەسلیمبوون بەو لۆژیکەی (ئەو) مردنی دەگەیاند، ئەمەش سەرکەوتنی بیرو بۆچوونەکانی ئەو بوو، بۆیە یاخیبووانە پشتم لێ دەگرت و دەکەوتمە وێزەی بۆچوونەکانی... هەندێ جاریش

بەڵگەم لێ دەبڕا، بەڵام بۆ ئەوەی بەهێزیی خۆم نیشان بدەم، دەموت +(باوەڕم پێ بکە بە هەڵەدا چووین).

ئەو پیاوێکی ئارام بوو، کە ملەجیرێی لە من دەبینی جگەرەیەکی لەپاکەتەکەی دەردەهێنا و گڕی تێ بەردەدا و دەیوت: (سەرسەختی بەسە)، مەرگ ئەم گڕەیە بەردەبێتە جگەرەی تەمەنمان، مردن یەك (چرکە) نییە و کۆتایی بە هەموو شتێك بهێنێ و ببڕێتەوە، بەڵکو بەر دەبێتە داری تەمەنمان و بەرەبەرە دەیکات بە خۆڵەمێش، ڕاستە مردن خاڵێکە و ئەم گڕەش لە خاڵێکی جگەرەکە بەر دەبێت، بەڵام وەك خۆرە جەستەی تەمەنمان دادەڕزێنێ، مردن لەگەڵ لە دایکبوونی ئێمەدا لەدایك دەبێت، لەگەڵ قۆناغ بە قۆناغی تەمەنمان سەردەکەوێت، بێئاگاین لەوەی تەمەنی تێپەڕیومان ژاراوی مەرگی نۆشیوە و ئەو بڕەش لە عومر کە ماوەتەوە چاوەڕوانی میوانی مەرگە، ئەو تەمەنەش کە ناوی ئێستایە تەنها یەك چرکەساتە و مەرگ دەستی لە بینی ناوە...)

دووسێ بیینی قووڵی لەجگەرەکەی دەگرت و خامۆشییەك باڵی بەسەر هەردووکماندا دەکێشا و خۆمان بۆ خولێکی تری گفتوگۆ ساز دەدایەوە...

ئەو شەوانەی پێکەوە دەماینەوە –لە مانگی ئێمە یان لە مانگی ئەوان– لە بەیانییەوە خۆمان بۆ ئامادە دەکرد... جوانترین میوە، باشترین قاوە، چای بۆندار و دوو سێ پاکەت جگەرەی ڕۆزمەنمان لەگەڵ خۆمان دەهێنایەوە...

منداڵەکانمان خۆشیان لە یەکتر دەهات، ئێمە چەندە بۆ ئامادەکردنی ئەو میوانداریە تامەزرۆ بووین ئەوانیش ئەوەندە، هاوسەرەکەی ئافرەتێکی تێگەیشتووی میوانپەزێر بوو، دونیایەك ڕێزی لە میوانی مێردەکەی دەنا..

ئەوان هەردووکیان مامۆستابوون، بەو بڕە پارە کەمەی بە مامۆستایی وەریان دەگرت گوزەرانێکی جوانیان بۆ خۆیان پێکەوە نابوو...

زۆر لە مێژبوو دەیویست تێڕوانینەکانی خۆی بۆ مەرگ و ژیان لە ڕۆمانێکدا دابڕێژێ، ئەو تەمەنی لە چل تێپەڕی کرد بوو، بەدرێژایی ئەو تەمەنەش لە

خوێندنـــەوە و نووســـین بـــەردەوام بـــوو، زۆری دەنووســـی و کـــەمی بـــلاو دەکردەوە...مرۆڤێکی هەست ناسك بوو، قوولّ دەیڕوانییە خۆی و دەوروبـەری، خەزێنەیەکی بە نرخ بوو لە ئەزموون و زانیاری...

سەروسەکوتی لەگەلّ دونیـای سیاسـەت کـەم بـوو، ئـەو مرۆڤبـوونی بـەر لـە هەموو شت دەخوێنـدەوە، مرۆڤـی لـە دەرەوەی ئـایین و مەزهـەب و ڕەگـەز و ئایدیۆلۆژیاوە تەماشا دەکرد، هەموو جارێ دەیوت: بەشێکی تری نەگبەتیەکانی مرۆڤ ئەو جەنگە خوێناویانەن ڕەگەز و بیرو باوەڕی جیاواز خولّقاندویەتی...ئێمە بەرلـەوەی ڕۆژهـەلاتی و ڕۆژئـاوایی بـین، بەرلـەوەی ڕەش و سـپی بـین مـرۆڤ بووین... مرۆڤێك کە تەنها ئازارەکانی (مرۆڤبوون) بەسە بۆ نغرۆکردنی، کەچـی مـرۆڤ شـەرنگێزیەکانی خـۆی کـردووە بـە سـەرباری ئـەو تراژیدیایـە... ئـەو تـا سەرئێسقان مـرۆڤ بـوو، (مرۆڤبـوون) بـەرەو ئـەو تێڕوانینـەی تایبـەت بـوو بـەو هەنگاوی پێ هەلّگرت بوو...

سەرەتای ناسینی من بـۆ ئـەو بۆخوێنـدنی زانکـۆ دەگەڕایـەوە... گـەنجێکی بێدەنگی تاڕادەیەك شەرمن، بەلاّم زیرەك لە وانەکانیدا، سالّی یەکـەم جگـە لـەو کچەی جاربەجارێ لە کۆلێژێکی ترەوە دەهات بۆ سەردانی، هاوڕێیەتی کەسێکی تری نەدەکرد...

سالّی دووەم سەرەتای گفتوگـۆ لـە نێوانمـان دامـەزرا، وردە وردە لـە یـەکتر نزیك بووینەوە، جۆرێك لە ئولفەت و ئالووەبوون بە یەکتر کەوتـە نێوانمانـەوە، تا وای لێهات لە دەرەوەی زانکۆش چاومان بە یەکتری دەکەوت، لەسەرەتاوە بە ئاگاهی و سلّەمینەوە دەهاتە پێشەوە، کە بۆی دەرکەوت نزیکبوونەوەی من لـە ئەو هیچ مەرام و مەبەستێکی لەپشتەوە حەشار نەدراوە، ئـیتر بـیر و دەروونـی خۆی بۆ والاّ کردم و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ڕۆحمان بە یەکتر ئاشنا دەبوو...

هەرکاتێك ئەو کچە سەردانی بکردبایە من خۆمم لێ دوور دەخستەوە، چونکە دەمزانـی مرۆڤێکـی شـەرمنە و حەزیشـم نـەدەکرد سـنوورە تایبەتـەکانی ئـەو

ببەزێنم... جارێك باسی ئەو كێژەی بۆ كردم و وتی: لە منداڵییەوە یەكتری دەناسین، یەكترمان خۆش دەوێت، ئاواتمانە دوای تەواوكردنی خوێندن خێزان پێكەوە بنێین.. هەر بەو جۆرەش بوو، لە زانكۆ دەرچوون و ئەو و (تافان خان) بە یەكتر گەیشتن وخێزانیان پێك هێنا...

دۆستایەتی من و ئەو بەردەوام بوو... ئەو و هاوسەرەكەی وەك مامۆستا دامەزران و منیش خۆم خزانە ناو كاری نووسینەوە...

سەرەتای ڕۆمانەكەی دامەزراند و ناو بە ناوێك لێی دوور دەكەوتەوە و پاشان دەگەڕایەوە سەری... گەر بە هەڵەدا نەچووبم چوارسااڵێك لە تەمەنی لەناو فەزای ئەو ڕۆمانەدا بوو، دوای تەواوكردنی بۆ پێداچوونەوە و تۆماركردنی سەرنجی من لەسەر ڕۆمانەكە ڕەوانەی دەستمی كرد، منیش سێ شەو بە سەرومڕی بۆی دانیشتم و خوێندنەوەی ڕۆمانەكەم تەواو كرد... پاش دوو ڕۆژ دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەكە، بە هۆی دەرچوونی غازەوە ئاگر لە ماڵمان بەر بوو، ژوورەكەی من گڕی گرت و كتێبخانەكەم و ڕۆمانەكەش لە ناویدا بوون بە خۆڵەمێش..

ئەو كە ڕووداوەكەی بیست بوو، بەپەلە خۆی گەیاندە لای من و بەشەرمێكەوە پرسیاری ڕۆمانەكەی كرد و منیش بە دونیایەك خەجاڵەتیەوە هەواڵی تیاچوونیم پێ گەیاند...

دوومانگ دوای فەوتانی بەرهەمی عومری ئەومرۆڤە-مەبەستم ڕۆمانەكەیە - نووسەر بە كارەساتی ئۆتۆمبێل كۆچی دوایی كرد... مەرگی ئەو بۆ من دوو مەرگ بوو، مەرگی ڕۆمان و مەرگی ڕۆماننووس...

شەوانە كەوتمە بیركردنەوە لە هێڵە گشتییەكانی ناو ڕۆمانەكە و هێنانەوە بەر زەینی ڕووداوەكانی...پاش ماوەیەك وام هەست كرد زۆربەی بەشەكانیم لە یادە، بۆیە بە مەبەستی خزمەت كردن بەو مرۆڤە دەستم كرد بە تۆماركردنی تێبینییەكانم لە سەر ڕۆمانەكە...

خەمی مردنی ئەو دۆستە گیانی بە گیانییە و ئازاری تیاچوونی ڕۆمانەکەی- کە تەنها یادگارییەکی بیرو تێڕوانینەکانی ئەو بوو لەلای من- هەست و سۆزی بزواندم و خەیاڵی فراوان کردم و لە جێگەی ئەو بووم بە ڕۆماننوس...

بیرۆکەی ڕۆمانەکە زادەی خەیاڵ و هەست و نەستی ئەوە و پۆشاکی بەری ئەو بیرانە-کە بریتییە لە وشە - بۆ من دەگەڕێتەوە... ئەم ڕۆمانە گەوهەر و ڕۆحی بۆ کەسێك دەگەڕێتەوە و ڕواڵەت و جەستەی بۆ کەسێکی تر... ئێستا دەمەوێ بە هۆی گوێگرتنی تۆوە ئەوەی لە زەینمدا ماوە بیکەم بە قسە و تۆش دەتوانی قسەکان وەك خۆت لێیان تێبگەی و دایبڕێژیتەوە...

سەرەتای ڕۆمانەکەی - وەك ئەوەی دێتەوە بەر کامێرای خەیاڵم - بەم جۆرە دەست پێ کرد بوو:

قوتابخانەی پەروەردەی بیر و دەروون

پیـاوانی دەولّـەت محەممـەدی خـەلّوەتییان لـە رێگـەی تەلەفوونـەوە ئاگادارکردەوە–بۆ وەرگرتنەوەی تەرمی ئەشرەفی سولّتانی– لـە ئـەمنی گشـتی پایتەخت ئامادە ببێت...ئەوان هۆشداربیان پێدابوو بەتەنها خۆی سەردانی ئـەو جێگەیـە بکـات، چـونکە گـەر کەسێکی تـری لەگـەلّ بێـت نـەك تەرمەکـەی پـێ نادرێتەوە بەلّکو دەبێ یەکێکی تر تەرمەکەی ئەویش وەربگرێتەوە...

رۆژێ بـەر لـە کـاتی دیـاریکراو بـە ئۆتۆمبێلەکـەی خـۆی بـەرەو پایتـەخت بەرێکـەوت... بەدرێـژایی شـەش کاتـژمێر رێگـە محەممـەد بـیری لـە مامۆسـتا ئەشرەف دەکردەوە، ئەو فیلمی چەندین سالّی ژیانی لەگەلّ مامۆستا هێنایـەوە بـەر یـاد، هەنـدێ جـاریش چـەند فرمێسـکێکی گـەرم بـێ شـەرمانە لـە چـاوانی دادەبارین و بە پووخساره ماندووەکەیدا شـۆڕ دەبوونـەوە و لـە ژێـر چـەناکەیدا قەراریان دەگرت...

یەکەم ناسینی ئەشرەفی سولّتانیی هاتەوە بەر یاد...ئەشرەف گەنجێکی ئارام و خاوەن کەسایەتی خـۆی بـوو، بـە چـاوی رێـز و گـەورەیی لـە گەڕەکەکەیانـدا تەماشا دەکرا...یەکێك بوو لەو کەسانەی هەمیشە بـە دەم کێشـە و گرفتـەکانی خەلّکییەوە بوو...دەچـوو بـۆ سـەردانی نەخۆشـەکان و بـە پێـی توانـای خـۆی دەسـتگرۆیی خێزانـە کـەم دەرامەتـەکانی دەکرد...گـەنج و منـدالانی گـەڕەك شەرمیان لەو لاوە تەمەن حەڤدە سالانە دەکرد و هیوایان دەخواست ئـەوانیش خـاوەنی کەسـایەتیەکی لـەو جـۆرە بوونایـە... ئـەو گەنجـە لەگـەلّ ئازارەکـانی خەلّکیدا بوو، مرۆڤێك بوو لێوانلێو بوو بەبەزەیی...

ڕۆژانی هەینی بۆ دڵنەوایی ئازیزمەردەکان سەردانی گۆڕستانی غەریبانی شاری دەکرد و لەگەڵ کەس مەردەکاندا خەمی دەژمارد و دڵخۆشیی دەکردن و سەبوری دەدانەوە...

پیرەژنێک کوڕەزا تاقانەکەی دەمرێ و بەتەنها لە خانوویەکی چۆڵدا دەمێنێتەوە و شەوانە ئەشرەف سەردانی دەکات و پێویستیەکانی بۆ جێبەجێ دەکا، دەڵێن ئەو پیرەژنە ئەوەندە بە بینینی ئەشرەف دڵخۆش بوو، هەموو جارێ دەیوت: خوا کوڕە تاقانەکەی لێ وەرگرتمەوە و لە جێگەی ئەو کوڕێکی باشتری پێداوم...

مامۆستا ئەشرەف مرۆڤی پەککەوتە و غەریبی ناو کۆڵان و سەر شەقامەکانی شاری بە کۆمەکی چەند کەسێکی تری خێرخواز دەبردە گەرماوەکان و خاوێنی دەکردنەوە و جل وبەرگە ڕەش و پەلاسییەکانی لەبەر دادەکەندن و پۆشاکێکی مرۆڤانەی بە بەردا دەکردنەوە، هەندێ جار خاوەن گەرماوەکان لە ئەشرەف تورە دەبوون و دەیانوت: جارێکی تر ئەم جۆرە مشتەریانەمان بۆ مەهێنە و مامیلەکانمان لێ مەتۆرێنە...ئەو پشت و پەنای هەتیو و بێ باوکانی شار بوو، جەژنان دیاری بۆ دەکڕین و سەردانی دەکردن...لەگەڵ پیر و بەسالاچوانی پەنای دیوارەکان و سەر شۆستە و شەقامەکان دادەنیشت و گوێی بۆ سەربوردەی مەینەتیەکانیان ڕا دەگرت...

دوای بڕینی زیاتر لە پێنج سەد کیلۆمەتر ڕێگا محەممەد گەیشتە شاری پایتەخت و ڕووی لە مااڵی دۆستی دێرینی خۆی باقری موجتەهیدی کرد..

باقر و محەمەد لە خوێندنی زانکۆوە بوو بوون بە برادەری یەکتر، باقر نووسەرێکی بە ناوبانگ و پارێزەرێکی بە توانا بوو...چواردە ساڵ دەبوو بە هۆی بارگرژی ناوچەکەیانەوە ڕووی لە پایتەختی ووڵات کرد بوو، هاوسەرەکەی خەڵکی ئەو شارە بوو، زمان و نەتەوەی لە باقر جیا بوو، کەسوکاری ژنەکەی

لای پیاوانی دەولّەت دەست پۆیشتوو و گوێ بۆ گیراو بوون، چەند جارێك محەممەدی خەلّوەتی داوای لە باقری موجتەهیدی کرد بوو سۆراخێکی مامۆستا ئەشرەف بکات و بزانێت لە ژیاندا ماوە یاخود لە سێدارە دراوە، چونکە لەو ڕۆژەوەی گیرا بوو هیچ کەسێك چاوی پێی نەکەوت بوو، بەڵکو گومان دەبرا لە ڕۆژی یەکەمی گرتنەکەیەوە مامۆستا گوللەباران کرابێت و بە دزیەوە شاردرابێتەوە، گومانی گوللەباران کردنی ئەشرەف بە هۆی هەواڵی بەندییەکەوە بوو کە ئەو شەوەی مامۆستا ئەشرەف گیرا بوو بە چاوی خۆی و لە دوورەوە گوللەباران کردنی کەسێکی لە سەربازگەی قەراغ شاردا بینی بوو... باقری موجتەهیدی لەڕێگەی کەسوکاری هاوسەرەکەی و چەندین هەواڵی چڕ و پڕەوە ئەوەی بەردەست کەوت کە ئەشرەفی سوڵتانی زیندووە و زۆربەی کاتەکانی ئەو چەندین ساڵەی بەندێتی لە بەندیخانەیەکی تاکە کەسی (ئینفیرادیدا) بووە و هیچ کەسێك چاوی پێی نەکەوتووە...

باقر چەند جارێك پیاوانی بەرزی دەولّەت دەبینێ و داوای بەردانی ئەشرەفی سوڵتانییان لێدەکات، بەڵام لە وەڵامدا دەڵێن: ئەو کەسە دیلی تایبەتی نووسینگەی سەرۆکی دەولّەتە و تەنها بە ئیمزای سەرۆك بەرەڵا دەکرێت...یەکێك لە ئامۆزاکانی خێزانی باقری موجتەهیدی بە ناوی (عامر شەممەری) جەنرالێکی سوپا دەبێ و بە هۆی تۆمارکردنی سەروەریەکەوە لە مەیدانی جەنگدا، سەرۆکی دەولّەت خەڵاتی دەکات و پێی دەڵێ لێرە بە دواوە داواکانی تۆ لای ئێمە وەرگیراوە و هەرکاتێکیش بتەوێ دەتوانی چاوت بە ئێمە بکەوێ...

باقر ئەو هەلەی قۆستەوە و داوای لەو جەنراڵە کرد باسی ئەشرەفی سوڵتانی لای سەرۆکی دەولّەت بکات.. ئەویش لەبەر ڕێزی زۆری باقر و هاوسەرەکەی نەیتوانی گوێ بۆ داواکەیان نەگرێت، بۆیە بە ناچاری بەڵێنی پێدان لە داهاتوودا لەوبارەیەوە قسەیەك لەگەڵ سەرۆك بکات...

جەنرالەکە زۆر بە باشی سەرۆکی دەولەتی دەناسی و دەیزانی گەر داوایەکی بێ جێگەی لێ بکات–با خاوەنی چەندین خەلات و تۆمارکردنی چەندین داستان بێت بۆ ولاتەکەی–سەرۆك لە گەردنی دەدا، بۆیە ماوەیەك لە سەر داواکەی باقر وەستا و بیری لێ دەکردەوە...

ڕۆژێك سەرۆکی دەولەت چەند جەنرالێکی سوپا بانگهێشتی ئێوارە خوانێك دەکات و بۆ ڕێزلێنانێکی زیاتر لە جەنرالی ناوبراو لە تەنیشتی خۆیەوە دایدەنێت و پێی دەڵێت: هیچ داوایەکت نییە؟ ئەویش – وەك دواتر بۆ باقری گێرابوویەوە – ماوەیەك بێدەنگ دەبێت و سەر دادەخات، سەرۆکی دەولەت جارێکی تر لێی دووبارە دەکاتەوە وپێی دەڵێت: دیارە داوایەکانت لە توانای ئێمەدا نیین..!

ئەم قسەیەی سەرۆکی دەولەت زەنگێکی ترسناك دەبێ و لای جەنرالەکە زۆر مانا دەگەیەنێت، لەلایەکەوە مانای ئەوەیە تۆ سەرۆکی دەولەت بە پیاوی داوا نازانی و لەلایەکی ترەوە ئەوە دەگەیەنێت کە تۆ بەتەمای کورسی ژێر دەسەلاتی منی، چونکە تەنها داوایەك کە بە سەرۆکی ولات جێ بەجێ ناکرێت چۆڵکردنی کورسیەکەیەتی، ئەم دوو مانایەی قسەی سەرۆك هەرکامێکیان بێت سەرئەنجامەکەی کوشتن و لە سێدارەدانی جەنرالەکەیە، بۆیە هەر زووبەزوو هاتە وەلام و وتی: جەنابی سەرۆك، داوا نەکردنی من لە بێجێگەیی تەکلیفەکەیە نەك لە بێ توانایی بەرێزتان..ئێوە بەرزترین دەسەلاتی ولاتن و هەموو کارێك هەرچەند سەخت و دژوار بێت بە بەرێزتان ئەنجام دەدرێت...

سەرۆك لە وەلامدا پێی دەڵێت: گەر وایە داوایەکەت بڵێ...

جەنرالەکە دوای هەندێك لە بیرکردنەوەی پڕ لە ترس ڕووی لە سەرۆك کرد و پێی وت: جەنابی سەرۆك من داوایەکەم بۆخۆم نییە، چونکە لە سایەی سەرۆکی ولاتمان سەرجەم داوا و پێویستیەکانی ژیانمان بۆ دابین کراوە، بەڵکو داوایەکەی من بەردانی زیندانیەکی چەندین ساڵەیە...

دوای بیستنی ئەو قسەیە —هەر وەك دواتر عامر شەممەری باسی کرد بوو— بێدەنگییەك سەرۆکی داگیر کرد، دیار بوو بیری لە یەکبەیەکی ئەو زیندانییانە دەکردەوە کە تایبەت بوون بە ئەو...پاش ماوەیەك وتی: جەنرالێ، داوای بەردانی کێ دەکەیت؟

جەنرالەکە دەڵێت: موچرکەیەکی وا بە هەموو گیانمدا هات، گەر ڕێگەی پاشگەزبوونەوە لە داوایەکەم ببوایە پاشگەز دەبوومەوە، بەڵام ناچار بووم ناوی زیندانییەکەی پێ بڵێم و وتم: قوربان ئەو زیندانییە (ئەشرەفی سوڵتانییە)

هێنانی ناوی (ئەشرەفی سوڵتانی) فەزای دانیشتنەکەمانی گۆڕی و دەم وچاوی سەرۆك ڕەش داگیرسا و کپی و بێ دەنگییەك کە لە ئارامی پێش گەردەلوول دەچوو باڵی بە سەر سەرۆکدا کێشا و لەسەر کورسییەکەی هەستایە سەر پێ و ڕۆیشت بۆ بەردەم پەنجەرەیەك کە بە سەر دەریاچەیەکی دەست کردا دەیڕوانی و پشتی لە ئەوان کرد و ڕوو بە دەرەوە بە پێوە وەستا، پاش کەمێك لە سەیرکردنی دەرەوە، ڕووی لە ئەوان کردەوە و دەستێکی خستە سەر دەمانچەکەی لاقەدی و بە ناو ژوورەکەدا دەستی بە پیاسە کرد....

بەدرێژایی ئەو ماوەیە سام و ترسێکی بێوێنە چوار جەنرالەکەی داگیر کرد بوو...

عامر شەممەری وتبووی: لە هەموو جەنگەکانمدا بە قەدەر ئەو ئێوارەیە ترس نەچووبووە گیانمەوە...

سەرۆك هاتەوە پاڵ کورسییەکەی خۆی و دانیشتەوە و جگەرەیەکی چرودی کاستڕۆ ئاسای پێ کرد و دوای ئەوەی نەفەسێکی قوولّی لێ گرت بەلای جەنرالەکەدا لای کردەوە و بزەیەکی پڕ لە ڕق و تورەیی هاتە سەر لێوە شینەکانی و وتی: جەنرالێ، چۆن ئەشرەفی سوڵتانی دەناسیت؟

جەنرالەکە لە وەلامدا وتی: قوربان سەرەتا من داوای لێبوردن دەکەم بۆ ئەو داوا بێجێیە، بەڵام دڵنیام سنگی سەرۆک لە سەرجەم داوا نەشیاوەکانی ئێمە فراوانترە و وەک باوکێکی بەبەزەیی لە داوا بێجێکانی ڕۆڵەکانی دەبوڕێت...

سەرۆک بەو داوای لێبوردنە هەندێک هاتەوە سەرخۆی و وتی: بە هەڵەدا نەچوو بووم کە پێم وتیت داوایەکانت لە توانای ئێمەدا نیە، بەڵام تۆ کۆمەڵێک سەروەریت بۆ دەوڵەت و سوپا تۆمار کردووە و بۆخۆشم وتم داوایەکت هەبێت، لەسەرو ئەمانەشەوە لە مااڵی منداڵ و بانگهێشی سەر سفرە و خوانی من کراون، بۆیە ناچارم لەبەر خاتری داوایەکەی تۆ چاوێک بە بڕیارەکانمدا بخشێنمەوە، دەبێ ئەوە بزانی ئەو داوایەی تۆ دەیکەیت گەر کوڕەکەم لێمی بکردبایە بەم دەمانچەی خۆم کەللەیم دەتەقاند، بەڵام پێت نەوتم چۆن ئەشرەفی سوڵتانی دەناسیت؟

جەنرالەکە بۆ پاراستنی گیانی باقر و هاوسەرەکەی قسەیەک ڕێک دەخات و دەڵێت: قوربان خانەوادەکەی لە ڕێگەی دۆستێکی نزیکمەوە ئەو داوایەی لێکردووم، ئێستاش ئەشرەفی سوڵتانی لە هەردووبارەکەدا لەژێر دەسەڵات و بەزەیی بەڕێزتدایە و گەر بەربەدەی ئیحسان و چاکەی خۆتی لەگەڵ ئەنجام دەدەی، گەر بیهێڵیتەوە دادپەروەری بەرانبەری بەرقەرار دەکەیت...

قسەکانی (عامر شەممەری) سەرۆک دەهێنێتەوە ناو دۆخی یەکەمین جاری و بە پێکەنینەوە پێی دەڵێت:

جەنرال، باش دەزانیت فریای خۆت بکەویت...!

جەنرالەکەش لە وەلامدا دەڵێ: حیکمەت و لێزانینی سەرۆکە بۆ ئێمە ماوەتەوە...

لە کۆتاییدا سەرۆک پێی دەڵێت: تۆ هێشتا جێگەی ڕێزو متمانەی ئێمەی...

سەرۆک لەسەر وتنی وشەی"هێشتا"وەستا و زیاد لە پێویست دانی پیادا نا...

وشەی "هێشتا" لای جەنرالەکە بە هۆشداری وەرگیرا و مانای ئەوەیە لێرە بە دواوە هەڵەیەک مەکە متمانەت لێ وەربگیرێتەوە و لە گەردنت بدرێت...

پاش چەند هەفتەیەک دیوانی سەرۆک پەیوەندی بە جەنرالەکەوە دەکەن و داوای لێ دەکەن ناو و تەلەفوونی کەسێکیان پێ بدات تاکو دەربارەی ئەشرەف سولتانی گفتوگۆی لەگەڵ بکەن، جەنرالەکەش لە باقری موجتەهیدی ناوی محەممەدی خەڵوەتی وەردەگرێت و ڕەوانەی دیوانی سەرۆکی دەکا و دوای چەند ڕۆژێك لە ئەمنی گشتییەوە ئەو تەلەفوونە بۆ محەممەد دەکرێت و داوای لێ دەکەن سەردانی پایتەخت بکات، وا ئێستا بۆ ئەو کارە گەیشتۆتە پایتەخت و لە مالّی باقری موجتەهیدییە..

کە گەیشتە مالّی باقر بە گەرمی پێشوازییان لێکرد و فەرموویان لێکرد بۆ ژوورەوە، دوای بەخێرهاتن ئاراميیەك بالّی بەسەر ژوورەکەدا کێشا و پاش ماوەیەك لە بێدەنگی، باقر پەردەی ئارامییەکەی لادا و وتی (پیاوانی دەوڵەت داوای ناوی کەسێکیان لە جەنرالّەکەی ئامۆزای خێزانم کرد بوو تاکو دەربارەی مامۆستا ئەشرەف پەیوەندی پێوە بکەن، منیش تۆم بە پەسەند زانی و ناوەکەتم بە جەنرالّ عامر داوە)

خەڵوەتی: (کارێکی باشت کردوە و پێرێ پەیوەندیان پێوە کردم و داوایان بوو بێم بۆ ئێرە و تەرمەکەی مامۆستا وەربگرمەوە)

باقر (تەرمەکەی مامۆستا؟!)

خەڵوەتی (بەڵێ، تەرمەکەی)

باقر: (من هەرگیز باوەڕم بەو قسەی ئەوان نییە، تەنانەت گەر مامۆستاش مرد بێت لەبەر داوای ئەو جەنرالّە تەرمەکەی دەشارنەوە و پێی دەڵێن بەری نادەین، نەك دوای داوایەکەی جەنرالّ تەرمەکەی تەسلیم بە دەستی ئێمە بکەنەوە، لەم هەلومەرجەدا نایانەوێ سوکایەتی بە جەنرالّێکی گەورە و دڵسۆزی خۆیان بکەن و داوایەکەی بە کوشتنی کەسەکە وەلاّم بدەنەوە...)

خەڵوەتی (ئومێدم وایە قسەی ئەوانە ناڕاست بێت و سبەینێ چاوەکانم بە بیینینی مامۆستا ڕۆشن ببێتەوە)

باقر (من نالێم مامۆستا بە تەندروستییەکی باشەوە تەسلیم بە ئێمە دەکرێتەوە، چونکە شازدە ساڵ زیندانی و تەنهایی مرۆڤ پیر و کەسیف دەکات، بەڵام من نازانم بۆچی سەرۆکی وڵات زەندەقی لەو پیاوە چووە و ئەو گشتە ساڵە نەیهێڵاوە بڕیاری لێبوردنەکانی بیگرێتەوە؟! جەنراڵ دەیوت، بە ناوهێنانی ئەشرەف سوڵتانی سەرۆك وەختبووە لە پێستی خۆی دەربچێ و جەنراڵ و هاوەڵەکانی بەر ڕێژنەی فیشەك بدات)

خەڵوەتی (مامۆستا کەسێکی بە جەرگ و چاو نەترس بوو، پێدەچێ بوێرانە قسەی لە ڕووی پیاوانی سەرۆکدا کردبێت و ئەوەندەی تر پەتی خۆی تووند کردبێتەوە)

باقر (بەڵام بۆچی نەی کوشتوە و هێڵاویەتەوە لە کاتێکدا ئەوەی لای ئەوان ئاسان بێت پاکتاوکردنی نەیارەکانیانە؟)

محەممەد (ئەوەیان نازانم، کێ نالێ سبەینێ ئێسك و پروسکی مامۆستا ئەشرەف تەسلیم بە دەستی ئێمە ناکەنەوە!)

باقر (هەرگیز شتی وا ناچێتە ئەقڵمەوە)

خەڵوەتی (ئومێدەوارم قسەی تۆ بێت و گەر چەند ساتێکی کەمیش بێت لەگەڵ مامۆستا بەیەکتر شاد ببینەوە)

پاش ماوەیەك لە بێدەنگی باقر وتی (هەمیشە ئەو دیلانەی مەترسی زۆریان بۆ سەر دەسەڵات هەیە، ئازاد کردن و بەربوونیان ئیمزا و ڕەزامەندی سەرۆك کۆماری پێویستە، دەبێ سەرۆك لە چ شتێکی مامۆستا ئەشرەف ترسا بێت؟ لێتی ناشارمەوە کە بیستم مامۆستا زیندووە و دیلی تایبەتی سەرۆکە بیرکردنەوە لە کەسایەتی ئەو مرۆڤە بوو بە ماخۆلانم، لە ڕێگەی تۆوە ناوی

ئەشرەفی سولّتانیم بیست و تۆ بووی یەکەمین جار باسی مەزنیی ئەو مرۆڤەت بۆ کردم، خۆت دەزانی من ئەشرەفی سولّتانیم نەبینیوە، بەلاّم ناسینی کەسایەتی و زانینی ژیانی ئەو بووە بە خولیا و کەلّکەلّەم، یەک دوو جارێک دەمویست سەردانێکت بکەم بۆ ئەوەی دەربارەی ئەشرەفی سولّتانی هەندێ شتم بۆ باس بکەیت بەلاّم سەرقالّ بوونم بە کاری پارێزەرییەوە ڕێگەی پێ نەئەدام...ژیان و سەربوردەی ئەو مرۆڤە مەزنە نابێت بەتەنها لەسەر زمانان بێت و نەنوسرێتەوە، یەکێك توانیبێتی سەرۆك سەغلّەت بکات کەسێکی سادە و ئاسایی نیە!)

خەلّوەتی (هیچ کەسێك بە قەدەر من ئەو مرۆڤە ناناسێت، هەموو نهێنی و سەربوردەکانی ژیانی مامۆستا ئەشرەف لە لای منە)

باقر (گەر ماندوو نەبایت پێم خۆش دەبوو ئەم شەو گوێبیستی هەندێك لە سەربوردەکانی ژیانی ئەشرەفی سولّتانی ببم؟)

خەلّوەتی (باشە، بەلاّم مەرجی هەیە)

باقر (مەرج؟! بیڤەرموو)

خەلّوەتی (تۆ نووسەرێکی بە توانا و لێهاتوویت، دەتوانی سەربوردەکانی ژیانی ئەشرەفی سولّتانی لە کتێبێکدا بنووسیتەوە)

باقر (تەنها ناوهێنانی ئەشرەفی سولّتانی لە نووسینەکانمدا بەسە بۆ ئەوەی پیاوانی ڕژێم لە گەردنم بدەن، بەلاّم دەتوانم ژیانی ئەو کەسە بکەم بە شاکارێکی ئەدەبی و خۆم لە ناوهێنانی بە دوور بگرم)

خەلّوەتی (بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە بەلّێن و لێبڕانی پێویستە)

باقر (بەلّێن بێت گەر تەمەن ڕێگەم پێ بدات ژیاننامەی ئەشرەفی سولّتانی و هاوەلّەکانی و سەرئەنجامی پەیامە ئەخلاقیەکەی لە شێوەی ڕۆمانێکدا دابڕێژم، بەلاّم دەبێ تۆش بەلّێنم پێ بدەی لە ڕێگەی نامەوە بەبەردەوامی سەرجەم گۆڤار و ڕووداو و سەربوردەکانم بۆ ڕەوانە بکەیت)

خەڵوەتی (بەڵێن بێت لە ئەم شەوەوە دەست بە گێڕانەوەی داستانی ژیانی مامۆستا بکەم و لە گۆڕانەکانی داهاتووی تەمەنیش ئاگادارت بکەمەوە، ئێستا من ماندووم و پێویستم بە پشوویەک هەیە)

باقر (تۆ تاوێک بنوو و منیش سەرێکی بازاڕ دەدەم)

نزیکی شێوان باقر میوانە ماندووەکەی بە ئاگا هێنا و دوای خواردنی ژەمی ئێوارە ڕۆیشتنە نهۆمی سەرەوەی ماڵەکە و لە کتێبخانەکەی باقردا لێی دانیشتن و باقر وتی:[1]

(دەست بە گێڕانەوەی سەربوردەکان بکە و منیش سەردێڕ و خاڵە سەرەکییەکانی گێڕانەوەکەی تۆ لای خۆم تۆمار دەکەم)

محەممەدی خەڵوەتی قومێکی لە چایەکەی بەردەمی داو وتی: (مامۆستا ئەشرەف سوڵتانی لە خێزانێکی ڕۆشنبیرو نیشتمان پەروەری یەکێک لە لادێکانی کوردستان لە دایک دەبێت، دایک و باوکی مامۆستای قوتابخانەی گوندەکە دەبن، لەو سەردەمەدا بۆ یەکەم دامەزراندنیان لە شارۆچکەکەیانەوە ڕوو لەو لادێیە دەکەن و هەر لەوێش دەمێننەوە و ئەشرەف و دوو خوشکەکەی لەو گوندە لە دایک دەبن.....باوکی دەبێت بە یەکێک لە کادیرە پێشکەوتووەکانی کوردایەتی و لەو ڕێگەیەشدا شەهید دەبێت و هاوسەرە بەڕێزەکەی و سێ منداڵ بەجێ دەهێڵێت...

خوێندنی سەرەتایی ئەشرەف سوڵتانی لەو لادێیە دەبێت و پاشان بۆ خوێندنی ناوەندی ڕوو دەکاتە شار و هەر لەو سەرو بەندەدا خێزانەکەیان لادێ بەجێ دەهێڵن و بۆ شار دەگوێزنەوە، مامۆستا قوتابییەکی زیرەک و هۆشیار دەبێت و سەرنجی مامۆستاکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێ..

ئەو گەڕەکەی مامۆستای تیا دەژیا گەڕەکێکی میللی قەراغ شار بوو، خەڵکەکەی بە دەستی کۆمەڵێک منداڵی چەتوونەوە گیرۆدە بوو بوون، سێ

منـدالّی زۆر بزێـو سـەرکردایەتیان دەکـردن، ئـەو سـێ منداڵـەش هەریەکـەیان دەستەیەك جەندرمەی منـدالّی لەگەڵـدا بـوو.. هەرسێکیان هاوپەیمانێتییـەکیان بەستبوو بۆ جەنگ دژ بە منـدالاّنی گەرەکـەکانی تـر... حیلمـی شـێخ ئـەنوەر و حەسەنی پورە گوڵێ و زاهیـدی پیریـادی سـەرکردەی ئـەو سـێ دەسـتە منداڵـە چەتوونە بوون.. لـە دوای تـەواوبوونی قوتابخانـە جـەنگ دەسـتی پـێ دەکـرد، چەندین چەك و تەقەمەنی تیادا بەکار دەهات، بـەردەقانی، دارلاسـتیك، چـەقۆ، خەنجەربۆکس، ئاگر هەڵدان بە مەنجەنیقی بچووك...

سـەیر لـەوەدا بـوو دایکـان و باوکـانی گـەرەك نـەك دەسـتی منداڵـەکانیان نەدەگرت بەڵکو دەبوون بە جەماوەری جەنگەکە و هەندێ جـاریش دەبـوون بـە بەشێك لە جەنگ و ئـەوانیش دەیـانکرد بـە دار و ئاسـن وخەنجـەردا و شـەڕەکە گەورە دەبوو...

شەڕەگەڕەکی منداڵان لە جەنگی دوو دەوڵەت دەچوو: کار و ڕۆڵی هەر یەکێك تیایـدا دیـاری کـرا بـوو، هەرکەسـە و سـەنگەری خـۆی لـەو جەنگـەدا دەزانـی، حەسەنی پورە گوڵێ نەخشەکێش و پیلان داڕێژی جەنگەکە بوو، حیلمـی شـێخ ئەنوەر سەرکردەی مەیدانی بوو، هێرشبردن و کشانەوە لە دەسـتی ئـەودا بـوو، زاهیدی پیریادی بۆ گفتوگۆ و دانوستان و بەستنی هاوپەیمانێتی لەگەڵ منداڵانی گەڕەکەکانی تـر دیـاریکرا بـوو... شـەڕەگەڕەکی منـدالاّن سەرشـکان و دەسـت شکانی لێ دەکەوتەوە...هەر منداڵێ بەدیل بگیرابایە ئەوەندە لێدانی دەخـوارد بەچواردەسته ڕەوانـەی گەڕەکەکـەی خـۆی دەکرایـەوە... ئـەو منداڵانـە نـەیان دەزانی لە پێناوی چیدا و بۆچی شەڕ دەکەن، تەنها ئەوەندەیان دەزانـی دەبـێ بجەنگن...هەرکە شەڕ دەستی پـێ دەکرد بەپەلە کۆ دەبوونەوە و دەچـوون بـە دەم کەڕەنای جەنگەوە...دیاربوو هۆی سەرهەڵدانی یەکەم جەنگ کرا بوو بە هۆ بۆ هەڵگیرسانی سەرجەم جەنگەکانی تریان...

منیش بۆخۆم یەکێك بووم لەو منداڵانەی بۆ مەیدانی جەنگ ڕاپێچ دەکرام..منداڵێکی شەرمن بووم، باوك و دایکم مرد بوون، من و کاکم و هاوسەرەکەی پێکەوە دەژیاین...

لە ناوەوە باوەڕم بەو شەڕە گەڕەکە نەبوو، بەڵام بۆ ئەوەی پێم نەڵێن ترسنۆکە و خۆی دەشارێتەوە بە ناچاری دەچووم بەدەم جەنگەکانیانەوە.. منداڵانی سەرجەم گەڕەکەکان لە قوتابخانە کۆدەبوونەوە و شوێن و کاتمان بۆ جەنگەکانمان دیاری دەکرد...

جوسەی فەرەنگیز منداڵێکی سەرکەشی گەڕەکی دۆمەکان بوو، دەستەیە منداڵی جەربەزەی دروست کرد بوو کە پیاوی گەورە بە سەیرکردنیان ترس دەچووە گیانی...جوسە باوەڕی بە جەنگی خێرا و لەنەکاو بوو... بە خۆمان نەدەزانی گەرەکەکەی لێ داگیر دەکردین و سێ و چوار منداڵی کەلەپاچە دەکرد و یەك دوانێکی بە دیل دەگرت و لەگەڵ خۆی دەیبردن...هەر زووبەزوو سێ سەرکردەی جەنگ کۆدەبوونەوە و پیلان و نەخشە گەلاڵە دەکرا و چەند کاتژمێرێ دوای مانۆڕە سەربازیەکەی جوسەی فەرەنگیز ئەماندا بەسەریاندا و تۆڵەی خۆمان دەکردەوە و دیلەکانمان ڕزگار دەکرد...

براژنم بەیانیان زوو بۆ سەموونفرۆشی لە خەو بە ئاگای دەهێنام و ڕەوانەی دەکردم، ڕۆیشتن بۆ گەرەکەکەی جوسەی فەرەنگیز ڕۆیشتن بوو بۆ دۆزەخ، بەڵام ڕووشم نەدەهات بە براژنم بڵێم لەبەر ئەو منداڵە شەرەنگێزانە ناوێرم سەموون لەو گەڕەکە بفرۆشم...بەیانییەك زوو لە گەڕەکەکەی جوسەی فەرەنگیز سەموونم دەفرۆشت، بە کۆڵانێکدا تێپەڕیم و لەسەر فەرعەکە پێچم کردەوە، لەنەکاو جوسە و چوار لە یاساوڵەکانی لە بەردەمم قنج بوونەوە... لە دڵی خۆمدا وتم ئەمە ئەو ڕۆژەیە من لێی دەترسام... هەر ئەوەندە جوسەی فەرەنگیز "ئادەی"ی لە منداڵەکان کرد بە پەتێکی دوو مەتری دەستیان لە دواوە بەستم و

هەندێ پەڕۆیان ئاخنیە ناو دەمم و ڕایان کێشام بۆ ناو کەلاوەیەک کە هەرچی شتی پیسە تێیدا بوو، لەوێش هەردوو لاقیان بەستم و لە سوچێکدا دایان نیشاندم...سەرەتا عوسە هات بە جنێودانمدا و هەرچی وشەی پیسە کۆی دەکردەوە و دوو ئەوەندەی بۆ قەرز دەکرد و دەیکرد بە جنێو و دەیدا بە ڕوومدا...پارەی سەمونفرۆشییەکەیان لە گیرفانم دەرهێنا و دواتریش لێدانێکم لە سەر پارەکە بە دەستی کاکم خوارد... دوو سێ کاتژمێر لەو کەلاوەدا بە چەندین شێوە ئازاریاندام، دەنگ و باسی گرتنەکەم گەیشتبووە لای منداڵانی گەڕەکی خۆمان و هەر زووبەزوو سێ سەرکردەکە دەستەیە منداڵ ئامادە کرد و بۆ ڕزگارکردنی من ڕوویان لە گەرەکەکەی عوسەی فەرەنگیز کرد...لەپڕ گوێم لە دەنگی حیلمی شێخ ئەنوەر بوو هاواری کرد و دەیوت: مەهێڵن عوسەی فەرەنگیز لە دەستتان دەربچێت... پاش چەند خولەکێك خۆیان کرد بە ژوورەدا و دەست و لاقیان کردمەوە و سیانیان لێ بەدیل گرتن و عوسەی فەرەنگیز بە بریندارى هەڵهات و خۆی قوتار کرد...

شەڕ لە نێوان ئێمە و ئەوان بەردەوام بوو، هەرجارە و لایەکمان سەردەکەوتین... ڕۆژێك لە قوتابخانە هەردوو لا شوێن و کاتی جەنگێکی خوێناویمان دیاریکرد... کە گەیشتینە ماڵەوە–دوای پشوویەکی کەم و خواردنی ژەمی نیوەڕۆ– سەرجەم منداڵان لە پەنای مزگەوتی گەڕەکدا کۆبوونەوە و دەستمان بە ڕاوێژ و پلاندانان کرد...

حەسەنی پورە گوڵێ پیلانێکی دۆزەخیانەی ئامادە کرد بوو، ئەو (دە) منداڵی زۆر ئازای دەست نیشان کرد و وتی: هەر ئێستا دەچن لە دۆڵی ئەو دیو دەشتە بەرینەکە خۆتان حەشار دەدەن و ناهێڵن بە هیچ جۆرێك پێڕەکەی عوسەی فەرەنگیز بتانبینێت، ئێوە چەند کۆمایەك بەرد بۆ ئێمە ئامادە بکەن و هەرکە پاشەکشەمان کرد و دەستمان گەیشتە بەردەکان دەگەڕێینەوە بۆیان و

بەرد بارانیان دەکەین... ئێمە-ئەم بیست و پێنج جەنگاوەرەی تر- دەچینە دەشتەکە بۆ مەیدانی جەنگی عوسەی فەرەنگیز، دوای ماوەیەك جەنگان حیلمی هاوار لە کوڕەکان دەکات بۆ پاشەکشێ و هەر هەموو بەرە و ئێوە هەڵدێین، دیارە ئەوانیش شوێنمان دەکەون... هەرکە گەیشتنە دۆڵەکە ئێوە ئەو (دە) کەسە زریسك و هەژگە درکینەکانتان بەگەڕ دەخەن و دێن بەسەرو گوێیاندا، ئێمەش دەستمان دەگاتە کۆما بەردەکان و دەگەڕێینەوە سەریان و دەیانکەین بە پەندی زەمانە...

هەر بەو جۆرە نەخشەی بۆ دارێژرا بوو (دە) منداڵەکە بەر لە هاتنی دەستەکەی عوسەی فەرەنگیز خۆیان و هەژگەکانیان گەیاندە دۆڵە دیاریکراوەکە و لە ئامادەباشیدا بوون... ئێمەش پاش کاتژمێرێك چووین بۆ مەیدانی جەنگەکە و دوای چارەکێك چاوەڕوانی عوسە و پێڕەکەی پەیدا بوون...

لە سەرەتاوە بە بەردەقانی و دارلاستیك بەردبارانێکی یەکترمان کرد، زیانەکانی ئێمە لە مەیدانی جەنگەکەدا دوو بریندار بوو، ئەوانیش چوار کەس کە یەکێکیان برینەکەی مەترسیدار بوو...

عوسە هاواری کرد "هجووووووم" بەجارێ هێرشکرایە سەرمان و حیلمی فەرمانیدا بەرگری بکەن... ماوەیەك بەرگریمان کرد و پاشان گوێمان لە دەنگی حیلمی بوو هاواری کرد "هەر هەموو بۆ دواوە... بە خێرایی هەڵبێن و خۆتان نەدەن بە دەستەوە"

ئێمەش بە پێی ئەو پیلانەی دامان ڕێژا بوو بە خێرایی پاشەکشەمان کرد و خۆمان گەیاندە دۆڵەکە... عوسەی فەرەنگیز وایدەزانی ئێمە شکاوین بۆیە هاواری کرد:

"بڕۆن لە دوویان، هەڵهاتن، مەهێڵن لە دەستان دەربچن، حیلمی و حەسەنم بە زیندووی دەوێت" هەر ئەوەندەیان خۆش بوو پێیان نایە نێو دۆڵەکە، لەو جێگەدا

ئەو (دە) کوڕە بەهێزەی ئامادەمان کرد بوو بە دارە دڕکاویەکانیان هاتن بە سەر و گوێیاندا و ئێمەش دەستمان گەیشتە کۆما بەردەکان و بەرد بارانمان کردن...لەو دۆڵەدا تەنها دوو منداڵیان بە سەلامەتی هەڵهاتن و هەر هەموو دەست و سەر و لاقیان خوێنی لێ دەچۆڕا... هەر لەو دۆڵەدا عوسەی فەرەنگیز بە دیل گیرا و لە چوارلاوە داخمان کرد و برۆمان تاشی و بەرەڵامان کرد... ئەو داماوە لە شەرمەزاریدا نۆ ڕۆژ قوتابخانەی بەجێهێڵا و لەماڵ نەهاتە دەرەوە...

باقر (با هەندێ ئاوت بۆ بهێنم، لێوەکانت وشک هەڵگەڕاون، دەڵێی باسی جەنگێکی زیندووم بۆ دەکەیت کە تۆپ و تەیارەی تیا بەکار هێنراوە...)

باقر ڕۆیشت پەرداخێ ئاوی هێنا و دایە دەستی محەممەدی خەڵوەتی... پاش خواردنەوەی ئاوەکە هاتەوە سەر باسەکەی خۆیی و وتی (بۆ چاک کردنی ئەو دەستە منداڵە و گەیاندنی ئەو پەیامەی لە لای بوو، ئەشرەفی سوڵتانی-ئەو کاتانە تەمەنی حەفدە سالآن بوو- بڕیاریدا دابەزێت بۆ دونیای منداڵەکان....)

سەرەتا خۆی لە سێ سەرکردەی دەستەکان نزیک کردەوە و جۆرێک لە برادەری و ئولفەتی لەگەڵ دروستکردن، عەسران پیاسەی دەشتە بەرینەکەی پێ دەکردن...پاش ماوەیەك تیپێکی تۆپی پێی لێ پێکهێناین و یاریگایەکی بۆ دروست کردین و تۆپ و جل و بەرگی یاری بۆ هێناین و سەرجەم منداآنی گەڕەك سەرمانکردە یاری... منداآنی گەرەکەکانی تر چاویان لە ئێمە کرد و هەر گەرەکە و تیپێکی تۆپی پێی تیا دروست بوو.....

هەر بەو جۆرە جەنگی منداآنی گەرەك گۆڕا بۆ یاری و کۆتایی بەو قۆناغە درێژەی ژیانی منداڵیمان هات و لەگەڵ منداآنی گەرەکەکانی تر کەوتینە ململانێی تیپاوتیپ.....

سێ ساڵ بەسەرومڕی لە دوای قوتابخانە و خوێندن ئێمە لە یاریگا خەریکی یاری بووین...مامۆستا ئەشرەف بۆ خۆی ئارەزووی یاری نەبوو لەگەڵ ئەوەش

ڕۆژانە لەگەڵمان دەهات بۆ یاریگاکە و تا تەواو دەبووین دەوەستا و چاوەڕوانی دەکردین...لە کۆتاییدا تێبینی و سەرنجی خۆی دەربارەی ڕەوشت و هەڵسوکەوتی یاریچی پێ دەداین و ئێمەش بەوپەڕی تامەزرۆییەوە گوێمان بۆ دەگرت...

مامۆستا ئەشرەف گەنجێکی یاریچی ڕۆحسوکی وەک ڕاهێنەر بۆ هێنانین و داوای لێکردین لە دونیای یاریدا لە فەرمانەکانی دەرنەچین و گوێڕایەڵی بین...ئەو گەنجە بەجوانترین شێوە پرۆڤەی پێ دەکردین و لەسەر ئاکارو ڕەوشتی جوانی ناو یاریگا دەیمۆچانین، گەنجەکە بۆ خۆی یاریچییەکی زۆر لێهاتوو بوو، پاش چەند ساڵێك مااڵیان باری کرد و کاتێ ناومان بیستەوە یاریچی هەڵبژاردەی وڵات بوو...سێ ساڵی یاریکردن بە دووریگرتین لە هەموو هەڵە و هەرزەییەك کە منداڵانی هەرزە پیایا تێ دەپەڕین، لەو ماوەیەدا بووین بە خاوەنی بەهێزترین الشە و زۆرێك لە ڕەوشتی جوان و بەرز لە یاریگاوە فێر بووین، هەڵبەت هەموو ئەمانە بەهۆی هەوڵ و لێبڕانی ئەشرەفی سوڵتانییەوە بوو...

شەوان لە ماڵی مامۆستا ئەشرەف کۆ دەبووینەوە و تا درەنگانیك مامۆستا پەند و چیرۆك و سەرگورشتەی ناو کتێبەکانی ئامادە دەکرد و بۆمانی دەخوێندەوە...ئێستاش تام و چێژی ئەو سەردەمانەم لەالیە و هەرگیز ناتوانم لە یادیان بکەم...

مامۆستا منداڵەکانی—بە پێی تەمەن— بۆ سێ پۆل دابەش کرد بوو.. پۆلی یەکەم ئەو منداڵانە بوون تەمەنیان لە (حەوت) ساڵان تێ نەدەپەڕی، پۆلی دووەم دەستەیە منداڵ بوون تەمەنیان لە حەوتەوە بۆ دە ساڵان بوو، پۆلی سێیەمیش تەنها چوار کەس بوو: من وحیلمی شێخ ئەنوەر وحەسەنی پورە گوڵێ و زاهیدی پیریادی...

پرۆگرامی وانەکانی مامۆستا چوار بابەتی زانستی بوو:

١. ئەدەب کە تیایدا منداڵەکان بە جیهانی هۆنراوە و چیرۆک و ڕۆمان و پەخشان ئاشنا دەکران...

٢. زانست و تەکنیکەکانی ژیان، یەکێک بوو لەو وانانەی منداڵان زۆر حەزیان لێ دەکرد...

٣. مرۆڤ و کۆمەڵ و نەتەوە، منداڵەکان ئەرک و مافیان فێردەکرا و پێیان دەوترا چۆن بەرگری لە مافی خۆیان و خەڵکی بکەن...

٤. ئایین و ڕەوشت، مرۆڤی بە خودای خۆی ئاشنا دەکرد و ئێمەی بە پەتی خۆشەویستی بە گەردوونەوە گرێ دەدا...

مامۆستا بۆ هەریەکێک لەم مەیدانانە پەیڕەوی تایبەت بەخۆی هەبوو کە چەندین کتێبی گرنگی لەخۆ دەگرت...هەریەکێک لەم وانانە بۆ سێ پۆلەکە بە شێوازێک دەیوتەوە لەگەڵ ئاستی بیرو تەمەنی شاگردەکانیدا بگونجێ...لەم وانانە گرنگتر بۆ ئێمە ڕەوشت و ئاکار و ڕۆحی مەزنی مامۆستا بوو، ئەو بوو گیانی دەکرد بەبەر وشە مردووەکانی ناو کتێبەکاندا، زۆرجار لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەم دێڕی کتێبەکەی بەردەمی کۆتایی بە سەیرکردنی کتێبەکە دەهات و لە مەودا قوواڵ و بەرینەکەی ڕۆح و فیکری خۆیەوە گەوهەری ماناکانی پێشکەش دەکردین....من نازانم مامۆستا ئەو گشتە زانست و مانا بەتامانەی لە کوێ هەڵدەگۆزی و چۆن بەرچنگی دەکەوتن...؟!

ڕۆژێک لێم پرسی: مامۆستا چی بخوێنمەوە تاکو ئەو مانا بەرز و بڵندانەی تۆ باسی دەکەیت بەر دەستم بکەوێت؟

لە وەڵامدا وتی: بۆ گەیشتن بە مانا قووڵەکان پێویستە مرۆڤ خۆی هەڵبکۆڵێت..

وتم: چۆن چۆنی خۆی هەڵبکۆڵێ؟

لێی کردمە شۆخی و وتی: پاچ و بێڵ بهێنێ و بەر بێتە لاشەی خۆی..

چەند ساڵێك دواتر لە قسەکەی گەیشتم و حاڵی بووم سەرجەم گەوهەری ماناکان لە ناخی مرۆڤدا حەشار دراون و تەنها پێویستی بە هەڵکۆڵینی زەمینەی تەڕی دڵ و سارای دەروونە تاکو بگەینە کانیاوی سازگاری ماناکان...

سێ هەفتە بەر لە دەستگیرکردنی مامۆستا داوام لێکرد سەرچاوەی مەعریفەی خۆیم بۆ دیاری بکات، دوو ڕۆژ دوای داواکەم چەند لاپەڕەیەکی دایە دەستم و وتی: هەر ئەوەندە فریاکەوتم...

لاپەرەکان هەرچەند کەم بوون، بەڵام پوخت و بە سوود بوون و تاکو ئێستا لە لام پارێزراون...ئەوەندەی لە بیرم مابێت ئاماژەی بە کۆمەڵێك سەرچاوە کردبوو لەوانە:

- ✓ خوێندنەوەی کولتور و ڕۆشنبیری گەل و نەتەوەی خۆت و ئاگاهی تەواو بە سەر زمانی دایکدا...
- ✓ شارەزایی لە زمانی عەرەبی و فارسی و خوێندنەوەی فەرهەنگی ئەو دوو زمانە...
- ✓ خوێندنەوەیەکی وردی ئایینەکان بە گشتی و ئایینی ئیسلام بە قوولّی...
- ✓ خوێندنەوەی فیکرو فەلسەفەی ژیار و شارستانێتەکانی تر بە بێ بڕیاری پێشینە و دەمارگیری...
- ✓ خوێندنەوەی بیری فەیلەسوفانی دونیای ئیسلام لەوانە: خوارەزمی، و کیندی، و ئەبوبەکری ڕازی، و فارابی، و ئیبن سینا، و غەزالی، و ئیبن ڕوشد، و عومەری کوری فارز، و ئیبن عەرەبی، و عبدالکریمی جیلی...
- ✓ ژیانی گەورە عاریفانی دونیای ئیسلام لەوانە: شێخ مەعروفی کەرخی، و بوستامی، و جونەیدی بەغدادی، و حارسی موحاسبی، و مەنسوری حەللاج، و

ئەبوبەکری شبلی، و عبدالقادری گەیلانی، و جەلالەدینی ڕوومی، و محەممەد بەهائەدینی نەقشبەندی کە بە شاهی بوخارا ناوبانگی دەرکردووە...

لە گەورە عاریفانی ئەم گەل و نەتەوەیەش: شێخ مارفی نۆدێ، و مەولانا خالیدی نەقشبەندی.

- ✓ خوێندنەوەی مێژووی شۆڕشە یەك لە دوای یەکەکان....
- ✓ خوێندنەوەی دیوانە شیعریەکان و لەبەرکردنیان...
- ✓ ئاگاهی تەواو بە سەر زانستە ئیسلامیەکاندا لەوانە تەفسیر و فەرموودە...

مامۆستا خوێنەرێکی بلیمەت بوو، سەردەمانێك وەك خۆی باسی دەکرد شەو و ڕۆژێ هەشت کاتژمێرخوێندنەوەی کردووە، ئەو دەیوت: جاری وا هەبووە بە هەفتە لە ماڵەوە نەهاتوومەتە دەرەوە و سەرقاڵی خوێندنەوە بووم.....

ئەو لەپاڵ خوێندنەوەی سەرومڕدا خاوەنی زەینێکی ڕۆشن و بەهێز بوو، زۆرجار تەنها خوێندنەوەی یەکجار بۆ دەقێك بەس بوو بۆ لەبەرکردنی...

دوای تەواوبوونی وانەکانی پۆلی یەکەم داوای لێ دەکردن بچنەوە بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی زوو بە ئاگابێن و نەسیمی بەرەبەیانیان لە دەست نەچێت، چونکە یەکێك لەو ئەرکانەی بەسەر قوتابیەکاندا دەدرا هەستان بوو لە خەو بەر لە خۆرکەوتن و هەڵ مژینی هەناسەی قوڵ و نەسیمی بەرەبەیان...ئەوجا سەرەی پۆلی دووەم دەهات و ئەوانیش هەر بەو جۆرە بەڕێ دەکران...لە کۆتاییدا چوارکەس دەمایەوە و مامۆستا لەگەڵمان دادەنیشت و بە وتە شیرینەکانی بە مرۆڤ و ژیان و گەردوونی ئاشنا دەکردین...

ئەو لە سێ مەیداندا کاری لەسەر ئێمە دەکرد: مەیدانی ئەقڵ و ئاوەز و ژیری، مەیدانی جوولّە و ئاراستەی مرۆڤ لە ناو کۆمەڵگەدا، مەیدانی ڕەوشت و پەروەرشی ڕۆح

مامۆستا ڕێگەی بەو چوار کەسە دەدا لەگەڵ دوو پۆلەکەی تر دابنیشین، هەندێ جاریش لە بەردەم منداڵەکانی تردا پرسیاری لە ئێمە دەکرد و دەیویست بمانهێنێتە قسە و بوێرییی قسەکردنمان فێربکات..ناوە بە ناوەش یەکێکمانی ڕادەسپارد بۆ ئەوەی لەگەڵ منداڵەکان دابنیشین و گفتوگۆیان لەگەڵ بکەین...

سەرجەم منداڵەکان بە خۆشەویستی مامۆستا لێوانلێو بوو بوون، ئەو دەریایەك بوو لە سۆزو بەزەیی، ڕووبارێك بوو سارای هەناومانی تەڕ و پاراو دەکرد، وەرزێکی بەهار بوو بە هۆیەوە چرۆی دڵ و بیرمان دەپشکووتا...

مامۆستا بوو بوو بە کۆمایەك لە سۆز و جۆش و خرۆش، هەرکەس دەیبینی گرێك بەر دەبووە ناخ وبیری و بۆ دامرکاندنەوەی کلپەی ئەو ئاگرە ڕووی لە کانیاوی مامۆستا دەکرد..ئەو مرۆڤێکی زۆر ئارام و هێور بوو، شەرم و ویقار لە ناوچاوانی دەباری...لەگەڵ بزێوی و هەڵە و نەزانی و کەمتەرخەمییەکانی ئێمەدا زۆر خۆڕاگر بوو... پەروەردەکردنی دەستەیەك منداڵ–کە جگە لە شەڕ و جنێو و بزێوی کارێکی تریان نەدەزانی– بۆ تەنها مرۆڤێ گەلێك سەخت و دژوار بوو لەگەڵ ئەوەش ڕۆژێك بێزاری و تورە بوونێکمان لێ نەبینی...شەپۆلی هەڵە و هەرزەییەکانی ئێمە دەیکێشا بە چیای مەزنی ئەودا و بە ناچاری بۆ دواوە دەگەڕایەوە و شاخە مەزنەکەش–کە مامۆستا بوو– لە جێگەی خۆی نە دەجوولا...

هەندێ لە منداڵەکان جارجارێ ون دەبوون و وانەکانیان بەجێدەهێلا بەڵام پاش ماوەیەك خۆشەویستی بۆ مامۆستا دەیگەڕاندنەوە و بەبێدەنگی خۆیان دەکردەوە بە ناو پۆلەکانیاندا، بۆ ئەو کارەیان سەرزەنشتی نەدەکردن و نەیدەپرسی بۆچی لەو ماوەیەدا دیار نەبوون...ئێمە وامان دەزانی مامۆستا ئاگادار نەبووە لە دیار نەبوونی منداڵەکان بۆیە لێیان ناپێچێتەوە، بەڵام مامۆستا لە دەرەوەی پۆلەکە بەوردی چاودێری ئەو منداڵانەی کرد بوو تاکو بزانێ هۆی دوورکەوتنەوەکەیان چییە و بۆچی پۆلەکانیان واز لێ هێناوە...

پۆلەکانی مامۆستا بوو بە جێگەی سەرنجی مەردوومانی شار و گەڕەک، خەڵکی هەراسانبووی دەستی منداڵە چەتوونەکان خامۆشییەکیان لە شاردا هەست پێ دەکرد، لەو ڕۆژەوەی مامۆستا تێکەڵ بە دونیای ئەو منداڵانە بوو ئارامی باڵی بە سەر شاردا کێشا بوو، چەتوونی و بزێوی ئەو کۆمەڵە منداڵە گۆڕا بوو بۆ ڕێز و ئەدەب...ئەوان لە هۆی خامۆشی و ئارامیەکەیان دەپرسی، وەڵامیان دەست دەکەوت و دەیانوت مامۆستایەک بە ناوی ئەشرەفی سوڵتانی منداڵەکانی هێور کردۆتەوە...

مامۆستا لەگەڵ خانەوادەی منداڵەکاندا تێکەڵی و ئاشنایەتی پەیدا کرد بوو...سەردانی خێزانەکانیانی دەکرد و لە هەڵسوکەوتی منداڵەکان پرسیاری دەکرد، هەندێ جاریش سەرنج و تێبینی بە باوکان و دایکان دەداو فێری دەکردن چۆن مامەڵە لەگەڵ منداڵەکانیان بکەن...

ئەشرەفی سوڵتانی چووبووە هەموو دڵێک و هەموو ماڵێک، خێزانەکان بە ئاواتەوە بوون مامۆستا سەردانیان بکات... لە گەڕەکەکانەوە منداڵەکانیان بۆلای مامۆستا دەهێنا و تکایان لێ دەکرد لە پۆلەکانیدا وەریان بگرێت و وەک منداڵەکانی تر پەروەردەیان بکات، ئەوەش وای کرد پۆلەکانی مامۆستا فراوان بێت و بەشێکی بۆ ڕۆژ بهێنێت...

ڕۆژێک فەرەنگیز خانم(دایکی عوسە) هاتە لای مامۆستا و تکای لێکرد کوڕەکەی وەربگرێت، چونکە بێبابە و پێویستی بە کەسێکە سەرۆکاری بکات، مامۆستاش دڵی بۆ عوسە سووتا و داواکەی دایکی قبوڵ کرد و پێی وت سبەینێ بیهێنێت...ئێمەش هەموو ترس و خەم دایگرتین...مامۆستا خەم و پەژارەی لە ناوچاوانی ئێمەدا خوێندەوە و پرسیاری کرد: بۆچی بێزاری داگیری کردوون؟

پێمان وت: کوڕی ئەو ژنە زۆر شەرەنگێز و چەتوونە... وەک ئەوەی لە سەرەتاوە خۆمان لە شامی شەریفەوە هاتبین...

مامۆستا وتی: عوسمان دەبێت بە یەکێك لە برادەرە زۆر نزیکەکانتان...

بۆ سبەینێ عوسەی فەرەنگیز لەگەڵ دایکی خۆی کرد بە ژوورا و دایکی سەلامی کرد و عوسەش چاوێکی بە هەموماندا خشاند و بەبێدەنگی لە سووچێکی ژوورەکەوە دانیشت و لە ژێرەوە کەوتە سەرنجدانمان...ئێمە نەمان دەوێرا زۆر سەیری عوسە بکەین، تەنها یەك دوو جارێ چاوێکم بۆ هەڵدا و سەیرێکی ئەبرۆیم کرد، دیار بوو بەدەستی ئێمە تاشینی برۆی پێکەوت بوو چونکە برۆیەکانی پەش و پڕ بوو بوون...مامۆستا داوای کرد لە فەرەنگیز خانم بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە و عوسە بە جێ بهێڵی...پاشان داوای لە ئێمە کرد لە ژوورەکە بچینە دەرەوە و ئەو و عوسە بەتەنها بمێننەوە... پاش کاتژمێرێك مامۆستا هەموومانی بانگ کرد و داوای لێکردین تەوقە لەگەڵ عوسەدا بکەین و پێی بڵێین: کاك عوسمان بە خێر بێیت..ئەو داوایەی مامۆستا و وتنی"کاك عوسمان بە خێربێیت"سەرخستنی کۆڵێکی قورس بوو بەرەو لوتکەیەکی زۆر سەخت...هەر هەموو ڕیزمان بەست و لەپێشەوە ئەنوەر و ئێمەش بە دوایدا بەخێرهاتنی عوسمانمان کرد، کاتێ دەستمان دەخستە ناو دەستی هەموو ئەو شەق و تێهەڵدانەمان دەهاتەوە بەر یاد کە بە دەستی عوسمان خواردبوومان، عوسمانیش ناو بەناوێك پەنجەیەکی بە برۆیدا دەهێنا، دیار بوو ڕۆژی برۆ تاشینەکەی دەهاتەوە بیر...لەو ڕۆژەوە عوسە بوو بە عوسمان و ڕق و کینەش بوو بە خۆشەویستی... عوسمان لە ناخیدا مرۆڤێکی زۆر پاك و چاك بوو، گەر ڕۆژێ دیار نەبوایە هەموومان بۆی بێتاقەت دەبووین و دەچووینە سەردانی... هەموو جارێ لەگەڵ عوسمان یادی منداڵیمان دەکردەوە و بەشۆخییەوە دەیوت: کێ لە ئێوە هەیە شەقی منی بەر نەکەوتبێت؟ بەڵام هەتیوە بێ ویژدانانە برۆ تاشینەکەی من بەقەدەر شەقەکانی هەموتان خراپ بوو...

پۆلەکانی مامۆستا فراوان بوون، تا وای لێهات ماڵەوەیان بەتەواوی قەرەباڵغ ببێت.. مامۆستا خۆی و دایکی و دوو خوشك بوون، بەڵام هەموویان هەروەك

مامۆستا سنگ فراوان و مەزن بوون، لەو سەروبەندەدا کەوتە بیرکردنەوە لەوەی جێگەیەک بۆ پۆلەکان بدۆزێتەوە و وەک قوتابخانەیەک کاری تێدا بکات... سەرەتا لەگەڵ باوکان و دایکانی منداڵەکان لەمەڕ ئەو کارە قسەو باسی کرد و داوای لێکردن جێگەیەک بۆ منداڵەکانیان ببینەوە...

حاجی عوسمانی بازرگان ئەو دەوڵەمەندە بەخشندە بوو کە جوامێرانە هاتە پێشەوە و وتی: بینایەک لەسەر گیرفانی خۆم بۆ وانەی ئەو منداڵانە دەکەمەوە و وەک قوتابخانەیەکی ئەهلی بەکاری بهێنن...

قوتابخانەکەی مامۆستا لە یەکێك لە ژۆرەکانی پایزدا کرایەوە و جەماوەرێکی زۆری شار لە کردنەوەی مەراسیمەکەدا ئامادە بوو بوون...دەوڵەمەندێکی تر بەناوی (کەمالی موهەندیس) لە مەراسیمەکەدا هەستایە سەرپێ و وتی: منیش بە ئامادەکردنی مێزو تەختە و پێویستیەکانی تری قوتابخانەکە هەڵدەسم...

ئەو ژۆرە بۆ مامۆستا و ئێمە و خەڵکی شار ژۆرێکی مێژوویی بوو چونکە قوتابخانەیەك کرابوویەوە بیر و زانست و رەوشتی فێری منداڵان دەکرد...لەو ژۆرەدا مامۆستا وتارێکی بە هێزی بۆ جەماوەرەکە خوێندەوە و هەموویانی هێنایە جۆش و خرۆش، لە وتارەکەیدا باسی گرنگی منداڵان و لاوانی دەکرد، دەیوت: داهاتووی ئەم گەل و وڵات و نەتەوە بە لاوەکانەوە گرێدراوە، ئەو باسی گرنگیی ژۆڵی پەروەردەی کرد لە بەرەو پێش چوونی مرۆڤ و کۆمەڵگەدا... نازانم ئەو هەموو وتە بەهێز و بەپێزانەی لە کوێ دەهێنا و بەگەرموگوڕی ئاراستەی جەماوەری دەکرد؟!

بۆ سبەینێ لە دەزگا ئەمنیەکانەوە مامۆستایان بانگ کرد و هۆشداریان لەسەر ئەو جموجوڵ و چالاکیانە پێدا و ئاگاداریان کردەوە هەموو کارەکانی بخاتە دەرەوە و هیچ جۆرە نهێنی و شاراوەیەك لە پشتی قوتابخانەکەیەوە نەبێت، مامۆستاش پێی وتبوون دەتوانن بێن و لە پۆلەکاندا دابنیشن و بزانن چی بە منداڵەکان دەڵێتەوە...

ڕۆژێك دەستەیە لە دایكان لە قوتابخانەكە سەردانی مامۆستایان كرد و داوایان هەبوو پۆلێك بۆ كیژەكانیان بكاتەوە، مامۆستا لە مێژبوو خۆی بۆ ئەو داوایە ئامادە كرد بوو، هەردوو خوشكەكەی بۆ ئەو كارە پەروەردە كرد بوو، بۆیە داوای لە دایكان كرد سبەینێ كیژەكانیان ڕەوانەی قوتابخانەكەی بكەن، كاری كچان لە كاری ئێمە زیاتر دەچووە پێشەوە.. دەتوت ئاگرە و بەربوەتە پلۆپووش، خوشكەكانی مامۆستا لە هەر گەڕەكێكدا مالێكیان دیاری كرد بوو تیایدا كیژانی گەرەكیان كۆ دەكردەوە و وانەكانیان پێ دەوتنەوە، كاری ئەوان بەرەو پێشچوونێكی خێرای بەخۆوە دەبینی...

مامۆستا دەیوت: كچەكان پێیان وایە ئێمە تەمبەڵ و كەمتەرخەمین بۆیە كارەكانمان بە زوویی بەرەو پێشەوە ناچێت، بەڵام لەراستیدا خێرایی كاری ئەوان بۆ فیترەتی پاك و هەستی ناسك و ڕۆحی باڵای ئافرەتان دەگەڕایەوە، ئەوان لە ئێمە پاكترن بۆیە وەڵامدانەوەیان خێراتر و زۆرترە ئەگینا ئێمەش بە قەدەر ئەوان بۆ كارەكان ئازا و لێبڕاوبووین...

ڕۆژێك پیاوێكی ڕیش سپی بەتەمەن-چاكەت و بانتۆڵی پۆشی بوو- سەردانی قوتابخانەكەی مامۆستای كرد، سەرەتا هەندێك چاوی گێڕا بە حەوشەی قوتابخانەكەدا و ئەوجا هاتە ژوورەوە و هەواڵی ئەشرەفی سوڵتانی پرسی، ئەو كات مامۆستا لە پۆلدا بوو بۆیە حیلمی فەرموویی لێكرد و بردی بۆ یەكێك لە ژوورەكان، پاشان ڕۆیشت مامۆستای لە هاتنی میوانەكە ئاگادار كردەوە، كە ناونیشانی میوانەكەی بە مامۆستا دا بەپەلە پۆلەكەی بەجێهێڵاً و هات بۆلای میوانەكەی، لەگەڵ بینینی پیرەمێردەكە مامۆستا دەستی بە گریان كرد و پەلاماری دەستی پیرەمێردەكەی دا و ماچی كرد، پیرەمێردەكەش وەك ڕۆڵەیەكی خۆی دەموچاوی مامۆستای خستە ناو هەردوو لەپی دەستی و ناوچاوانی ماچ كرد، ئێمە لە سەیركردنی مامۆستا و پیرەمێردەكە سەرسام

بووین، مامۆستا فەرموویی لە پیرەمێردەکە کرد بۆ دانیشتن و ئەوجا لایەکی بەلای ئێمەدا کردەوە و وتی: ئەم پیاوە مامۆستامە، ئەو کەسەیە مانای جوانی فێری من کردووە...

هیچ ڕۆژێك بەقەدەر ئەو ڕۆژە مامۆستام بەخۆشحاڵی نەبینیوە، دەتوت لە ئاسمانەوە فریشتەیەك بۆ دیدەنی ئەو هاتووە، مامۆستا بەتەمەنەکەش خۆشی و ئاسودەیی لە چاوانیدا دەبریسکایەوە و بزە و پێکەنین لە لێوەکانی نەدەبڕا، مامۆستا پێی وت: ژمارەی قوتابیەکانمان لە زیاد بوونداین و منیش بەتەنها فریای هەموویان ناکەوم و بە ناچاری دەمەوێت بەشێك لە کارەکانم بە چوار لە قوتابییە پێشکەوتووەکانم بسپێرم...

مامۆستای پیر پرسیاری لە مامۆستا ئەشرەف کرد: کامانەن ئەو چوار کەسە؟

ئێمە هەستمان بە شەرمەزاری دەکرد... مامۆستا ئەشرەف لە وەڵامدا ئاماژەی بە ئێمە کرد و پێی وت: ئەو چوار گەنجەن...

مامۆستای پیر سەرنجێکی هەر چوارمانی داو پاشان سەرێکی داخست...ئێمە وامان دەزانی ئەو کەمبایەخ سەیرمان دەکات، بەڵام سەری هەڵبڕی و ڕووی کردە مامۆستا ئەشرەف و وتی: تۆش هەروەك ئەو گەنجە جوانانە بووی متمانەی هەموو لایەکت بە دەست هێنا، ئەم گەنجانە لە بەرچاوم زۆر گەورە و لێوەشاوە دیارن، ئومێد دەکەم لەسەر دەستی ئەم کۆمەڵە لاوە گۆڕانی گەورە بە دەست بێت...

ئەو چەند قسەی مامۆستای پیر لای ئێمە لە گەوهەر بەنرختر بوو، بەڵکو بەردەوام بیرمان لەو متمانە گەورەیە دەکردەوە کە ئەو بە ئێمەی بەخشی، مامۆستای پیر پیاسەیەکی دووبەدووی بە حەوشەکەدا لەگەڵ مامۆستا ئەشرەف کرد و لە کۆتایدا بە خواحافیزیەك مامۆستا ئەشرەف و ئێمە و قوتابخانەکەی بەجێهێشت...

قوتابخانەکـەی مامۆسـتا ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ گـەورە دەبـوو، شـاگردەکانی مامۆسـتاش وردە وردە گەشـە و گۆڕانیـان بـەخۆوە دەبـینی... زۆر بـوونی قوتابییەکانی مامۆستا گەیشتە ڕادەیەک تـەنها چـوار کاتـژمێر کـاتی بـۆ پشـو و نوستن بە دەستەوە مابوو، ئەمەش کاری کرد بووە سەر جەسـتەی و بەتـەواوی لەڕ و لاواز بوو بوو...

ڕۆژێک دوای سەردانی مامۆستا بەتەمەنەکە مامۆستا ئەشرەف مـن و حیلمـی شێخ ئەنوەر و حەسـەنی پـورە گـوڵێ و زاهیـدی خـەڵوەتی بـانگ کـرد و باسـی فراوان بـوونی کـاری قوتابخانەکـەی بـۆ کـردین و وتـی: گـەر بـەم جـۆرە کـاری قوتابخانەکەمان فراوان ببێت ئەوا بەتەنها مـن کارەکـان بـەڕێ نـاکرێ و دەبێـت ئێوە کۆمەک و یاریدەدەرم بن...

ئەو داوایـەی مامۆسـتا دوو حاڵـەتی پێچـەوانەی لای ئێمـە دروسـت کـرد کـە حاڵەتی خۆشی و ترس بوو، خۆشی بـۆ ئـەو متمانـەی مامۆسـتا کـە بـە ئێمـەی بەخشی، ترسیش بەرانبەر ئەو ئەرک و بەرپرسیارێتیەی ڕووبەرووی دەبینەوە...

مامۆستا وتـی: کـاک ئـە نـوەر دەکـەین بـە بەڕێوەبـەری قوتابخانەکـەمان و هەموو کاروبارێکی ئیداری لە ژێرچـاودێری ئـەودا دەبێت..کـاک (حەسـەن) یـش لەگەڵ خۆمدا وانە بە پۆلە سەرەتاییەکان دەڵێتەوە و لێرە بەدواوە پێی دەڵێین حەسـەنی مـودەڕیس، لـەو ڕۆژەوە حەسـەنی پـورە گـوڵێ بـوو بـە حەسـەنی مودەڕیس، پاشان ڕووی کردە زاهیدی پیریادی و وتی: کـاک زاهیـدی پـیر یـادی چاودێری گشتییە و دەتوانێ ئاگاداری و هۆشداری بە هەموومان — تەنانـەت بـە منیش— بدات و هەمووشمان پێویستە گوێڕایەڵی ئامۆژگاری و سەرنج و داواکانی ببین...دوای ئەو سێ کەسە سەرنجێکی ورد و پڕ مانای منی دا و وتی: محەممەد نازناوی خەڵوەتی پێ دەدەم، چونکە سـەرجەم ئـەو نهێنی و قسـە شـاراوانەی خۆمی لا دادەنێم و ئەویش پارێزگاری لێدەکات و لای خۆی دەیهێڵێتەوە...

لەو شەوەدا هیچ کەس لەو چوار کەسە نەیدەزانی کامیان لەوانی تر پلە و پایەی لای مامۆستا بەرزترە، ئەو بەجۆرێك ئەرك و کارەکانی دابەش کرد بوو هەموومان بە کاری خۆمان دڵخۆش بووین و هەماهەنگیش لە نێوان کەسایەتی و جۆری کارەکانماندا هەبوو...

دوای دابەشکردنی ئەرکەکان مامۆستا مۆڵەتی پێداین و گەڕاینەوە ماڵەوە، بەڵام من ئەو شەوە تا بەیانی خەو نەچووە چاوەکانم، بیرم دەکردەوە ئاخۆ ئەو نهێنی و قسۀ شاراوانە چیین کە مامۆستا لای من دایدەنێت؟! هەستم بە گەورەیی خۆم دەکرد، وام دەبینی ئێمە ئەو دەستە مرۆڤەین نەك تەنها گەل و نەتەوەیەك بەڵکو دەبێ مرۆڤایەتی ڕزگار بکەین، ئەو شەوە بەقەدەر گەردوون فراوان بوو بووم، هەستم بە سووك بوونی لاشەم دەکرد، گەر بە ئەندازەی کۆترێك پەڕم شك دەبرد لەو شەوەدا لە شەقەی باڵم دەدا...بەڕاستی دونیایەکی پڕ لە چێژ و لەزەت بوو، بۆ سبەینێ سێ برادەرەکەی ترم بینی وامدەزانی بەتەنها من حاڵم بەو جۆرە بووە بەڵام ئەوانیش هەروەك و من تاکو بەیانی خەو لە چاوەکانیان تۆزا بوو...

لەو سەرو بەندەدا گەنجێك کە شارەزایی باشی لە یاری کۆنفۆ و کاراتیدا هەبوو لە قوتابخانەکە سەردانی مامۆستای کرد و داوای لێکرد دەستەیەك منداڵی بۆ ئامادە بکات تاکو فێری ئەو جۆرە یاریەیان بکات، مامۆستا بە هاتنی ئەو گەنجە زۆر خۆشحاڵ بوو، داوای لە حیلمی کرد ناونووسی سەرجەم ئەو منداڵانە بکات کە ئارەزووی ئەو یاریەیان هەیە...حیلمی بیست و چوار منداڵی ناو نووس کرد و لە هۆڵی قوتابخانەکەدا دەستیان بە ڕاهێنان کرد..ئەو گەنجە پاش ماوەیەك بوو بە یەکێك لە شاگردەکانی مامۆستا و بەرپرسیارێتی بەشی وەرزشی گرتە دەست و لە لای ئێمە بە عەزامی موهاجیر ناوی دەرکرد...خێزانەکەی عەزام لەو خێزانە ئاوارانە بوو کاتی خۆی ڕژێم بۆ خواروی ولات نەفی کرد بوون و ئاوارەبوونەکەی خۆی بە کۆچ دەزانی و ئەو نازناوەی بۆ خۆی داتاشی بوو..

لەگەڵ ئەو هەموو زیرەکییەی مامۆستا دا ئەرکی قوتابخانە و منداڵەکان سێ ساڵ لە خوێندنی دواخست...کاتێ گەڕایەوە سەر خوێندنەکەی کۆلێژی ئەندازیاری بە دەست هێنا و بوو بەمایەی دڵخۆشی ئێمە و خێزانەکەی...

مامۆستا دەیزانی گەر بەهۆی خوێندنی زانکۆوە قوتابخانەکە بەجێ بهێڵێت ئەوا شاگردەکانی بێ سەرپەرشتیار دەبن و قوتابخانەکە شکست دەخوا و هەوڵ و ماندووبوونەکانی بە با دەچێت، بۆیە خوێندنی سێ ساڵی خۆی کرد بە قوربانی ئەو پەیامەی باوەڕی پێ هێنا بوو...

من دڵنیام گەر شاگردی بەهێزی وەک حەسەنی مودەڕیس و حیلمی شێخ ئەنوەر و زاهیدی پیریادی لەو چەند ساڵانەدا بە پەروەردەی مامۆستا ئامادە نەبوونایە، چەندین ساڵی تری خوێندنی بۆ قوتابخانەکەی دەکرد بە قوربانی، بەڵام شاگردەکان زۆر بە زوویی گەورە بوون و شانیان دایە ژێر کۆڵی بەرپرسیارێتی و ئەو ماوانەی مامۆستا لە زانکۆ بوو قوتابخانەکە هەروەک جاران بەردەوام بوو، بەڵکو دووری ئەو لێمان تامەزرۆیی و خۆشەویستی زیاتری لای ئێمە بۆ مامۆستا دروست کرد بوو، ئەوەش هانی دەداین بۆ خۆ ماندووکردن و بەڕێوەبردنی قوتابخانەکە بە باشترین شێوە... مامۆستا لە زانکۆوە بۆ لامان دەگەڕایەوە و ئەو کاتانەش لێمان دوور بوو بە نامە لە کاروبارەکان ئاگاداری دەکردینەوە...

هەموو شاگردێك جێگەی گرنگی پێدانی ئەو بوو بەتایبەت ئەو چوار کەسە...کاتێ دەگەڕایەوە یەك یەك و بەتەنها بانگی دەکردین و هەڵە و هەرزەیی و تێکەوتنەکانی بۆ ڕاست دەکردینەوە...من وامدەزانی ئەو هەڵانەی من سێ کەسەکەی تر بۆ مامۆستایان گێڕاوەتەوە، ئەوانیش بە هەمان شێوەی من بیریان دەکردەوە، بەڵام لەراستیدا هیچ کەسێکمان نەنگی و ناتەواویی برادەرەکانمان بۆ مامۆستا نە دەگێڕایەوە و تەنها بە ڕێگە نهێنی و تایبەتەکانی خۆی ئەو ڕاستیانەی بەرچنگ دەکەوت، زۆرجار لە شەرمی ئەو کاتانەی لە بەردەمی

مامۆستادا دادەنیشین و ئاماژە بە هەڵەکانمان دەکات خۆمان لە هەڵە و کارە ناپەسەندەکان بە دوور دەگرت...

لەو سەردەمانەدا دەستەیەک گەنجی هەرزە لە شارەکەدا پەیدا بوو بوون، ڕکیان لە هەرچی شتی پاک و جوانە دەبوویەوە، ئەوان مامۆستا و قوتابخانەکەی مامۆستایان بە نەیار و دوژمنی خۆیان تەماشا دەکرد، بۆیە بۆ ڕووخان و لەکەدارکردنی مامۆستا هەموو هەوڵێکی خۆیان بە گەڕخست...

پڕوپاگەندەیان بلاو دەکردەوە گوایە مامۆستا پیاوی ژێمە و خەڵکی لە بیری نەتەوایەتی سارد دەکاتەوە، هەر ئەو دەستەیە پیاوی خۆیان دەنارد لای بەرپرسانی ژێم و ڕاپۆرتیان دەدا گوایە ئێمە خەریکی کاری ژێرزەمینین و دژ بە ژێم پیلان دادەڕێژین...ڕۆژێکی تر بە گومڕاو زەندیق مامۆستایان لە قەڵەم دەدا گوایە خۆیان لەسەر شارێگەی حەق و ڕاستین..

پڕوپاگەندەکانی ئەو دەستەیە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە زیاد بوونداا بوو، کارەکانی مامۆستاش وردە وردە فراوان دەبوو...ئێمە سکالاّمان لای مامۆستا دەکرد و ئەویش داوای لێ دەکردین گوێ بۆ ئەو دەنگ و باسانە نەگرین و ئازایانە بەلایاندا گوزەر بکەین...

جارێک یەکێک لەو کەسانە لە پاڵ "عەزام"دا جنێو و قسەی نەشیاوی بە مامۆستا وتبوو، ئەویش ناکاتە نامەردی و چەند کاتایەک لە کاراتیەکەی تیادا خاڵی دەکاتەوە و کابرا بۆ خەستەخانە دەفڕێنن...

مامۆستا بەو کارەی عەزام زۆر دڵگران بوو، بۆیە سەردانی ئەو پیاوەی لە خەستەخانە کرد و شەوێکیش لەگەڵی مابوویەوە و زۆر قسەی خۆش بە نێوانیاندا تێپەڕی بوو...پاشان ئەو کەسە بوو بە یەکێک لە دۆستە نزیکەکانی مامۆستا و بەبەردەوامی سەردانی یەکتریان دەکرد...

هەموو جارێ عەزام دەیکردە شۆخی و دەیوت: شەق و بۆکسەکانی من کردی بەو پیاوە باشە نەک وەعز و ئیرشادی مامۆستا...

ئەو پیاوە شەوێك مامۆستا ئەشرەف و دەستە گەنجە نەیارەکە بۆ مالّی خۆیان بانگ دەکات و مامۆستایان پێ دەناسێنێت و تا درەنگانێکی شەو پێکەوە قسە و گفتوگۆ دەکەن...دواتر ئەو چەند گەنجە لە ئێمە زیاتر مامۆستایان خۆش دەویست و بەرگریان لێ دەکرد...

ئەو مرۆڤێ بوو خراپەی بەچاکە پالّ پێوە دەنا و ڕێچکە و مەزهەبی بریبتی بوو لە خۆشەویستی بۆ هەموان... هەموجارێك دەیوت: خەڵکی نازانن مەحەببەت چ کاریگەرییەکی لەسەر مرۆڤ هەیە، خۆشەویستی بە درێندە بدەی دەبێت بە ئاسکترین گیانەوەر...

کار و پەیامی مامۆستا سنووری شارەکەی ئێمەی بڕی و لە ڕێگەی چەند لاوێکی خوێن گەرمەوە، پەلی بۆ چەند شارێکی تر هاوێشت...

تەواوی کار و چالاکییەکان بە گیرفانی ئەندامان و دۆستانی کۆمەڵەکە بەڕێوە دەچوو، بۆیە کۆمەڵەکەمان بەرپرسی دارایی نەبوو، چونکە تەنها عانەیەك لە سندووقی کۆمەڵەکەدا ڕۆژێك بەچاو نەبینرا...

مامۆستا بەبەردەوامی جەختی دەکردەوە پێویستە ئەندامان کار و کەسابەتیان هەبێت و لەسەر پێی خۆیان بوەستن، مامۆستا بۆ خۆی مووچەی خانەنشینی دایکی هەبوو، مووچەیەکی کەم بوو لەگەڵ ئەوەش کۆمەکی و یارمەتی هەندێ لە هەژارانی پێ دەکرد...

ڕۆژێك زاهیدی پیریادی لە مامۆستای پرسی: مامۆستا ئەم کارەی ئێمە بەرەوکوێ دەڕوات؟

لەو کاتەدا پرسیارەکەی زاهید زۆر ورد و بەجێ بوو..

باقری موجتەهیدی-کە ماوەیەکی زۆر بوو بە خامۆشی گوێی بۆ سەربوورەکانی محەمەدی خەڵوەتی گرتبوو- پرسی: (وەلاّمی مامۆستا چی بوو؟)

خەڵوەتی (مامۆستا ماوەیەك بێدەنگ بوو، بێدەنگییەکەی ئەو نیشانەی قورسی وەڵامی پرسیارەکە بوو، پاشان چاوێکی بە هەموواندا گێڕاو وتی: من جگە لە پەروەردەی بیر و دڵ و دەروونی مرۆڤی ئەم وڵاتە کارێکی تـرم نییە، چەندە ئەم کارە فراوان دەبێت یاخود تەنها لە سنووری ئەم شارۆچکەدا دەمێنێتەوە، خۆزگەیەکی گەورەی من نییە، خۆتان دەزانن لە سەرەتاوە مەبەستی من تەنها ڕزگارکردنی ئێوە بوو لە چەتوونی و شەرەنگێزی... بەو ئیشەم دەمویست ئێوە و ئەم شارە لە کارە ناباشەکانتان ڕزگار بکەم...من لە هەوڵەکەم دا سەرکەوتوو بووم، نەك بە هۆی ئازایەتی منەوە، بەڵکو بە هۆی جوانی و سپێتی دڵ و دەروونی ئێوەوە... ڕاستە ئێوە ڕووی دەرەوەتان بە کاری دزێو لێوانلێو بوو وەلێ ناخ و ناوەوەتان پاك و بێ گەرد بوو، بەڵام بۆی هەبوو گەر بە زوویی لەو کارانەتان دەست بەردار نەبوونایە خوخدەی دزێوی دەرەوەتان کاری بکردبایەتە سەر فیترەتی جوان و دەروونی خاوێنتان... ئێستاش کەسانێك هەن هەروەك ئێوە ئاتاجن بە یەکێك دەستیان بگرێ و لە کاری دزێو و نەشیاو قوتاریان بکات، ئەو کەسەی هەڵدەستێ بە ڕزگارکردنی خەڵکانی تر بەتەنها من نیم ئێوەشن، بەڵکو کەسانێکن کە لە دوای ئێوەوە دێن...مـن لـەو کـارەی لەگـەڵ ئێـوە کـردم چـیم دەسـت کـەوتووە لەگـەڵ کاسانیترین هەمان شتم دەست دەکەوێت، لای من گرنگ خاڵێکە ئەویش پێشکەش کردنی نموونەیەك بەم گەل و وڵاتە کە مەبنا و بنچینەی کار و چالاکییان پەروەردە و خۆشەویستییە...

حەسەنی مودەڕیس وتی: مامۆستا گیان لەگەڵ ئێمە ماندبوون و شەونخونی و زەحمەتت دروێنە کردووە...

مامۆستا ڕووی تێ کرد و وتی: ڕاستە، بەڵام باوەڕم بە کارەکەم بووە و لەو زەحمەت و ماندووبوونە چێژم وەرگرتووە...

کۆمەڵەی ئەخلاقی

پاش نۆ ساڵ لە کاری شەو و ڕۆژی مامۆستا، زۆربەی شار و شارۆچکەکان ئەزموونی پەروەردەی ئەوی بۆ گوێزرایەوە، بەشێك لە شاگردە سەرەتاییەکانی مامۆستا گەیشتنە خوێندنی زانکۆ و پەیامی ئەویان بە دەستەیەك قوتابی زانکۆ گەیاند، ئەوەش سەری کێشا بۆ بڵاوبوونەوەی ئەو ئەزموونەی کە لاوان بە قەدەر ئاوی زوڵاڵ–لە کاتی تینوێتیدا– پەلیان بۆ دەهاوێشت...

مامۆستا بۆ ئاگاداربوون بە کارەکان و ئاراستەکردنێکی دروستی ئەزموونەکە لە هەر شارێك دوو کەسی بە نمایندەی ئەوانیتر هەڵبژارد و ئەنجومەنێکی لێ پێکهێنا، لە شارەکەی ئێمەش حیلمی و حەسەن و زاهید و منی خستە ناو ئەنجوومەنەکەوە... ئەنجوومەنەکە مانگانە کۆ دەبوویەوە و قسەو باس و لێکۆڵینەوەمان لەمەڕ کار و چالاکییەکان ئەنجام دەدا...

لە هەموو دانیشتنێکدا مامۆستا باسێکی ئامادەکراوی خۆی پێشکەش دەکردین، بەداخەوە نەمان توانی ئەو باسە بەپێزانەی مامۆستا تۆمار بکەین یان هیچ نەبێت بینووسینەوە، ئەگینا چارەنووسمان بەم ڕۆژە نەدەگەیشت...ئەو باسانە کرۆکی پەیامەکانی ئەو بوون، هەرکەس لە ئەمڕۆدا لە پەیڕەوکردنی ئەو لای بدایە و بانگەشەی قوتابخانەی ئەوی بکردبایە باسەکان دەبوونە بەڵگە و شاهید لە سەری و پێی دەوتن: بە ناوی منەوە کارێك ئەنجام مەدەن کە باوەڕم پێی نەبووە...

مامۆستا دوای تەواوکردنی باسەکەی بە کورتی گوێی لە هەریەکێکمان دەگرت و دانیشتنەکەی بەجێدەهێڵا، بۆ ئیدارەکردنی ئەنجومەنەکە جارێك

حیلمی و جارێك حەسەن و ناوە بەناوە زاهید و هەندێ لە جارانیش منی دیاری دەکرد...ئەو بەو کارەی دەیویست بیرو ئەقڵی ئێمە بە گەڕبخات و متمانە بەخۆمان لامان دروست ببێت، گەر ڕۆژێك مامۆستامان لێ دوورکەوتەوە بتوانین کارەکانمان بەڕێوە ببەین و ڕانەوەستین...

لە ماوەی دوو ساڵ تەمەنی ئەنجوومەنەکەدا سەرجەم شار و شارۆچکە و تەنانەت بەشێك لە لادێکانیش پەیامەکەی مامۆستایان پێگەیشت، لە هەر ناوچەیەکدا ئەنجوومەنێك بۆ سەرپەرشتی کار و چالاکییەکان دروست دەکرا و تیایدا بەرنامە بۆ کار گەلاڵە دەبوو، مامۆستا سەرجەم ئەنجوومەنەکانی بەسەر دەکردەوە و شار و شارۆچکە و تەنانەت لادێکانیش دەگەڕا و شاگردەکانی دەبینی... بینینی مامۆستا و مانەوە لەگەڵیدا گەورەترین کاریگەری لە سەر ڕۆح و بیرو ئەندێشەی شاگردەکانی هەبوو...مامۆستا هەرجارە و یەکێکمانی لەگەڵ خۆی بۆ ئەو سەردانانە دەبرد..

لە یەکێك لە گەشتەکانیدا منی کردە هاوەڵی خۆی، سەردانەکەمان بۆ چەند لادێیەك بوو کە چەند شاگردێکی مامۆستای لێ بوو...لە ڕێگەدا پرسیارم لە مامۆستا کرد گەر ئەو دۆستەی خۆمان لەم گوندە نەمابوو ڕوو لە کوێ بکەین؟

لە وەڵامدا وتی: خەڵکی ئەم گوندە هەموویان دۆست و خۆشەویستی ئێمەن، ئەخلاقی بەرز و جوامێرانەی خەڵکی لادێکانی ئەم وڵاتە میوان بە برسێتی بەجێ ناهێڵن و خانەخوێیەکی بۆ دەدۆزنەوە، خۆ گەر کەسمان دەست نەکەوت ئەوا دەچین لە مزگەوتی گوندەکە دەنوین و خێرۆمەندێك دەبێت پاروویە نانمان پێ بدات..

کاتێ گەیشتینە گوندەکە پرسیاری مالّی ئەو دۆستەمان کرد و منداڵێك ماڵەکەی پێ نیشان داین..تەقەمان لە دەرگا دا و ئافرەتێك هات بە پیریمانەوە و ئێمەش پێمان وت: میوانی ئەم ماڵەین و خاوەنمساڵ ڕێگە دەدات ببینە ژوورەوە...؟

ئافرەتەکە زۆر بەڕێزەوە فەرموویی لێکردین و بانگی هاوسەرەکەی کرد کە میوانیان هاتووە.. مێردەکەی پیاوێکی تەمەن سی سالآن بوو، هاتە دەرەوە و پێشوازی لێکردین، دیار بوو مامۆستای نەدەناسی، بەلآم زۆر بەگەرمی هات بە پێشوازیەوە و فەرموویی لێکردین بۆ ژووری دانیشتن..دوای بەخێرهاتن و خۆشهاتنێکی گەرم لەلایەن خۆی و خێزانییەوە کابانی مالێ پیاوەکەی بانگ کردە دەرەوە و لەو ماوەدا مامۆستا بە منی وت: خۆت و من بە خانەخوێیەکەمان مەناسێنە...

خاوەنِ مالێ گەڕایەوە بۆ ژوورەوە و دووبارە بەخێرهاتنی کردینەوە و وتی: خێزانم دەڵێت ئەو دووکەسە غەریب نین لەبەرچاوم و واهەست دەکەم جارێکی تر چاوم پێیان کەوتووە، لەراستیدا بۆ خۆشم هەمان هەستم بەرانبەرتان هەیە دەتوانم بێ ئەدەبی نەبێت بپرسم جەنابتان کێن و لە کوێوە هاتوون؟

مامۆستا وتی: دووکەسی غەریبین هاتووین ئەم شەو لێرە بمێنینەوە و بەیانی دەڕۆین...

خاوەنمالێ وایزانی کارێکی باش نەبوو ئەو پرسیارەی لە ئێمە کرد بۆیە وتی: میوان پێلآوی بەسەرچاوە و لە خزمەتداین...

مامۆستا پرسیاری ژیان و گوزەران و کاروباری خەڵکی گوندەکەی لێکرد، ئەویش لەوەلآمدا وتی: ژیان و گوزەرانمان زۆر باشە و ئەم گوندەی ئێمە یەکێکە لە گوندە دەوڵەمەندەکان و منیش بۆ خۆم یەکێکم لەو خێزانانەی کە ژیان و گوزەرانم زۆر باشە...

پاشان مامۆستا پرسیاری قوتابخانەی کرد، لەوەلآمدا وتی: قوتابخانەمان هەیە و دوو مامۆستای زۆر باشمان لە شارەوە بۆ هاتوە و لێرە منداڵەکانمان فێری زانست و ڕەوشت و ئاکاری جوان دەکەن، ئێمەش کۆمەك و یارمەتی ئەو مامۆستا بەڕێزانە دەکەین، چونکە لەو کاتەوەی ئەوان هاتوون منداڵانی گوندەکەمان گۆڕاون و لێیانەوە بەهرەمەند بوون...

مامۆستا پرسی: مامۆستاکان لێرەن؟

خاوەنمالێ: بەڵێ، دەمەوێ ئێستا لە دوویان بنێرم و میواندارێ ئەوانیش بکەم...

دوای ئەو قسەیە خاوەنمالێ منداڵێکی بانگ کرد و داوای لێکرد بچێت بە دوای هەردوو مامۆستاکەدا...

مامۆستا پرسیاری ژمارەی ماڵەکانی گوندەکەی کرد، ئەویش وتی: نزیکی پەنجا ماڵە و هەر هەموو خزم و کەسوکاری یەکترین..

پاش هێنانی سینییەك چا و خواردنەوەی، هەردوو مامۆستاکەش هاتن و بە بینینی مامۆستا ئەشرەف گەشانەوە، چونکە مامۆستایان دەناسی...

خاوەنمالێ پرسیاری لە مامۆستاکان کرد: ئەم دوو میوانە دەناسن؟

ئەوانیش وتیان: بەڵێ ئەوەیان مامۆستا ئەشرەفی سوڵتانییە و ئەم پیاوەش یەکێکە لە شاگردە زۆر نزیکەکانی مامۆستا...

خاوەنمالێ جارێکی تر بەخێرهاتنی کردینەوە و هاوسەرەکەی بانگ کرد و وتی: ئافرەت تۆ لە من سەرناستری، دەزانی ئەم دووکەسەت لە کوێ بینیوە؟

وتی: لەو کاتەوەی ئەم میوانانە بەخێر هاتوون بێر لەوە دەکەمەوە دەبێ لە کوێ ئەم دوو برایەم بینیبێت؟ بەڵام لەراستیدا نایەنەوە بەر خەیاڵم...

ئەویش پێی وت: پێشتر هەر لەم ماڵەدا بینیوتن، دەزانی لە کوێ؟ لەناو ئەو وێنانەدا کە هەڵم گرتوون...ئەم بەڕێزە مامۆستا ئەشرەفی سوڵتانییە و ئەم برایەش محەممەدی خەڵوەتی یە، وێنەی هەردووکیان کە لەگەڵ سێ کەسی ترن بەیەکەوە گیراوە و لە ئەلبوومەکەدایە..

هاوسەرە بەڕێزەکەی زۆر خۆشهاتنی کردینەوە و وتی: ئەمن دەموت ئەم دوو برایە لەلای من غەریب نین...

شەوەکەی خەڵکی گوندەکە بە ژن و منداڵ و پیاوەوە هاتن بۆ سەردانمان، ماڵی کاك وەیسی خانەخوێمان وەك ماڵی زەماوەندی لێهات و ناوە و دەرەوەی ماڵەکە لەخەڵکی گوندەکە پڕ بوو بوو...کاك وەیس و خەڵکی گوندەکە دوو ڕۆژ ئێمەیان گلدایەوە و نەیان هێڵا بگەڕێینەوە، ئەوان بانگهێشتی دۆستان و خۆشەویستانی مامۆستایان کرد بوو بۆ گوندەکەی خۆیان کە هەریەك لەوانە خەونی بە بینینی مامۆستاوە دەبینی...ئەو دوو شەو و دوو ڕۆژە یەکێك بوو لە خۆشترین گەشتەکانی ژیانی من...ئەوان پرسیاریان دەکرد و مامۆستا وەڵامی دەدایەوە و لە ڕێگەی وەڵامەکانەوە دڵ و ڕۆح و بیریانی دەهەژاند..من یەکەم ڕۆژ خەوی ناو مزگەوت و نانە ڕەقم بۆ خۆمان بڕیار دابوو، بەڵام کەوتینە ناو باشترین میوانداری و بەڕێزترین خانەخوێ...

پڕوپاگەندە کاریگەری خراپی لە سەر کۆمەڵەکەی مامۆستا هەبوو..لەناو خەڵکیدا قسەی جۆرا وجۆر لەمەڕ مامۆستا و جوڵانەوەکەی سەری هەڵدا، یەکێك دەیوت: پیاوی ڕژێمە و کار بۆ سڕینەوەی مۆرکی نەتەوەییمان دەکات.. یەکێکی تر: دەستی دەوڵەتانی دەوروبەر دروستی کردووە.. ڕایەکی تر تفەنگی بە تاریکییەوە دەنا و دەیوت: دەستی یەهود و دەوڵەتانی خۆرئاوای لە پشتە...

پیاوانی ئایینیش بەکۆمەڵەکی گومڕا و سەرلێشێواو وەسفیان دەکرد..کەسانێکیش ئەو قاڵە و دەنگ و باسانەی بە ڕاست نەدەزانی و دەیان وت: کۆمەڵەیەکی ئەخلاقین و مەبەستیان پارێزگاری کردنی ڕەوشت و بەها ڕەسەنە کۆمەڵایەتیەکانە و دەیانەوێ گرنگی بە پەروەردەی تاك و خێزان و کۆمەڵگە بدەن...

مامۆستا هەموو ئەو قسەو باسانەی دەبیست و بە بێ ئاوڕدانەوە بەلایاندا کەشتی کۆمەڵەکەی بەرەو ڕۆخی ڕزگاری تاو دەدا..ئەو باوەڕی وابوو: لاکردنەوە بەلای ئەو باس وخواسانەدا کات بە فیڕۆدانە و کەسانێك هەن

گەرەکیانە ئاراستەی دروستی کار و کاروانی بەرە و ڕووناکیمان لا بدەن و لە ئامانجەکان دوورمان بخەنەوە، بۆیە ئێمە تەنها لەسەرمانە کالأی باش و ڕەسەنی خۆمان بخەینە بازاڕەوە و لە جەنگی لابەلا خۆمان بە دوور بگرین...

مامۆستا باوەڕی بە ویستی مرۆڤ هەبوو، ئەو پێی وابوو گەیشتنە ڕۆخی ڕزگاری هەر پەیامێك پەیوەندی بە ویست و لێبڕانی مرۆڤەوە هەیە نەك بە زۆری و کەمی جەماوەرەکەیەوە، لە یادمە هەموجارێك کۆڕلێەیەك هۆنراوەی دووبارە دەکردەوە و دەیوت:

هەر کاروانێ...

بۆ پرشنگی خۆر بڕوانێ..

کەمبن یان زۆر...

دەگەنە خۆر...

مامۆستا بۆ کۆمەڵەکە زۆر مانای دەگەیاند، ئەو دینەمۆی گوڕو تین بوو بۆ یەکبەیەکی ئەندامان، هەوێنی متمانە و بەرخۆدان بوو، بۆ کاروانی ئێمە ئاسۆی ڕووناك و سپێدەی بەرەبەیان بوو، پارێزەری بزاوت و ئاراستەیەکی دروست بوو بۆ هەمووان...

زۆرجار ناکۆکی و ڕای جیاواز لە ئەنجوومەنەکاندا سەری هەڵدەدا و دەگەیشتە ڕادەی گرفت و لەمپەر بۆ کار و چالاکی کۆمەڵەکە، بەڵأم بوونی مامۆستا و بەدەمەوە چوونی بۆ گرفتەکان بەس بوو بۆ کۆتا هێنان بە کێشە و ناکۆکییەکان...

ئەو کەسێك بوو بە ئەقڵی مەزنی خۆی تەم و مژی ڕای چەوت و خواری دەڕەواندەوە و دواتر ڕق وکینەیەك—کە بە هۆی ڕای جیاوازەوە سەری هەڵدەدا— بە خۆشەویستی دەیسڕیەوە و بە ڕێگای دروست وسینەساف شاد دەبووینەوە...

دوای دوو سالێ لە پێکهێنانی ئەنجوومەنەکان جەستەی کاری کۆمەڵەکە نەدەشارایەوە و پەلوپۆکانی کەوتبووە بەرچاو، پیاوانی دەوڵەت کەوتنە چاودێری کردن و شوێن پێ هەڵگرتنی کار و چالاکییەکانمان..

سەرەتای پیلانەکانیان بە کۆکردنەوەی زانیاری لەمەڕ پیاوانی دیاری کۆمەڵەکە و ئەنجوومەنەکان و کار و چالاکیمان دەست پێ کرد...لە هەر ناوچەیەك چەند کەسێکی چڵکاو خۆریان بۆ چاودێری کردنی جووڵە و چالاکی کۆمەڵەکە تەرخان کرد کە ڕۆژانە زانیاریان بۆ دەزگاکانی ڕژێم دەگواستەوە... چەندین جار بۆ بەرچنگکەوتنی زانیاری، ئەندامانیان دەگرت و دەیانخستنە ژێر ئازار و ئەشکەنجەوە...

ئەندامانی دیاری کۆمەڵەکەیان بۆ دەزگا ئەمنیەکان بانگ دەکرد و دەیان و سەدان پرسیاریان لێ دەکردن و چەندین فۆرمیان پێ پڕ دەکردنەوە، خۆم یەکێك بووم لەوکەسانەی بۆ ئەو دەزگایانە پەلکێش کرام و بە چەندین شێوە و لە چەندین ڕێگاوە پرسیار بارانیان کردم، منیش لە کۆتاییدا وتم: دەتوانم بەرانبەر ئەم گشتە پرسیارانەی ئێوە تەنها یەك پرسیار بکەم؟

ئەفسەری لێکۆڵینەوەکە مۆڕەیەکی لێکردم و بە ناوچاوانی گرژەوە وتی- (نەمان هێناوی پرسیارمان لێ بکەیت و زانیاریمان لێ بدزی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەت دەدەم پرسیارەکەت بکەیت)

+(پرسیارەکەم تایبەتە بە ڕا و سەرنجی تۆ، لە کۆی ئەو پرسیار و زانیاریانەی دەربارەی کاری ئێمە لە لای تۆیە چی لە ئێمە دەگەیت و چۆن پێناسەمان دەکەیت؟)

ماوەیەك بێدەنگی دایگرت و پاشان وتی - (پرسیارێکی ئاسان نییە... وەڵامی دروستت لە من دەوێت؟)

+(بەڵێ)

—(کاری ئێوە بۆ ئێمە مەترسیدارە، نەک لەبەر ئەوەی خودی خۆتان ترسناک بن، بەڵکو ترسی ئەوەمان هەیە لایەنێکی دەرەکی دژ بە ئێمە بەکارتان بهێنێ و سەرئێشەمان بۆ دروست بکەن...)

+(بەڵام ئێمە تەنها کۆمەڵێکی ئەخلاقین و پەیوەندیمان بە سیاسەتەوە نییە)

—(کوڕی باش سیاسەت فێڵبازە و چەندین بەرگ و پۆشاک لەبەر دەکا و دەتوانێ خۆی بگۆڕێ)

+(سەرئەنجامی کاری ئێمە چۆن دەبینی؟)

—(تۆ وتت تەنها یەک پرسیارم هەیە!)

+(گفتوگۆ دەکەین)

بزەیەکی سارد کەوتە سەر لێوی و وتی — (لەم گفتوگۆیەدا زۆر زەرەرت نییە...من وا دەبینم گەر بە هانای خۆتانەوە نەچن سەرئەنجامی خراپ چاوەڕوانتانە)

+(چۆن بە هانای خۆمانەوە بچین؟)

زۆر بە متمانەوە وتی — (کارمان لەگەڵدا بکەن و ببن بە بەشێک لە کار و چالاکییەکانی حیزب و شۆڕش)

ئەم قسەیەی ئەو بۆ کۆمەڵەکە زەنگی ترسێکی داهاتوو بوو، لەگەڵ ئەوەش جێگەی پێکەنین بوو چونکە لە یەکدانی کاری ئێمە لەگەڵ کاری حیزب و سیاسەتەکەی ئەوان زۆر ناقۆڵا بوو، وەک ئەوە وابوو ئەخلاق و سیاسەت، کوردایەتی و جاشایەتی، عیرفان و گیرفان، تێکۆشان و ناپاکی لە یەکتر بدەی و بتەوێ لە مەنجەڵێکدا دانوویان پێکەوە بکوڵێت...

لە کۆتایدا وتی—(ئێستا دەتوانی بڕۆیت، بەڵام بیر لە داهاتووی خۆت و چارەنووسی کەسانی تر بکەرەوە...)

دوای کۆکردنەوەی زانیاری دەسەلآت پیلانی دووەمی بەگەڕخست کە بریتی بوو لە تەماع و ماددە بەکارهێنان بۆ ڕاکێشانی دەستەیەك بەلای خۆیاندا، بەلآم پیلانی دووەمیان سەری نەگرت چونکە ئەوەی ڕۆژێك بە مامۆستا گەیشتبێت بە پـولێ و پـارەی ئـەوان نەدەخەڵـەتا، بـۆ ئـەو مەبەسـتە چـەند ئەنـدامێکی کۆمەڵەکەیان بانگ کرد بۆ ئەوەی مامەڵەیەکیان لەگەڵ بکەن کە پێدانی زەوی و سەیارە و مووچەی باش بوو بەرانبـەر کـار کـردن لەگـەڵیان، بـەلآم بـەپێی ئـەو بەدواداچوونانەی پاشان کردمان هیچ یەك لەوانە ئامادەیی ئەو مامەڵەیەی لەگەڵ ئەوان نەبوو بوو....

وەفدێکی بالآیان داوای چاوپێکەوتنێکی مامۆستای کرد، مامۆستاش پـرس و ڕای بە ئێمە کرد و ڕامان هاتە سەر ئەوەی ناتوانین وەلآمیان نەدەینـەوە، بۆیـە مامۆستا مالّی یەکێك لە دۆستانی بۆ وەفدەکە دیاری کردو من و حیلمـی لەگـەڵ خۆی برد و چاوی بە وەفدەکە کەوت..

مامۆستا پێیخۆش نەبوو زۆر لەگەڵیان بمێنێتەوە و پێـی وتـن +(بفـەرموون بۆچی داوای بینینی ئێمەتان کردووە؟)

سـەرۆکی وەفدەکـە --(لەسـەرەتاوە بزانـە ئێمـە نوێنـەری نووسـینگەی سەرۆکین و بەتایبەتی ڕەوانەی لای ئێوە کراوین، ئێمە زانیاری تەواومان لـە سـەر جموجـوولّی ئێـوە کۆکردۆتـەوە، **هـاتووین سـێ ڕێگـە لـە بـەردەمتان دابنێین:**

یەکـەم: کـارکردن لەگـەڵمان، ئـەویش بـەوە دەبێـت تـەواوی کـار و چالاکییەکانتان لە ژێر چاودێری ئێمەدا بێت...

دووەم: هەڵوەشانەوەی کۆمەڵەکەتان و ڕاوەستانی تەواوی چالاکییەکانتان، بۆ ئەو مەبەسـتەش دەبـێ بەڵێننامـە پـڕ بکەنـەوە و هەڵوەشـاندنەوەی کارتـان ڕابگەیەنن...

سێیەم: ئەوەیە نەیەنە ژێر باری ئەو دوو داوایە و بەردەوامبن لەسەر کاری خۆتان و کەلله ڕەقانە وەلامی ئێمە بدەنەوە، لەم بارەدا ناچارمان دەکەن ڕێگەی ترتان لەگەڵ بەکار بهێنین بەلام ئێوەن ئێمەتان بەو کارە ناچار کردوە و ڕێگەیەکە خۆتان هەڵتان بژاردووە...)

مامۆستا بوێرانە هاتە وەلام و وتی +(سەرەتا دەبێ بزانن ئێمە کۆمەڵەیەکین ڕەوشت و ئەخلاق پەرە پێدەدەین و هیچ پەیوەندیەکمان بە کاری سیاسییەوە نییە، بە نیسبەت داوای یەکەمتانەوە کە ببین بە بەشێك لەکاری ئێوە، ئەوە لە یەکدانی دووشتی جیاوازە لەیەکتر، ئێوە سەرقاڵی سیاسەتن و ئێمە ئەخلاقێکی بێ توێکڵ و مەرام، لەگەڵ ئەوەش مردنمان پێ خۆشترە تاکو درۆکردن و فێڵ کردن لە خۆمان و خەڵکی، ئێمە بەخۆمان و خەڵکیمان وتووە کارمان بریتیە لە ئەخلاق و پەروەردە، کەچی لە ژێرەوە لەگەڵ سیاسیەکان ڕێکەوتووین و درۆ لەگەڵ خەڵکیدا دەکەین، لەبەرئەوە داوای یەکەمتان مەرگی پەیامەکەی ئێمەیە و بە هیچ جۆرێك قابیلی قبوولْ کردن نییە...بە نیسبەت داوای دووەمتانەوە، ئێوە دەبێ بزانن گەر دەوڵەتداری دەکەن پێویستە گەل و میللەت خاوەنی ڕەوشت بێت، میللەتی بێ ڕەوشت زوو داگیر دەکرێت، زوو هەڵ دەخەڵتێت، دەبوا ئێوە ئێمەتان بۆ ئەو کارە هانبدایە و دەستخۆشیتان لێ بکردبایناینایە کەچی بەر لە ڕەوشت و ئەخلاق دەگرن و هەڕەشە دەکەن گەر بەئەخلاق بین و ئەخلاق پەرە پێ بدەین، چارەنووسی خراپ چاوەڕوانمان دەکات...)

سەرۆکی وەفدەکە کابرایەکی ڕەشی قەڵەو بوو، کە مامۆستا قسەی دەکرد پیشی خواردبوەوە، هەندێك بە تورەییەوە هەڵیدایە و وتی — (ئوستاز فەلسەفە و ئەخلاق بە ئێمە مەفرۆشە، ئێمە دونیامان فێری ئەخلاق کرد ئێستا جەنابت کالاکەی خۆمانمان پێ دەفرۆشیتەوە.. من نەهاتووم دانوستان لەگەڵ تۆدا بکەم، دەیڵێمەوە "نەهاتووم لەگەڵ تۆدا دانوستان بکەم" بەڵکو هاتووم ئەو چەند خاڵە بخەمە بەردەستی تۆ و بەس، ئەو سێ خاڵە سێ بڕیاری نووسینگەی

سەرۆکە و جێگەی قسەکردنی ئێمەی تێدا نییە، ئەوەی لەسەر ئێمە بوو گەیاندمان و ئێوەش هەڵبژاردەی خۆتان بکەن و لە سەرئەنجامی دوا بڕیارتان ئاگادارمان بکەنەوە، لە باڕێکدا گەر وەلامتان نەبوو ئێمە وا دادەنێین خاڵی سێیەمتان هەڵبژاردووە، واتە کەللە ڕەقانە بەرخوردتان لەگەڵ داواکانی نووسینگەی سەرۆکدا کردووە...)

مامۆستا بە ئارامییەوە +(گەر هاتنەکەتان تەنها بڕیار خوێندنەوە بوو دەتانتوانی بە نووسین بۆمان ڕەوانە بکەن و خۆتان زەحمەت نەدەن...)

سەرۆکی وەفدەکە بە بزەیەکی ساردەوە وتی

— (بیستبوومان کابرایەکی ڕق ئەستوری، بەڵام نەک بەم جۆرە کە ئێستا دەیبینین، هەرچۆنێك بێت دەبێ بزانیت کۆمەڵێکی خۆشبەختن کاتێ نووسینگەی سەرۆك بە چاوی بەزەیی تەماشاتان دەکات و سێ هەڵبژاردن دەخاتە بەردەمتان ئەگینا ئێمە تەنها یەك هەڵبژارن دەخەینە بەردەمی ئەو کەسانەی لە هێڵی شۆڕش لادەدەن...ئێوە باش دەزانن ئەو یەك هەڵبژاردنە کامەیە؟)

بەر لەوەی خۆی هەڵبژاردەکەمان پێ بڵێت، مامۆستا وتی +(بەڵێ دەزانین ئێوە تەنها یەك جۆر زمان دەزانن—هەندێك بە تونديی—بەڕێزم، دەوڵەتداری تەنها زۆر و دار بەڕێوەی نابات، حیکمەتی پێویستە، ئەقڵی گەرەکە، ئاتاجە بەبەزەیی، ئەخلاق هەوێنی کۆمەڵگەیە، من نەمبیستووە دەوڵەتێك تەنها زەبرو زۆر بەردەوامی پێدا بێت....)

سەرۆکی وەفدەکە دیار بوو لەوە زیاتر توانای بیستنی قسەکانی مامۆستای نەما بوو، بۆیە وتی — (ئوستاز لە سنووری خۆت زیاتر پێیەکانت ڕادەکێشیت، ئێمە قسەمان تەواو بوو، دەبێ بڕۆین...)

دوو ڕۆژ دوای ئەو دانیشتنە لەگەڵ وەفدی دەوڵەت، مامۆستا داوای کرد ئەنجومەنی باڵا کۆببینەوە و بڕیارێك لە چارەنووسی خۆمان بدەین...دوای

گفتوگۆ و قسەکردن لەسەر هەموو ئەگەرەکان، چەند ڕایەکی جیاواز سەری هەڵدا، **ڕایەك پێی وابوو:** لەسەر کاری خۆمان بەردەوام بین و چارەنووس هەرچییەك بێت شان بدەینە ژێری کە ئەم ڕایە ڕای زۆرینە بوو..

ڕای دووەم: هەڵوەشانەوەی کار و فەرماندان بە ئەندامان بۆ ڕاگرتنی چالاکییەکانیان بە چاك دەبینی...دەیانوت: دەشتوانرێ لە دووڕەوە ئاگاهیمان لەیەکتر بێت و پەیوەندییەکان لە قاڵبی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیدا نمایش بکرێت بەو مانایەی مەرکەزیەت لە کاردا هەڵ بگیرێ و هەرکەس و ناوچەیەك سەربەخۆ بێت لە ئەنجامدانی چالاکیەکان...

ڕای سێیەم: مامەڵەکردنی لەگەڵ واقیع بە پەسەند دەبینی، پێیان وابوو کارەکان شێوەیەکی یاسایی وەربگرێ و چالاکییەکان ئاشکرا بکرێ و جۆرێك لە ڕەسمییەت و نزیکی لە دەسەلآت بوونی هەبێت...

قسەیەکی زۆر کپ و بێدەنگیش هەبوو کە لەو دەمەدا بە ڕا سەرژمێر نەکرا، دەیوت: لە دەسەلآت ڕاپەڕین و لەمە زیاتر بێدەنگ و مل کەچ نەبین...

من ئەو دیووی ڕایەکانم دەخوێندەوە: ڕای یەکەم ئەو کەسانە بوون بە ڕۆح و ئەقڵ و بیری مامۆستا تێر بوو بوون و گۆشکرا بوون، کارەکەیان بە پەیامێکی پیرۆز تەماشا دەکرد و لادانیان لەو پەیامە بە لادان لە بنەما و ڕاستی لێکدەدایەوە..

ئەوانەی هەڵوەشاندنەوەی کاریان بە پەسەند دەزانی–کە ڕای دووەم– بوو کەسانێك بوون بە پەیامەکەوە خۆیان ماندوو نەکرد بوو، بەو دواییانە ڕوویان لە کۆمەڵەکە کرد بوو، بەڵآم هەلومەرجی ڕەخساو کردبوونی بە کەسی دیار و هەڵکەوتوو...

ڕای سێیەم ئەو کەسانە بوون ژیان و گوزەرانی دونیایان خۆش و ئارام بوو، نەیان دەویست لێیان تێکبچێ و ئەو ژیانە پڕ لە ئاسودەییە لەپێناو پەیامەکەدا ببێت بە قوربانی..

قسەی چوارەمیش قسەی چەند گەنجێکی خاوەن جۆش و خرۆش بوو لەوانە عەزامی موهاجیر کە دواتر لەسەر بۆچوونەکەی خۆی دەستەیە گەنجی خوێن گەرمی کۆکردەوە و دەستیان دایە چەک و تێکۆشان..

مامۆستا گوێ ی بۆ هەموو ڕایەکان ڕاگرت و دەربڕینی ڕای خۆی خستە کۆتایی تاکو هیچ کەسێک بە ڕایەکەی ئەو کاریگەر نەبێت و سەربەستانە ڕای خۆیان بڵێن..

لە کۆتایدا وتی: ئێمە هەڵگری پەیامێکی ئەخلاقین، خۆمان لە هەموو کەس زیاتر پێویستمان بە پابەندبوونە بە ئەخلاقەوە...ئەخلاق داواماں لێدەکات لەگەڵ خۆمان و ئەوانەی باوەڕیان بە پەیامی ئەخلاقی هێناوە ڕاستگۆ بین بۆیە لای من دابەزین لەو پەیامە بۆ ناو دونیای مامەڵە کردن لەگەڵ سیاسییەکان و پیاوانی دەوڵەت درۆکردنە لەگەڵ خۆمان و ئەندامانی کۆمەڵەکەمان، درۆکردنیش لادانە لە ئەخلاق...ئەم قسەیەم لەسەر ڕای سێیەمە..

هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵەکەش بە جۆرێک لە ترسنۆکی دەزانم و ترسنۆکییش لەگەڵ ئەخلاقی بەرزدا پێچەوانەیە..

ئەو قسەیەش چەک و تێکۆشان بە پەسەند دەبینێ من ڕێزی زۆرم بۆ ئەو حەماسەت و جۆش و خرۆش و گیانفیداییە هەیە، وەلێ لە سەرەتاوە کۆمەڵەکەی ئێمە بۆ ئەو کارە دروست نەبووە و دوو دونیای جیاوازن لە یەکتر، دەڵێم دوو دونیای جیاواز نەک دوو دونیای پێچەوانە...بۆیە من لەگەڵ ڕای زۆرینەدام کە بریتیە لە کارکردنی سەرومڕ و بەردەوام بەبێ سڵکردنەوە لە ڕژێم و پیاوانی ڕژێم، بەڵام دەتوانین ئاگاهی و هۆشداری بە ئەندامان بدەین و بۆ هەر ئەگەر و ڕوبەڕوبونەوەیەک ئامادەیان بکەین، بۆ ئەو مەبەستە نامەیەک دەنووسم تا بە سەرجەم ئەندامانی شار و لادێکان ڕابگەیەنن..

دەزگاکانی ڕژێم بەوردی چاودێری ئێمەیان دەکرد، نەبوونی وەڵام لەلای ئێمەوە بەڵگەی ئەوە بوو لەسەر کار و چالاکی خۆمان سورین و نامانەوێت

بکەوینە ژێر هەڕەشەکانی دەسەلاتەوە، بۆیە ڕژێم پیلانی سێیەمی خستە گەڕو بانگەشەی لەناو خەڵکیدا بڵاو کردەوە کە سەرۆکی ئەو دەستەیە لەگەڵ حکومەتدا دانیشتوە و ڕێکەوتووە لەگەڵمان و ئێمەین کۆمەکی بە ئەو دەکەین و کارەکەی بەشێکە لە سیاسەتی ئێمە..ڕژێم بەو کارەی دەیویست سۆز و بەزەیی و متمانەی جەماوەر بە کۆمەڵەکە نەهێڵی و هەرکات ویستی چەپۆکی ئاسنینی لێ بدات جەماوەر نیگەران نەکات و سەرئێشەیان بۆ نەنێنەوە...ئەوان بە نهێنی وێنەی مامۆستایان بەرانبەر بە سەرۆکی وەفدەکە گرتبوو بە بێ ئەوەی ئێمە ئاگادارببن، پاشان وێنەکەیان بڵاو کردەوە و بوو بە مایەی بێ متمانەیی لای کەسانێك کە مامۆستایان نەناسی بوو...

درۆ و هەڵاێ بوون بە پیاوی ڕژێم هەموو کون و قوژبنێکی گرتبوەوە و خەباتکارانی شاخیشی خستبووە ژێر کاریگەری خۆیەوە و لە هەندێ جێگە لێدان و سوکایەتی بە ئەندامانمان کرا بوو، بەڵکو هەڕەشەی کوشتن و حساب بۆکردنی جاشمان لێ دەکرا..ئێمەش دەمانزانی ئەو پڕوپاگەندەی ڕژێم هەنگاوی تری بەدوادا دێت و پیلانی گڵاو بۆ کۆمەڵەکەمان بەڕێوەیە...

هەستم بە ئازارەکانی ناخی مامۆستا دەکرد بەڵام دەرینەدەبڕی و وڕەی لە جاران بەرزتر و زیاتر بوو...لەو ماوانەدا بەبەردەوامی بەسەر ئەندامانی ناوچە جیاجیاکاندا دەگەڕا و زۆر کەم دەخەوت و پشووی بە خۆی دەدا...نەخەوتن و پشوونەدانی نیشانەی خەو و پشوویەکی دوور و درێژ بوو کە لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە...

ئەندامەکانی جەستەی مامۆستا بەڕادەیەك لاواز بوو بوون دەتوت مردوویەکە و لەگۆڕ دەرهێنراوە و جارێکی تر زیندوو بۆتەوە، بەڵام لەودیو ئەو لاشە لاوازەوە ئیرادەیەکی پۆڵاین خۆی حەشار دابوو، لەودیو جەستەی لەڕ و بێ تینەوە سەربەرزیەکت دەبینی کە پادشایان لە بەردەمیدا بە چۆکدا دەهاتن...

زەینەبی سوڵتانی خوشکی مامۆستا یەکێك بوو لەوانەی دایە پاڵ ڕایەکەی عەزامی موهاجیر و باوەڕی بە تێکۆشانی چەکداری هەبوو... مامۆستا لەگەڵ ئەو گشتە خەم و ئازارانەدا لە نوکتە و قسەی خۆشی خۆی نەدەکەوت، لە زەینەبی خوشکی کردە شۆخی و وتی: گیرمان بە عەزام ئەفغانییەوە خوارد بوو کەچی زەینەب ئەفغانیشمان لێ پەیدا بوو...قسەکە لەو کاتەدا ئەوەندە بەتام و خۆش بوو هەموومانی هێنایە پێکەنین...

عەزام یەکەم جار پێی دەوترا عەزامی موهاجیم واتە هێرشبەر چونکە کاتی خۆی یاریچی تۆپی پێ بوو، لە هێڵی هێرشبردندا یاری دەکرد، کاتێ هاتە قوتابخانەکەی ئێمە و وەك ڕاهێنەری کۆنفۆ کاری دەکرد عەزامی موهاجیم گۆڕا بە عەزامی موهاجیر واتە کۆچکەر چونکە پێی وابوو نەفی کردنی خێزانەکەی بۆ خواروی وڵات و دواتر ناسینی مامۆستا ئەشرەف و وازهێنانی لە زۆرێك هەرزەیی و نەفامی خۆی وەك کۆچکردن وایە، کاتێ ڕژێم فشار و زۆری خۆی خستە سەرمان عەزام حەماسەت و جۆش و خرۆش داگیری دەکرد و هەڕەشەی توندی لە ڕژێم دەکرد...مامۆستا بە شۆخییەوە ناوی نابوو "عەزام ئەفغانی" لەو کاتەوە عەزام بوو بە خاوەنی سێ نازناو و هەرکەسە و بە حەز و ویستی خۆی ناوی دەهێنا..

هەندێکمان بە "عەزام"مان دەوت عەزام ئەفغانی و هەندێکی تر نازناوە کۆنەکەیان بۆ بەکار دەهێنا و دەیانوت عەزامی موهاجیر... لە خۆشییەکانی قەدەر ئەوەبوو ماوەیەك دوای ئەوە زەینەب خانمان بۆ عەزام لە مامۆستا داوا کرد و لە وەڵامدا وتی: زەینەب بەتەنها خوشکی من نییە و خوشکی هەموتانە و بەکێی دەدەن وەك من مافی بڕیارتان هەیە، عەزامیش گەر خوشکی خۆمی پێ نەدەم پێویستە کەسێکی تری بۆ داوا بکەم، بۆیە گەر ئەوان بە یەکتری ڕازی بین من تەنها پیرۆزبایم لەسەرە...

مامۆستا له ناوەوە عەزامی خۆش دەویست، خۆشەویستی بۆ عەزام وای لێکرد زەینەب خانی پێ بدات، ئەو بە چاوی رێزەوە دەیڕوانییە مرۆڤێک ئامادەیی گیانفیدایی تێدا بێت، عەزامیش یەکێک بوو لەو گەنجە بوێرانەی هەمیشە گیانی لەسەر دەستی دانا بوو...

شۆخییەکانی مامۆستا لەگەڵ عەزام بەڵگەی زۆر خۆشویستنی بوو، هەموجارێ بە شۆخییەوە دەیوت: عەزام و زەینەب یەکێکیان بۆ شارێک کەمە و هەردووکیشیان زۆرن..

ماوەیەک بێدەنگی و ئارامی لە دەزگاکانی ڕژێمەوە بەرانبەر بە کاری ئێمە هەست پێ دەکرا، بەڵام هەروەک بێدەنگی پێش گەردەلوول بوو، خامۆشییەک بوو شەوێکی تاریکی بە دوای خۆیدا دەهێنا، پیش خواردنەوەی لافاوێک بوو لەنەکاودا هەموو شتێکی ڕادەماڵی، دامرکاندنەوەی بورکانێک بوو خۆی بۆ تەقینەوەیەکی تر ئامادە دەکرد...بێدەنگیەکی ترسناک و لێوانلێو بە چاوەڕوانی ڕەشەبا و زریانێک کە هەرچی گوڵ وچرۆیە هەڵی دەوەرێنێ...

لە یەکێک لە شەوە درێژەکانی پایزدا کە مامۆستا تازە لە سەردانێکی دوور گەڕابوویەوە دەزگاکانی ڕژێم دواین پیلانی گلاوی خۆیان بەگەڕخست و هەڵیانکوتایە سەر مامۆستا و لە ماڵەوە قۆڵ بەستیان کرد و لەگەڵ خۆیان بردیان...ئەو هەر ئەوەندە فریاکەوت بوو بە دایکی بەڕێزی بڵێت نامەیەکم بۆ محەممەدی خەڵوەتی نوسیوە و لە دووتوویێ ئەو کتێبەدا بەجێمهێڵاوە...

هەر ئەو شەوە دەیان ئەندامی دیاری ئێمە لە ناوچە جیاجیاکان قۆڵ بەست کرا بوون و ڕەوانەی دەزگا ئەمنیەکان کرابوون..

بەیانی زوو زەینەبی سوڵتانی لە دەرگای ماڵی ئێمەی دا و هەواڵی گرتنی مامۆستای پێدام و داوای لێکردم خۆم بشارمەوە و لە ماڵەوە نەبم، لە کۆتایش دا نامەیەکی پێدام و وتی: مامۆستا ئەم نامەی بۆ بەجێهێڵاوی...

زەینەب بە هەندێ ئیش و کار ڕۆیشت و منیش هاتمە ژوورەوە و نامەکەی مامۆستام کردەوە، ئەو لە نامەکەدا نوسی بووی: لەم ڕۆژانەدا ڕوو بەڕووی چارەنووسێك دەبمەوە، نامەکەی سێ ڕۆژ بەر لە گرتنی نوسی بوو، بۆیە داوای کرد بوو لە چەند خاڵێك خۆمان بە دوور بگرین:

- ✓ ناکۆکی و ململانێ ی نێوانمان..
- ✓ گەمەی حیزب و سیاسەت...
- ✓ ناپاکی و کاسە لێسی...
- ✓ حەماسەت و هەڵچوونی بێجێ و پەنابردن بۆ توندوتیژی...

لە نامەکەدا دوو خاڵی تری داوا کرد بوو:

- ئەنجوومەنی باڵا کۆ ببێتەوە و لە نێوان خۆماندا کەسێك وەك سەرۆکی کۆمەڵەکە دیاری بکەین، بۆ ڕێکخستن و ئەنجامدانی کاری هەڵبژاردنەکەش منی دەست نیشان کردبوو بۆیە داوای لێکرد بووم مافی دەنگدانم هەبێت بەڵام خۆم هەڵنەبژێرم...
- ئاگاهیمان لە عەزام و زەینەب بێت، مامۆستا ترسی ئەوەی هەبوو جۆش و خرۆشی عەزام و زەینەب پەرچەکردارێکی بێ بەرنامەی لێ بوەشێتەوە و سەرئەنجامی خراپی لێ بکەوێتەوە...

مامۆستا نامەیەکی بە داخراوی لە ناو نامەکەدا دانا بوو، داوای لە من کرد بوو بیدەم بەو گەنجەی سالێك یەك جار سەردانی مامۆستای دەکرد...

باقری موجتەهیدی–بەهەندێ سەرسوڕمانەوە– دیسان لە قسەکانی محەمەد کەوتەوە پرسیار و وتی: (ئەو گەنجە کێ بوو؟!)

خەڵوەتی (مامۆستا هەموو نهێنیەکانی خۆی لای من دانا بوو جگە لە یەك نهێنی، لەبەر ئەوەی لە سەرەتای پێکەوە ژیانمان پێی وتبووم لە هیچ نهێنیەك

مەپرسە گەر خۆم نەیخەمە بەردەستت، شەرمم دەکرد بپرسم ئەو گەنجە کێیە کە سالّێ جارێك سەردانت دەکات؟

ئەو گەنجێکی تەمەن بیست سالّان بوو، بە زمانی ئێمە قسەی دەکرد بەلاّم پێدەچوو هاوزمانی خۆمان نەبێت، هەموو سەرەتای پایزێك سەردانی مامۆستای دەکرد و نامەیەکی بۆ دەهێنا و مامۆستاش وەلاّمی نامەکەی دەنووسییەوە و دەیدایەوە دەستی، ساتێکی کەم دادەنیشت، بەبێ ئەوەی شتێك بپرسێ یاخود تێکەڵ بە هیچ کەسێك لە ئێمە ببێت سواری ئۆتۆمبێلە سپییەکەی دەبوویەوە و دەڕۆیشت...جارێك یەکێك لە دۆستان هەواڵی ئەو نامەبەرەی لە مامۆستا پرسی، مامۆستا وتی: پرسیاری لە بارەوە مەکەن، ئەو وەلاّمەی مامۆستا بەس بوو بۆ من تاکو لە داهاتووشدا پرسیار لە بارەی ئەو گەنجەوە نەکەم...

لێتی ناشارمەوە ئەو کاتانەی دونیا بە درۆ و هەلاّی دژ بە مامۆستا تەنرا بوو گومانێك بە بیری منیشدا تێدەپەڕی و دەموت: بڵێی ئەو گەنجە ئەڵقەی گەیاندنی مامۆستا و لایەنێکی دەرەکی بێت؟!

بەلاّم هەر زووبەزوو دەکەوتمە لۆمەکردنی خۆم و دەموت: گەر حاڵی پارێزەری نهێنییەکانی مامۆستا بەم جۆرە بێت، دەبێ حاڵی ئەو خەڵکە هەژار و نەزانە چی بێت کە ئەشرەفی سوڵتانی ناناسن؟!

هەواڵی گرتنی مامۆستا هەموو لایەکی تەنییەوە و هۆشداریمان دایە ئەندامان تاکو خۆیان کەنار بدەن و ئاگاهی تەواو وەربگرن...ئێمەش لە ناوخۆماندا کۆبوونەوەیەکی نهێنی و خێرامان ئەنجامدا و لەسەر کۆمەڵێك خاڵ رێکەوتین کە پەیوەست بوون بەو هەلومەرجەی بۆمان هاتبووە پێش، بڕیارەکان بە سەر هەموو ناوچە جیاجیاکاندا بلاّو کرایەوە و کەوتینە بیرکردنەوە لە هەنگاوەکانی کاری داهاتوومان...

دواتر ئەنجوومەنەکە بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان کۆبوونەوە و حیلمی شێخ ئەنوەر وەک سەرۆکی کۆمەڵەکە دیاری کراو بڕیارماندا پەلوپۆکانمان بپێچینەوە و لە ئەوپەری نهێنییەوە کارەکانمان ئەنجام بدەین...

باقری موجتەهیدی-کە هەندێ ماندووبوون بە روخساریەوە دەبینرا- (با ئەم شەو بەس بێت، گەر سبەینێ مۆڵەتت هەبوو بەشەکەی دیم بۆ بگێڕەوە، ئەگەر نە، سەردانت دەکەم و گێرانەوەکەم بۆ تەواو بکە و منیش ئەم بەشە لە لای خۆم دەنووسمەوە و نیشانی تۆی دەدەم...)

بۆ سبەینێ باقری موجتەهیدی بە ئۆتۆمبێلەکەی خۆی محەممەدی گەیاندە دائیرەی ئەمنی عامە و پێی وت: لە گەراجی ئەودیو چاوەڕوانت دەبم...

لەگەڵ پێخستنە ناو دائیرەی ئاسایشی گشتی بە چەندین شوێنی پشکنین دا محەممەدی خەڵوەتییان تێپەڕاند و دواجار گەیاندیانە ژوورێک کە تەنها دوو کورسی و مێزێکی تیا دانرابوو...دوای نیو کاتژمێر چاوەڕوانی بێزارکەر ئەفسەرێکی سێ ئەستێرە خۆی کرد بە ژووردا و بەرانبەری دانیشت و خۆی لە بێئاگایی دا و وتی: فەرموو کارت چیە؟ بۆچی هاتووی؟

محەممەدیش پێی وت: بە بەڕێزتەوە چوارەمین جارە لێم دەپرسن بۆچی هاتووی؟ بۆ تەرمی ئەشرەفی سوڵتانی هاتووم...

ئەفسەرەکە: ئەها، ئەشرەفی سوڵتانی؟ تەرمەکەی؟ مەبەستت وەرگرتنەوەی تەرمەکەیەتی؟

محەممەد: بەڵێ..

ئەفسەرەکە: لەم ژوورەدا چاوەڕوان بە تا وەلأمت دەدەینەوە...

لە کاتژمێر نۆی سەرلەبەیانیەوە تا کاتژمێر دووی دوانیوەڕۆ محەممەدی خەڵوەتی چاوەڕوان بوو و هیچ وەلأمێک نەبوو، نزیکی کاتژمێر دوو نیو کەسێک

به جل و بەرگی مەدەنییەوە خۆی کرد بە ژوورڕا و پێی وت: کارەکەی تۆ کەوتۆتە سبەینێ و دەتوانی ئێستا بڕۆی و بەیانی سەردانمان بکەیەوە...

محەممەدی خەڵوەتی لەو دۆزەخە پڕ لە تاوانە هاتە دەرەوە و ڕۆیشت بۆ لای باقر و بۆی دەرکەوت بەدرێژایی ئەو پێنج کاتژمێر و نیوە باقر چاوەڕوانیی کردووە..

باقر بەپیریەوە هات و پێی وت: گەڕانەوەت بەبێ تەرمەکە بەڵگەی زیندوو بوونی مامۆستایە، ئەوان بەو کارەیان جەنگی نەفسیمان لەگەڵ دەکەن و بەشێکە لە ئیشی ڕۆژانەیان...

کۆچکردن لە مانا

ئەو شەوەش گەڕایەوە بۆ ماڵی باقر و هەڵێکی باش بوو تاکو باقر گوێبیستی بەشێکی تڕی ژیانی مامۆستا بێت...

پاش نیوەڕۆ باقر داوای لە محەممەد کرد پشوویەك بدات و سەرخەوێك بشکێنێت، چونکە ئەم شەو دەبێ بەشێکی تری ژیاننامەی مامۆستای بۆ بگێڕێتەوە...

لە ژووری کتێبخانەکەی باقر ڕاکشا و باقر دەرگاکەی لەسەر داخست و بەتەنها بەجێیهێڵا...لەگەڵ چاوەکانی چوونە خەو خۆی لە سارایەکدا بینییەوە و گەردەلوولێك ڕوو بە ئەو سارای دەبڕی و دەریایەك لە خۆڵ و لمی لەگەڵ خۆی ڕا دەماڵی، گەردەلوولەکە لێی نزیك بوویەوە و تۆزێکی زۆری بە سەر و سیمایدا کرد... لەگەڵ تێپەڕبوونی گەردەلوولەکە مامۆستا ئەشرەفی لە ناو خۆیدا فڕێ دایە دەرەوە، ئەویش پەلاماری دا و سەری بەرز کردەوە و بینی گیانی تێدا ماوە، دەستێکی بۆ درێژ کرد و ڕاستی کردەوە و ماوەیەك پێکەوە ساراکەیان بڕی و دواتر مامۆستا لە محەممەد جیا بوویەوە و لە ساراکەدا ئەوی بەتەنها بەجێهێڵا...

باقر عەسرێکی درەنگ محەممەدی بە ئاگا هێنا و محەممەدیش پێی وت: مامۆستا زیندووە، بەڵام وا نازانم تەندروستی ئەو باش بێت...

شەوەکەی هاتنەوە سەر باسەکەی خۆیان و بە پرسیارێکی باقر دەرگای گفتوگۆکە کرایەوە (ئەو نامەیەی مامۆستا بۆ گەنجەکەی نوسی بوو، چی بە سەرهات؟)

محەممـەدی خـەڵوەتی، هەناسـەیەکی قـوونڵی هەڵکێشـا و چـاوێکی بـۆ پەنجەرەکە هەڵدا و وتی (ماوەیەك نامەکەم هەڵگرت تاکو گەنجەکە ڕۆژێك پەیدا بوو، لەو ماوەیەدا یەك دوو جار حەزی کردنەوەی نامەکەم لا پەیدا دەبوو بـەڵام ئەقڵ و ئاوەز بۆ حەزەکانم دەبووە لغاوێك و شەوانەش ڕۆحی مامۆسـتا دەهاتـە گیانم و لەو حەزە دزێوە ئاگاداری دەکردمەوە...

لەگەڵ گەیشتنە بەرەوەی گەنجەکـە لـە مامۆسـتای پرسـی و منـیش هـەواڵی گرتنەکەیم پێدا، ئەویش لە وەڵامدا وتی-(کەوابوو دەبێ نامەکە بۆ خاوەنەکـەی بگێڕمەوە...)

پرسیم +(مەبەستت کام نامەیە؟)

-(ئەو نامەیەی بۆ مامۆستام هێناوە...)

+(ناتوانی بە منی بدەی؟)

-(نەخێر، چونکە ڕاسپێررام تەنها بیدەمە دەستی مامۆستا)

+(مامۆستاش نامەیەکی بەجێهێڵاوە و داوای کردووە بیدەمە دەستی تۆ..)

گەنجەکە نامەکەی وەرگرت و سولفی لە ئۆتۆمبێلەکەی دا و ڕۆیشت، لـەکاتی جوولانی ئۆتۆمبێلەکە وتم +(بۆ چ شوێنێك دەگەڕێیەوە؟)

-(پێم نەوتراوە پێت بڵێم....)

ڕۆیشتنی ئۆتۆمبێلەکە ئاوابوونی نهێنییەکی مامۆسـتا بـوو کـە سـاڵانە لـەلای مـن نـوێ دەبوویـەوە..ونبوونی ئۆتۆمبێلەکـە لـە بـەر چـاوم ونبـوونی دوایـن یادگـاری ئـەو بـوو کـە مانّـاوایی لـە مـن و کۆڵانەکـە و شـارە بێنازەکـەمان دەکرد...پێدانی نامەکە بەو گەنجـە پێـدانی میـوانێکی ئـازیز بـوو کـە ماڵەکـەی منی بەجێدەهێڵا و ڕووی لەخانەخوێیـەکی تـر دەکـرد، کـێ چـووزانێ لەوانەیـە نامەکە بۆلای ئازیزێکی تـر چـووبێت و ئـەو ماوەیـە لـەلای مـن خـۆی بـە دیـل و بەندی زانی بێت..!

بەکولّ بە دوای گەنجەکە و نامەکەی مامۆستادا گریام، گریانێك تامی غوربەتی دەدا، گریانێك هەڵمی تاسە و تامەزرۆبوونی بۆ دیداری مامۆستا لێ بەرز دەبوویەوە...

مرۆڤ تا کەس و شتەکانی دەوروبەری لێ بزر نەبێت نازانێ ئەوانە چ کەلەبەرێکی گەورەیان لە ناخ و ژیانی ئەودا پر کردۆتەوە..ئێمە نەمان دەزانی مامۆستا چ بۆشایەکی گەورەی لە ناخ و واقیعی کارماندا داگیر کرد بوو، بە دابڕانمان لەو مرۆڤە مەزنە ئەوکات زانیمان گەوهەرێکی زۆر بە نرخمان لە دەست چووە، بەڵکو پشت وپەنایەکمان ڕما کە لە کاتی تەنگەژە و ناڕەحەتیەکاندا هانامان بۆ دەبرد...

سەرهەڵدانی سەرجەم کێشە و گۆبەندەکانی ناو ژیانمان ڕیشەیەکیان لە ناو ناخ و بیر و دەروونماندا هەیە، ئێمە لە ناوەوە ئاڵۆز دەبین و ئاڵۆزیەکانی ناخیشمان بە سەر دونیای دەرەوەماندا دەشکێتەوە و ژیانمان لێدەکات بە ژەقنەموت و واقیعیشمان قەیراناوی...

سەرهەڵدانی کێشە و قەیرانەکانی کۆمەڵەکەمان لەو بۆشاییەوە دەستی پێ کرد کە لە ناوەوە بە دەستییەوە دەمان نالاند..ئێمە کزەشەماڵێکی بەزەییمان لە دەست دابوو، ڕۆحێکی عیسا ئاسامان ون کرد بوو، نوورێکی شەوەزەنگی تەنهاییمان لە دەست چوو بوو، سەرچاوەی ئاوێکمان بزر کرد بوو کە بۆ ڕێبواری سارای ژیان بە قەدەر ژیان پێویست بوو...

ڕۆژانە دەیان ئەندام دەگیرا و ئازار دەدران و دواتر بەرەڵا دەکران، من و حەسەن لە یەك شەودا گیراین و دوای شەش مانگ لێدان و جەزرەبە بەرەڵایان کردین...فشاری زۆری دەسەڵات و بێزاری و قەیرانەکانی ناخی ئێمە یەکانگیر بوون و دونیای کاری ئێمەیان قەیراناوی کرد...

دانیشتنە نهێنیەکانمان زۆر بە زەحمەت بوو، ئەوکاتانەش دادەنیشتین تەنها سەرقاڵی کێشە و قەیرانەکان بووین..جاران کە دادەنیشتین خەریکی

بەرنامەڕێزی داهاتوو بووین، بەڵام لە دوای گیرانی مامۆستا تەنها بە کێشە و قەیرانەکانەوە دەمان نالاند و بەشێکی ئەو کێشە و گرفتانەش بە چارەسەر نەکراوی بەجێ دەهێڵران، بۆیە پلان و بەرنامەڕێزی بۆ کار کۆتایی پێهات و تەنها کارمان بوو بە سەرقاڵ بوون بە گرفتەکانەوە...

زۆرجار لە دانیشتنەکاندا دەنگمان لە یەکتر بەرز دەکردەوە و دەمەقاڵێ سەری دەکێشا بۆ ڕەنجاندنی دڵی یەکترو پچڕانی پەتی ئولفەت و خۆشەویستی..

وردە وردە کار و چالاکییەکان بەرەو لاوازی و ڕاوەستان هەنگاویان هەڵدەگرت، تا گەیشتە خاڵێك هەموومان هەستمان دەکرد لە کار کەوتووین و کۆمەڵەکەمان بە ئاراستەی مەرگ مل دەنێت...حیلمی و ئێمەش هەوڵی زۆرمان بە خەرج دا تاکو ڕەورەوەی کار لەو وەستانە قوتار بکەین، چونکە دەمانزانی لە دوای وەستانی کاری کۆمەڵەکە مەرگ چاوەڕوانی پەیامەکەی مامۆستا ئەشرەفە، بەڵام دەرکردنی ئەو ڕەورەوەیە لە قوڕ و لیتەی کۆسپ و لەمپەرەکان هێزێکی زۆر گەورەی گەرەك بوو کە لە توانای ئێمە و حیلمی شێخ ئەنوەردا نەبوو...

عەزامی موهاجیر-کە هەموو گیانی بوو بوو بە جۆش و خرۆش- لەو خاوبوونەوە و کەوتنە دونیای ڕۆتینە بێزار بوو بوو، گرتنی مامۆستا و زوڵم و زۆری دەسەلاتیش گیانی تۆڵەسەندنەوەی لا دروست کرد بوو، بۆیە لە دانیشتنەکاندا چەندجارێك داوای لێکردین دەستەیەکی چەکدار دروست بکەین، ئەو بەو کارە ڕاسپێرین و تەنها لە دوورەوە چاودێر بین و خۆشمان نەکەین بەخاوەنی تاکو کارە چەکدارییەکەی ئەوان بە خراپی بە سەر کۆمەڵەکەدا نەشکێتەوە...

ڕایەکەی عەزام لە لای ئێمەوە بەرپەرچ دەدرایەوە و بە توندی سەرکوت دەکرا بەڵام عەزام لە ناوەوە باوەڕی تەواوی بە ڕایەکەی خۆی هەبوو، بۆ ئەو کارەش دەستەیە گەنجی ئامادە کرد بوو...

له دواین دانیشتنی ئەو لەگەڵماندا بڕیاری کۆتایی خۆی بە ئێمە ڕاگەیاند و وتی: من لەمە زیاتر قبوولّی زەلیلی و ژێردەستەییم پێ ناکرێ و لە ئەمڕۆوە ڕێگەی من لە ئێوە جیا دەبێتەوە و هەر لایەکمان بە ئاراستەیەکدا دەڕۆین و لێ دەگەڕێین داهاتوو بڕیار بدات من یان ئێوە بە هەڵەدا چووین..

باقری موجتەهیدی لێرەدا جۆشوخرۆشێك کەوتە سەر روخساری و پرسی: (بەڵگەی عەزام بۆ ئەنجامدانی کارەکەی چی بوو؟)

خەڵوەتی (ئەو لە سروشت و بیر کردنەوەی خۆیدا مرۆڤێکی یاخی بوو، ڕقی لە دەسەلاّت و کۆت و بەندەکانی دەسەلاّت دەبوویەوە، مرۆڤێك بوو بوێر و گیانفیدا و نەترس، نەیدەتوانی لەسەر زوڵم و زۆری دەسەلاّت ئارام بگرێت، مرۆڤێ بوو سەربەرز و قارەمان و جوامێر...تەنها بەڵگەیەك هەموو جارێك دووبارەی دەکردەوە، ئەو پەندە عەرەبیە بوو کە دەڵێت: ئاسن بە ئاسن نەرم دەبێت...ئەو دەیوت: ئێمە نابێت چاوەڕوانبین پیاوانی ڕژێم ڕۆژانە هەڵبکوتنە سەرمان و فەلاقەمان بکەن...ئەوانە تەنها یەك مەنتقیان هەیە، زۆر و چەك...)

باقری موجتەهیدی زانیاری زۆرتری لەمەڕ ئەو دوو جۆرە بیرکردنەوە دەویست بۆیە پرسی: (ئێوە بەڵگەی نەکردنی ئەو کارەتان چی بوو؟)

خەڵوەتی (ئێمە نەماندەوت ئێوە ئەو کارە مەکەن، بەڵکو داوامان لێ دەکردن بە ناوی کۆمەڵەکەی مامۆستا ئەشرەفەوە ئەو کارە مەکەن، چونکە سروشتی ئەم کارەی ئێمە جیاوازە لە سروشتی ئەو کارەی ئێوە پێی هەڵدەستن...)

باقری موجتەهیدی–دیاربوو ورد گوێی بۆ دوو بۆچوونەکە گرتبوو– وتی: (گەر بە هەڵەدا نەچووبم، عەزامی موهاجیر هەمان قسەی ئێوەی دەکرد، خۆت وتت عەزام داوای دەکرد کارەکەی بە ناوێکی ترەوە بێت و ئێوە خۆتان نەکەن بە خاوەنی)

خەڵوەتی (ئەو دەیوت کاری چەکداری بە ناوێکی تر‌ەوە دەکەم و لە ڕواڵەتی دەرەوەیدا ناوێکی تر و شتێکی تر بێت، بەڵام لە حەقیقەت و جەوهەریدا کاری کۆمەڵەکەی ئێمە بێت و عەزام و ئەو دەستەیەی لەگەڵی بوون لە ئەندامێتی کۆمەڵەکەمان نەکەون)

باقری موجتەهیدی (چی دەبوو گەر ئەو ڕایەی ئەوانتان قبوڵ بوایە؟)

خەڵوەتی (وەك وتم سروشتی کارەکەی ئێمە بەو کارەی نەدەخوارد، پێکهێنانی حیزبی چەکداریشمان بە ئیشی خۆمان نە دەزانی)

باقر (بۆچی بە ئیشی خۆتان نەدەزانی لە کاتێکدا وڵات و گەل لە ژێر زوڵم ز زۆر دەینالاند؟!)

خەڵوەتی (ئێمە پێمان وابوو گەل و وڵات لە پاڵ شۆڕشگێڕانی شاخدا پێویستی بە ئەزموونێکی تر هەیە کە پەروەردە و پێگەیاندن و ڕاستکردنەوەی ئاراستەی بیر و تێڕوانینی مرۆڤە، بۆ ئەو مەرامەش کۆمەڵەکەی مامۆستا ئەشرەف دروست کرابوو بەڵکو کرۆکی پەیامەکەی ئەشرەفی سوڵتانی لەو مەیدانەدا بوو، دەمانوت هەرکەسێك ئارەزووی چەك و تفەنگی هەیە و ناتوانێت لە ناو شاردا بمێنێتەوە دەتوانێ بە شۆڕشگێڕانی شاخەوە پەیوەندی بکات... لەسەرو ئەمەشەوە پێمان وابوو دروستکردنی شانە و خانەی چەکدار ئامادەباشی زۆری دەوێ و بەو سادە و سانایيە شۆڕشێکی چەکداری بەگەڕ ناخرێ، لە عەزاممان پرسی: چەك و کۆمەك و پشتیوانی لە کوێ پەیدا دەکەیت؟ بەڵام دیار بوو وەڵامێکی دروست و ڕۆشنی لەلا نەبوو...

من و حیلمی شێخ ئەنوەر و حەسەنی موددەپرس و زاهیدی پیریادی چەند جارێك لەگەڵ عەزامی موهاجیر و زەینەبی سوڵتانی(هاوسەری عەزام) دانیشتنمان کرد بەڵام دیار بوو بڕیاری خۆیان دابوو...

عەزام کە زانی کارەکەی ئەومان لاپەسەند نییە، بە بڕیاری خۆی و ئەوانەی لەگەڵیدا بوون هەستان بە دروستکردنی چەند شانەیەکی چەکداری نهێنی و لە کۆمەڵەکەی ئێمە جیابوونەوە و شانیان دایە ژێر بەرپرسیارێتی هەنگاوەکەیان..

لەراستیدا جیابوونەوەی عەزام و ئەو دەستە گەنجە بۆ کۆمەڵەکەمان زەمینەژێنێکی گەورە بوو، کەم نەبوون ئەو گەنج و لاوە خوێنگەرمانەی بڕیاری جیابوونەوەیان لە ئێمە دەدا و پەیوەندی نهێنییان لەگەڵ عەزام دەبەست...

عەزامی موهاجیر بڕێك چەك و تەقەمەنی بەر دەست خست و چەند چالاکیەکی چەکداری لە ناو شاردا ئەنجام داو تیایدا چەندین سیخوڕ و ژمارەیەك پیاوی ڕژێم تیاچوون، ڕژێم بەرانبەر بەو کارە هەڵمەتێکی گرتنی دەست پێ کرد و ژمارەیەك لە ئەندامانی ئێمە و سێ کەس لە ئەندامانی ڕێکخراوە نهێنییەکەی عەزام بوونە قوربانی...

ڕژێم بە گرتن و کوشتنی ئەندامەکانەوە نەدەوەستا بەڵکو کەسوکار و خانەوادەی ئەندامانی دەگرت و دەیخستنە ژێر زۆر و دارەوە، لە چەند شوێنێکیش ماڵەکانیانی بە شۆفڵ دەڕوخاند و تەنانەت نەیدەهێڵا کەلوپەلوپۆشاکی بەریشیان لە ماڵەکانیان بکەنە دەرەوە...

دوای فشار و هەڵمەتەکانی پیاوانی ڕژێم بۆ سەر شانە چەکدارەکانی عەزام و هاوڕێکانی ڕێکخراوە نهێنییەکەی عەزام لەوە زیاتر نەیتوانی لە ناو شاردا بمێنێتەوە و دایە شاخ...

ڕاگەیاندنی بزوتنەوەیەکی چەکداری لە شاخ کارێکی ئاسان نەبوو، لە لایەکەوە پێویستی بە کۆمەکی سەربازی و دارایی هەبوو، لە لایەکی ترەوە دەبوا پارێزگاری لە سەربەخۆبوونی خۆی بکردبایە، ئەمەش بۆ دونیای حیزب و سیاسەت کارێکی ئەستەم بوو...

بزوتنەوەکەی عەزام بوو بە قەوارەیەکی سەربەخۆ و پۆژ لە دوای پۆژ گەشە و گۆڕانی بەخۆیەوە دەبینی و لە چەند جێگەش زەبری کوشندەیان لە دەزگا و دامەزراوەکانی پژێم دەوەشاند...)

باقری موجتەهیدی–ویستی محەمەد بگێڕێتەوە بۆ سەر کرۆکی باسەکە– (لە دوای جیابوونەوەی یەکجاری عەزام و ڕێکخراوەکەی، کاری ئێوە بەرەو کوێ ڕۆیشت؟)

خەڵوەتی (کاری ئێمە لە شوێنی خۆی وەستا بوو، تەنها بەروالەت ناوی کاری لێ نرا بوو، ڕێگەچارەیەکیشمان شک نەدەبرد، ئەوەندەی مەبەستمان بوو پارێزگاری لە ئەندامانمان بکەین ئەوەندە نەمان دەویست کارمان بەرەو گەشە و گۆڕان بڕوات.. ئەو قۆناغەی کارمان کە بڕیتی بوو لە سستی و وەستانی بەردەوام چەند سالێك درێژەی کێشا...لەو ماوەیەدا ئێمە وامان دەزانی پارێزگاریمان لە یەکبوون و یەکڕیزی خۆمان کردووە، بەڵام لەراستیدا وەستانی کاری دەرەوە سەری کێشا بوو بۆ جوولە و گۆڕان لە ڕووی ناوەوە)

باقری موجتەهیدی ئەم قسەی دوایی بە شتێکی نوێ تەماشا کرد بۆیە وتی: (لە مەبەستت ناگەم؟!)

خەڵوەتی (مرۆڤ کۆمایەکە لە وزە و ئامادەیی، کاتێ بەر لە توانا و وزەکانی دەگیرێ، بە ناچاری بە ڕووی خۆیدا دەشکێتەوە و دەیەوێ گەشە و گۆڕان بە ڕووی ناوەوەدا ئەنجام بدات.. مەبەستمە بڵێم گەر تواناکان ڕێگەیان پێ نەدرێت بە ئاسۆیی بڕۆن ئەوا بە شاوڵی بە ناخی مرۆڤدا شۆڕ دەبنەوە، کۆسپ و لەمپەرەکانی دونیای دەرەوە پەنگی بە تواناکان خواردەوە و بەناچاری تنۆك تنۆك بە قوولایی ناخماندا دابارى... ئێمە ڕووی دەرەوەمان یەك کۆمەڵ بوو، وەلێ لە ناوەوە پارچە پارچە بوو بووین، چونکە بیرو ئایدیا و تێڕوانینمان بۆ دونیای دەرەوە جیاواز و فرە ڕەهەند بوو.. سەرهەڵدانی جیاوازی لە سەرەتاوە

هەستی پێ ناکرێت بەڵام بە تێپەڕبوونی کات لە واقیعی کاردا چرۆ دەکات و بنج دادەکوتێ و وردە وردە پەلوپۆ دەردەکات و دەبێت بە درەختێکی گەبەڵ...

چەکەرەی جیاوازییەکان لە هەڵسەنگاندن و تێڕوانین بۆ کار و چالاکییەکانەوە دەردەکەوت... ئێمە یەکبوونی فیکرمان لە دەست دابوو، ڕشتەیەکی فیکریی ورد و ڕۆشن بوونی نەبوو تاکو بە هۆیەوە ئەندامان پێکەوە گرێ بدرێت...لە سەر بابەتێك چەندین ڕا و بۆچوونی جیاواز سەریان هەڵدەدا کە هەر دانەیەکیان ئەوانی تری دەسڕییەوە و تەنها خۆی بەپەسەند و شیاو دەزانی...ئەم بۆشاییە گەورە لە بیرکردنەوە و تێڕوانین سەری کێشا بۆ سەرهەڵدانی سێ ڕەوتی جیاواز لە کار:

ڕەوتێك باوەڕی بە بەردەوام بوون لە سەر ئەو شێوازە لە کار هەبوو، پێیان وابوو دەبێ ئەوەی مامۆستا لە سەری بوو وەك خۆی بیهێڵینەوە و بە هیچ شێوەیەك گۆڕانی تیادا نەکرێت، ڕەوتی دووەم باوەڕی وابوو پێویستە گۆڕانێکی فیکریی قوول بەرهەم بهێنین و کۆمەڵەکەمان لەو وەستان و چەقبەستنە قوتار بکەین، ڕەوتی سێیەم باوەڕی بە پەروەردەی قوول و بەرزکردنەوەی باری عیرفان و مەعانی بوو لەلای ئەندامان...ڕەوتی یەکەم حیلمی شێخ ئەنوەر سەرکردایەتی دەکرد، ڕەوتی دووەم حەسەنی مودەریس ڕابەرایەتی دەکرد، لە کاتێکدا زاهیدی پیریادی بوو بوو بە مورشیدی ڕۆحی ڕەوتی سێیەم...

بارودۆخی وڵات گۆڕا و شەوی ڕەشی ستەم بە خۆری بەرخۆدان و ڕاپەرین پێچرایەوە و خاك و خەڵك پێیان نایە قۆناغێکی نوێوە و وەرزی بەهاری ئازادی بەخۆی و گوڵاڵە سورەکانییەوە لەسەر چیا و دەشت و دۆڵی ئەم وڵاتە خۆی نمایش دەکرد..چێژی ئازادی لە هەموو چێژێکی تر بەتامترە، بینینی کەلاکی جەللادەکان دەروونی مرۆڤی لە ڕق خاڵی دەکردەوە، ژێردەستکەوتنی فەلاقەخانەکان و پێچانەوەی دەزگا سیخوڕی و ئەمنیەکان ڕێز و کەرامەتی لەکەدارکراوی بۆ مەردوومانی ئەم وڵاتە دەگێرایەوە، مرۆڤ پڕ بەسییەکانی

هـەوای ئـازادی هەڵمـژی و دووکـەڵ و بوخـاری خـەم و حـەزە پەسـتاوەکان بـە هەناسەیەکی قوڵ درا بەدەم باوە... بە قـەدەر بـوونی مـرۆڤ ئـازادی بـۆ مـرۆڤ پێویستە، ئێمە وەک گەلێکی بێبەشکراو لە ئازادی لەپڕ ئەندێشەی ئازادیمان بوو بە واقیع و وەک کۆرپەیەکی شیرینی چاوەڕوانکراو کەوتە گڕو گاڵ...

لەگەڵ گەڕانەوەی شۆڕشی شاخ بۆ ناو شـار، بزوتنـەوە چـەکداریەکەی عـەزامی موهاجیریش گەڕایەوە ناو شار و جەماوەرێکی گەورەی لـە دەور خڕبوویـەوە... زۆربی جەماوەری بزوتنەوەکەی عەزام سەرکردەکانی کۆمەڵەکەی ئێمەی بێزار و خەمبار کرد بوو، چونکە فراوان بوونی کار و جەماوەری زۆری عەزام پاستێتی پا و بۆچوونەکانی ئەوی دەسەلماند و بەو چەند ساڵە کەمەی کـاری چـەکداریـیش لـە شـاخ شـەرعیەت و بـوونی خۆیـان سـەلماند بـوو، ئـەوەش ئەنـدام گـەلێکی لـە کۆمەڵەکەی ئێمە دڵسارد دەکردەوە، بۆیە ڕۆژانە چەندین ئەندامان کۆمەڵەکەی بەجێدەهێڵاو پەیوەندی بە بزوتنەوەکەی عەزامەوە دەکرد...

کۆمەڵەکەمان لەگەڵ فەزای ئازادیدا دەست لـە مـلان بـوو، ئێمـەش وەک دەیـان کۆمەڵە و حیزب و لایەنی تر کەوتینە گڕوگاڵی کـار و چـالاکی... هـەڵگرتنی ئـەو سەنگە قورسەی ڕژێم لەسەر سنگی کۆمەڵە و ڕێکخراوەکان تـەکانی گـەورەی دا بە بزاڤ و بزوتنەوە جۆراوجۆرەکان..ئێمەش یەکێك بـووین لەوانـەی هەلەکـەمان قۆستەوە و لە کەمترین کاتدا زۆرترین چـالاکییمان ئـەنجام دەدا، بـەڵام ئـەوەی ئێمەی بێزار کرد بوو بزوتنەوەکەی عەزام بوو، ئێمە ئەوانمان بە بەدیلی خۆمـان دەزانی و ئەوانیش ئێمەیان بە کەسانێکی ترسنۆك و بێ ئیرادە تەماشا دەکرد...

ناکۆکییەکانی ناوەوەی ئێمـەش ڕۆژ لـە دوای ڕۆژ ڕوو بـە دەرەوە هـەنگاوی هەڵدەگرت، لە دانیشتنەکاندا حیلمی شـێخ ئـەنوەر و حەسـەنی مـودەڕیس بـوو بـوون بـە دوو ڕکەبـەری سەرسـەختی یەکتر...حەسـەن جیابوونـەوەی عـەزامی موهـاجیری لـە ناوچـاوانی حیلمـی دەناسـی، حیلمـیش بێباکانـە دەیـوت: ئێمـە باوەڕمان بە زۆر و چەك نییە و هەرگیز پەنای بۆ نابەین...

حەسەن پەخنەی دەگرت و دەیوت: گەر کارەکەی عەزام هەڵە بووبێت ئەوا ئەم هەوڵە تازەی تۆ بۆ گۆڕینی کۆمەڵەکەمان لە کۆمەڵەیەکی ئەخلاقییەوە بۆ کۆمەڵەیەکی سیاسی دیسان لادانە لە خەت و هێڵی مامۆستا و گرتنەبەری نەهجێکی تر...

حیلمی دەیوت: کاری سیاسی جۆرێکە لە خەباتی ئاشتییانە و پێویستە پەنای بۆ ببەین...

حیلمی وای لە ئەندامانی کۆمەڵەکە گەیاندبوو سەرکەوتنی کارەکەی عەزام بۆ بوونی حیزبەکەی دەگەڕێتەوە و گەر ئێمەش خاوەنی حیزبێکی سیاسی بین ئەوا کارەکانمان فراوان دەبێت و ئەندامەکانمان لێمان دوور ناکەونەوە و ڕوو لە بزوتنەوەکەی عەزام ناکەن...

لەو سەروبەندەدا هەرێمەکە بوو بە خاوەنی دەسەلاتی یاسا، کارو چالاکی حیزب و رێکخراو و کۆمەڵەکان پێویستی بە مۆڵەتێکی یاسایی هەبوو...حیلمی شێخ ئەنوەر لە ژێرەوە بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەنجوومەنی باڵای کۆمەڵەکەی ڕازی کرد بوو تا بەرنامەی حیزبێك گەاڵە بکەن و لەسەر ئەو بەرنامەیە مۆڵەتی حیزبێکی سیاسی وەربگرن...

ئەنجوومەنی باڵا کۆبوونەوە و حیلمی ڕایەکەی خۆی بۆ دروستکردنی حیزبی سیاسی خستە بەردەم ئەنجوومەنەکە و یەکەمین کەسێك لێی هاتە دەنگ حەسەنی مودەڕیس بوو... ئەو ڕۆژە زۆر بە تووندی حەسەن دابارێ بەسەر حیلمی دا و بەڕەچی ڕایەکەی دایەوە، بەاڵم حیلمی لە وەاڵمیدا وتی: من و تۆ نابێ خودڕەوانە بڕیارەکانی خۆمان بسەپێنین، ئەم ئەنجوومەنە ناکۆکیەکانی من و تۆ یەکلا دەکاتەوە...

حەسەن وتی: مەبەستت چییە؟

حیلمی لە وەاڵمدا: ڕایەکەی من دەخەینە دەنگدانەوە تاکو بزانین چەند کەس لەگەڵ ئەو ڕایەدایە...

ڕایەکەی حیلمی زۆرینەی دەنگەکانی ئەنجوومەنی بە دەست هێنا و من و حەسەنی مودەڕیس و زاهیدی پیریادی و چەند کەسێکی کەم بەتەنها ماینەوە...

حیلمی وتی: لەم ساتەوە ئێمە حیزبێکی سیاسین و تەنها کۆمەڵەیەکی ئەخلاقی نین، بۆیە هەرکەسێ ئەم پرۆژە و بڕیارەی ئێمەی قووبوڵ نییە دەتوانێ لە چارەنوسی خۆی بڕیار بدات..

حیلمی خۆزگەی بوو من و حەسەن و زاهید لە کۆمەڵەکەدا نەبین بەڵام دەیویست بڕیارەکە بڕیاری ئێمە بێت، چونکە ئێمە بۆ ئەو مایەی سەرئێشە بووین و لە بەردەم گەیشتن بە حەز و ئاواتەکانیدا ڕێگر بووین...

حەسەنی مودەڕیس وتی: لە ئێستاوە بزانە من لەگەڵ ئەو بڕیارەی تۆدا نیم و ئاوا کارێکیشم قبوول نییە...

حیلمی پێی وت: دەبێ لای هەموان ڕۆشن بێت ئەم بڕیارە بەتەنها بڕیاری من نییە و ئەنجوومەنی بالا لەسەری کۆبووەتەوە، بۆیە لادان لەو بڕیارە لادانە لە نەهجی مامۆستا کە فەرمانی پێداوین گوێرایەڵی بڕیارەکانی ئەنجومەن ببین...

حەسەنی مودەڕیس خۆی پێ نەگیرا و پێی وت: ئێوەن بە هۆی حەزی دەسەلاتەوە لە نەهجی مامۆستا لاتان داوە و چاوتان ڕاستییەکان نابینێت، بەناوی ئەخلاق و چاکەخوازیەوە مەردومانتان فریوداوە و ئێستا دەتانەوێ بەو هۆیەوە کورسی بەدەست بهێنن، ئێوە ئەخلاق بۆ گرتنە دەستی حوکم و سیاسەت بە وەسیلە دەزانن...

حیلمی ڕووی کردە من و زاهید و وتی: ئێوە چی دەڵێن؟

زاهید وتی: من خۆم لەم ململانێی تۆ و حەسەن بەری دەکەم و نادەمە پاڵی هیچ کامتان و ناتوانم کاری هیچ کەسێکتان قبوول بکەم، من دەزانم ململانێی ئێوە پەیوەست نییە بە فیکرو ڕای جیاوازەوە، بۆیە من و هەرکەسێکی تر ڕای لەگەڵ مندا بێت خۆمان لە ئێوە دوور دەخەینەوە تاکو بە خۆتاندا دەچنەوە و

دەگەڕێنەوە سەر ئەو نەهجەی مامۆستا لە سەری بوو، ئەو ڕێگەش کە مامۆستا لەسەری بوو خۆشەویستی و ڕەوشتی بەرزە نەك ململانێی و ڕك و کینە...

حیلمی بە پەرۆش بوو بۆ بیستنی ڕا و سەرنجی من، لایەکی بەلای منداکردەوە و وتی: تۆ چیمان پێ دەڵێیت؟

وتم: من نیم لەگەڵ کاری هیچ یەك لە ئێوە، تۆ بە پێڕ و حیزبەکەی خۆتدا دەنازیت و حەسەنیش بەو کۆمەڵەی کە لەگەڵیدایە هەڕەشە لە تۆ دەکات و زاهیدیش گوایە هیچ کام لە ئێوەی قبوولْ نیە بۆیە دەستەیەکی ئامادە کردوە و دەبێت بە مورشیدیان...ئێوە هەر سێکتان کۆمەڵەکەتان پارچە پارچە کرد، بەڵام تۆ لە هەموویان زیاتر بەرپرسیاریت...من دەستە و پێڕ و کۆمەڵم نییە و نامەوێ ببم بە ڕابەری هیچ گروهێك، ئەوەش بزانن دوورکەوتنەوەی من لە کۆمەڵەکەی هەر سێکتان نیشانەی لادانی ئێوەیە لەوەی مامۆستا لە سەری بووە، ناشڵێم من لەسەر ئەوەم کە مامۆستا بە ئێمەی گەیاند، چونکە کۆمەڵەکەی مامۆستا کۆتایی پێهات و لە ئەمڕۆ بە دواوە شتێك نییە ناوی کۆمەڵەی ئەشرەفی سوڵتانی بێت، هەرکەسیش ئەو بانگەشەیە بکات ناپاکی لە مامۆستا کردووە...

حیلمی پڕۆژە حیزبیەکەی پێشکەش کرد و بوو بە خاوەنی حیزبێکی سیاسی، بنکە و بارەگای حیزبییان دامەزراند و هەرەمی دەسەلاتیان دروست کرد و پلە و پایەی حیزبییان وەك چیکلێتی جەژن بەخشییەوە و هەندێك ئەستێرەی کەوتەسەرشان و هەندێکیش بوو بە کۆیلە و خزمەتکار...

لە سەرەتاوە بەشەرمەوە لە سەر کورسی دادەنیشتن، بەڵام دواتر لە سیاسەت قاڵبوون و ئەو شەرمە شکا و لە سیاسییەکی پەنجا ساڵە باشتر کورسیەکەیان دەسوڕاند و یاریان پێ دەکرد...

لە دانیشتنەکاندا بیریان لەو ڕۆژانە دەکردەوە کە باسەکانیان بەدەوری ئەخلاق و خۆشەویستی و خزمەت بە مرۆڤدا دەخولایەوە و ئێستاش باس لە

گەمەی سیاسی و پیلانگێڕی و خۆدەرخستنە، بۆیە بەبەردەوامی دەیانویست ئەو نەنگییە پینە بکەن بەوەی گوایە پەیامەکەی ئەشرەفی سوڵتانی قۆناغێک بووە لە کار و ئێستاش هەلومەرجێکی نوێیە و گەر مامۆستا بمابایە و لەگەڵمان بوایە بە دڵنیاییەوە ئەم کارەی ئێمەی ئەنجام دەدا..

هەندێ جار لە لایەن ئەندامەکانەوە پرووبەرووی پرسیار دەبوونەوە: جیاوازی ئەم کارەی ئێمە لەگەڵ بزوتنەوەکەی عەزام لە چیدایە؟

سەرکردایەتی دەیوت: ئەوان باوەڕیان بە چەکە و ئێمە باوەڕمان پێی نییە...

ڕەخنەیان لێ دەگیرا و دەوترا: محەممەدی خەڵوەتی یەکێکە لە نزیکترین هاوەڵەکانی مامۆستا و سەرجەم نهێنییەکانی ئەشرەفی سوڵتانی لەلای ئەوە، گەر بیزانیبایە ئەم کارەی ئێمە ڕاست و دروستە دەبوو بە یەکێك لە ئەندامانی حیزبەکەمان، نەهاتنی ئەو بەڵگەی بە هەڵەداچوون و لادانی ئێمەیە لە نەهجی ئەشرەفی سوڵتانی...

لە وەڵامدا سەرکردەی لێزان دەیوت: ناکرێت ئێمە هەموومان بە هەڵەدا چووبین و تەنها کەسێك ڕاست بکات، ئێمە ئەم کارەمان بە ڕای ئەنجوومەن کردووە و زۆرینەی دەنگ لەگەڵیەتی، مامۆستا ئەشرەف لە دوای خۆی ڕای ئەنجوومەنەکەی بەجێهێڵاوە نەك ڕای محەممەدی خەڵوەتی، بۆیە ئەو بە هەڵەدا چووە کە پابەند نابێ بە ڕای زۆرینەی ئەنجوومەنەکەوە..

ڕوالەتی ئەم وەڵامانەیان ئەقڵ دەیگرت و قەناعەتی بە هەندێ مرۆڤی سادەلۆح دەهێنا، وەلێ حەقیقەتی ئەو حیزبە سیاسییە شتێکی تر بوو... ئارەزوویەکی شاراوەی چەندین ساڵ پەرچێنراوی حیلمی و هاوەڵەکانی بوو... خولیایەکی منداڵی بوو لە گەورەییدا سەرقاڵی بوو بوون، خەونێکی سەرەتاکانی ژیان بوو ئێستا هاتبووە دی، بەڵام ئەو حەز و خەون و خولیانە بە هەندێ ئەدەبیات ڕووکەش کرا بوون کە لای مرۆڤی سادە دەمامکێکی دەدرا بە ڕوودا و ڕاستییەکانی لێ دەشاردەوە...

بزوتنەوەکەی عەزام ڕوو بە ڕووی چەندین قەیران بووبووە، کەوتنە ململانێ لەگەڵ دەسەلآت و بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو ململانێیەش چەک و زۆریان بەکار دەهێنا...دەسەلآتیش چەکداربوونی ئەوانی بە باش نەدەزانی، سەرئەنجام کێشایان بە یەکدا و دەیان و سەدان مرۆڤ لەو مەیدانەدا خوێنیان ڕژا...

قەیرانەکانی بزوتنەوەکەی عەزام بە قازانجی حیزبە سیاسیەکەی حیلمی شکایەوە، چونکە شکستی تیوری خەباتی چەکداری سەرکەوتن بوو بۆ بانگەشەی خەباتی ئاشتیانەی حیلمی و هاوەڵەکانی...

بزوتنەوەکەی عەزام بە هێز و بازووی خۆیدا دەنازی، جەماوەرێك لە دەوری کۆ بووبووەوە، کەسانێکی سۆزباوی و جۆشخواردوو سەرکردایەتی حیزبەکەیان گرتبووە دەست، مەلای چەکوش یەکێك بوو لە سەرکردە ئاگرینەکانی بزوتنەوەکەی عەزام دەڵێن بۆیە نازناوی چەکوشی پێدرا بوو سەردەمانێك لە ناو گروپێکی چەپدا کاری کرد بوو، دواتر ئاراستەیەکی پێچەوانەی یەکەمجار وەردەگرێت و سەری لە بزوتنەوەکەی عەزامەوە دەردەچێت و لەوێش نازناوی "مەلا"ی خەلآت دەکرێت و دەبێت بە مەلای چەکوش....ئەو وتاربێژێکی بلیمەت بوو، هەرکاتێك دەکەوتە وتاردان گەنج و پیری دەهێنایە جۆش و خرۆش و کۆنترۆڵی هەست و بیریانی دەکرد و بەو جۆرەی دەیویست ئاراستەی دەکردن... مەلای چەکوش ئەوەندەی قسە و وتار بوو ئەوەندە کار و کردار نەبوو.. ئەو بزوتنەوەکەی عەزامی ڕووبەڕووی چەندین جەنگی خوێناوی کردەوە...

هەر لەو دەمانەدا دەسەلآت هەموو شتێکی بۆ خۆی قۆرخ کرد بوو، خەمی پڕکردنی گیرفان لای بەرپرسەکان لە خەمی نیشتمان گەورەتر بوو، گیرفانی قوولّی پیاوانی دەسەلآت بەزەیی بە کەسدا نەدەهاتەوە، فراوانی و بێ وێژدانی ئەو گیرفانانە گەیشتە ڕادەیەك مووچەی مامۆستا بخۆن و مندالآنیان لە ژیان بێ

بەش بکەن...هەر ناوچەیەك بە چەند کەسێك سپێررا بوو بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی بکەن و بە ویستی خۆیان بیرۆتێننەوە... بکوژ و بەرپ لەو جێگانەدا ئەو چەند کەسە بوون ناوچەکەیان قۆنتەرات کرد بوو...

کۆمەڵگە لەو سەردەمەدا جەنگەڵستان بوو، درندەکان جەنگەڵەکەیان بۆ چەندین ناوچەی دەسەلآت دابەش کرد بوو رۆڵەی مەردوومان لە نیوەشەودا قۆڵبەست دەکران و پاشان لە رێگەی دەلاڵەکانەوە کەسوکاری گیراوەکە ئاگادار دەکرا و پێی دەوترا تەنها فلآن بەرپرس دەتوانێ رۆڵەکەت لە ئەشکەنجە و بەندیخانە قوتار بکات، ئەویش بۆ رزگارکردنی جگەرگۆشەکەی پارەیەکی زۆری بە گیرفانی بەرپرسەکەدا دەکرد و ژیانی منداڵەکەی خۆی پێ دەکرپیەوە...

لەو سەردەمەدا باوەڕ وابوو کە جەنگ و تووندو تیژی دەتوانێ سەرجەم کێشەکان یەکلا بکاتەوە، مەرامی جەنگەکانیش لە یەکتر جیاواز بوون، جەنگ بۆ گیرفان، جەنگ بۆ دەسەلآت، جەنگ بۆ یاریچیەکانی پشتەوەی جەنگ، بەلآم کەڕەنای وتارەکان باسی نیشتمان و ئازادی و خوا و دیموکراسی دەکرد و بەرانبەرەکەیان بە جاش و خائین و کافر و دیکتاتۆر تۆمەتبار دەکرد...وشەی شەهادەت بە گوێی هەموانداد دەدرا و جەنگاوەرەکان بە ئومێدی شەهادەتەوە ڕوویان لە بەرەکانی شەڕ دەکرد، بەلآم سەرکردەکان ئێواران لەسەر مێزی خواردنەوە ژمارەی دەفتەری دۆلاریان لە بیری خۆیاندا لێکدەدایەوە...منداڵی جەنگاوەرەکان لە کڕنووش و دوعادا بوون ئەم جارەش باوکیان بۆ ناو ئەوان بگەڕێتەوە و نەبێت بە سوتەمەنی جەنگی ناوخۆ، بەلآم منداڵی سەرکردەکانی جەنگ جانتاکانیان بە دەفتەرە دۆلارەوە پێچابوویەوە و بەرەو فڕۆکەخانەکانی ئەورووپا دەڕۆیشتن...بەشێك لە جەنگاوەرەکان خۆیان بۆ بەهەشت و پلەی شەهادەت ئامادە کرد بوو، وەلێ ڕابەرانی یاری جەنگ فیشەی جیهادەکەیان لە کەنالەکانی ئەورووپا دابوو...

حەسەنی مودەڕیس و ئەو چەند کەسە کەمەی لەگەڵیدا بوون کەوتنە بانگەشەی ناشەرعیەت بوونی حیزبە سیاسیەکەی حیلمی و خۆیان بە ڕەسەن و پەسەند دەزانی...بەڵام کات لە بەرژەوەندی ئەوان نەبوو، چونکە حیزبەکەی حیلمی لە مەیدانەکەدا بوونی خۆی سەلماند بوو...ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشە و گۆڕانیانیان بەخۆوە دەبینی بەتایبەت دوای چەند جار شکستی بزوتنەوە چەکداریەکەی عەزامی موهاجیر...

حەسەنی مودەڕیس لە بزوتنەوەکەی عەزام نزیك بوویەوە بەو هیوایەی لەو جێگەیە خۆی بهێنێتەوە مایە...دوای دانیشتن و گفتوگۆی دوور و درێژ حەسەن و هاوەڵەکانی بڕیاریان دا خۆیان بکەن بە ناو بزوتنەوەکەی عەزامدا... . یەکگرتنی حەسەن و عەزام یەکگرتنی دوو لاواز بوو بەرانبەر بە خاوەن هێزێك کە حیلمی بوو، ئەوان لە شکستەوە بیریان لە یەکبوون کردبوەوە، نەك لەباوەڕێکی قووڵ و دامەزراو بە یەکبوون...یەکگرتنەکەیان پەرچەکردارێکی دەرەوە بوو نەك کردارێك زادەی بیرو ناخ و قەناعەت بێت...

سەرەتای یەکگرتنەکەیان هەڵا و بانگەشەی زۆی بۆ کرا وەلێ تەنها ڕاگەیاندنێکی بێ ناوەرۆك بوو چونکە حەسەن و عەزامیش هەریەکەیان پیلانێکی تایبەت بە خۆی هەبوو..ئەوان دەیانویست یەکتری بۆ مەرامی خۆیان بەکار بهێنن.. حەسەن دەیویست بە پێنج و دوو ڕۆژێ خۆی بە سەر بزوتنەوەکەی عەزامدا بسەپێنێ بەڵام عەزامیش دەیویست حەسەن و دار و دەستەکەی لە ناو خۆیدا بتوێنێتەوە و لە جەنگی دژ بە حیلمی دا بە کاریان بهێنێت...

ڕۆیشتنی حەسەن بۆ ناو بزوتنەوەکەی عەزام ڕاستێتی قسەکانی حیلمی نیشان دەدا کە دەیوت: حەسەن حەزی لە پلەو پایە و پۆست و خۆدەرخستنە، بۆیە ئەندامەکانی حیزبە سیاسیەکەی ئەوەندەی تر باوەشیان بە حیلمیدا کرد..

لە سەرەتاوە زاهیدی پیریادی هەوڵی زۆری بە خەرجدا بۆ ئەوەی حەسەن و حیلمی پێك بهێنێتەوە، بەڵام هەوڵەکانی بێ ئەنجام بوون، حەسەن و حیلمی

نانیان لەت بوو بوو...ململانێی نێوانیان گۆڕا بوو بۆ ڕك و كینە، چووبوونە كەمین بۆ یەكتر و پێكهاتنەوەیان كارێكی ئەستەم بوو... ئەوان بوونی یەكتریان بە نەبوونی خۆیان دەزانی دژوارترین ململانێش ئەو ململانییە قسە لەمان و نەمان دەكات...

عەزام و حەسەن وایان دەزانی بەو هاوپەیمانێتییەی نێوانیان دەتوانن حیلمی و حیزبە سیاسیەكەی بە چۆكدا بهێنن بەڵام ڕاستی پێچەوانەی خەو و خولیای ئەوان بوو...نزیكبوونەوەی عەزام و حەسەن لە یەكتر و دروستكردنی بەرەیەكی دژ بە حیلمی هۆكاری لاوازبوونی ئەو دوو كەسە بوو نەك سەركەوتن بە سەر حیلمیدا...حەسەن دەیویست بزوتنەوەكەی عەزام بەكار بهێنێت بۆ دژایەتی كردنی حیلمی، چونكە بەتەنها خۆی حیلمی پێ نەدەهات بە چۆكدا عەزامیش دەیویست بە لێكردنەوەی حەسەن لە حیزبە سیاسیەكەی حیلمی و هێنانی بۆ ناو بزوتنەوەكە شەرعیەتی بوونی خۆی بسەلمێنێ و قەیران و تەنگەژە بۆ حیلمی دروست بكات...هەر یەكێك لەو سێ كەسە خەونی بە شتێكەوە دەبینی و مەرامی تایبەت بە خۆی هەبوو، بەڵام مەرامەكان بە دەمامك ڕووپۆش كرابوون...

زاهید پەیوەندییەكانی خۆی بەتەواوی لەگەڵ هەردوولایان كۆتایی پێ هێنا و لەگەڵ دەستەكەیدا گۆشەنشین بوون و پشتیان لە حەز و ئارەزوەكانی دونیا كرد و وتیان: پەنا بە خودا دەگرین لە شەیتان و سیاسەت...ئەوان بەجۆرێك لە واقیعی ژیان دووركەوتنەوە ئاوڕدانەوەیان بەلای سیاسەتدا بە گومڕایی دەزانی...

حیزبە سیاسییەكەی حیلمی دەتوت سیاسەتیان بە شێرەوە خواردووە، كەوتنە هاوپەیمانێتی و تلاتێنی سیاسی.. لای دەسەڵات خۆیان بە پارێزەری ئاسایش و خەمخۆری ئەزموونی دیموكراسی نیشان دەدا و بزوتنەوەكەی

عەزامیان بە تووندڕەو تۆمەتبار دەکرد و لە دەسەلاتیان وا دەگەیاند گەر ڕێگە بە کاری ئەوان نەدرێت ئەوا بزوتنەوەکەی عەزام گەشە دەکات و تۆوی تووندڕەوی دەچێنێ و دەبێتە مەترسی بۆ سەر دەسەلات...

مەلای چەکوش تەنها بە ناو لە ناو بزوتنەوەکەی عەزام دا بوو، ئەو پێڕێکی تایبەت بە خۆی لە ناو بزوتنەوەکەدا دروست کرد بوو، پاش ماوەیەک دەستەکەی خۆی جیا کردەوە و بوون بە ڕێکخراوێکی چەکدار و پەیوەندییان بە چەندین ڕێکخراوی چەکداری نێو دەوڵەتییەوە کرد...

بزوتنەوەکەی عەزام دوای جیابوونەوەی مەلای چەکوش و یەکگرتنی لەگەڵ دەستەکەی حەسەنی مودەڕیس کەوتنە ململانێ و پیلان گێڕان لە ناو خۆیاندا و دژ بە یەکتری...حەسەنی مودەڕیس دەیویست حیزبێکی تر لەناو بزوتنەوەکەی عەزام دروست بکات و زەمینە خۆش بکات بۆ گرتنە دەستی دەسەلات لە هەڵبژاردنی داهاتوویاندا...

لە ناو بزوتنەوەکەی عەزامدا دەستەیەکی تر جگە لە پێڕەکەی حەسەن لە سێبەرەوە و بە نهێنی کاری دەکرد ئەویش دەستەکەی فوئادی ساهیر بوو، ئەم دەستەیە دەیویست لە ململانێکەی نێوان عەزام و حەسەن کەڵک وەر بگرێت و بەو جەنگەیان لەگەڵ یەکتر تواناکانیان بە فیڕۆ بڕوا و لەو ناوەندەدا ئەوان کاری خۆیان بکەن و دەستی حیزبی بوەشێنن...

عەزام و حەسەن سەرقاڵی پیلان بوون دژ بە یەکتر و هەریەکەیان دەیویست ئەویتریان ببەزێنێت، لە بیریان چوو بوو لە نێوانیاندا هێزی سێیەم سەری هەڵداوە و خەریکە مەیدانەکەیان لێ داگیر دەکات...

فوئادی ساهیر لە نالێ دەدا و لە بزماریش، پشتی لایەکیانی نەدەگرت تا ململانێکە یەکلا ببێتەوە بەڵکو دەیویست ئەو دوو کەسە بە جۆرێك تین و توانا لە یەکتر ببڕن لە داهاتوودا نەتوانن ململانێی ئەو و پێڕەکەی بکەن، گەمەی

راگرتنی هاوسەنگی (فوئاد) لە نێوان عەزام و حەسەندا دەستەکەی فوئادی بە هێز کرد و زۆرینەی گەنجان و لاوانی بێزار بوو لەو ململانێی نێوان عەزام و حەسەن بوون بە جەماوەری فوئاد...

عەزام و حەسەن کاتێ بەئاگاهاتنەوە فوئاد دەستی خۆی وەشاند بوو، بۆیە ئاوڕیان بە لای پێڕەکەی ناوبراودا دایەوە و جەنگی نێوانیان گۆڕا بۆ جەنگ دژ بە فوئادی ساهیر، فوئاد داوای پۆست و دەسەلاتی زیاتری لە ناو بزوتنەوەکە دەکرد، دەسەلاتی زیاتری فوئادیش مانای کۆنترۆڵ کردنی بزوتنەوەکەی دەگەیاند، کۆنترۆڵکردنی بزوتنەوەکەش لە لایەن فوئادەوە مەرگی خەباتی سیاسییانەی عەزام و حەسەنی پا دەگەیاند، بۆیە مووچە و نانی ئەندامانی دەستەکەی فوئادیان بڕی و کەوتنە جەنگێکی پاگەیاندن دژ بە فوئاد و پێڕەکەی و قسەکردن لەگەڵ هەموو ئەو ئەندامانەی مەیلیان بە لای فوئادا هەبوو تاکو بتوانن قەناعەتیان پێ بهێنن بۆ ئەوەی لە پاڵپشتی کردنی فوئاد دەست بکێشنەوە...

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ململانێکەی نێوانیان سەختتر و خوێناویتر دەبوو تا ڕادەی بیرکردنەوە لە پاکتاوکردنی جەستەیی یەکتر و پەنا بردن بۆ چەک و تووندوتیژی...

فوئادی ساهیر کۆمەکی و پاڵپشتی دەرەوە و ناوەوەی بە دەست هێنا و لە بزوتنەوەکەی عەزام و حەسەن جیا بوویەوە و حیزبێکی سیاسی چەکداری پاگەیاند...

ململانێی نێوان عەزام و حەسەن و جیابوونەوەی دوو دەستە تۆ بڵێ دوو حیزب لە بزوتنەوەکەی عەزام–کە جیابوونەوەی مەلای چەکوش و جیابوونەوەی فوئادی ساهیر بوو– بزوتنەوەکەی لەڕ و لاواز کرد و هێز و ڕێزی لە دەست دا و تەنها بوو بە ناوێکی بێ ناوەرۆک...

لە کۆی ئەم هەموو قەیران و ململانێ و لە یەکتر جیابوونەوانەی بزوتنەوە چەکداریەکەی عەزام حیزبە سیاسیەکەی حیلمی سوودی وەرگرت و شکستی ئەوانی دەکردە بەڵگەی ڕاستی و دروستی ڕێگە و مەنهەجی، بۆیە جەماوەرێکی زۆر لەدەوری کۆ بوونەوە و بوو بە هێزو قەوارەیەکی سیاسی بەرچاو...

زوهد و تەنهایی

(ئاراستەیەکی پێچەوانە)

زاهید و موریدەکانی کاری سیاسیان بە گومڕایی دەزانی و سیاسەتیشیان بە کوفر و زەندەقە لێکدەدایەوە.. ڕەشبینی ئەوان بە ژیان گەیشتە ئاستێك مەرجی قبوولّ کردنی کەسێك لە ناو کۆڕ و کۆمەڵەکەیاندا دەستکێشانەوە بێت لە ژیان و کار و کەسابەت، تا بۆیشی دەکرێت خۆی لە دروستکردنی خێزان و ژنهێنان بەدووربگرێت....ئەوان دژە ئاراستەی حیزبە سیاسیەکەی حیلمی و تلاتێنەکەی حەسەن و عەزام بوون، پەرچەکرداری چەقینی ئەوان لە دونیاگەرایدا ژیان نەویستی زاهید و موریدەکانی بوو، سەردەمانێك زاهید لە خولیای ئەوەدا بوو خۆی و موریدەکانی کۆمەڵ بەجێ بهێڵن و وەك ڕاهیبەکانی نەسارا ڕوو لە دەشت و دۆڵ و چیاکان بکەن...

خەمی زۆری ژیان و بیرکردنەوە لە مامۆستا و چارەنوسی ڕەشی کۆمەڵەکەی شەوان دەبووە ئاگرێك و بەردەبووە ڕۆح و جەستەم، بۆ دامرکاندنەوەی گڕ و بلێسەی ئەو ئاگرە ڕووم لە کۆڕی زیکر زاهید و موریدەکانی دەکرد...لە دوورەوە دادەنیشتم و سەرنجیانم دەدا و تێکەڵیان نەدەبووم... گوێم بۆ نالّە و ئەفغانی سینەیان دەگرت، لەگەڵ کۆڕی گریانی ئەواندا منیش دەگریام، هەموو شەوێ ماتەمێکم دەگێڕا، ئەوەندە فرمێسکم دەڕشت تا چاوەکانم قورس دەبوون، لە کۆتاییدا بەبێدەنگی هەڵدەستام و بە بێ ئەوەی لەگەڵ کەسێك لەوان قسەیەك بکەم کۆڕەکەم بەجێدەهێڵا و بەسەر شەقامە چۆڵەکاندا بەرەو ماڵەوە بەگەڕدەکەوتم...

هەندێ لە جاران لام دەدایە لای سەرخۆشەکانی ناو پارکە بچکۆلانەکەی شار و تێـر لێیـان ورد دەبوومـەوە و دەکەوتمـە گفتوگـۆ لەگـەڵیان...ژیانی هـەر سەرخۆشێك داستانێکە، پرسیارم لێ دەکردن و گوێم بۆ خەمەکانیان دەگرت... زۆربـەی سەرخۆشـانی نـاو شـەقامەکان کەسـانێکی پەراگەنـدەن و نـازار و مەینەتییەکانی ژیان پەنای بۆ مەی پێ بردوون...هەندێکیان بـە پۆژدا کرێکـاری دەکـەن و شـەوانە خۆیـانی پـێ سـەرخۆش دەکەن...بەشـێك لەوانـە یـان خانەوادەیان نییە، یاخود لـە خێزانـەکانیان دەرکـراون، هەشـیانە کارەساتێکی دڵتەزێن بە سەریدا هاتووە و پشتی لە دونیا پێ کردووە... بـووم بـە هـاودەم و هاوڕازی مەیخۆرەکان، تا وای لێهات حیزبەکـەی حیلمـی بـە مـەیخۆر و زەندیقم بزانن...من باکم بەو قسە و باسانە نەبوو چـونکە خـۆمم دەناسـی و دەشمزانـی مـەیخۆرەکان ئـەو درندانـە نـین ئـەوان وێنایـان دەکەن...مـەیخۆرەکان هـاوەڵی گیانی بە گیانی من بوون، شەوان لەگەڵ بەجێهێڵانی کۆڕی زاهید و موریدەکانی گەر لام نەدایەتە لایان هەستم بە خەمۆکی و نائارە دەکرد...

ئەوان تا سەر ئێسقان مرۆڤن، بەڵام مرۆڤێك لە پـەراوێزی ژیـان و کۆمەڵگـەدا دەژی...مرۆڤێ ئازارەکانی ژیان بوونی خۆیی پێ لەبیر بردۆتەوە... گەر شەوێك نەمتوانیبایە سەردانیان بکەم، چاوەڕوانم دەبوون و شەوی داهاتوو پرسیاریان لە دیارنـەبوونم دەکـرد... دەیـانوت: بۆچـی لەگـەڵمان ناخۆیـەوە؟ پێمـان سـەیرە یـەکێك ئـالودەی مـەیخۆرەکان بـوو بێـت و نەخواتـەوە! منـیش دەمـوت: بـە خواردنـەوەی شـەرابێکی تـر سـەرخۆش دەبم، جیایـە لـەوەی ئێـوە نۆشـی دەکەن....دەیانوت: گەر لەمەی ئێمە بەهێزترە هەندێکمان بـۆ بهێنـە....منیش دەمدایـە قاقـای پێکـەنین و دەمـوت: ئـەوەی لای منـە بەتـەنها مـن مەسـت و سـەرخۆش دەکـات، شـەرابەکەی مـن گـەلێك تاڵـە..دەیانوت: نـاوی چـی یـە؟ دەموت: ناوی خەم و مەینەتییەکانی ژیانە...

ئـەوان منیـان زۆر خـۆش دەویسـت، منـیش بەرانبـەریان لێوانلێـو بـووم بەبەزەیی...دەمویسـت بەشـێك لـە خەمـەکانیان بڕەوێنمـەوە و وردە وردە باوەڕیـان بـە ژیـان لا دروسـت بکەمـەوە، بـەلأم ئـازار و خەمـەکانی ئـەوان لـە تواناکانی من زۆرتر و زیاتر بوون، خەمەکانی خۆشم توانای لەبەر بڕی بووم...

شەوێك لـە کـۆڕی یـادی زاهیـد و موریـدەکانی هاتمـە دەرەوە و دوای بـڕینی شەقامە سەرەکییەکە لە بن یەکێك لە درەختەکانی سەر شۆستەکەدا، کەسێك بە ناوی خۆمەوە بانگی لێکردم، منیش ئاوڕم دایەوە و بینیم پیرەمێردێکە، سەرەتا هەندێ بە ترسەوە لێی چوومە پێشەوە، بەلأم کە نزیك بوومەوە بینیم پیـاوێکی هەژاری بەتەمەنە...

گەیشتمە بەردەمی و وتی +(لە تەنیشتمەوە دابنیشە)

منیش لە پەنایەوە دانیشتم و پێم وت–(چۆن من دەناسیت؟ تۆ کێیت؟)

+(یەکێکم لە غەریبانی شار، تۆش غەریبی، غەریبانیش یەکتر دەناسن...)

ئەوەندە بـە کـزی و ئـازارەوە وتـی: "غـەریبانیش یـەکتر دەناسـن"، ئـاگری بەردایە هەناوم..

پاشان بـە بزەیـەکی پڕلـە مانـاوە +(لەسـەر ئـەو هـەموو دۆسـت و بـرادەرە ئازیزانەی جارانت بەتەنها ماویتەوە!)

–(دیارە من خراپم...)

+(لە ئەمڕۆدا خراپەکاران دۆست و یاوەریان زۆرە...)

–(پێویستیت چی یە و چی بە من دەکرێت با بۆت بکەم؟)

+(پێویستیم بە تۆ نییە، سبەینێ سەردانێکی مزگەوتی شێخی مەزن بکە...)

–(بۆچی؟)

+(بۆ ڕەواندنەوەی خەمەکانت....)

منیش ماوەیە بێدەنگ بووم و بیرم لە قسەکەی کردەوە...
پاشان وتی (ئێستا هەستە و بچۆرەوە بۆ ماڵەوە)

بە ئەسپایی هەستامە سەرپێ و پیرەمێردەکەم بە جێهێڵاڵ و دوای چەند هەنگاوێك دوورکەوتنەوە ئاورێکم دایەوە بەڵام بۆ سەرسامی من پیرەمێردەکە لە بن درەختەکەدا دیارنەما وەك ئەوەی لەگەڵ یەکەم هەنگاوی دوورکەوتنەوەی من زەوی هەڵیلووشیبێت...ترسێکی سەیر هاتە گیانم و بەپەلە بەرە و ماڵەوە گەڕامەوە، بەڵام تا گەیشتنە بەردەم دەرگای ماڵی خۆمان وامدەزانی کەسێك بە دوامەوەیە و لێم جیانابێتەوە...

ئەو شەوە تا درەنگانێك بیرم لەو ڕووداوە سەیرە دەکردەوە، بریارم دا سبەینێ لەگەڵ خۆرکەوتن سەردانی مزگەوتی شێخی مەزن بکەم، کە گەیشتمە ئەو سەرئەنجامە خەو چاوەکانی داگیرکردم و بێئاگا بووم...بێئاگابوونم باڵی بۆ جیهانێ تر پێ گرتمەوە...لە خەونمدا بە دەم ئازارەوە خۆم کرد بە مزگەوتی شێخی مەزندا و گەنجێکی ڕەقەکاری سیما جوان بە دەممەوە هات و لێی پرسیم: حەزت بە بینینی مامۆستا ئەشرەفە؟

وتم: بەڵێ، زۆر، زۆر...

گەنجەکە پەلی گرتم و بردمی بەرە و ژوورێك کە لە حەوشەی مزگەوتەکەدا کرابوویەوە، تەقەمان لێدا و فەرموومان لێ کرا، گەنجەکەدا دەرگای ژوورەکەی کردەوە و منیش سەرم کێشایە ژوورەوە و بینیم مامۆستا ئەشرەف دانیشتوە و لەگەڵ بینینی ئەو ئازار لە گیانمدا نەما و سرور و ئاسودەییەك ڕووی لێکردم...لە مامۆستام پرسی: من تەنها کەوتووم چی بکەم باشە؟

وتی: بەتەنها بمێنەرەوە...لەگەڵ وتنی ئەو قسەی مامۆستا بەئاگاهاتم و هەتا بەیانی خەو نەچووە چاوەکانم...

بەیانی لەگەڵ خۆرکەوتن ماڵەوەم بەجێهێڵا و ڕووم لە مزگەوتی شێخی مەزن کرد...گەیشتمە بەر دەرگای مزگەوتەکە و وێستم بچمە ژوورەوە، لەنەکاو یەکێك لە دواوە بانگی لێکردم، ئاوڕم دایەوە و بینیم گەنجێکی بالأ بەرزی ڕەقەکارە و ڕدێنێکی ڕەشی تەنکی پێوەیە...

سەرنجێکی وردی گەنجەکەم دا و بەراوردم بەو گەنجە کرد شەوێ لە خەونمدا بینیبووم، زۆر شێوەی بەو دەچوو...سەرسامییەك دای گرتم و خامۆشییەك هات بە سەرم دا و گوێیەکانم بەرەو کپبوون ڕۆیشتن و چاوەکانم وێنەکانی لا تێکەڵ بوو، وام هەست دەکرد بەرەو بێهۆشی و لەخۆچوون دەڕۆم، لە پڕ ئاگام لە دەوروبەر دابڕاو خۆم لە جێگەیەکی تر بینییەوە، ڕووم لە ژوورێك کرد و دەرگام کردەوە و بینیم مامۆستا ئەشرەف لەوێ دانیشتووە، منی بینی بزەیەك هاتە سەر لێوەکانی و بەو خەندەیە هەرچی مەینەتی و ئازار و خەمە لێمی دوور خستەوە و لە دەریایەکی خۆشی و سروردا نوقم بووم...چێژو لەزەتی ئەو جیهانە بێئاگای کردمەوە لە خۆم و کاتێ بە ئاگاهاتمەوە لە خەستەخانە ڕاکشاوم و بریندارییەکی بچووك بە سەرمەوەیە...پرسیارم کرد: بۆ چی بۆ ئێرە هێنراوم؟

وتیان: ئاگات لە خۆت چووە و کەوتویت بە زەویدا و خێرخوازێك فریای خەستەخانەی خستووی...

لە دوای بینینی مامۆستا خەم و ئازار و ئەشکەنجە لە لای من باری کرد و بوو بەشێك لە ڕابردوو، بەڵکو هەندێك کات خۆشی و سروڕێك داگیری دەکردم و دەکەوتمە باڵەتەپێ و وەخت بوو بدەم لە شەقەی باڵ...

لە دوای ئەو ڕووداوە چەند جارێك بۆ بینینەوەی پیرەمێردی ژێر داری سەرشەقامەکە سەردانی شوێنەکەم کرد بەڵام نەم بینییەوە...وتم سەردانێکی مزگەوتی شێخی مەزن بکەم بەڵکو گەنجەکەم بەرچاو بکەوێت، وەلێ دیسان ئەویشم لێ بوو بە موورووی خدری زیندە...

شەوێکی هەینی لە دوای هاتنە دەرەوە لە کۆڕی زیکری زاهید و موریدەکانی بۆ چاوپێکەوتنیان لامدایە لای مەیخۆرەکان... بۆ سەرسوڕمانی من گەنجی بەردەم مزگەوتەکە لە لایان دانیشت بوو، لە دوورەوە منی بینی دەستی دایە پەرداخێ مەی و لە لێوەکانی خۆی نزیک کردەوە، لێیان نزیک بوومەوە و سەلامم کرد و فەرموویان لێکردم... گەنجەکە وەک ئەوەی پێشتر منی نەبینیبێت و ناوم نەزانێت منی پشتگوێ خست و لەگەڵ مەیخۆرەکان خەریکی قاقا و پێکەنین بوو... لەم هەموو لوغزو نهێنییە سەرم سوڕما بوو، دیار بوو مەیخۆرەکان برادەری دێرینی گەنجەکە بوون، خواردنی بۆ هێنا بوون، باسی ئەوەی بۆ دەکردن لە نانەواخانەیەک نانی درێوە و پاشان پێیان زانیوە و تێهەڵدانێکی باشی خواردووە، مەیخۆرەکانیش ئەیاندا لە قاقای پێکەنین و بە پشتا دەکەوتن... مێشکم لە دەستی ئەو هەموو شتە ڕاڤەنەکراوە دەسوڕایەوە، من وامدەزانی لە زۆر شتان گەیشتووم بەڵام ئەو شەوە بۆم دەرکەوت ئەوەندە نەزانم تەنانەت لە مەیخۆرەکانی سەر شەقامەکانیش نەگەیشتووم، هەستامە سەر پێ و ویستم بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە، گەنجەکە سەیرێکی کردم و وتی: ووریابە دیسان بەرنەبییەوە و سەرت بشکێ، چونکە ئەمجارە ناتوانم بۆ خەستەخانەت ببەم، قسەکانی ترسێکی خستە ناو گیانمەوە و تەکانم بەخۆم دا و وتم: من دەڕۆم خواحافیز...گەنجەکە وتی: گەر ویستت بمانبینیت لای مەیخۆرەکان دەمانبینییەوە، منیش لام کردەوە و وتم: پیرەمێردەکەش؟

وتی: نا، ئەو لە کانیاوی نوور...

باقری موجتەهیدی نەیویست زیاتر گوێ لە بیستنی شتە سەیروسەمەرەکان بگرێت بۆیە وتی: (تا ئێرە با بەس بێت، چونکە بە گێڕانەوەی سەربوردەکان ماندووم کردیت)

خەڵوەتی (قسە کردن مرۆڤ ماندوو ناکات بەڵکو هێنانەوە بەر یادی یادەوەرییە تاڵەکان برینە پەترۆ بەستوەکان دەهێنێتەوە سۆ، بەدرێژایی ئەم

شەوێکی هەینی لە دوای هاتنە دەرەوە لە کۆڕی زیکری زاهید و موریدەکانی بۆ چاوپێکەوتنیان لامدایە لای مەیخۆرەکان... بۆ سەرسوڕمانی من گەنجی بەردەم مزگەوتەکە لە لایان دانیشت بوو، لە دوورەوە منی بینی دەستی دایە پەرداخێ مەی و لە لێوەکانی خۆی نزیک کردەوە، لێیان نزیک بوومەوە و سەلامم کرد و فەرموویان لێکردم... گەنجەکە وەک ئەوەی پێشتر منی نەبینیبێت و ناوم نەزانێت منی پشتگوێ خست و لەگەڵ مەیخۆرەکان خەریکی قاقا و پێکەنین بوو... لەم هەموو لوغزو نهێنییە سەرم سوڕما بوو، دیار بوو مەیخۆرەکان برادەری دێرینی گەنجەکە بوون، خواردنی بۆ هێنا بوون، باسی ئەوەی بۆ دەکردن لە نانەواخانەیەک نانی دزیوە و پاشان پێیان زانیوە و تێهەڵدانێکی باشی خواردووە، مەیخۆرەکانیش ئەیاندا لە قاقای پێکەنین و بە پشتا دەکەوتن... مێشکم لە دەستی ئەو هەموو شتە ڕاڤەنەکراوە دەسوڕایەوە، من وامدەزانی لە زۆر شتان گەیشتووم بەڵام ئەو شەوە بۆم دەرکەوت ئەوەندە نەزانم تەنانەت لە مەیخۆرەکانی سەر شەقامەکانیش نەگەیشتووم، هەستامە سەر پێ و ویستم بۆ ماڵەوە بگەڕێمەوە، گەنجەکە سەیرێکی کردم و وتی: ووریابە دیسان بەرنەبییەوە و سەرت بشکێ، چونکە ئەمجارە ناتوانم بۆ خەستەخانەت ببەم، قسەکانی ترسێکی خستە ناو گیانمەوە و تەکانم بەخۆم دا و وتم: من دەڕۆم خواحافیز...گەنجەکە وتی: گەر ویستت بمانبینیت لای مەیخۆرەکان دەمانبینییەوە، منیش لام کردەوە و وتم: پیرەمێردەکەش؟

وتی: نا، ئەو لە کانیاوی نوور...

باقری موجتەهیدی نەیویست زیاتر گوێ لە بیستنی شتە سەیروسەمەرەکان بگرێت بۆیە وتی: (تا ئێرە با بەس بێت، چونکە بە گێڕانەوەی سەربوردەکان ماندووم کردیت)

خەڵوەتی (قسە کردن مرۆڤ ماندوو ناکات بەڵکو هێنانەوە بەر یادی یادەوەرییە تاڵەکان برینە پەترۆ بەستوەکان دەهێنێتەوە سۆ، بەدرێژایی ئەم

شەو لەگەڵ ئازارەکاندا ئازارم چەشتووە، لەگەڵ ناپاکیەکان چۆقە بە دڵم گەیشتووە، یادەوەرییە تاڵەکانن مرۆڤ پیرو کوێر دەکەن...)

باقری موجتەهیدی (کاتێ سەربوردەکانت بۆ دەگێڕامەوە خەم و حوزنم لە چاوەکانت دەخوێندەوە، ئێستا بنوو و بزانین سبەینێ چارەنوسمان چی دەبێت؟).

ئەشرەفی سولّتانی بالّندەیەکی بێ لانە

بەیانی دیسان بەرەو ئەمنی عامە بەڕێکەوتنەوە و هەروەک دوێنێ باقر لە گەراجی ئەو دیووی دائیرەی ئەمن دەستی بە چاوەڕوانی کرد...محەممەدی خەڵوەتی ڕۆیشتە ژوورەوە و بە دەستوری ڕۆژی پێشووتر چەندین ژووری پشکنینیان پێ بڕی و سەرئەنجام بردیان بۆ نهۆمی دووەمی دائیرەکە و لە ژوورێکی پێشوازیدا دایان نا...دوای یەک کاتژمێر چاوەڕوانی یەکێك هات و ناوی محەممەدی خوێندەوە و ئەویش هەستایە سەرپێ و وتی: محەممەد منم... فەرمووویان لێکرد و بردیان بۆ لای ئەفسەرێك کە دالّێکی بەسەر شانەوە بوو..ئەفسەرەکە فەرموویی لێکرد و محەممەدیش دانیشت، بەخێر هاتنی کرد و چایەکی بۆ بانگ کرد، محەممەد ڕێز و نەرمونیانی ئەفسەرەکەی پێ سەیر بوو، بەدەم خواردنەوەی چاکەوە ئەفسەرەکە لێی پرسی – (بەڕێزت محەممەدیت؟

محەممەد +(بەڵێ)

–(من ڕائید حارس ئەنباریم، لێپرسراوی مەلەفی ئەشرەفی سولّتانیم)

+(بەڵێ)

–(تۆ چی ئەشرەفی سولّتانیت؟)

+(خەڵکی یەک ناوچەین و برادەری دێرینمە)

–(ئەشرەف کەسێکی کەللە ڕەقی ڕك ئەستورە)

+(بڵێم چی؟)

–(ئێمە لای خۆمانەوە هەوڵی زۆرمان دا بۆ ئەوەی یارمەتی بدەین، بەڵام دیارە ئەو نەیدەویست یارمەتی خۆی بدات)

+(چۆن یارمەتی خۆی بدات؟)

-(چووزانم، لە کەللە ڕەقی خۆی بکەوتبایە و هاوکارمان بوایە)

+(لە چیدا هاوکارتان بوایە؟)

-(ئەو داوایەی لەومان دەکرد کاتەکەی تێپەڕیوە، ئێستا هەلومەرجەکان گۆڕاون، ئێمە دەمانویست ئەشرەف کۆمەڵێکی دروست بکردبایە دژایەتی یاخیبوانی شاخی پێ بکردبایە، بەڵام ئەو کارە بەسەر چوو)

+(بەڵام ئێوە دەیان فەوجی خەفیفەتان دروست کرد بوو وانازانم پێویستیتان بە ئەشرەفی سوڵتانی هەبوو بێت)

-(نا، ئێمە ئەشرەفمان بۆ کارێکی تر دەویست، کاری ئەشرەف چەک و فەوجە خەفیفە نەبوو)

+(ئەی چی بوو؟)

-(دەمانویست هێزو پێزو جەماوەری یاخیبوان کەم بکاتەوە و دژ بە ئاراستەی ئەوان کارەکانی بکات)

+(ئەی وەڵامی ئەشرەفی سوڵتانی چی بوو؟)

-(نوێنەری نووسینگەی سەرۆك بەتایبەتی چووە لای و هەموو بەڵێنێکی پێدا، بەڵام ئەشرەف بێ ڕێزی بە وەفدەکەی نووسینگەی سەرۆك کرد بوو، ئەو سوکایەتیەش گەیشتبوەوە سەرۆك و بێتاقەتی کرد بوو، لە ماوەی شازدە ساڵی بەندێتی ئەودا چەندین جار مەلەفەکەمان هێناوەتەوە بەردەست و قسەمان لەگەڵ کردووە و فورسەتمان خستۆتە بەر دەمی، بەڵام وەڵامێکی دڵخۆشکەری بۆ ئێمە نەبووە، چەند جار پێمان وت داوای لێبوردن لە سەرۆك بکات و بەرانبەر ئەوە لە بەندیخانە قوتاری بکەین، بەڵام ئەوەشی لەگەڵمان نەکرد...ئەو کاریگەری خراپی لە سەر دیل و بەندییەکانی تر دەبوو بۆیە جیامان کردەوە و لە بەندیخانەی ئینفرادی دامان نا تاکو هیچ کاریگەرییەکی لەسەر دەوروبەری نەمێنێت)

+(بەڵێ)

-(ئێستا ئەوەی لەسەر تۆ پێویستە ئەوەیە قەناعەت بە ئەشرەف بهێنیت بەرانبەر بە بەربوونی داوای لێبوردن لە سەرۆك بكات....)

+(بەڵام من بۆ بردنەوەی تەرمەكەی هاتووم و لە لای ئێوەوە ئاگادار كراوم بۆ ئەو كارە ڕوو لە پایتەخت بكەم)

-(نا، ئەو هەواڵە هەڵەیەك بوو ڕوویدا، ئەشرەف زیندووە و نەمردووە، تۆ دەتوانی یارمەتی بدەیت و لەو هەموو مەینەتی یە ڕزگاری بكەیت)

+(بەڕێزم، لە ماوەی شازدە ساڵدا ئێوە نەتان توانیبێت قەناعەتی پێ بكەن دەبێ چۆن من بتوانم بیهێنمە ژێر داواكارییەكانی ئێوەوە؟!)

-(تۆ دۆستی ئەویت، باسی ئەوەی بۆ بكە چەندە پێویستە ئەو لە دەرەوە بێت و لە ناو هاوەڵ و دۆستەكانیدا ژیان بەسەر بەرێت)

+(من ناتوانم ئەو كارە بكەم، گەر مردووە تەرمەكەیم ڕادەست بكەنەوە بۆ ئەوەی بیدەمەوە دەست بنەماڵەكەی و بیشارنەوە، ئەگەر نە، دەگەڕێمەوە و نامەوێت خەریكی كارێك ببم كە بە كاری خۆمی نازانم)

-(دیارە كەلە ڕەقی ئەشرەفی سوڵتانی بۆ تۆش گوازراوەتەوە)

+(بەڕێزم، من تەنها وەك برادەرێك بۆ وەرگرتنەوەی تەرمەكەی هاتووم و بیرو بۆچوون و هەڵوێستی ئەشرەفی سوڵتانی پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە و من لێی بەرپرسیار نیم)

-(باشە، بیستمان بۆ تەرمەكەی هاتووی، بەڵام پێم وتیت ئەشرەف ماوە و پێویستی بە یارمەتی تۆیە)

+(بەڵام دەبوا ئێوە بە منتان بوتبایە بۆ ڕازیكردنی ئەشرەف سەردانی پایتەخت بكە، ئەو كات منیش بڕیاری هاتن و نەهاتنم دەدا)

-(تۆ چۆن برادەرێکی ئەشرەفی؟ گەر ئەشرەف لە من نزیك بوایە ئامادە بووم هەموو شتێکی لە پێناودا بکەم بە قوربانی)

+(بەڵام بەردان و بەرنەدانی ئەشرەف لە دەستی مندا نییە، بابایەکی هەژاری وەك من چ دەسەڵاتێکی هەیە؟!)

-(ئوستاز ئەشرەف ئێوەشی فێری سیاسەت کردووە، دەزانن چۆن گفتوگۆ ئەنجام دەدەن و خۆتان قوتار دەکەن)

+(بەوەی بەژێزت باوەڕت بە گفتوگۆ هەیە لەگەڵ من سوپاست دەکەم، بەڵام ئەوەندەی من ئاگادار بم ئەشرەف کۆمەڵەیەکی ئەخلاقی هەبوو، لە سیاسەت زۆر خۆی بە دوور دەگرت)

-(هەموو کۆبوونەوەیەك جۆرێك لە سیاسەت لە پشتیەوەیە، بۆیە ئەخلاقی ڕووت و بێ مەرام بوونی نییە)

+(حەز دەکەم ئەوە بزانیت لە ئێستادا بەتەواوی لەگەڵ ئەو بۆچوونەی تۆدام و پێموایە ئەخلاقی ڕووت و بێ مەرام بوونی نییە، ئەم ڕایەشم نەك لەبەر ئەوەی لێت بترسم یاخود وابزانم ئەشرەفی سوڵتانی لە پاڵ کۆمەڵە ئەخلاقیەکەیدا خەریکی سیاسەت بوو بێت، نا و هەزار جار نا، بەڵکو لەبەرئەوەی دواتر کەسانێکی هەلپەرست بە دوای مرۆڤە بە ئەخلاقەکاندا دێن و ئاراستەی کاری ئەوان دەگۆڕن و سەردەکەنە سیاسەت و ئەخلاقیان لە بیر دەچێتەوە..)

-(خەریکی بە قسەکانی خۆم دەم بەستییەوە و مۆری بێ ئەخلاقیشمان پیادا دەنێیت!)

+(نا، من مەبەستم ئەوە نییە، خەڵکانێك هەن لە ناو خراپترین سیاسەتدا ڕەوشت و ویژدانی خۆیان پارێزگاری لێ دەکەن)

–(حەزم دەکەم ئەوە بزانی من لە بنەماڵەیەکی ئایینی و عەشایەرم و باوکم ئامۆژگاری کردووم زوڵم و خراپە نەکەم، هەرجارێ بڕۆمەوە دایکم تکام لێدەکات سزا و ئازاری هیچ کەسێك نەدەم)

کە ئەفسەرەکە خۆی بۆ کردەوە محەممەد بوێری بۆ وتنی هەندێك شت دایە بەر خۆی و پێی وت +(بەڵام ئەم جێگەیە ناچارت دەکات خراپە بکەیت!)

–(ڕاستە، بەڵام دەشتوانی زۆر کاری باش بکەیت، باوەڕ دەکەیت یان نە گوێم لێی نییە، بە هۆی ئەم ئەستێرانەی سەرشانمەوە و ئەم کورسیەی لەسەری دانیشتووم دەیان مرۆڤم لە پەتی سێدارە ڕزگار کردووە، تەنها لەبەر وێژدانی خۆم و تکاو ڕجای دایك و باوکم)

+(من زۆر خۆشحاڵم لەم جێگەیەدا ڕێم لە کەسێکی وەك تۆ دەکەوێت)

–(ئەوەش بزانە لە ناخەوە پێم خۆش نەبوو بە گوێم بکەیت و بچییە لای ئەشرەفی سوڵتانی و ئەو داوایەی لێ بکەیت، هەرچەند چوونەکەت بێ ئەنجام دەبوو، چونکە ئێمە لە تۆ باشتر ئەشرەفی سوڵتانی دەناسین، بەڵام ناچار بووم و دەبوا ئەو داوایەم لە تۆ بکردبایە، پێم خۆشە خاوەنی هەڵوێستی خۆتی)

+(تۆ کەسێکی خانەدانی، ئافەرین بۆ ئەو دایك و بابەی پەروەردەیان کردووی)

–(مامۆستا ئەشرەف ڕابەرێکی ڕۆحی مەزنە، قسەیەکت بۆ دەکەم تەنها لە نێوان من و تۆدا بێت، هەرکاتێ دەیانویست مامۆستا ئەشرەف لە سێدارەرە بدەن شەوانە ڕۆحی ئەو دەچووە گیانی پیاوانی دیوانی سەرۆك و هەتا بەیانی لە ترس و ئازاردا خەون نەدەچووە چاویان و بەیانی بڕیارەکەی خۆیان دوا دەخست، ئەوان دەیانوت: شەوان پیاوانی دیوانی سەرۆك ئازار دەدرێن، بەڵام من گومانم لەوەدا نییە کە سەرۆك خۆی بووە ئازاری چەشتووە، چونکە ئاگادارم ماوەیەك فاڵچی و ساحیری بەهێزیان بۆ سەرۆك کۆ دەکردەوە..

من بۆخۆم به هەڵوێستی نەگۆڕی ئەشرەفەوە زۆر سەرسامم، ئەو کەسێکە چیا مەزنەکانی باکور لە چاویدا نزم و بچووکن، ئێستا هەستە با بچین سەردانی ئەشرەفی سوڵتانی بکەین، دەزانم بۆ دیداری تامەزرۆی)

کە ئەوەی وت خۆشی و سرورێکی بێ وێنە پووی لە محەممەد کرد و بەپەلە هەستایە سەر پێ و بە دوای ئەفسەرەکەدا لە ژوورەکە چووە دەرەوە و بە ناو ڕاڕەوە درێژەکەدا تێپەڕین و بەلای ڕاستدا پێچیان کردەوە و بە کۆمەڵێك قادرمەدا دابەزین و گەیشتنە چەند ژووری بچووك و کەپسکراو بە دەرگای ئاسن و پەنجەرەی بچووکی لە چیمەنتۆدا چەقیوو... ئەفسەرەکە دەرگای یەکێك لە ژوورەکانی کردەوە و فەرمانی دا بە محەممەد بچێتە ژوورەوە و پاشان وتی: دوای نیو کاتژمێری تر دێمەوە..

محەممەد سەری کێشایە ژوورەکە و پیاوێکی ڕیش سپی ئەفتادەی لە ژوورەکەدا کەوتە پێش چاو، زۆر لە یەکتری وردبوونەوە و وێنەی شازدە ساڵ لەمەو بەری مامۆستا لەو دیو پیری و ڕیشی سپییەوە هاتەوە پێش چاوی و بە هاوار و گریانەوە دەستی لە ملی مامۆستا ئەشرەف ئالاند... چرکەساتی گەیشتنەوە بە ئازیزان لە دوای تەمەنێك لە دابڕان زمان و پێنووس ناتوانێ وێنای بکا و دەری ببڕێت، چارەکێك گریان بە بێ وتنی تەنها وشەیەك گێڕانەوەی سەر بوردەی مەینەتیەکان بوو، چارەکێك گریانی گەرم چیرۆکی شازدە ساڵ تەنهای و غەریبی دەگێڕایەوە....گریانی بێدەنگی محەممەد گریانی منداڵێکی بێناز بوو کە لە دایکی ئازیزی دابڕا بوو، هۆنینەوەی فرمێسکەکانی چاوی مامۆستا گلەیی بوو لە هەموو ئەوانەی ئەمانەتیان پارێزگاری لێ نەکرد...دوای چارەکێك لە توانەوەی گرێکانی ڕۆح و دڵ، مامۆستا ئەشرەف دەستی بەسەر محەممەدا هێنا و وتی: با بەس بێت...بەڵام فرمێسك شەرمی شکا بوو نەیدەتوانی لە چاواندا ئۆقرە بگرێ، هەرچەند مامۆستا دەیوت با بەس بێت لاگوێلێکی تر فرمێسکی سوێر لە چاوەکانی محەممەد سەری دەکرد...

محەممەد سەیری سیما و ڕوخساری پیری مامۆستای پێ نەدەکرا، هاواری کرد: بۆ وات لێها تووە؟ ئەم زاڵمانە چییان لێکردوی؟ مامۆستا نەیدەتوانی هیچ بڵێ، گریانەکەی خۆی دەگرت و دەیگێڕایەوە بۆ ناو سینەی پڕ لە ئازاری...

ئەوان لە ناو گریاندا بوون ئەفسەرەکە دەرگاکەی کردەوە و سەرنجێکی هەرووکیانی دا و وتی بە محەممەد: وەرە لەگەڵم و چەند فۆرمێك هەیە پڕی بکەرەوە..ئەفسەرەکە سەرجەم کار و بارەکانی بۆ محەممەد تەواو کرد و نزیکەی کاتژمێر دوانزە بوو داوای لە محەممەد کرد ئۆتۆمبێلێك بهێنێ و مامۆستای سوار بکات و ببیات، چونکە مامۆستا نەیدەتوانی لەسەر لاقەکانی خۆی بوەستێ و بە پێیان بڕوات...محەممەد ڕۆیشت بۆ لای باقر و ئۆتۆمبێلەکەی ئەویان هێنا و مامۆستایان سوار کرد و بردیانەوە بۆ ماڵی باقر...محەممەد زۆر حەزی دەکرد لە ماڵی باقر نەوەستێ و ڕاستەوخۆ سواری ئۆتۆمبێلەکە ببن و بۆ شارەکەی خۆیان بگەڕێنەوە بەڵام باقر زۆری کرد و وتی: دەبێ ئەم شەو مامۆستا لە ماڵی ئێمە بمێنێتەوە و ئەو شەرەفەم پێ بدرێت...

بە مەبەستی خۆشۆرینی مامۆستا حەمامیان گەرم کرد و باقر و محەممەد مامۆستایان برد، لەگەڵ داماڵینی جل و بەرگەکانیدا جەستەیەکی لەپو لاواز و لە چەندین لاوە ئازار دراویان کەوتە پێش چاو، ئەو مردوویەك بوو لە گۆڕ دەرهێنرا بوو.. محەممەد خۆی پێ ڕانەگیرا و بانگی گریانی هەڵدا و باقر داوای لێکرد بچێتە دەرەوە و شۆردنەکەی بۆ ئەو بەجێ بهێڵێت...

شازدە ساڵ تەنهایی و قسە نەکردن مامۆستای کپ و بێدەنگ کرد بوو، ئازار و ماندوێتی زمانی بەست بوو، باقر ڕۆیشت پزیشکێکی ناسراوی هێنا و کۆمەڵێك پشکنینی بۆ مامۆستا کرد و وتی پێویستی بەوە هەیە لە ژێر چاودێری پزیشك دا بێت...ئەو شەوە تا درەنگانێك باقر و محەممەد تەنها سەرنجی مامۆستایان دەدا و نەیان دەویست بە پرسیار کردن ئەوەندەی تر ماندووی بکەن، مامۆستاش لەسەر جێگەکەی ڕاکشا بوو ماوەیەك لە خۆیدا نوقم دەبوو

تـاوێکیش هۆشـی دەهاتـەوە بـۆ لای محەممـەد و بـاقر و سـەرنجێکی وردی دەدان...ئەو شەوە تەنها دوو پرسیاری کرد یەکـەمیان پرسـیاری لـە محەممـەد کرد: ئەم پیاوە کێیە؟

محەممەدیش وتی: ئەم پیاوە باقری موجتەهیدیـە و یەکێکـە لـە دۆستە زۆر نزیك و خۆشەویستەکانمان، پارێزەرە و مالّی لێرەیە..

دووەمیان وتی: چەند ساڵە دایکم مردووە؟ محەممەد ماوەیەك بێدەنگ بـوو، بیری لەوە دەکـردەوە چـی بـە مامۆسـتا بڵێت..مامۆسـتاش وتـی: ئاگـادارم بـە مردنەکەی...

بـەیانی لەگـەڵ مـەلا بانگـدان محەممـەد لـە بەشـی دواوەی ئۆتۆمبێلەکەیـدا جێگەیەکی بۆ مامۆستا ڕاخست و بـاقر لـە پێشـی ئۆتۆمبێلەکـە و خۆیشـی وەك شۆفێر دوای بڕینی زیاتر لە پێنج کاتژمێر ڕێگـا گەیشـتنە بـەرەوە و مامۆسـتای برد بۆ مالّی خۆیان و لە قاتی سەرەوەی خانوەکەدا ژوورێکی بۆ دابین کرد...

مامۆستا خانەوادە و لانەیـەکی نـەبوو ڕووی تـێ بکـات، دەتـوت باڵندەیەکـە دوای تەمەنێکی دوور و درێژ لە زینـدانی قەفـەس دەرگـای لـێ کراوەتـەوە و لـە شەقەی باڵی داوە بەلاّم بۆ کوێ و لەگەڵ کێ؟ نەیدەزانی...

دایکی مامۆستا فاتمە خاتوون پێنج ساڵ دوای گیرانی مامۆستا کۆچی دوایـی کـرد و لـە قەبرسـتانی غـەریبانی شـار ئەسـپاردەی خـاك کـرا، ئـەو شـەوەی جەللادەکان هەڵیانکوتابوویە سەر مالّی مامۆستا و دەستگیریان کرد بـوو دایکـی مامۆستا لە هۆشی خۆی دەچێت و هەر لەو شەوەوە هەستی بە ئازارێك دەکـرد لە سەر دڵی و تا سەرئەنجام دڵە مەزنە ناسکەکەی لە دووری مامۆستا لـە تڕپـە کـەوت و لەگـەڵ تاقـە کوڕەکەیـدا دیـار و قیامـەت کەوتن...خوشـکی بچـووکی مامۆستا هودای سوڵتانی دوو ساڵ دوای مردنی دایکی مێردی بە ئەندازیارێك کرد و ڕۆیشتن بۆ هەندەران، ئەو دوو ساڵەی دوای مردنی فاتمە خاتوونی دایکی هودا

لە مالّی زەینەبی خوشکی بوو...زەینەبی سولّتانی و منداڵەکانی لەو کاتەوەی لە ولّات دەرچوون و دەستیان دایە کاری چەکداری لە ئێران نیشتەجێ بوو بوون، بۆیە تەنها مالّێك کە مافی گرتنە ئامێزی مامۆستای هەبوو مالّی محەممەدی خەڵوەتی بوو...

لەسەر داوای مامۆستا بە دۆستان و ناسراوانی وترا کە مامۆستا باری تەندروستی لەبار نییە و ناتوانێ پێشوازی لە میوانەکانی بکات، لەگەڵ ئەوەش محەممەد لە نهۆمی خوارەوە پێشوازی لە میوانە زۆرەکانی مامۆستا دەکرد و شیرینی دەبەخشییەوە و لە جێگەی مامۆستا بەخێرهاتنی دەکردن و باسی تەندروستی و حاڵ و باری مامۆستای بۆ دەکردن... هەندێك لە میوانان بۆ دیداری مامۆستا زۆر تامەزرۆ بوون و داوایان دەکرد بۆ بینینی ئەو مۆڵەتیان پێ بدرێت، محەممەدیش بۆ خاتری دڵی ئەوان دەرۆیشتە لای مامۆستا و داوای ئەو کەسانەی بەو دەگەیاند بەڵام مامۆستا توانا و تاقەتی لەبەر بڕا بوو، لە کاتژمێرێکدا چەند جار لە ناو خۆیدا نوقو دەبوو و لە دەوروبەری دادەبڕا، بۆیە داوای لێبوردنی دەکرد بۆ نەبینینی خۆشەویستان و ئازیزان...

دوای سێ ڕۆژ مانەوە لە لای مامۆستا ئەشرەف، باقری موجتەهیدی گەڕایەوە بۆ پایتەخت و خوا حافیزی لە مامۆستا کرد...

محەممەد بەهۆی چەند پزیشکێکەوە مامۆستای خستە ژێر چاودێری وردەوە و لە شەو و ڕۆژێکدا چەندین جار سەریان لێ دەدا و پشکنینیان بۆ دەکرد و لە باری تەندروستی ئەو ورد دەبوونەوە...

زەینەبی سولّتانی سەردانی ئەشرەفی برای کرد و چەند ڕۆژێك لە لای مایەوە و تکای لە مامۆستا کرد ڕێگەی پێ بدا لە مالّی محەممەد بۆ خزمەت کردنی ئەو بمێنێتەوە، بەڵام مامۆستا ڕێگەی پێ نەدا و داوای لێکرد بگەڕێتەوە بۆ ناو منداڵەکانی...

عەزامی موهاجیر هات بۆ مالّی محەممەدی خەلّوەتی بە مەبەستی بینینی مامۆستا، محەممەدیش هاتنەکەی عەزامی بە مامۆستا ڕاگەیاند بەلاّم مامۆستا بە محەممەدی وت: سەلام لە عەزام بکە و پێی بڵێ لەم بارە تەندروستیە خراپەدا پێم خۆش نییە بمبینێ بۆ ئەوەی دڵگران نەبێت، هەرکات بەرە و چاکبوونەوە چووم بۆخۆم جوابی لێ دەنێزم...

محەممەد قسەکانی مامۆستای بە عەزام گەیاند، ئەویش فرمێسک بە چاوەکانیدا هاتە خوارەوە و وتی: ئێمە شایەنی ئەوە نین چاومان بە ڕووی پاکی مامۆستا بکەوێت، خۆزگەم بە خۆت محەممەد هەموو ڕۆژێ چاوە پاکەکانت بە ڕووی مامۆستادا دەڕوانن، بەلاّم تۆ شایەنی ئەوەیت، چونکە وەک ئێمە لە گوناە و تاوان نەتلاویت...

هەر لەو ڕۆژانەدا بوو حیلمی و حەسەن و فوئادی ساهیرو زاهیدی پیریادی و چەندین سەرکردەی تر سەردانی ئەشرەفی سولّتانییان کرد و بە هەمان شێوازی عەزام ئەفغانی بەڕێکران بەلاّم دیار بوو هەندێکیان نەبینینی مامۆستا گران بە سەریاندا دەشکایەوە، چونکە دوای شازدە ساڵ نەبینینی مامۆستا بانگەشەی میراتگری پەیامەکەی ئەوی بە درۆ دەخستەوە کە هەر لایەکیان خۆی بەو میراتگرە ڕاستەقینە دەزانی...

میوانەکانی مامۆستا وردە وردە کەم بوونەوە و مامۆستاش لە ڕووی تەندروستییەوە گۆڕانێکی بەسەر دا هات و دەیتوانی هەستێتە سەرپێ و هاتوچۆ بە ناو ژوورەکەدا بکات و لە جاران زیاتر خواردنی پێ دەخورا و دەیتوانی قسە بکات و گوێ بۆ قسە بگرێت...هەنگاونانی مامۆستا بەرەو چاکبوونەوە جێگەی دڵخۆشی محەممەدی خەلّوەتی بوو، بەلاّم پزیشکەکان نەخۆشی سەختی مامۆستایان دەزانی و نەیان دەویست بە دەوروبەردا بڵاوە بکات، چونکە مامۆستا تکای لێکردبوون هەر نەخۆشییەک لەودا دەبینەوە تەنها لە لای خۆیان بێت و لای کەسانی تر باسی نەکەن...

شەوانە مامۆستا محەممەدی بانگ دەکرد و داوای لێ دەکرد هەواڵەکانی ئەو شازدە ساڵەی بۆ بگێڕێتەوە و لە ورد و درشتی کۆمەڵەکەی ئاگاداری بکاتەوە، محەممەدیش کەوتە گێڕانەوەی مەینەتییەکان و باسکردنی گۆڕانە گەورەکان و جیاوازی و ململانێ سیاسییەکانی نێوان سەرکردەکانی کۆمەڵەکە...

لە سەرەتاوە مامۆستا پرسیاری قوتابخانەکەی کرد، محەممەدیش هەواڵی پێدا کە لە یەکەم رۆژی گرتنی ئەوەوە قوتابخانەکە داخرا و پاش دوو ساڵ دەسەڵات کردی بە قوتابخانەیەکی سەرەتایی و ئێستا منداڵان تیایدا دەخوێنن...

مامۆستا پرسیاری ئەو گەنجەی کرد سالێك یەك جار سەردانی مامۆستای دەکرد، محەممەدیش وتی: نامەکەم پێگەیاند و لەو رۆژەوە جارێکی تر نەمبینییەوە...

یەکێك لە شەوەکان محەممەد لە خەو بەئاگاهات و گوێی لە دەنگە دەنگێك بوو لە نهۆمی دووەمی خانوەکە، لە سەرەتاوە وایدەزانی گوێیەکانی دەزرنگێنەوە بەڵام دوای گوێ هەڵخستنێك بۆی دەرکەوت دەنگی مامۆستا و کەسێکی تر...بە قادرمەکاندا چووە سەرەوە و لە دەرگای ژوورەکەی مامۆستا نزیك بوویەوە و گوێی بۆ قسەکان هەڵدا بەڵام دەنگ و قسانێك بوو لە گیزەی هەنگ و گمەگمی قومری و موناجاتی ژێر لێوانی عابیدێ دەچوو...محەممەد لەو شەوەدا دڵنیا بوو لەوەی کەسێکی تر لەگەڵ مامۆستادایە و گفتوگۆی لەگەڵ دەکات، دەستی برد بۆ دەسکی دەرگاکە و هاندەکەی لارکردەوە و ویستی بیکاتەوە بەڵام دەرگاکە نەکرایەوە، محەممەد وایزانی مامۆستا دەرگاکەی داخستووە بۆیە چەند ساتێکی تر بەبێدەنگی و لە بەردەم دەرگاکە چاوەڕوانی کرد، پاش ماوەیەك دەنگەکە بڕاو محەممەد پاڵی بە دەسکی دەرگاکەوە نا و دەرگا کرایەوە و بینی مامۆستا بەتەنهایە و هیچ کەسێکی لەگەڵدا نییە، مامۆستای بینی لەسەر هەردوو چۆکی دانیشتوە و کەوتۆتە ناو خشوع و ئارامییەکی قوواڵەوە، محەممەدیش بە ئارامی لە بەردەمیدا دانیشت و ماوەیەکی

بێدەنگی بە نێوانیان دا تێپەڕی، پاشان مامۆستا ئاگای هاتەوە بەر خۆیی و چاوەکانی کردەوە و سەرنجێکی محەممەدی داو پێی وت: لە کەیەوە لێرەیت؟ محەممەدیش لە وەلآمدا وتی: چەند خولەکێك دەبێت..

مامۆستا داوای لە محەممەد کرد خەو لە خۆی حەرام نەکات و بە دەم ئەو جۆرە دیاردە و ڕووداوانەوە نەیەت..محەممەد لەبەر مامۆستا پاڕایەوە تاکو لەو ڕووداوە سەیرەی ئەم شەو تێیبگەیەنێت، مامۆستا پێی وت من پێت ناڵێم بەلآم لە دوای من کەسێك ڕاستی ڕووداوەکان لە تۆ دەگەیەنێت، محەممەدیش داوای لێبوردنی لە مامۆستا کردو گەڕایەوە بۆ ناو جێگەکەی...

مامۆستا گوڕ و تینێکی هاتبووەوە بەبەردا و بە یارمەتی ئەو گۆچانەی محەممەد بۆی هێنا بوو دەیتوانی لەسەر لاقەکانی خۆی بوەستێ و هەندێ بە پێیان ڕێگە ببڕێت...ڕۆژێك مامۆستا داوای لە محەممەد کرد سەردانێکی گۆڕستانی غەریبانی شاری پێ بکات تاکو چاوی بە گۆڕەکەی دایکی بکەوێت، محەممەد مامۆستای سواری ئۆتۆمبێلەکەی خۆی کرد و بردی بۆ گۆڕستانەکە، مامۆستا بە بێ ڕێ نیشاندانی محەممەد ڕۆیشتە سەر گۆڕەکەی دایکی و داوای لە محەممەد کرد دوور بکەوێتەوە و بەجێیان بهێڵێت، لە دوورەوە کەوتە سەرنجدانی مامۆستا و پاش ماوەیەکی دوور و درێژ مانەوەی لەسەر گۆڕی دایکی هەستایە سەرپێ و بە گۆچانەکەی دەستییەوە گەشتێکی ناو گۆڕستانەکەی کرد و لە پەنای گۆڕێکی تردا لێی دانیشتەوە و پشتی نا بە کێلەکەیەوە و دەست لە ئەژنۆ ماوەیەك مایەوە، محەممەد لێی نزیك بوویەوە و مامۆستا فەرمووی لێکرد و ئەویش چووە لای و ڕووی تێ کرد و وتی: دیاری کردنی دواین ماڵمان لە گۆڕستان مرۆڤ بەتەواوی لە ژیان دوور دەخاتەوە... محەممەد زۆر لە مەبەستی مامۆستا نەگەیشت، ڕاشهاتبوو لە خزمەتی مامۆستادا کەم پرسیار بکات، بۆیە بەتەنها وتنی (بەڵێ)یەك قسەکەی مامۆستای بەڕێکرد...

شەوانە مامۆستا کەوتە گێڕانەوەی ژیانی شازدە ساڵی بەندیخانە ئەوەش لە سەر داوای زۆری محەممەدی خەڵوەتی، سەرەتا محەممەد پرسیاری ئەو نامەی لێکرد کە چەند پۆژێ بەر لە گرتنەکەی بۆ ئەوی نوسی بوو، وتی: لە نامەکەدا باسی گرتنی خۆت دەکەیت، لە کاتێکدا بەرواری سێ پۆژ بەر لە گرتنەکەی پێوەیە؟!

مامۆستا وتی: هەموو کەسێ ئەو پرسیارە بکات نابێت تۆ بیکەیت، چونکە بۆ خۆت لەوە زیاترت بینیوە و بەسەرت هاتووە، وەلآمی تەواوی پرسیارەکەت هەڵبگرە بۆ داهاتوو...

مامۆستا درێژەی بە قسەکانی دا و وتی: ئەو شەوەی هاتنە سەر مالّمان دەست و چاویان بەستم و لە دواوەی ئۆتۆمبێلێکی شۆفلێتیان نام و بە بێ وەستان دوای پێنج شەش کاتژمێر ڕێگا بڕین بردمیان بۆ ئەمنی عامەی پایتەخت، بە ژمارەی تاسەکانی سەر پردە دوور و درێژەکەی ڕێگای پایتەخت بۆم دەرکەوت بۆ ئەوێم دەبەن ئەگینا چاوەکانم بەسترا بوون و ئاراستەی ڕۆیشتنەکەیانم لێ گۆڕا بوو..

یەک دوو جارێ لە ڕێگا دەوەستان، دیار بوو پشوویان بە خۆیان دەدا، لە وەستانەکاندا داوای ئاوم لێکردن، بەلآم نەک ئاویان نەدامێ بەڵکو دامیانە بەر تف و جنێو، ئەوان وایان دەزانی تاوانبارێکی سەرسەختیان لە ژێر چنگدایە، چونکە دەرچوونی فەرمانی گرتنی کەسێك لە ئاسایشی گشتییەوە دیلەکەی لای ئەوان گەورە و ترسناك کرد بوو...

نزیکی بەیانی بوو کەوتینە ناو شار و بە هۆرێن و دەنگی سەیارەدا زانیم گەیشتووین، دواتر بردمیانە ئەمنی عامە و لە ژوورێکیان نام کە دوو کەسی تری تێدا بوو، یەکێکیان گەنجێکی خوێنگەرمی بەهەڵوێست بوو، بە تۆمەتی پەیوەندی کردن بە شۆڕشگێڕانی شاخ و خەباتی نهێنی ناو شار گیرا بوو، دووەمیان پیاوێکی تەمەن پەنجا ساڵ بوو لەگەڵ چەند کەسێکی تر شەو

دابوویان بەسەر دەزگایەکی ئەمنیدا و چەند کەسێکیان لێ کوشتبوون و پاشان هەڵهاتبوون، دوای دوو هەفتە یەکێك لە کەسەکان دەگیرێت و لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا ناوی ئەویش دەهێنێ و بۆ سبەینێ دێن بۆ سەر کارەکەی و قۆڵبەستی دەکەن...کە منیان فڕێ دایە ژوورەکە هەردووکیان لەبەرم هەستانەوە و بەخێرهاتنیان کردم...

پاش ماوەیەك بێدەنگی پیاوە بەتەمەنەکەیان وتی: کوردی؟

منیش وتم: بەڵێ...

گەنجەکە: لەسەر چی گیراوی؟ دەنگ و باسی دەرەوە چی یە؟ بۆمان باس بکە...

وتم من ئەشرەفی سوڵتانیم و خاوەنی کۆمەڵەیەکم کە بە پەروەردە و ئەخلاقەوە خەریك بووین، گەنجەکە بزەیەك گرتی و وتی بە پەوشتبوون و خۆ سەرقاڵکردن بە ئەخلاقەوە لەگەڵ دەسەلاتێکی بێ ئەخلاقدا گێلێتی یە و سەرئەنجامەکەی بەندیخانە و ئەشکەنجە و ئازارە...پیاوە بەتەمەنەکە وتی ناوی تۆم بیستوە و کەسانێك هەبوون لە شارەکەی ئێمە سەر بە کۆمەڵەکەی ئێوە بوون بەڵام ئێمە بە پیاوی پڕێم و دەستی دوژمنان تەماشامان دەکردن...منیش وتم: بە هەموو تەمەنم جارێك ناپاکیم لە خۆم و وڵاتم نەکردووە، بەڵام ئێوە حەقتانە چونکە پڕێم بەر لە داپڵۆسینی ئێمە ویستی لە سۆز و بەزەیی میللەتی خۆمان بێ بەشمان بکات، بۆیە دەیان و سەدان درۆ و دعایەی دوامان خست..

گەنجەکە وتی: مامۆستا گرنگ ئێرەیە، پاك و ناپاك لێرە دەردەکەوێت، ئێرە مەیدانی تاقیکردنەوەی جوامێر و ترسنۆکەکانە، سەنگی مەحەکی خەباتگێڕ و ناپاکانە...

قسەی ئەو گەنجە بەدرێژایی شازدە ساڵ لە گوێیەکانم دا دەزرنگایەوە، ئەو ڕۆیشت و لە سێدارە درا، بەڵام جەللادەکان نەیانتوانی وتەکانی ئەو لە ناو گوێی

منـدا کـپ بکەنـەوە، بـەڵکو هـەرکاتێ وەک مرۆڤـێ لاوازی ڕووی تـێ بکردبامایـە قسەکانی زەردەشتی قارەمان دەهاتەوە بەر گوێم و فێری خۆڕاگری و نەپسانی دەکردم...

حەوت مانگ لەو ژوورەدا مامـەوە و دوای دوو مـانگ گەنجەکـە لـە سـێدارە دراو پیاوە بەتەمەنەکەش کـە نـاوی شاسـوار بـوو هەفتەیـە لـە دوای شـەهید بـوونی گەنجەکە لە ژوورەکەی من گواستیانەوە و بەتەنها مامەوە...چوار مانگی یەکەم هەفتەیە دووجار دەیانبردم بۆ فەلاقەخانە و ئەشکەنجەدان، لـە سـەرەتاوە زۆر ناڕەحەت دەبووم و ئـازارم دەچەشـت بـەڵام دواتـر لەگـەڵ سـزا و لێدانـەکانیان ڕاهـاتم و وەک یەکـەم جـار هـاوار و ئـازارم نەبوو...ئـەو کاتانـەی لەگـەڵ دوو هاوەڵەکـەم بـووم هـەرکاتێ لـە سـزاخانەکە دەیـان هێنامـەوە ئـەو دوو دۆسـتە شـیرینەم دەکەوتنـە شـێلانی دەسـت و لاقـەکانم و گیرسـاندنەوەی خـوێنی برینەکانم، مرۆڤ لە بەندیخانەدا دەبێت بە کەسوکار و هاودەمی گیانی بە گیـانی کەسەکانی دەوروبەری و جیاوازییەکانی دونیـای دەرەوە وەلا دەنـێن و مـەیل و خۆشەویسـتی و بـەزەیی بەیـەکتر دەبەخشـن، بـوونی ئـەو دوو ئـازیزە لـە ژوورەکەمدا خەم و ئازارەکانی لە بیری من بردبوەوە...

شـەوی لـە سـێدارەدانەکەی زەردەشـت هـەرگیز لـە بـیر ناچـێتەوە، کاشـکی زەردەشتم نەناسیبایە، ئەو ئێوارەیـە ژەمـی خواردنەکـەی پـێ نـەخورا و وتـی: خـواردن بـۆ زینـدوەکان باشـە، مـن لـە ئێستاوە بـۆنی مـەرگ دەکـەم، ئێـوە بەشەکەی من بخۆن، بەڵام من بەشەکەی خۆشم لـە تـاو نزیکبوونـەوەی مـەرگی زەردەشت پـێ نەخورا...زەردەشـت دەسـتی لـە گـەردنی هـەردووکمان ئالاند و جوامێرانە خواحافیزی لێکردین و پێی وتین: بە مردنی من وەرە بەر مەدەن، مرۆڤ یەک جار دەمرێ و دەبێ بشمرێ، بۆیە پیاوانە بمرێ باشترە یـان ترسنۆکانە؟! پاشان کاتژمێرەکەی لە دەستی داکەند و هەدیەی منی کرد...

زەردەشت چیایەکی مەزن بوو لە وەرە و دامەزراوی و کۆڵنەدان و باوەڕ بەخۆبوون، گەنجێکی ڕەوشت بەرزی قارەمان کە هەرچی دەربارەی بڵێم ئەو زەردەشتە نییە من لە بەندیخانە ڕێگەم لێی کەوت...لە دوای چوار مانگ ئەشکەنجە چەشتن کۆڵیان لێدام و سێ مانگی تر لە هەمان ژووردا هێڵامیانەوە و بەرەبەیانێك چەند جەندرمەیەك لە ژوورەکەم دەریان هێنام و دەست و چاویان بەستم و سواری ئۆتۆمبێلێکیان کردم و پاش نزیکەی دوو کاتژمێر ڕێگە بڕین ئۆتۆمبێلەکە لە جێگەیەك وەستا و منیان دابەزاند و بە چاو بەستراوی فڕێیان دامە ژوورێکەوە، دوای ماوەیەك دووکەس هاتن و چاویان کردمەوە و بەبێدەنگی چوونە دەرەوە، ژوورەکە گەورە و فراوان بوو لە تەنیشتییەوە دەرگایەکی کەپس کراوی تیدا بوو، هەستام کردمەوە و بینیم حەمام و دەستشۆرە...شوێنەکە زۆر کپ و بێدەنگ بوو وام هەست دەکرد تەنها منی تێدایە، هیچ جۆرە دەنگێکم نەدەبیست تەنانەت دەنگی ئۆتۆمبێل، ئەوەندە دونیا خامۆش بوو گومانم برد گوێیەکانم لە دەست دابێت، بۆیە هاوارێکم کرد تاکو بزانم دەنگی خۆم دەبیستم، خۆشبەختانە گوێم لە دەنگی خۆم بوو، بە هاوارەکەی من یەکێك کە پۆشاکی سەربازی لە بەردا بوو هات و لە پەنجەرە بچووکەکەوە سەیرێکی کردم و بەبێدەنگی ڕۆیشت، بەڵام دیار بوو تەنها خۆی بوو چونکە بەدرێژایی ئەو ماوەیە دەنگی تەنها یەك وشەم نەدەبیست...

تاکو نیوەڕۆ من چاوەڕوانی کەسێك بووم بێت و قسەیەکم لەگەڵ بکات، ئاواتم دەخواست چەند جەندرمەیەك بێن و بمبەن بۆ سزاخانە و تێر فەلاقەم بکەن بەڵام پێم بڵێن من لە کوێم و ئەم شوێنە نوێیەم چ جێگەیەکە... ئارەزووم بوو گوێم لە دەنگی مرۆڤەوە بێت...نیوەڕۆ بوو تەقەی پۆستاڵ هاتە بەر گوێم و لە شوێنی خۆم ڕاست بوومەوە، دیار بوو بەرەو ژوورەکەی من دەهاتن چونکە تەپەو خرمەی پۆستاڵەکان لە من نزیك دەبوویەوە، لە پەنجەرەکەوە سەرنجم دا دوو کەس بوون، ڕوویان لە ژوورەکەی من کرد... منیش لە جێگەی خۆم

دانیشتمەوە و زۆری نەبرد دەرگاکەیان کردەوە و هاتنە ژوورەوە، ئەوان ئەفسەرێك و سەربازێك بوون...

سەربازەکە قاتێ پۆشاکی بەندی وهەندێ خواردن و دوبەیەك ئاوی خواردنەوەی لە بەردەمم دانا و رۆیشتە دواوە و پاشان ئەفسەرەکە وەرەقەیەکی دەرهێنا و بەسەرمدا خوێندیەوە، تیایدا هاتبوو: تۆ دیلی تایبەتی و مەحکومی بە سجنی ئینفیرادی، لەم جێگەدا دەمێنیتەوە و رۆژانە—واتە لە ماوەی بیست و چوار کاتژێردا—ژەمێك خواردن و دوبەیەك ئاوت پێ دەدرێ و حەمام و دەستشۆریش لە ژوورەکەدا هەیە و پرسیار کردن و قسەکردن لەم جێگەیەدا قەدەغەیە...تەواو.

وتم تەنها قورئانێکم بۆ بهێنن لەگەڵ رۆژمێرێك تاکو بتوانم کاتی نوێژەکانی پێ دیاری بکەم...بە بێ ئەوەی وەلامی داواکەم بە بەڵێ یان نەخێر بدەنەوە دوای ئەو قسانە چوونە دەرەوە و منیان بەتەنهایی ژوورەکە سپارد...

فراوانی ژوورەکە و بوونی حەمام و دەستشۆر تیایدا ئازادیەکی زۆرتری بە مرۆڤ دەبەخشی بەڵام کپی و تەنهاییەکەی مرۆڤی دەتۆقاند...

یەکەمین شەوی ئەو جێگەیە یەکەمین شەوی ناو گۆڕی بەبیر دەهێنامەوە، هەوای ژوورەکە تامی غەریبی دەدا، دیوارەکان وەك دۆستێکی هەتا هەتایی بەخێر هاتنیان لێ دەکردم، پەنجەرە سیخناخەکە لە چیمەنتۆدا پێی دەوتم من تەنها دەرووپەکم کە بە هەناومدا نیگاکانت تێدەپەڕینیت، دەرگا ئاسنینەکە دەیوت بەژنت بە بەژنم بپێوە و بزانە بەرەو چەمینەوە و پیری و کەسیفی دەڕۆیت یان وەك خۆت دەمێنیتەوە... سەقفی ژوورەکە وتی من ئاسمانی تۆم و بە خەیاڵت خۆر و مانگ و ئەستێرەم لەسەر بنەخشێنە، ناومااڵەکەش بە حوزنەوە دەیوت من دایکی زەویم و لە ئامێزت دەگرم، بە تەمای بەجێهێلانم نەبیت چونکە ناهێڵم لێم دوور بکەویەوە...

بـۆ ســبەینێ نیــوەڕۆ ســەربازەکە بەتــەنها هــات و ژەمــە خــواردن و خواردنەوەکەی بۆ هێنام و پێچراوەکیشی لە زەرفێکدا لە بەردەمم دانا و منیش سوپاسیم کـرد بـەو هیوایـەی قسـەیەکم لەگـەڵ بکـات بـەڵام بەبێـدەنگی چـووە دەرەوە و دەرگاکەی لەسەر داخستمەوە، لـە دوای ڕۆیشـتنی ئـەو، زەرفەکـەم کردەوە و بینیم قورئانێك و بەرمالێکـە لەگـەڵ ڕۆژمێرێـك، بـە هێنـانی ئـەو سـێ پێویستییەم زۆر دڵخۆش بووم، بەشێك لە غەریبی و نامۆیی ژوورەکەم ڕەویـەوە و ئارامیەك ڕووی تێ کردم...

پایزان گەردەلوول هەڵی دەکرد و هەموو سارای لە ناو خۆیدا نوقم دەکرد، من بە هاتنی گەردەلوول بێزار نەدەبووم بەڵکو چـاوەڕوانی هـەڵکردن و هـاتنی هـەموو ئەو گەردە خۆڵانە بووم کە سەر و سیما و پۆشاك و ژوورەکەمیان بۆیاخ دەکرد، هەڵکردنی گەردەلوول فـەزای ژوورەکـەی مـنی دەگـۆڕی و هەسـتم بـە گۆڕانێـك دەکـرد لـەو ژیانـەدا... شـەوان پلـەی گـەرمی زۆر بـە خێرایـی دادەبـەزی و کزەبایەکی سارد بەسەر سینەی سارادا گوزەری دەکرد، ئەو کزەبایە میـوانێکی ئـازیز بـوو، چـونکە سـەرمای لادێکـەمانی دەهێنایـەوە یـادم، مـن ئـەو دەمانـە منداڵبووم و لە باوەشی نازی دایکم و باوکمدا دەژیام...

لە گەردەلوول و کزەبای شەوان بـەتامتر بـارینی بـاران بـوو لـە زسـتاندا، لـە پەنجەرە بچووکە بیست سانتیمەتریەکەوە بەشێکی کەمیم دەبینی، تەپەی پێی دڵـۆپی بـاران و خرمـەی هاتنـە خـوارەوەی بـۆ سـەر بـانی ژوورەکـەم چـێژ و خۆشییەکی سەیری پێ دەبەخشیم...

بەدرێژایی یەك سالّ کەسێك نەبوو تەنها وشەیەکی لەگەڵ باس بکـەم، بیسـت و چوار کاتژمێر جارێك پاسەوانەکە دەهات و دەرگاکەی دەکردەوە و بەبێدەنگی خواردنەکەی دادەنا و ژوورەکەی بەجێدەهێڵا، بە ئاواتەوە بووم قسەیەکم لەگەڵ بکـات گـەر جنێـو و هەڕەشـەش بێـت بـەڵام زمـانی نەدەهاتـە گـۆ و تەنانـەت نەیدەویست سەرنجیشم بدات...شـێوە و سـیمای پاسـەوانەکە هەمیشـە لەبـەر

چاومدا بوو دەمزانی چەند لۆچ لە ناوچاوانیدا هەیە و چەند چرچ کەوتۆتە سەر رووەتی، دەمزانی کەی دێت و چۆن ژەمە خواردنەکە دادەنێت و پاشان چۆن دەگەڕێتە دواوە و دەرگاکەم لەسەر دادەخاتەوە، هەموو جارێ سەرنجی ئەنگوستیلە ناو شینەکەی دەستی ڕاستیم دەدا و جۆرێك لە خۆشەویستیم بۆ ئەنگوستیلەکە لا دروست بوو بوو، سەرنجی هەموو گیانی ئەو کەسەم دەدا، چونکە تەنها کەسێك بوو منی بە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دەبەستەوە، ئەوم لە جێگەی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی دانا بوو، ئەڵقەیەکی گەیاندی هەست و نەستەکانی من بوو بە جیهانی دەرەوە، پێموایە گەر بینینی ژۆژانەی پاسەوانەکە ,نەبوایە وێنەی مرۆڤم لە بیر دەچوویەوە...قسە نەکردنی پاسەوانەکە گومانی ئەوەی لا دروست کردم ئەو کەسێکی کەڕ و لاڵ بێت بەڵام دیسان باوەڕم نەدەکرد و دەموت گەر کەڕ و لاڵ بوایە یەکەمین ژۆژی هاتنم بۆ ئەم جێگەیە بە دەم هاوارەکەی منەوە نەدەهات...

ژۆژێك بڕیارم دا پڕ بە قورگم بقیژێنم، بۆ ئەوەی دەنگی خۆم ببیستم و تاوێك غوربەتم بڕەوێتەوە...دوای نیوەژۆیەك زۆر هاوارم کرد، هەروەك هاواری وێڵ بوویەك لە بیابانێکدا کە ئاسۆ بەرینەکان دەبن بە سنووری، هاوارم کرد: ئێوە لە کوێن؟ کوا مرۆڤێ؟ کوا وێژدانێ؟ هاوار...هاوار... حەزم لە بینینی ئاسمانە، حەز لە بینینی خاك و خۆڵ دەکەم، حەز دەکەم چاوم لە شتێکەوە بێت بجوڵێت، ئاوا ببێت، حەزم بە بیستنی دەنگ و زەڵیە، هاوار... ئێوە لە کوێن...؟

مەنگی ژوورەکەم بە شەپۆلەکانی دەنگم شڵەقاند بەڵام کپی و خامۆشی جێگەکە ئەوەندە چڕ بوو شەپۆلی هاوارەکانی منی هەڵدەلووشی و نەیدەهێڵا بە گوێی مرۆڤێك بگات...من ئەوەندە لە قسەکردن بە زمانی دایك دوورکەوتبوومەوە زمانم بە باشی گۆی بە وشەکان نەدەکرد و وردە وردە لە بیرم دەچوونەوە، مرۆڤ کە بەشێك لە زمانی دایکی لە بیر دەچێتەوە بەشێك لە سۆز و هەست و نەستی لە

دەست دەچێت، زمان ئەو گەنجینەیە بیرەوەری و ئەندێشە و خەم و ئازار و خۆشی و سرور لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت، هەموو وشەیەك لە ناخی مرۆڤدا مانایەکی هەیە و لە بیرچوونەوەی وشەیەك لەدەستچوونی مانایەکە، گەر بیرکردنەوەی بەردەوام لە ناو خۆمدا نەبوایە وا دەزانم زمانم لە بیر دەچوویەوە، هەموو بیرکردنەوەیەك پێویستی بە زمانێکە بیری تیادا بکەیەوە، زمانی دایك لە لای من ناوەندی بیرکردنەوە بوو بۆیە وشە بەرز و بالاکانیم لە بیر نەچوویەوە هەرچەند گۆکردن بە وشەکان و کردنیان بە قسە و دەنگ سەختی و لەکەی تێکەوت بوو...

لە دوای یەك ساڵ دە ڕۆژ جارێ ئەفسەرێك و چەند سەربازێك دەهاتن و لە ژوورەکەم دەیانبردمە دەرەوە بۆ ناو حەوشەی بیناکە، دیواری حەوشەکە پێنج شەش مەترێ بەرز بوو، تەنها ئاسمانم دەبینی و چاوم بە هیچ شتێکی تر نەدەکەوت، بەڵام دونیایەك چێژم لەو هاتنە دەرەوە وەردەگرت، بەتایبەت گەڕان بە ناو حەوشەکەدا و سەیرکردنی ئەو چەند سەربازەی بە دەورم دا بوون...

پایزان لە ڕۆژە کۆتاییەکانی مانگی تشرینی یەکەمدا ئەستێرەیەك دەبوو بە میوانی ژوورەکەم و تێر لە پەنجەرەکەوە لێم دەڕوانی، چەند هەفتەیەك بەر لە هاتنی بۆ مەملەکەتی ژوورەکەم خۆم بۆ ئامادە دەکرد، دەکەوتمە پاڕانەوە و نزا لە لای خودا بۆ ئەوەی ئەو شەوە ئاسمان سامانێ بێت و هەوری چڵکن ڕووی جوانی ئەو میوانە ئازیزەم لێ نەشارێتەوە، ئەو شەوەی کە ژوانم بوو لەگەڵی لە ئێوارەوە لە بەردەم پەنجەرەکەدا دادەنیشتم و چاوەڕوانی هاتنی ئەو میوانە ئازیزەم دەکرد، لەگەڵ دەرکەوتنی تیشکی سەرەتای هاتنی پڕ بە قوڕگم هاوارم دەکرد و دەمدایە قاقای پێکەنین، نزیکی یەك چارەك من لە ڕووی جوانی ئەو ورد دەبوومەوە، تکام لێ دەکرد ڕۆیشتنی هێواش بکات بۆ ئەوەی زیاتر لە خزمەتی بمێنمەوە...لەو شەوەدا چەندین پەیامم پیا ڕەوانە دەکرد، پەیامێك بۆ

چیا سەرکەشەکانی ولّات بۆ ئەوەی گەواهیم بۆ بدەن کە من وەك ئەوان سەرکەش و دامەزراوم...پەیامێك بۆ ئەو پەپوولە سپییەی هەموو سەرەتای پایزێك ڕووی لە باخچە بچکۆلانەکەمان دەکرد تاکو بزانێ ئەشکەنجە و دیلیی پاکی و بەرائەتی لێ وەرنەگرتوومەتەوە، من وامنەدەزانی پەپوولە تەمەنی کورتە و ئێستا مالّئاوایی لە دایکم و باخچەکەمان کردووە بەڵکو هەموو شتێك لە لای من نەمر و هەر هەری بوو...پەیامێك بۆ دایکم تا خۆشەویستی منی وەك تاوێکی باران بەسەردا ببارێنێت...هەتا لە چاوم ئاوا دەبوو پەیامم پیا دەنارد، لەگەڵ ونبوونیدا سەرم بە پەنجەرەکەوە دەنا و تێر بە دوایدا دەگریام...ئێستا سەیرە لە لام ئاسمان بە بێ باج و سنوور شەوانە ئەم هەموو ئەستێرە دەبەخشێتەوە و کەسێك بیر لە تێڕوانین و سەیر کردنیان ناکاتەوە...!

لە وەرزی بەهاردا دوو میوانی ترم هەبوو، یەکێکیان کۆمەڵێك مێرووڵەی ڕەشی ورد بوون کە چەند ڕۆژێك بە ژوورەکەمدا هات و چۆیان دەکرد و پاشان ون دەبوون، خواردنم بە ناو ژوورەکەدا بلاّو دەکردەوە بۆ خاتری ئەوەی لە لام کۆچ نەکەن و بمێننەوە بەڵام دوای ئەو چەند ڕۆژە کەمە لەبەر چاو ون دەبوون و تا ساڵێکی تر نەدەبینرانەوە... جارێك چەند دانەیەکیانم گل دایەوە بەو هیوایەی بەجێم نەهێڵن و ئالوودەی ژوورەکەم ببن، بەڵام کە سەیرم دەکرد لە هەوڵ و تەکانی خۆ قوتار کردندان و بە دیلیی ئەو ژوورە ڕازی نین و ئارەزوویانە لەگەڵ یاران و هاوشێوەکانی خۆیاندا بن بەرەڵام کردن چونکە نەمویست وەك من دیل و زەلیل ببن..

دووەمیان مێرووییەکی زەمبووری ڕەش بوو بە قەبارەی زەردەواڵەیەك لە سوچێکی ژوورەکەدا و نزیك بە سەقفەکە لە قوڕ لانەیەکی درێژی دروست کرد بوو، گەراکانی لەو لانەدا هەڵدەڕشت و خواردنی لە لانەکەدا بۆ لا دەخستن و بەجێیدەهێڵان، دوو سێ هەفتە سەرقاڵی زەمبور و بێچووەکانی دەبووم و پاشان ئەوانیش ئەیاندا لە شەقەی باڵ و منیان بە بەندی بەجێدەهێڵا...

هاتنی ئەو سێ میوانە هەریەکەیان تام و چێژی تایبەت بە خۆی هەبوو کە ئێستا هەمووی نایەتەوە بەر هەستم...

شەوانە بە خوێندنی قورئانەوە خەریک دەبووم، تام و چێژێ لەو شەوانەدا نۆشم کرد لە هەموو تەمەنم نەمچەشتووە، لەگەڵ دەست کردن بە خوێندنی قورئان و کەوتنە ناو مەودا قوولەکانییەوە پیت و کەلمات و ئایات بۆ شەپۆلی مەعنەوی دەگۆڕان و منیان لەناو خۆیاندا نوقم دەکرد و شەپۆلە مەعنەوییەکان بەرەو ڕۆخ و کەنارێک هەڵیان دەگرتم وەک دوورگەیەک وا بوو لە ناو دەریایەکی بێپەیدا...هەموو پیتێکی قورئان مانایەکی هەیە، یەککرتنی پیتەکان و پێکهێنانی وشە و ئایات وەک یەککرتنی جۆگەلەی ئاوەکان وابوو، جۆگەی پیتەکان یەکیان دەگرت و ڕووباری وشەیان پێک دەهێنا و ڕووبارەکانیش یەکانگیر دەبوون و دەریایەکی بێسنوور لە ئایات پەیدا دەبوو، دەریا بێ سنوورەکە بەبەردەوامی بەرز دەبوویەوە و شەپۆلەکانی بۆ دەوروبەر دەنارد و منی بۆ کەناری دوورگەکە دەگواستەوە...

هەڵووشینی شەپۆلی ماناکان لە شەودا لە خواردن و خواردنەوە دووریان دەخستمەوە، بۆیە ئەو ژەمە خواردنەی ڕۆژانە سەربازە پاسەوانەکە بۆی دەهێنام زۆرجار وەک خۆی دەمایەوە و حەزی خواردنم نەبوو... پاسەوانەکە هەستی بە شتێک کرد بوو، وایدەزانی مانم لە خواردن گرتووە بۆیە بۆ ڕەواندنەوەی گومانەکەی کەمێکیم دەخوارد تاکو کێشە و سەر ئێشەم بۆ دروست نەکەن، تاقەتی ئەوەشم نەما بوو بە سەربازەکە بڵێم هەر ئەوەندەم بۆ دەخورێت و گومانت بۆ شتی تر نەڕوات...

محەممەدی خەڵوەتی هەستی کرد مامۆستا ماندووە و چاوەکانی جار بە جارێک لێک دەنا بۆیە نەیویست لەوە زیاتر ماندووی بکات، داوای لێکرد تەواوکردنی سەربوردەکان بۆ شەوێکی تر هەڵبگرێت...

شەوێك مامۆستا داوای لە محەممەد کرد بیبات بۆ کۆڕی زیکری زاهید و موریدەکانی، کە چوونە ژوورەوە ئەوان لە گەرمەی زیکر و یادا بوون، مامۆستا لە سوچێکەوە دانیشت و کەوتە سەرنجدانیان، ئەوان لە حاڵی خۆیاندا نوقم بوو بوون، لە دەوروبەریان دابڕا بوون، بێئاگا بوون لەوەی ئازیزترین میوان سەردانی کردوون و چاوی تێبڕیوون... دوای ماوەیەك دانیشتن و سەرنجدانیان مامۆستا داوای لە محەممەد کرد بیباتەوە بۆ ماڵەوە، چونکە لەوە زیاتر توانای نەبوو گوێ بۆ گریان و ناڵەی سینەی زاهید و موریدەکانی بگرێت...

ڕۆژێکی هەینی مامۆستا حەزی بە سەردانی قوتابخانەکەی بوو بۆیە لەگەڵ محەممەد سواری ئۆتۆمبێلەکە بوون و لە بەردەم قوتابخانەکە دابەزین، مامۆستا ڕۆیشتە ناو حەوشەکە و ماوەیەك بەدەوری قوتابخانەکەدا سوڕایەوە و پاشان داوایان لە پاسەوانی قوتابخانەکە کرد مۆڵەتیان بدا تاکو بچنە ژوورەوە و چاوێك بە ژوورەکاندا بخشێنن، پاسەوانەکە وتی: هەرچەند هاتنە ژوورەوە قەدەغەیە و مۆڵەتی بەڕێوەبەری پێویستە بەڵام لەبەر خاتری ئەو پیاوە غەریبە—مەبەستی مامۆستا ئەشرەف بوو—ڕێگەتان پێ دەدەم و فەرموونە ژوورەوە... مامۆستا یەکبەیەکی ژوورەکانی یاد کردەوە و لە هەر ژوورێکدا تاوێك ڕا دەوەستا و دەستی بە دیوار و مێزی منداڵەکاندا دەهێنا، لە کۆتایدا مامۆستا نامەیەکی بۆ بەڕێوەبەرەکە بەجێهێڵا و گەڕانەوە....

مامۆستا داوای لە محەممەد کرد کاتێك بۆ حیلمی شێخ ئەنوەر و حەسەنی مودەڕیس و زاهیدی خەڵوەتی و عەزامی موهاجیر و فوئادی ساهیر دیاری بکات بۆ ئەوەی بێن و چاوی پێیان بکەوێت...

محەممەد عەسری ڕۆژێکی پێنج شەممەی بۆ دیاری کردن و هەموویان لە ماڵی محەممەد کۆبوونەوە....

دوای شاد بوونەوەیان بە مامۆستا و دەربڕینی خۆشحاڵی بێدەنگییەك باڵی بەسەر هەمواندا کێشا کە مانای زۆری دەگەیاند... بێدەنگییەکە گلەیی و لۆمەی

مامۆستا بوو لەو چەند کەسەی لە بەردەمیدا بە چۆکدا هاتبوون، بێدەنگییەک شەرمەزاری و ڕوو زەردی کەسانێکی دەگەیاند کە نەیانتوانی پارێزگاری لە ئەمانەت بکەن، بەڵکو ئەمانەتیان بۆ حەزە کاتییەکان بەکار هێنا...

هەریەک لەوانەی سەردانیان کرد ئاواتیان دەخواست مامۆستا ئامارژەیەک بدات و تیایدا موبارەکەی ئیشەکەی ئەوی تێدا بێت، بەڵام جگە لە بەخێرهاتن و هەواڵپرسینی مانڵ و منداڵیان قسەیەکی لەگەڵ هیچ کامیان نەبوو...

هەریەکێک لەوانە بە جۆرێک هاوخەمی و هاوسۆزی خۆی دەردەبڕی و داوای دەکرد مامۆستا بۆ لای پزیشکێکی شارەزا ببەن گەر لە دەرەوەی وڵاتیش بێت، بەڵام مامۆستا دەیوت زۆر باشم و پێویستم بە بردنی هیچ لایەک نییە، هەندێکیان داوایان کرد مامۆستا سەردانی مانڵیان بکات و شەرەفی خزمەت کردنیان پێ ببەخشێ، بەڵام دیسان مامۆستا داوای لێبوردنی کرد و پێی وتن لە هیچ جێگەیەک جگە لە لەو ژوورە ناتوانێ بحەوێتەوە...

عەزام داوای کرد مۆڵەتیان پێ بدا و بتوانن سەردانی بکەن، مامۆستا لە وەڵامیدا وتی: هەر کات حەزی بینینتانم هەبێت محەممەد ئاگادار دەکەمەوە پێتان بڵێت...

حەسەنی مودەڕیس بوێری دایە بەرخۆی و وتی: مامۆستا بۆ ئەم پارچە پارچە بوون و ململانێ ناپەسەندەی نێوانمان چی دەڵێیت؟

دوای خامۆشییەکی دوورودرێژ کە بەس بوو بۆ وەڵامی پرسیارەکە، مامۆستا وتی: دابەشبوونتان بە ڕێگەی خۆی بەڵام لە دەستدانی خۆشەویستی و دۆڕاندنی متمانەی نێوانتان سەختە...

لە دوای ئەو چەند قسەیە خامۆشییەک ڕووی لە مامۆستا کرد و چاوەکانی پڕ بوون لە ئاو، پاشان داوای لێکردن لەوە زیاتر لەگەڵ ئەودا ئازار نەچێژن، بەجێی بهێڵن و بچن بەدەم کاروباری خۆیانەوە...

محەممەد تامەزرۆی گوێبیستی بەشێکی تری سەربوردەکانی مامۆستا بوو، پاش تێپەڕبوونی چەند ڕۆژێك بەسەر سەردانەکەی حیلمی و حەسەن و ئەوانی تر، شەوێك ڕووی لە مامۆستا کرد و وتی: گەر دەتوانیت بەشێکی تری سەربوردەی ناو بەندیخانەکەم بۆ بگێڕەرەوە...

مامۆستا وتی: زانینی ژیانی یەك هەفتەی ناو بەندیخانە زانینی ژیانی شازدە ساڵ دیلی و بەندی یە، چونکە هەموو ڕۆژێك هەمان شتی دوێنێ دووبارە دەبێتەوە، ژیانی شازدە ساڵ تەمەن لە یەك ڕۆژدا چڕ دەکرێتەوە، یەك ڕۆژەکەش ژیانە لە چوار چێوەی دیوارێکدا کە جگە لە تۆ دۆستێکی تری نییە... مرۆڤ لە ناو ئەو دیوارە بەردینەدا میلی کاتژمێری تەمەنی دەوەستێنرێ و بەبەردەوامی لە سەر یەك چرکەسات تەمەن بەڕێ دەکات، بۆیە لەو ژوورەدا زەمەن لە سفر نزیك دەبێتەوە و ناو ژوورەکەش کە بە ناو شوێنە هەروەك(کات) مانای شوێن لە دەست دەدات، چونکە شوێن هیچ ڕووداوێك لە ئامێز ناگرێت ، کاتێ شوێن و کاتیش لە نەبوون نزیك دەبنەوە جۆرێك لە ڕەهابوون ڕوو لە مرۆڤ دەکات...

شەوانە دوای هاتنی نوورە سپییەکە لە ژوورەکەم دەردەچووم و ڕۆحم لە شەقەی باڵی دەدا، دەڕۆیشتم بەرە و ڕۆژهەڵات تا دەگەیشتمە شورا مەزنەکەی دەوری چین و لەوێشەوە بەرە و زەریای ئارام دەگەڕامەوە و چەندین دوورگەی ناو ئەو دەریا مەزنەم تەی دەکرد و مرۆڤی جۆراوجۆرم لە ڕەنگ و باڵادا بەرچاو دەکەوت...هەموو هەژار و بێنەواکانم دەبینی، هەتیوان و باوك مەردەکانم دەهاتە پێش چاو، سەردانی دیل و بەندییە ستەم لێ کراوەکانم دەکرد، جگەرسووتاو و ڕۆڵە مەردەکانم چاو پێ دەکەوت، دەچووم بەدەم هەموویانەوە و برینە قوولەکانی دەروونیانم تیمار دەکرد...

هەر شەوێك و ڕووم لە کیشوەرێك دەکرد، شوێنێك نییە لەم سەر زەویە سەردانم نەکردبێ و مرۆڤەکانیم چاو پێ نەکەوتبێت... شەوانە دەهاتمەوە ناو

ئێوه و یەکبەیەکتانم بەسەر دەکردەوە، لە هەڵە و لاری و لادانەکان ئاگادارم دەکردنەوە، بەیانی ئەو کەسەی منی لە شەودا بینی بوو لە ناو دەستەکەی خۆیدا بینینەکەی شەوی منی بە قازانجی خۆی بەکار دەهێنا و دەیوت: ئەمشەو بە خزمەتی مامۆستا گەیشتم، بەڵام باسی ئەوەی نەدەکرد مامۆستا چی بەو وتوە و لە کام لاری و خواری ئاگاداری کردۆتەوە...

لە ناشتنی تەرمەکەی دایکم لەگەڵتان بووم بۆیە ئەو ڕۆژەی پێکەوە سەردانی گۆڕستانی غەریبانی شارمان کرد دەمزانی گۆڕەکەی لە کوێدایە...هەر ئەو ڕۆژەی دایکمی تیا نێژرا جێگە گۆڕی خۆمیان لە ناو گۆڕستانی غەریبانی شاردا نیشان دام، لەو نیشاندانەوە دڵنیا بووم ڕۆژێك لە بەندیخانە دێمە دەرەوە گەر تەرمە بێ گیانەکەشم بێت...

خەڵوەتی: (کام شوێن جێگە گۆڕی تۆیە؟)

مامۆستا ئەشرەف (تەنیشت ئەو گۆڕەی دوای هەستانم لەسەر گۆڕی دایکم لە تەنیشتییەوە دانیشتم و پشتم بە کێڵەکەیەوە نا...)

–دوای خامۆشییەکی کەم–محەممەد وتی (مامۆستا گیان بەردەوام بە لە گێڕانەوەکەت)

مامۆستا (لەگەڵ هەموو خەمەکانی تۆدا بووم، سەردانەکانت بۆ کۆڕی زاهید و موریدەکانی، دانیشتنی ناو مەیخۆرەکان، بینینی پیاوە پیرەکەی بن داری سەر شەقامەکە، گەنجە نامۆکەی مزگەوتی شێخی مەزن...

ڕۆژێك پاسەوانە کەڕ و لاڵەکە دوای دانانی ژەمە خواردنەکە هاتە قسە و بە چاوی پڕ لە گریانەوە وتی: مامۆستا داوای لێبوردنت لێ دەکەم، نەموێراوە لەم ماوەیەدا قسەت لەگەڵدا بکەم، نەمتوانیوە چونکە هەڕەشەی تووندم لێ کرابوو، گەر بیانزانیبایە تەنها یەك وشە بە سەر زمانمدا هاتووە کوشتنم مسۆگەر بوو، ترسی ئەوەم هەبوو ئامێر و تۆمارکەری دەنگیان لەم بینا و ژوورەدا دانابێت، من

بـه بـەڕێزت کاریگـەر بـووم، خۆزگـه بمتوانیبایـه یارمـەتیت بـدەم، چـەند جـار ویستوومه پێویستی و خواردنی جۆراوجۆرت بۆ بهێنم بەڵام به سێ پرسگەدا تێ دەپەڕم ئەوجا دەگەمه لای تۆ، ماوەیەك لەمەوبەر زەرفێك میوەیان پێوه گرتم و لەوەوه گومانیان لەسەر من لـه لا دروسـت بـوو، بۆیـه چـاودێری وردم دەکـەن، هەستیان کردووه سۆز و بـەزەیم بەرانبـەرت جـوڵاوه وا دەزانم بڕیاریـان دابێـت لێره بمگوێزنەوه و کەسێکی تر بۆ ئەم جێگەیه ڕەوانه بکەن...

وتم: هـەر ئەوەنـدەم پـێ بڵـێ ئێـره کـوێ یـه؟ وتـی: ئێـره بیابانـه نزیکـه بـه شارۆچکەیەك له نێوان سنووری سێ وڵاتی عەرەبیدایه...

له سەربازەکەم پرسی: لێره تۆ بەتەنهای؟

وتی: ئەم بینایه له ناو سـەربازگەیەکی نهێنیدایـه، بـەڵام بـه هـەر چـوار دەوردا چـەند کیلۆمـەترێك هـیچ کەسـێك لێـره نزیـك نابێتـەوه و منـیش لـه دەرگـای سەربازگەکەوه بۆ ئێره به سواری پاسکیلێك ژەمه خواردنەکەت بۆ دەهێنم...

وتم: کەی له من دەپرسنەوه؟

وتی: به تەمای لێ پرسینەوه مەبه، تۆ دیلـی تایبـەتی نووسـینگەی سـەرۆکی و شوکری خودا بکه له گەردنت نەدراوه، تۆ دیلێکی هەموو لایەك به چاوی ترسناك تەماشات دەکەن، هەر ئەوەندەی که دەڵێن ئەو کەسه دیلی تایبەتی نووسینگەی سەرۆکه دونیایەك ترس و بیم دەچێته گیانیانەوه، ئەوان نـازانن مرۆڤێکـی وەك تۆیان بەند کردووه، وادەزانن لەو بینا تەنهادا درندەیەك بەند کراوه تاوانەکەی له هەڵووشینی مرۆڤ گەورەتره، بۆیه به ئیمزای سەرۆك نەبێت بەرنادرێت...

وتم: تۆ چووزانیت لەوانەیه مرۆڤ خۆر بم؟! وتی: کەسـی وەك تـۆ گۆشـتی مـرۆڤ ناخوات...

پاسەوانەکه خواحافیزی لێکردم و ڕۆیشت، بەڵام ئەو چەند قسەیه منی هێنایەوه ناو ژیان و کاتەوه...

پاش چەند ڕۆژێك پاسەوانێکی تر هات و بێ ئەوەی دەرگاکە بکاتەوە لەو پەنجەرە بیست سەنتیمەترەی لە سەرەوەی دەرگاکەوە دروست کرا بوو خواردنەکەی بە ڕوویەکی گرژەوە دایە دەستم و ڕۆیشت، دیار بوو فەرمانی پێدرا بوو بە هیچ جۆرێك نزیکم نەکەوێت...

لە یەکێك لە سالّەکانی سەرەتای گرتنمەوە ڕۆژێك دەنگی چەند کەسێك کەوتە بەر گوێم، زۆری پێ نەچوو ئەفسەرێك و دوو سەرباز هاتنە ژوورەوە، ئەفسەرەکە دانیشت و دوو سەربازەکەش بەچەکەکانییانەوە بە پێوە وەستا بوون، ئەفسەرەکە خۆی ناساند و وتی: من نێراوی تایبەتم لە نووسینگەی سەرۆکەوە، داوای هاوکاریت لێ دەکەین بەرانبەر بە قوتاربوونت لە زیندان...

منیش وتم: چۆن هاوکاریتان بکەم؟

وتیان: لە ژێر چاودێری ئێمەدا بۆ نەهێلانی هێزی جەماوەری یاخیبوان کارمان لەگەلّ دەکەیت..

لە وەلاّمدا پێم وتن: ئەو داوایەی ئێوە بە ئیشی خۆم نازانم و گەر ئەو کارە بکەم دەیسەلمێنم پێشتر خەریکی سیاسەت و کاری ژێربەژێر بووم نەك پەروەردە و ئەخلاق، ئاوا درۆ و ناپاکییەك لەگەلّ مەردوومانداسزاکەی لەمە گەورەترە کە ئێستا تیایدا دەژیم، گەر پێشتر نیازی هاوکاریم لەگەلّ ئێوە هەبوایە نەدەگەیشتمە ئەم جێگەیە، هاتنم بۆ بەندیخانە نیشانەی ئەوەیە نامەوێت بێمە ژێر داواکانتانەوە...

ئەفسەرەکە وتی: بەڕێز، بەزەیت بە خۆتا بێتەوە، تۆ لەم جێگەدا هیچ نەتکوژێت تەنهایی سەرت لە گۆڕ دەنێت، ئەم هاتنەی ئێمە فورسەتێکی ژیان و مانەوەیە دەیخەینە بەر دەستت، باوەڕم پێ بکە بەزەیم بە حالّتدا دێتەوە..

وتم: مردنم پێ باشترە لە درۆکردن لەگەلّ خۆم و خەلّکی...

ئەفسەرەکە لە کۆتایدا هەستا و وتی: کەوا بوو خۆت ڕێگەی مەرگت بۆ خۆت هەلّبژاردووە...

منیش هاتمه وەلأم و وتم: ئێوه دوو رێگەتان خستۆته بەردەمی من، یان مردن یان درۆ و ناپاکی، تالأوی ئەوەی دووەمیان لە تالأوی مەرگ خراپترە...

کە زانییان قسەکردنەکەیان بێ سوودە هەستان و بەجێیانهێلأم...

ئەوەی ئەوان داوایان دەکرد من لە مێژبوو بەجێمهێلأ بوو، تەنهایی منی گۆڕیبوو بە مرۆڤێکی تر، مرۆڤێ دونیای بیرکردنەوە لە خۆی و بەرژەوەندی خۆ لە بیر چووبوویەوە، شەش سالّی یەکەم هەموو وەرزی بەهارێ چەند کەسێك بەناوی نووسینگەی سەرۆکەوە دەهاتن و هەمان قەوانی داواکارییان لێ دەدایەوە، لە کۆتایدا کە زانیان نایەمە ژێر داواکاریەکانیانەوە سەردانەکانیان ڕاگرت و داواکانیان کۆتا پێ هێنا، ئێستا کە تۆ بۆم باس دەکەی دەزانم بەشێك لە هۆی وازهێنانیان لە من ئەو گۆڕانە گەورەیە بوو بە هۆی سەرئەنجامەکانی جەنگەوە ڕووی لە ولأت کرد بوو...

من بەناو مرۆڤێکی زیندوو بووم ئەگینا لەگەلّ جیهانی ڕۆح و مردووەکاندا شەوانە دەست لە ملان دەبووم، لەو ژوورەدا هەموو ئەو کەسانەی بەر لەمن بەند کرابوون و پاشان ڕووبەڕووی مەرگ و سێدارە بووبوونەوە شەوان دەهاتن بۆ سەردانم و باسی مەرگەساتی خۆیانیان بۆ دەکردم...لە ڕۆژدا بیرم دەکردەوە دەبێ کێ لە دوای من لەم ژوورەدا بەند بکرێ و ڕۆحەکەی منیش شەوانە بۆ سکالأ کردن لە لای ئەو سەردانی بکات؟!

پاسەوانی دووەم دوو مانگی یەکەمی هاتنی زۆر بە ترسەوە مامەلّەی لەگەلّ من دەکرد، تەنها لە پەنجەرە بچووکەکەوە خواردنەکەی دەدایە دەستم و تەنانەت سەیرێکی دەموچاوی نەدەکردم...

دوای ئەو ماوەیە ترسی شکاو دەرگاکەی دەکردەوە و ژەمە خواردنەکەی دادەنا و دەڕۆیشت، ئەو وایدەزانی لەگەلّ کردنەوەی دەرگاکە پرسیار بارانی دەکەم، بەلأم منیش ئارەزووی سەیرکردنی سەر و سیمای ئەوم نەما بوو، ماوەیەکی

دووروەدرێژ لە پاسەوانی کردنی ئەو تێپەڕی بەبێ ئەوەی تەنها یەك وشە بە نێوانماندا گوزەر بکات...

ڕۆژێك دوای دانانی ژەمە خواردنەکە وتی: ئوستاز شتێکی ترت پێویست نییە؟

سەیرێکم کرد و وتم: نا، مەمنونم...

بۆ سبەینێ، لەگەڵ دوو سەربازی چەکداری تر و سەرتاشێکدا هاتن و قاتێ پۆشاکی بەندی تازە و هەندێ پێویستی تریان بۆ هێنا بووم، سەرتاشەکە سەروریشی پاك تاشیم و مەکینەیەکیان پێدام بۆ ئەوەی بچمە حەمام و خۆمی پێ پاك بکەمەوە، بەڵام چاودێرییان کردم نەوەك بۆ خۆ کوشتن بە کاری بهێنم...دوای تەواو بوونم لە حەمام مەکینەکەیان لێوەر گرتمەوە و پشکنینێکی وردی ڕووت و حەمام و ناو دەستشۆرەکەیان کرد و ڕۆیشتن...

سەیر لەوەدا بوو هەموو ئەوانەی دەهاتنە لای من دەمی خۆیان هەڵ دەدوری و قسەیەکیان لێ نەدەبیستڕا وەك ئەوەی بەشێك لە سزاکەی من قسە نەکردن بێت لەگەڵم...

ڕووداو لە ناو ڕووەکەمدا ڕاگیرا بوو تەنها یەك ڕووداو بوونی هەبوو ئەویش لە ناخ و دەروونداو بوو، مەینەتییەکانی شازدە ساڵی زیندانی بە زمان ناگێڕرێتەوە، چونکە خەم و ئازاری دەروونن، لە کوێ دەتوانم سەربوردەی ئەشکەنجەکانی ئەو تەمەنە دووروەدرێژەت بۆ باس بکەم کە هەر شەوێکی ڕۆمانێکی پێویستە، ڕۆمانێك پیتەکانی ئازار بن، وشەکانی خەم و مەینەتی...؟!

مامۆستا لە دوای بەربوونەکەی لە بەندیخانە تەنها سێ مانگ ژیا و پاشان کۆچی دوایی کرد...

شەوێك محەممەدی بانگ کرد و لە تەنیشت خۆیەوە دایناو پێی وت (محەممەد گیان، من سەفەری مەرگم لێ نزیك بووەتەوە و گوێم بۆ بگرە، مردن سوننەتێکی ژیانە و بەشێکە لە ژیان و لەناو ژیاندا تەماشا دەکرێت... ئەمڕۆ من و سبەینێ

تۆ و دوو سبەی کەسێکی تر بەڵام هەر دەبێ بمرین، بۆیە بە ئاسایی و سانایی مەرگ وەربگرە و بیخوێنەوە، من لە زوەوە مردووم، وەلێ گواستنەوەم بۆ گۆڕستان دواکەوت بوو، ئەگینا پەیوەندییەکانم، حەزەکانم، خولیا و کەڵکەڵەکانم لە مێژە مردوون، ئەم پەیوەندییەی ئێستای خۆم لەگەڵ تۆ بە پەیوەندی دوو زیندوو نازانم بەڵکو بە پەیوەندی مردوویەکی دەبینم لەگەڵ زیندوویەکدا، ئێستاش وا دەزانم شەوێکی بەندیخانەیە و ڕۆحم لە شەقەی بااڵی داوە و سەردانی ئێوەی ئازیزم کردووە، بەڕاست بڵێی تۆ لە خەودا بیت و من هاتبمە خەونت؟!)

محەممەد وتی (مامۆستا تکا دەکەم قسە و باسی لەو جۆرەم بۆ مەکە، تۆ زۆر باشیت و لەو کاتەوەی بەربوویت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەندروستیت بەرەو باشتر هاتووە...)

مامۆستا لە وەاڵمدا پێی وت (محەممەد باشیی من باشیی کۆتا هاتنی ئازارەکانی پێش مەرگە، نەخۆش ماوەیەك بەر لەوەی گیانی دەر بچێت هەست بە ئارامی و چاك بوونەوە دەکات، بەاڵم خامۆشی مەرگە بااڵی بەسەردا کێشاوە...)

محەممەد (مامۆستا بۆ ئەم قسانە دەکەیت؟ دەزانی چەندە ئازارم دەدەن؟)

مامۆستا (محەممەد وامەڵێ، ئێمە دەبێ مەرگی چاك و پاك بە خەاڵت بزانین، ئەوجا من خۆم دەزانم لە بەندیخانە چییان دەرخوارد داوم..)

محەممەد (چییان دەرخوارد داوی؟!)

مامۆستا (بەر لە بەربوونم ژەمێك خواردنیان پێدام کە هەستم کرد لە دوای ئەوە باری تەندروستیم تێکچوو، ڕۆژێك بەناوی پشکنینی پزیشکییەوە کەسێکیان هێنا و دەرزیەکی لێدام، لێدانی دەرزیەکە پەیوەندی بە نەخۆشییەکەی منەوە نەبوو...)

محەممەد (تۆ دەڵێیت دەرزی ژەهریان لێداوی؟!)

مامۆستا (چی بڵێم؟ لەوانەیە..)

محەممەد (لەوانەیە؟ یان دڵنیایت؟)

مامۆستا (لە خۆم دڵنیام...)

محەممەد (خۆت وا دەزانی یان هەواڵیان پێداوی؟)

مامۆستا (محەممەد، با پرسیار کردن بەس بێت...دەزانی بۆچی تۆم بانگ کردووە؟)

محەممەد (بۆچی بانگت کردووم؟)

مامۆستا (ئەم دوو نامەیەم لێ وەربگرە، یەکەمیان بۆ حیلمی و حەسەن و زاهید و عەزام و فوئادە کە پاش مەرگم هەموویان بانگ دەکەیت و بەسەریاندا دەخوێنییەوە، دووەمیان بۆ خۆتە و لە دوای مردنم دەیکەیەوە و داواکارییەکانی ناوی جێبەجێ دەکەیت...)

محەممەد هەردوو نامەکەی لە مامۆستا وەرگرت و خامۆشییەکی پڕ لە حوزن باڵی بەسەر ژوورەکەدا کێشا...

بەیانییەک محەممەد هەروەک جاران پۆیشتە سەرەوە بۆ ژوورەکەی مامۆستا بینی مامۆستا لەسەر جێگەکەی ڕاکشاوە و بەتانییەکەی تاکو ئەژنۆی بە سەر خۆیدا داوە و زەردەخەنە و پێکەنینێك بەسەر لێوەکانییەوەیە و چاوەکانی دەڕوانێ و سەیری دەرگاکە دەکات، محەممەد سەلامی لێکرد بەلآم مامۆستا وەلآمی نەدایەوە، محەممەد لە مامۆستا نزیك بوویەوە و بانگی لێکرد بەلآم دیسان وەلآمی نەبوو، لە سەرەتاوە محەممەد وایزانی مامۆستا هۆشی لەبەر خۆی نەماوە بەلآم کە سەری نا بەسەر دڵییەوە لەوە دڵنیا بوو دڵە مەزنەکەی لە لێدان وەستاوە و سەفەری یەکجاریی کردووە...

مامۆستا سەفەری مەرگی کرد و لە گۆڕستانی غەریبانی شار و لەو جێگەی ئامادەی پێدابوو ئەسپەردەی خاك کرا، لە چەندین شار و چەندین مزگەوت

کۆڕی تەعزێخوانی بۆ مامۆستا بەڕێوە چوو، لە دوای چەند ڕۆژێك لە مەجلیسی تەعزێ و سەرەخۆشی، شەوێك محەممەد دوو نامەکەی هێنا و لە ژوورەکەی مامۆستا دەستی بە خوێندنەوەیان کرد، سەرەتا نامەکەی حیلمی و چەند کەسەکەی تری کردەوە و مامۆستا تەنها چەند وشەیەکی بۆ نووسی بوون کە ئەمە دەقەکەی بوو:

خۆشەویستانم، لە دواین نەفەسی ژیانمدا چەند قسەیەکم بە گەورەیی خۆتان لێ وەربگرن، ئێوە حەز و ئارەزی خۆتان تێکەڵ بەو پەیامە کرد کە بڕیار بوو بێ بەرانبەر بە مەردوومانی بگەیەنین، کەس لە ئێوە مافی ئەوەی نییە بە ناوی من و پەیامەکەی منەوە کارەکانی خۆی ئەنجام بدات، داواتان لێ ناکەم سەرقاڵی ئەو کارانە نەبن کە ئێستا پێیەوە خەریکن، بەڵام وامەزانن خۆتان لەسەر حەقن و خەڵکانی تر دوورن لەڕاستی...

دڵسۆزتان / ئەشرەفی سوڵتانی....

پاشان محەممەد نامەکەی خۆی کردەوە و لە ناویدا نامەیەکی پێچراوەی تری تێدا بوو، لە نامە کراوەکەی خۆیدا مامۆستا داوای لێکرد بوو لە دوای مردنی ئەو بە دوای پیاوێکدا بگەڕێت بەناوی (شەمسی سیراجی)، ئەو لە نامەکەدا وتبووی شەمس ڕێگەی لەم شارە دەکەوێت و چارەنوسی تۆ بە ئەوەوە گرێدراوە و گەر دەتەوێ لەسەر پەیامەکەی من بەردەوام بیت پێویستە سیراجی ببینیتەوە، بیستنی ناوی شەمسی سیراجی خەونێکی منداڵی هێنایەوە یاد، تەمەنی محەممەد حەوت ساڵان بوو هەفتەیە چەند جار لە خەونیدا پیاوێکی بە سام و هەیبەتی دەبینی کە لەگەڵ خۆر هەڵاتندا ڕووی لە خۆر دەکرد و بە دەستی ڕاستی تیشکی خۆری کۆدەکردەوە و دەیچۆڕاندە ناو چرایەکەوە پاشان چرایەکە تیشکی خۆرەکەی دەدایەوە و هەموو زەوی ڕووناك دەکردەوە، ئێستا مامۆستا ئەشرەف ناوی کەسێکی پێ دەدا کە مانای خۆر و چرای تێدایە، شەمس خۆرە و سیراجیش چرا...

پاشان مامۆستا داوای له محەممەد کرد بوو ئەو نامە داخراوە کە لە ناو نامەکەی ئەودا بوو بیگەیەنێت بە ئافرەتە (سپی پۆشەکە)، بۆ دۆزینەوەی ئەو ئافرەتەش ناوی کەسێکی هێنا بوو، باخەوانێکە لە کۆلێژی ئەندازیاریی شارەکەیان...

محەممەد بۆ سبەینێ حیلمی و زاهید و حەسەن و عەزام و فوئادی بانگ کرد و نامەکەی مامۆستای بەسەردا خوێندنەوە و وتی: هەموتان دەکەم بە شاهید بە سەر ئەم چەند قسەی مامۆستاوە کە بۆ ئێوەی نووسییوە..

عەزام وتی: هەموومان باش دەزانین کارەکەمان ئەو پەیامە نییە کە مامۆستا بە ئێمەی گەیاند بەڵام تازە تێوە تلاوین و سوار بوون عەیبێکە و دابەزین دوو عەیب...

حیلمی هەڵیدایە و وتی: هەریەکێمان سوپایەکمان لە جەماوەر شوێنی خۆمان خستووە، گەر ئێستا ئێمە بڵێین بە هەڵەدا چووین دەبێ چی بەو جەماوەرەمان بڵێین...

بێدەنگییەك باڵی بەسەر هەموواندا کێشا، دیار بوو سەرباری ئەو هەموو کێبەرکێ و ململانێیە لەسەر ئەو ڕایە کۆك و تەبا بوون کە بەردەوام بن لەسەر هەڵەی خۆیان و حەقیقەتی کارەکەیان بە جەماوەر نەڵێن و ململانێکانی نێونیان قوڵتر بکەنەوە...

عیشقی مامۆستا

محەممەد پاش ماوەیەک سەردانێکی کۆلێژی ئەندازیاری کرد و هەواڵی باخەوانەکەی پرسی، لە وەلأمیدا وتیان خانەنشین کراوە، لە ڕێگەی ناسراوێکی باخەوانەوە ناونیشانی ماڵەکەیانی وەرگرت و ڕۆیشت بۆ ماڵیان، هەواڵی پرسی و وتیان لە مزگەوتە...کاتژمێر (دە) ی سەر لە بەیانی بوو سەردانی مزگەوتەکەی کرد و لە گۆشەیەکیدا پیاوێکی ڕیش سپی بەتەمەنی کەوتە پێش چاو و هەواڵی مام سەعیدی لێ پرسی، ئەویش لە وەلأمدا وتی-(من مام سەعیدم، بفەرموو...)

محەممەد +(لای مامۆستا ئەشرەفی سولتانییەوە هاتووم....)

-دوای ماوەیەک لە بیرکردنەوە-(ئەشرەفی سولتانی؟! ئەشرەفی سولتانی لە سێدارە دراوە، مەبەستت کام ئەشرەفە؟)

+(تۆ چەند ئەشرەفی سولتانی دەناسیت؟)

-(تەنها یەک ئەشرەف دەناسم، ئەشرەفەکەی من لە سێدارە درا و منی بە غەریبی بەجێهێڵا...)

+(ئەشرەف لە سێدارە نەدرا بوو وەک ئەوەی ئێمە دەیزانین، سێ مانگ لەمەوبەر لە بەندیخانە هاتە دەرەوە و دوو هەفتە لەمەوبەر کۆچی دوایی کرد..)

-(شۆخیم لەگەڵ دەکەیت یان بەڕاستە؟)

+(لەگەڵ پیاوێکی ڕیش سپی وەک بەڕێزت ناتوانم شۆخی بکەم...)

مام سەعید چاوەکانی پڕ بوون لە گریان و چاویلکەکەی لە چاوەکانی داگرت و بە دەستمالّەکەی فرمێسکەکانی سڕیەوە...پاشان وتی (من گریانی خۆمم بۆ ئەشرەف کرد بوو بەلاّم تۆ هاتی و بریندەکەمت هێنایەوە سۆ...)

+(مام سەعید چۆن بوو هەواڵی بەر بوونەکەی مامۆستات نەبیست بوو؟)

-بە قورگی پڕ لە گریانەوە-(من پیرم و لە دونیا دابڕاوم، بەشێکی زۆری کاتەکانم لە نێوان مالّ و مزگەوتدام...پێت نەوتم بۆچی هاتوویت بۆ لای من؟)

+(هاتووم هەواڵی ئافرەتە سپیپۆشەکەت لێ بپرسم...)

- دوای ماوەیەك لە بێدەنگی-(ئافرەتە سپیپۆشەکە؟! بۆ چیتە؟)

+(نامەیەکی مامۆستام لە لایە بۆی...)

-(ئەو سالّێك یەکجار لە شارەکەی خۆیانەوە بۆ ئێرە دێت و سەردانێکی کۆلێژی هەندەسە دەکات و یەك دوو کاتژمێرێ لەوێ دەمێنێتەوە، تۆ دەتوانی لەو ڕۆژەدا چاوت پێی بکەوێت...)

+(ڕۆژی هاتنی ئافرەتە سپیپۆشەکە بۆ ئەو کۆلێژە چ ڕۆژێکە؟)

-(دووی مانگی نیسانی هەموو سالّێك سەر لە بەیانییەکەی سەردانی ئەو جێگەیە دەکات..)

+(بەلاّم چۆن من بیناسمەوە؟)

-(تەنها ئافرەتێکە جل و بەرگی سپی پۆشیوە، لە شوێنی ئۆتۆمبێلەکانی ناو کۆلێژ ڕابوەستە و ئۆتۆمبێلەکەیان بۆ وەستان دێننە ئەو جێگەیە...)

+(کەوابوو زیاتر لە مانگێك دەبێ چاوەڕوانی هاتنی ئەو ڕۆژە ببم!)

-(بەلێ..)

+(مام سەعید پەیوەندی مامۆستا بەو ئافرەتەوە چییە؟)

-(ئەوەیان پەیوەندی بە منەوە نییە..)

محەممەد بۆ ئەو پرسیارە بێجێیە هەندێك هەستی بە شەرمەزاری کرد و بێجێیی پرسیارەکەی بەری لێ گرت تاکو پرسیاری پەیوەندی نێوان مامۆستا ئەشرەف و مام سەعید بکات بۆیە دەستەکانی مام سەعیدی ماچ کرد و خواحافیزی لێکرد...

لەو ماوەیەدا محەممەد گوێی هەڵخست بۆ ئەو ناوەی مامۆستا لە نامەکەدا ئاماژەی پێ کرد بوو، لە چەندین زانا و پیاوی شارەزا و بەتەمەن هەواڵی (شەمسی سێراجی) پرسی، بەڵام کەسێك نەبوو ئەو ناوەی بەرگوێ کەوتبێت بەڵکو هەندێکیان دەیانوت ئەو ناوە پێ ناچێت کەسێك بێت خەڵکی ئەم وڵاتە، بۆیە خۆت ماندوو مەکە و لە دووی مەگەرێ...

ڕۆژی دووی چوار لە بەیانی زووەوە ڕۆیشت بۆ کۆلێژی ئەندازیاری بە هیوای ئەوەی چاوی بە ئافرەتە سپیپۆشەکە بکەوێت...تا نزیکی کاتژمێر(دە) چاوەڕوان بوو بەڵام کەسێکی بەو ناونیشانە نەبینییەوە، کاتژمێر(دە) و چارەك ئۆتۆمبێلێکی سپی بۆ شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێلەکان لایدا و شۆفێرەکە دابەزی و دەرگاکەی دواوەی کردەوە و ئافرەتێکی سپیپۆشی لێ دابەزی، ئافرەتەکە بالأپۆشی ڕاهیبە مەسیحییەکانی لە بەردا بوو، محەممەد سەرنجێکی وردی شۆفێرەکەی داو بیری کردەوە کە ئەوکەسەی لە جێگەیەك بینیوە، ئەرشیفی چەندین ساڵی بە خێرایی هەڵدایەوە تا شازدە ساڵ دوورکەوتەوە و گەنجەکەی هاتەوە پێش چاو کە هەموو ساڵێك لە وەرزی پایزدا سەردانێکی مامۆستای دەکرد و نامەیەکی پێ دەگەیاند، ئێستا پیاوێکی تەمەن سی و پێنج ساڵە و کەمێك لە موەکانی سەری سپی بوو بوون...

شۆفێرەکە لای ئۆتۆمبێلەکەی مایەوە و ئافرەتە سپیپۆشەکەش بە ناو کۆلێژەکەدا کەوتە گەشت و گەڕان، محەممەد لە دوورەوە کەوتە سەرنجدانی... دوای دوو کاتژمێر لە گەڕان و دانیشتن و سەرنجدان ئافرەتە سپیپۆشەکە

گەڕایەوە بۆ لای ئۆتۆمبێلەکە و شوفێرەکە دەرگاکەی بۆ کردەوە و لە کاتی سوار بووندا محەممەد ڕووی تێ کرد و وتی+(بە یارمەتیت...)

-ئافرەتە سپیپۆشەکە (فەرموو چیت دەوێت؟)

+(قسەم لەگەڵت هەیە..)

-(لەگەڵ من؟ بەڵام من ناتناسم و قسەیەکم لەگەڵ تۆدا نییە...)

+(من تۆ دەناسم وقسەی زۆرم هەیە..)

-(فەرموو قسەکانت بکە..)

+(نامەیەکم بۆ هێناوی..)

-(نامەی کێ یە؟)

+(نامەیەک لە ئەشرەفی سوڵتانییەوە..)

-(ئەشرەفی سوڵتانی؟! ئەشرەفی سوڵتانی لە سێدارە درا..)

+(بەڵێ لە سێدارە درا بەڵام هەواڵێکی هەڵە بوو، ئەو چەند مانگ لەمەو بەر لە زیندان دەرکرا و دوای سێ مانگ لە بەردانی کۆچی دوایی کرد و ئەم نامەیەی بۆ بەجێهێڵاوی...)

ئافرەتە سپیپۆشەکە لەگەڵ بیستنی ئەو قسەیەدا دەموچاوی خستە نێوان هەردوو لەپی دەستییەوە و ڕووی لە محەممەد وەرگێڕا و تاوێکی باش فرمێسکی هەڵوەراند، پاشان لای کردەوە بە لای ئەودا و پێی وت-(دەتوانی نامەکەم پێ بدەی؟)

+(نامەکە بۆ تۆ هاتووە و مافی خۆتە داوای بکەیت و ناتوانم لێتی داگیر بکەم، بەڵام تەنها یەک تکام لە تۆ هەیە ئەویش: نهێنی پەیوەندیِ نێوانی تۆ و مامۆستا لە چیدایە و بۆم باس بکە؟)

-(دەتوانی بمبووریت و بڕیارەکانم نەهێنیتەوە سۆ؟)

+(نا، چونکه هەموو نهێنییەکانی مامۆستا لە لای منە جگە لەو نهێنییە، لەبەر خاتری مامۆستا ئەو ئازار و ئێشە بچێژە و دەرگای دەروونی خۆتم بۆ والاّ بکە..)

ئافرەتە سپی پۆشەکە کارتێکی لە جانتا دەستییەکەی دەرهێنا و دایە دەستی محەممەد و وتی–(دەتوانی یەك شەممەی داهاتوو سەردانم بکەیت...)، پشان ئۆتۆمبێلەکە کەوتە گەڕ و ڕۆیشت...

محەممەد بۆ هاتنی ڕۆژی یەك شەممە زۆر تامەزرۆ بوو، بیری لەوە دەکردەوە لە کوێوە لەگەڵ ئافرەتە سپیپۆشەکە دەست پێ بکات و نهێنی ئەو پەیوەندییەی ئەو و مامۆستا دەبێت چی بێت؟

ڕۆژی هەینی سەردانی گۆڕستانی غەریبانی شاری کرد و ڕۆیشتە سەر گۆرەکەی مامۆستا و تاوێك بە غەریبی لێی دانیشت و کەوتە گفتوگۆیەکی ڕۆحی لەگەڵی:

مامۆستا گیان، دەزانم ئێستا لەگەڵ منداى، گوێت لە یەکبەیەکی وشەکانمە، چاوەڕوانی ڕۆژێکم بە دیدارت شاد ببمەوە، لە دووی ناوی شەمسی سیراجی گەڕام، کۆڵێش لە گەڕان نادەم بەڵام تاکو ئێستا نەمبینیوەتەوە، دەبێ ئەو مرۆڤە مەزنە کەی بەخزمەتی بگەم؟ تۆ زۆر عاشقی دیداری ئەو بووی... بە بینینی ئەو سەوداسەر بوو بوویت، تەنها یەك جار بینین چی فێری تۆ کرد؟ خۆت بە منت وت تەنها یەك جار بینیوتە و ئەو بینینە بوو بە دینەمۆی جووڵە و گەردەشی سی سالّ لە تەمەنت، دەبێ ئەو مرۆڤە چ فریشتەیەك بێت کە تۆی مەزن پێی سەرسام بوو بوویت؟ دەبێ چ شەرابێکی دەرخوارد دابیت کە سی سالّ مەست و مەدهۆش بوویت؟ بە چ باخچەیەکی مەلەکوتدا گەشتی پێ کردی وا ژیانی پڕ ئازار و ئەشکەنجە نەی ڕەنجاندی؟ لە کام کانیاوی میهر پاراوی کردی هەموو گیانت بوو بوو بە میهر و بەزەیی؟ چ کاسێکی خۆشەویستی پێ نۆش کردی ڕك و کینە بارگە و بنەی پێچابوویەوە و لە لات باری کرد بوو؟ ئەو

مرۆڤە لە چ مەملەکەتێکی عیشقەوە بۆ تۆ ڕەوانە کرا وا هەموو ژیانی سەر لەبەر گۆڕیت؟ کام ئاسۆی سپی و بەرینی نیشان دابووی، هەمیشە بە هیوا و گەشبینییەوە لە ژیانت دەڕوانی؟ بەڵێنم پێداویت دەیدۆزمەوە، دەزانم بۆچی ناونیشانت پێ نەدام، دەزانم دەتویست پێم بڵێیت: گەڕان بەشێکە لە عیشق بەڵکو عیشق گەڕانە...ویستت فێرم بکەی بۆ ئەوەی قەدرزانی سەرچاوەی عیرفان بکەم، تامەزرۆ بم بۆ ئەو کانیاوەی مرۆڤ بۆ مەملەکەتی ئاسودەیی دەگوێزێتەوە...

ئەو چەند کاتژمێرێك لەسەر گۆڕەکەی مامۆستا ئەشرەف مایەوە و لەگەڵ ڕۆحەکەیدا مناجاتی دەکرد، پاشان گۆڕستانی بەجێهێڵا و بەرە و ماڵەوە گەڕایەوە...

ڕۆژی یەك شەممە بەیانی زوو سواری ئۆتۆمبێلەکەی بوو، بەرەو شاری خانمە سپیپۆشەکە بەڕێکەوت، پاش چەند کاتژمێرێك گەیشتە ئەو ناونیشانەی پێی درا بوو... ناونیشانەکە ماڵێك بوو لە تەنیشت کڵێسایەکی مەزندا لە گەڕەکی مەسیحیەکان...محەممەد جارێکی تر سەیری ناونیشانەکەی کردەوە، چونکە دەترسا بەدروستی ناونیشانەکەی نەدۆزیبێتەوە بەڵام ئەو بە دروستی شوێنەکەی بینیبوویەوە و بە هەڵەدا نەچوو بوو...

زەنگی لێدا و گەنجێك دەرگای لێکردەوە، ئەویش کارتەکەی نیشاندا و وتی: ناونیشانی ئێرەم پێدراوە... گەنجەکە هەرکە کارتەکەی بینی پێی وت: چاوەڕوان بە...

بە دوای خۆیدا گەڕایەوە و زۆری نەبرد ئافرەتە سپیپۆشەکە هاتە دەرەوە و فەرموویی لە محەممەد کرد و ئەویش بە هەندێك ترسی تێکەڵ بە شەرمەوە ڕۆیشتە ژوورەوە، خانمە سپیپۆشەکە بردی بۆ ژووری پێشوازی و پاش کەمێك پەرداخێ ئاوی بۆ هێنا و بەرانبەری دانیشت...دوای خواردنەوەی ئاوەکە، ئافرەتە سپیپۆشەکە وتی (پێشبینی ئەوەت دەکرد ڕوو لە ماڵێکی مەسیحی بکەیت؟)

محەممەد (بەڵێ، بە پۆشاکە سپی پۆشەکەتدا دیارە، کارەکانی مامۆستاش هەمووی سەیر و پێشبینی نەکراو بوون...)

ئافرەتەکە خۆی ناساند و وتی ناوم (مێریا) یە...

محەممەد (منیش ناوم محەممەدە)

مێریا (دەتەوێ چیت بۆ باس بکەم و عەودالّی چ نهێنییەکی؟)

محەممەد (چۆن مامۆستات ناسی و چ پەیوەندی و نهێنییەك لە نێوان تۆ و ئەو دا هەیە؟)

مێریا (سەربوردەی من و ئەشرەفی سوڵتانی داستانێکە بە پۆماننوسێکی مەزن نەبێت نانوسرێتەوە... نازانم لە چیپەوە دەست پێ بکەم، چۆن بتوانم ئەوەی ناخ و دەروونی داگیر کردووم بیهێنمە سەر زمانم؟ هەرچۆنێك بێت و لەهەر کوێوە دەست پێ بکەم دەبێ بگەڕێمەوە بۆ ئەو ڕۆژگارەی من و ئەشرەفی سوڵتانی لە زانکۆ بووین...

سەرەتای چاوپێکەوتنی من بە ئەشرەف لە کۆلێژی هەندەسەی مەدەنی بوو—لە زانکۆی ئەم شارەی خۆمان، خۆ دەزانی ئەشرەفی سوڵتانی کۆلێژی هەندەسەی کوێی تەواو کردووە؟

محەممەد (بەڵێ، کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی ئەم شارەی تەواو کردووە)

مێریا (بەڵێ، ئەو گەنجێکی خاوەن کەسایەتی دامەزراو بوو... من کچێکی سەرکەشی چاوتێبڕاو و خوازراو بووم، خوێندکارە کوڕەکانی کۆلێژەکەمان خۆزگەیان دەخواست تەنها ئاوڕێکیان لێ بدەمەوە، تەنانەت لە کۆلێژەکانی تردەوە دەهاتن و عیشق و حەزی خۆیان بۆ من دەردەبڕی، سەرکەشی من سنووری نەبوو، زۆر بەخۆمدا دەنازیم، نێرم بچووك دەهاتە پێش چاو بەڵکو کوڕانم بە کۆمەڵێك کۆیلە تەماشا دەکرد، لە ئێستاوە بە هەڵە لێم تێمەگە و لەسەر ئەو کارەم لۆمەم مەکە چونکە هۆی بە هەڵەداچوونەکەی من بەشێکی لە

ئەستۆی گەنجەکاندا بوو، ئەوان ڕەفتاریان بەرانبەر بە من کۆیلانە بوو، یەکێکیان دەیوت: هەرچی داوا بکەی و حەز لێ بکەی بۆت جێبەجێ دەکەم، یەکێکی تریان دەیوت: دەتبەم بۆ هەندەران و لە خۆشترین ولاتی ئەورووپیدا ژیان بەسەر دەبەین، سێیەمیان بۆ گەیشتن بە من دەیوت: دەبم بە مەسیحی و ئایینی خۆم واز لێ دەهێنم... من هەموو ئەو قسانەم دەبیست بەلام ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر نێرم لەبەر چاوان دەکەوت و بێزم لێ دەکردنەوە، ئەو بێزلێکردنەوەش بۆ ئازاردانیان پاڵی پێوە دەنام، بەلام ئازاردانێ گەنجان بۆی تامەزرۆ بوون..

بازاڕی گەرمی من ئێرەیی لەلای کچانی کۆلێژەکەمان دروست کرد بوو، هەیانبوو ڕك و کینەی بەرانبەر بە من لە دڵدا دروست بوو بوو، لە سەرەتاوە زۆر خۆشم لەو یارییە دەهات و ئارەزووم بوو لە ڕۆژێکدا سەد گەنج ڕەفز بکەم و خۆیشم بۆ سەدی تر نمایش بکەم، من دانم بۆ هەندێ گەنج دادەکرد و هەر ئەوەندە دەکەوتە داوەکەمەوە خۆم لێ دەکێشایەوە و بە ئازار و خەمم دەسپارد، نازانم ئەوە چ حەزێك بوو لەو کاتەدا بیر و ناخی منی داگیر کرد بوو؟! دوو ساڵی یەکەمی کۆلێژم بەو گەمە ناپەسەندە لەگەڵ گەنجەکان بە سەر برد، ئارەزوبازی بە جۆرێك ئەو گەنجانەی گێل و بڵح کرد بوو پەندیان لە یەکتر وەرنەدەگرت، برادەرەکەی دەکەوتە داوەوە و بە ئارەزوی خۆم ئازارم دەدا کەچی دوای ئەو یەکێکی تریان دەهات و داوای دڵ و عیشقی لێ دەکردم، ئەویش چارەنوسی هەروەك ئەوەی پێشوو بوو، لەنەکاو سێیەمیان دەهات و هەمان نەزانی و هەرزەیی ئەوانی دووبارە دەکردەوە، بەو جۆرە لە ماوەی دوو ساڵدا دەیان گەنجم سەرگەردان کرد و ڕووبەڕووی چارەنوسی ڕەشم کردنەوە... بەدرێژایی ئەو ماوەیە دڵم لەسەر گەنجێك دانەدەمەزرا و نەمتوانی یەکێك لەو گەنجانە بخەمە دڵمەوە، ئێمە خێزانێکی کراوە بووین، دایکم مامۆستای زانکۆ بوو، ئەو دەربارەی هاوسەری داهاتووم پرسیاری لێ دەکردم، منیش دەموت:

من هێشتا کاتی مێرکردنم نەهاتووە و بیرم لێ نەکردۆتەوە...دایکم لۆمەی دەکردم و دەیوت: تۆ تەنها دوو ساڵ خوێندنت ماوەو دوای دەرچوونت لە زانکۆ دەبێ ژیان پێکەوە بنێیت...بەڵام ئەو بێئاگا بوو لەوەی وەك یاریچییەکی لێزان گەمە بە گەنجەکانی زانکۆ دەکەم و هەر ڕۆژە و یەکێکیان دەکەم بە بازیچەی دەستی خۆم...

من لە ساڵی یەکەمەوە ئەشرەفی سۆڵتانیم دەناسی، بەڵام سەرکەشی زۆرم فورسەتی ئەوەی پێ نەدام سەرنجی بدەم و بیری لێ بکەمەوە، لە ساڵی دووەم کەمێك سەرنجی ڕاکێشام بەتایبەت تەنهاییەکەی و سەرنجدانی چەند هاوڕێیەکی کە لە کۆلێژەکانی ترەوە بۆ لای دەهاتن و گوێیان بۆ قسەکانی ڕادەگرت، ئەو کاتێ بۆیان دەدوا ئەوان هەموو گیانیان دەکرد بە گوێ و دەتوت قدیسێکە و قسە بۆ شاگردەکانی دەکات...

لە ساڵی سێیەمدا زۆرتر سەرنجم دەدا، بێباکی ئەو بە سەرنجەکانم منی خستە ماخۆلان و بیرکردنەوە، ڕۆژێك یەکێك لە هاوڕێ کچەکانم ناوی ئەشرەفی سۆڵتانی هێنا، منیش هەڵەکەم قۆستەوە و باسم لەگەڵ دامەزراند و پێم وت: سەرنجی ڕانەکێشاوی؟

کچەکە وتی: ئەشرەفی سۆڵتانی خواردنی من و تۆ نییە..

لێم کردە شۆخی: (دیارە دۆڵمەیە، چونکە دۆڵمە یەکێکە لەو خواردنانەی حەزی لێ ناکەم)

+(خۆزگە دۆڵمە دەبوو گەر پڕ مەنجەڵێکیش بێت هەمووی دەخۆم..)

–(چی دەربارەی ئەو دەزانی؟)

+(سێ ساڵە بینیوتە سەرنجێکی ئێمە بدات؟)

–هەندێك بە لووتبەرزییەوە–(زۆر گوێم پێ نەداوە، لەوانەیە سەرنجی دابێ و حسابم بۆ نەکردبێ و نەم خوێندبێتەوە)

+(به گیانی تۆ، سێ ساڵە حسابی دار و دیواری بۆ کردووی...)

قسەی کچە هاوەڵەکەم زۆر کاری تێ کردم، یەکەمین جارە دوای سێ ساڵ لە تەمەنی پڕ سەر کەشی یەکێك لە لووتبەرزی من دەدا و شکۆمەندیم بریندار دەکات...لەو ڕۆژەوە کەوتمە سەرنجی زیاتری ئەشرەف سوڵتانی، کۆلیژەکەی ئێمە هەر وانەیەکی لە کلاسێکدا وەردەگرت، بۆ ڕۆیشتن لە پۆلێکەوە بۆ پۆلێکی تر خۆمم دوا دەخست تاکو ئەشرەف لە جێگەیەك دادەنیشت و منیش دەچووم لەسەر کورسییەکەی تەنیشتی جێگەیەکم بۆ خۆم دەگرت، ئەو باکێکی بە دانیشتنەکەی من نەبوو داوای قەڵەم و پێویستی ترم لێ دەکرد و زۆر ئاسایی و بێ تێکچوون و سەرنجدان دەیدایە دەستم و بێباکانە گوێی لەوانەکەی دەگرت و بێ وتنی تەنها یەك وشە لەگەڵم دەفتەرەکانی کۆ دەکردەوە و کلاسەکەی بەجێدەهێڵا و ڕووەان لە کلاسێکی تر دەکرد...

گوێ نەدانی ئەو بە من بوو بە ماخۆلانی شەو و ڕۆژم، هاوڕێ کچەکەم ڕاستی دەکرد دیار بوو منی بە دار و دیوار دەزانی، نازانم لە ناخەوەش وا بوو یان تێکچوون و هوروژان ڕووی تێ دەکرد چونکە جوولە و هەڵسوکەوتە بێشەرمەکانی من چیای مەزن لە بەردەمیدا سەری دادەنەواند، پێموایە ئەوەی ئەوی زیاتر دامەزراو کرد بوو بەرانبەر سوپای مەکر و حیلەی من ئەو هەموو سەرکەشی و بێشەرمییەی من بوو کە لە ماوەی سێ ساڵدا بۆ گەنجانی زانکۆ نمایشم دەکرد، ئەشرەف قوربانییەکانی جەنگەکەی منی بە چاوانی خۆی بینی بوو بۆیە ڕکی لە من دەبوویەوە و دەیویست لە جێگەی هەموو نێرەکانی زانکۆ تۆڵەم لێ بکاتەوە و حەقی قوربانییەکانم لێ بسێنێتەوە، نازانم من وا لە ئەشرەف دەگەیشتم یان ئەشرەف بۆ خۆی وابوو، منیش لای خۆمەوە دەمویست نێرێك نەبێت لە زانکۆ لە پەرستنی من یاخی ببێ و خۆی بکات بە سەرکردە بۆ گەنجەکانی تر و لەوەوە فێری لوتبەرزی و یاخیبوون ببن...من و ئەو کەوتینە جەنگێکی ڕانەگەیەنراو و ئاشکرانەکراو، ئەو بە سەختی و یاخیبوونی خۆی و منیش بە مەکر و ناز و هەوڵی

شەو و ڕۆژم بۆ دەستەمۆکردنی...ساڵ لە کۆتایی نزیک دەبوویەوە، من و ئەو هێشتا لە گەرمەی جەنگدا بووین و کەسمان ئەویترمانی پێ نەشکا بوو...چەند هەفتەیەک مابوو بۆ تەواوبوونی ساڵی خوێندن بەر لەوەی بۆ ناو پۆلەکە بچینە ژوورەوە لێی نزیک بوومەوە و پێم وت: لە کۆتایی وانەکەدا حەز دەکەم هەندێ قسەت لەگەڵ بکەم..

وتی: بۆچی؟!

وتم: گەر نابێتە ئەرک بۆت؟

ماوەیەک بێدەنگ بوو پاشان وتی: ئاساییە..

پاش تاقیکردنەوەکە داوای یارمەتیم لێکرد تاکو بچین بۆ پیاسەیەک لە ناومەیدانە بەرینەکەی کۆلێژ...تا گەیشتینە ئەوێ هەردوولامان بێدەنگ بووین، لەوێ لایەکی بەلای مندا کردەوە و وتی: فەرموو..

منیش بێ پێشەکی و ڕاستەوخۆ چوومە ناو بابەتەکەوە و وتم: من و تۆ لەگەڵ یەکتر سەرقاڵی جەنگێکی نهێنین..

+(جەنگ؟! جەنگی چی؟! تۆ باسی چی دەکەیت؟!)

-(یانی تۆ لەگەڵ من هیچ ململانێیەکت نییە؟!)

+(ململانێ؟ لەگەڵ تۆ؟ لەسەر چی؟)

من شەڕم بەو دەفرۆشت و نەمدەزانی چۆن چۆنی لەگەڵی بکەومە گفتوگۆ و لێی نزیک ببمەوە-(وا هەست دەکەم خۆت لە گێلی دەدەی)

+(دڵنیا بە تا ئەم ساتە نازانم باسی چی دەکەیت!)

-(یانی تۆ نازانی من چەندە سەرنجی تۆ دەدەم؟)

+(بە دڵنیاییەوە، نەخێر)

-(سەیرە! یانی تۆ لەو گشتە سەیرکردن و سەرنجەی من بێئاگا بووییت؟)

+(گەر پێشم زانیبێت سەرنجی ڕانەکێشاوم، چونکە تۆ سەرنجی هەموو کەسێك دەدەیت)

ئەو قسەیەی تیرێك بوو تەقاندیە سەر دڵم و کۆنترۆڵی خۆمم کرد و هیچم نەوت، پاشان وتم-(تۆ جێگەی سەرنجی شەو و ڕۆژی منی)

+(بۆچی من؟!)

-(چووزانم، لەوانەیە بەهۆی ئەوەوە بێت کە تۆ سەرنجی کچان نادەیت..)

-لەبەر خۆیەوە- +(سەیرە! ئەوەی سەرنج دەدات دەبێتە قوربانی و ئەوەش خۆی لێ بە دوور دەگرێت دەبێتە جێگەی سەرنجی ئەو..)

ئەم قسەی دوایی بەڵگەی ئەوە بوو ئەشرەف ئاگادارە بە کارەکانی من و قوربانییەکانی دەستی من، هەڵمدایە و وتم-(من ڕقمە لەو کەسانەی کڕنووشم بۆ دەبەن)

+(بەس نییە خودا وەك تۆ نییە، ڕکی لەو بەندانە نابێتەوە هەمیشە لە ترس و کڕنووشدان بۆی، جا گەر خوداش وەك تۆ بایە چیمان بکردبایە؟!)

-(ئەو خودایە و من مرۆڤم..)

+(لەم قسەدا لەگەڵتم، بڕیار نییە مرۆڤ بەندایەتی مرۆڤ بکات)

-(نازانم ئەم قسەکردن و یەکتر بینینەمان سەرنجی بۆ لای من ڕانەکێشاوی؟!)

-بە پێکەنینەوە-+(جا گەر دووکەس بە یەکەوە چوار قسان بکەن و بکەونە داوی سەرنجی یەکترەوە، شتی وا دەبێت؟ ئەو کاتە نێر و مێ ناتوانن قسە لەگەڵ یەکتر بکەن چونکە بە سەرنج یەکتری کۆت و پێوەند دەکەن)

-(زۆر خۆت بەرز ڕادەگریت..!)

-هەندێ دەنگی بەرز کردەوە، دیار بوو بەو قسەی من ناڕەحەت بوو-+(تۆ شەرمت لە خۆت نابێتەوە، من خۆم ئاسایی سەیر دەکەم بەڵام جەنابت سووك و

نزم سەیری مرۆڤ دەکەیت، تۆ مرۆڤی نێر وەك بوکڵەی یاری کردنەکانت تەماشا دەکەیت)

–منیش هەندێ بە تورەییەوە–(ئەوانە لە بوکڵەی دەستی مندان کەم بایەخ ترن چونکە خۆیان بە کۆیلە دەزانن)

+(ئەوانە مرۆڤن و حەز و غەریزەیان بۆ لای مێ دەیان بزوێنێ بەڵام نابێت مێ ئەو هەڵپە و کڵپەی نێر سووك و بێ بایەخ تەماشا بکات و بیکات بە بازیچەی دەستی خۆی)

–هەندێك خاو و هێواشم کردەوە–(من تۆ کەم بایەخ تەماشا ناکەم)

–ئەو هەر بەردەوام بوو لە توندی خۆی–+(پێموایە ئەو گەنجە هەژارانەی پێش من بە هەمان قسەی ئێستات فریو درا بن! دەبێ بزانیت من و تۆ حسابمان لە یەکترەوە دوورە...)

بە تۆزێك تورەیی و ناوچاوانی گرژەوە – (ئەوانە خۆیان گێل و بڵح بوون)

+(گێل و بڵح بوون یان گێل و بڵحیان کردن؟!)

–(هەرکامێکیان بێت مرۆڤ نابێ بێ ئەقڵ و کەلە پووچ بێت)

+(بەڵام تۆ بووی ئەقڵ و هۆشت لە کەلەیاندا نەهێلاْ)

–(ئەی ئەم گوێ پێ نەدانەی تۆ بەمن گاڵتەکردنی نێر نییە بە مێ؟)

+(هەرگیز، کەی من ڕۆژێك هاتم و بمەوێ سەرنجت بۆلای خۆم ڕابکێشم و تۆ بکەم بە نێچیری خۆم؟)

–هەندێك بە سۆزەوە–(بەڵام ئێستا من پێت دەڵێم گیرۆدەت بووم و کەوتوومەتە داوی تۆوە)

+(ڕاوچی ناکەوێتە داوی نێچیرەکەیەوە، تۆ ڕاوچییەکی لێزانیت، سەرەتا بزانە من هیچ داوێکم نەتەنیوە و داوم نییە، گەر مەبەستیشت خۆشەویستی یە، لە باڕێکدا گەر ڕاستگۆ بیت ئەوا خۆشەویستی دەبێ یەك لایەنە نەبێت بەڵکو

هەردوولایان دڵیان بە یەکتری بدەن، ئەمەی بەڕێزت یەك جەمسەری یە و هیچ هەست و نەستێکی منی تیادا نەخوێنراوەتەوە..)

–(لێرە بە دواوە هەموو هەست و نەستەکانت دەخوێنمەوە)

+(بۆ تۆ گەنجێکی هاوشانی خۆت هەڵ نابژێری و لەم گشتە هەڵپە بکەویت؟ تۆ لەم زانکۆ گەورە و گرانەدا بۆ گەنجێکی هاوشانی خۆت نادۆزیتەوە؟ بۆ پێچراویتە یەکێکی بێچارەی وەك من؟ تۆ کچێکی هەموو کەسێك ئاواتەخوازە ببێت بە هاوسەرت، بۆیە بیر لەکەسێکی شیاو بکەرەوە و من لە خەیاڵت دەر بکە)

–(تۆ لە خەیاڵم دەر بکەم؟! هەرگیز، ناتوانم...)

+(بەڵام من و تۆ زۆر لە یەکترەوە دوورین)

–(بۆچی لە یەکترەوە دوورین؟)

+(چونکە هەموو شتێکمان لە یەکتر جیاوازە، ئایینمان، بیرکردنەوەمان، زمان و کەلتور و نەتەوەمان، سروشت و هەست و نەستمان، هەموو لە یەکتر جودان، من و تۆ شتێك نییە لە نێوانماندا تاکو پێکەوەمان گرێ بدات...)

–(عیشق نیشتمان و سنووری بۆ نییە، عیشق بەسەر هەموو ئەو جیاوازیانەدا سەر دەکەوێت، عیشق بەسە بۆ بەستنەوەمان بە یەکترەوە..)

+(زۆرم پێ سەیرە مرۆڤێکی وەك تۆ باسی عیشق دەکات!)

–هەندێك بە تورەییەوە–(بەس ئازارم بدە منیش مرۆڤم خۆ درندە نیم)

+(نااڵێم درندەی، بەڵام بە میهر و بەزەیی لە دەوروبەرت ناڕوانیت)

–(ئەوانە بەزەییان بە خۆیاندا نەدەهاتەوە، ئارەزوباز بوون، کۆیلە بوون، تەنها بیریان لە جەستەم دەکردەوە وەك مرۆڤ سەیریان نەدەکردم بەڵکو دەیانویست بمکەن بە بوکڵەی دەستی خۆیان، بۆیە بەرلەوەی ئەوان من بکەن بە قوربانی من ئەوانم کرد بە نێچیری خۆم و بەو دەردەم بردن)

+(هەر چۆنێك بێت من و تۆ زەمینەی هاوبەشمان زۆر کەمە بەڵکو دەتوانم بڵێم نییە، هاوبەشبوون لە ئایین و کولتور و بیرکردنەوە زەمینە سازێنەر و ڕێگە خۆشکەرن بۆ عیشقێکی بەردەوام...)

-(عیشق خەڵکی ئەم وڵاتە نییە، لە ئاسمانەوە هاتووە و بەشێکە لە مەلەکوت، چۆن دەبێ جیاوازییەکانی ئەم ژیانە عیشق بمرێنێ؟!)

+(هەرشتێك پێی نایە سەر زەمین مەرگ سەرئەنجامێتی، عیشقیش پێی لە سەر زەویە..)

-(ئێمە دەتوانین عیشقەکەمان نەمر بکەین)

+(بەڵام من بڕیاری عیشقم لەگەڵ تۆ و بۆ تۆ نەداوە)

-(گرنگ ئەوەیە عیشقی منت قبوڵ بێت..)

+(من ناتوانم ئەو ناپاکییە لە خۆم و لە تۆ بکەم، تۆ عاشق و من بێباك، تۆ خاوەن زمانی خۆشەویستی و من کەڕ و لاڵ، تۆ کورەیەکی گڕگرتوو، من ئاسنی سارد)

-(گەر ڕاست بکەم لەگەڵ عیشقەکەم تۆش دەکەم بە عاشق، گەر لێزان بم زمانت دەهێنمە گۆ، گەر کورەیەکی گڕگرتوو بم ئاسنی بێ مەیل دەتاوێنمەوە)

+(من ناتوانم ئەو عیشقەی تۆ قبوڵ بکەم، چونکە عاشقی کەسێکی ترم)

-(ئەو کەسە کێ یە مرۆڤێکی یاخی وەك تۆی مااڵی کردووە؟ ئەو کچە لە کوێ یە چیایەکی سەختی وەك تۆی نەوی کردووە؟ ئەوە کام سوڵتانە مەملەکەتی دڵی تۆی داگیر کردووە؟ من دڵنیام ئەو کەسە لەم زانکۆیەدا نییە، بەڵام نازانم بۆ دەرەوەی زانکۆ)

+(گرنگ ئەوەیە من عاشقی کەسێکی ترم)

-(ئەی عیشقی من چی لێ دەکەیت؟)

+(من تیایدا تاوانبار نیم)

–(ڕاستە تاوانبار نیت بەڵام بە هۆی تۆوە ژیان لە مرۆڤێ وەردەگیرێتەوە، تۆ دەتوانی مرۆڤێك لە تیاچوون قوتار بكەیت بەڵام نایكەیت)

+(مەبەستت چی یە؟)

–(تۆ ژیان لە من وەردەگریتەوە، لە ئەمڕۆ بە دواوە من لە ژیان كەنار دەگرم، باوەڕم بە هیچ شتێك نەماوە تەنانەت باوەڕیشم بەخۆم نەماوە)

+(بەڵام تۆ كچێكی وێستراو و خۆشەویستی لای هەموان، حەزناكەم وابیر بكەیەوە، دەیان گەنجی ئەم زانكۆیە چاوەڕوانن سڵاوێكیان لێ بكەیت، ئاوڕێكیان لێ بدەیەوە، ئیتر بۆ دەبێ ڕەشبینانە سەیری ژیان بكەیت؟ بەزەییەكت بە یەكێ لە قوربانییەكانی دەستی خۆتدا بێتەوە و لایەكی بەلادا بكەڕەوە و مەیلی ڕاستەقینەی بدەرێ و ئاشتی بكەڕەوە، فرمێسكەكانی بسڕە و هیوای بە ژیان لا دروست بكەڕەوە؟)

–(بەم قسە شاعیریانەت پاڵم پێوە مەنێ بۆ لای كەسانێك كە بڕیاری كۆیلایەتیان داوە، ڕقم لە كۆیلەیە، ڕقم لەوانەیە مرۆڤ دەپەرستن، من مرۆڤێكی هاوتا و هاوشانی خۆمم دەوێت)

+(من قسەیەكی ترم لەگەڵت نەماوە گەر شتێكت ماوە بیفەرموو)

كە ئەو قسەیەی كرد بە تورەییەوە بەجێمهێڵا و گەڕامەوە بۆ كۆلێژ... بەدرێژایی ئەو چەند هەفتەیەی دەوام چاوەڕوان بووم بێت و قسەیەكم لەگەڵ بكات بەڵام ئەو لە سەر بەرنامەی پێشووی خۆی بەردەوام بوو، هەندێ جار كە بێباكانە تێدەپەڕی و خۆی بە قسەكردنەوە لەگەڵ كەسێكی تر خەریك دەكرد بەرانبەری ڕقم لە دڵ دروست دەبوو بەڵام هەر زووبەزوو دەمسڕیەوە و دەكەوتمەوە سەرنجدانی، من سەرجەم گەنجەكانی زانكۆم بریندار كرد بوو، خوداش كەسێكی بۆ من نارد و بە خراپترین شێوە هەست و نەستی بریندار كردم، بەڵام بریندارییەكەی من بە قەدەر بریندارێ هەموو گەنجەكانی زانكۆ

سەخت بوو، ئەو بێباکیەی خۆم بوو بەرانبەر بە کوڕان دەهاتەوە ڕێگەم و پێم دەفرۆشرایەوە...چەندین گەنجی بەستەزمانی زانکۆم تووشی شکست و خەمۆکی کرد، یەک دوو کەس لەوانە خوێندنیان بەجێهێڵا...هاوڕێ کچەکانم لەسەر ئەو کارانەم لۆمەیان دەکردم بەڵام هەستی ئەوانیشم بریندار دەکرد و پێم دەوتن خۆتان ناشیرین و نەویستراون بۆیە وا بەمن دەڵێن...بیرم دەکردەوە چی لەگەڵ ئەم گەنجە سەرکەش و یاخیبووە بکەم، ماوەیەک بە پۆشاکی گەنج بزوێن و سەرنج ڕاکێشەوە خەریک دەبووم، ماوەیەک پۆشاکی ڕەشم دەپۆشی بۆ ئەوەی بەزەیی ئەو بەرانبەر بە خۆم ڕابکێشم... بەڵام هەموو هەوڵەکانی من ڕەشابایەک بوو دەیکێشا بە سینەی چیایەکی مەزندا و ئەو لە شوێنی خۆی نەدەبزوا و منیش بە ناچاری دەگەڕامەوە و بە ڕووی خۆمدا دەشکامەوە...

خوێندنی ئەو ساڵە تەواو بوو، قوتابیانی زانکۆ وێنەی یادگارییان دەگرت، زۆر حەزم بە وێنەیەک دەکرد لەگەڵی، وتم بە کچ و کوڕێکی هاوڕێم بۆ گرتنی وێنەیەک داوای لێ بکەن و پاشان منیش بانگ بکەن و وێنەیەکی چواری پێکەوە دەگرین، هەر بەو جۆرە کوڕەکە ئەشرەف بانگ کرد و داوای گرتنی وێنەیەکی لێکرد، ئەویش بەخۆشحاڵییەوە هات بە دەمیانەوە و بەر لەگرتنی وێنەکە کچە هاوەڵەکەم منی بانگ کرد و منیش ڕۆیشتمە تەنیشتی ئەشرەف و ئەویش بۆ خۆ قوتارکردن لە وەستانەکەی من لە پاڵ ئەودا وتی: ئەم دوو هاوڕێیە من و تۆیان بۆ وێنەگرتن بانگ کردووە، جوان نییە لە نێوانماندا نەبن، چاکتر وایە هەردووکیان لەناوەندی من و تۆدا بن...

لەو کاتەدا (مێریای سپیپۆش) هەستایە سەرپێ و ئەلبومێکی لە کتێبخانەکەدا هێنا و وێنە چواریەکەی تیا دەرکرد و دایە دەستی محەممەدی خەڵوەتی...

پاشان هاتەوە سەر باسەکەی خۆی و وتی: ڕۆژی ماڵئاوایی ئەو ساڵەی خوێندن لە زانکۆ وبستم هەندێ قسەی لەگەڵ بکەم چونکە سێ چوار مانگی

پشووی هاوین له یەکتر دادەبڕاین، لێی نزیك بوومەوە و پێم وت – (دەتوانین هەندێ گفتوگۆ پێکەوە بکەین؟)

لە وەڵامی منداا دوای کەمێك ڕاوەستان وتی +(بەڵێ، بفەرموو..)

–(تکا دەکەم ئەوەندە ڕەسمیی لەگەڵم هەڵسوکەوت مەکە، هیچ نەبێ من و تۆ هاوڕێی کۆلێژین)

هەندێ بە تورەییەوە +(من سەرم لە تۆ دەرناچێت، تۆ دەڵێی زەریالوشێکی بێ سنووری، چیتداوە لە گەنجێکی هەژاری وەك من کە لە برادەرەکانم قەرز دەکەم بۆ ئەوەی کراسێکی بێ نرخی وەك ئەمەی بەرمی پێ بکڕم؟)

کە ئەوەی وت ئاگری بەردایە هەناوم، چاوەکانم پڕ بوون لە ئاو، ماوەیەك لە ناخەوە بۆی گریام و پاشان پێم وت–(من کچی باوك و دایکێکم هەموو شتێکیان لە دونیا هەیە، هەموو ئەوەی من خاوەنیم تۆش خاوەنیتی، گەر ئەمەت قبوولّ نییە منیش وەك تۆ کۆنترین پۆشاك دەهێنم و لەبەری دەکەم، هیچ نەبێ با بەشداری خەمی هەژاریت ببم..)

+(ئەوەی وتم سکالاّ نییە لە هەژاری، من هەژاریم پێ نەنگی نییە، نەنگی و شوورەیی ئەوەیە هەژاریت لا نەنگی بێت...بۆ دەبێ تۆ وەك من هەژار پۆشی بکەیت؟ تۆ خودا پێیداویت بە کاری بهێنە و سوپاسی بەهرەکانی بکە، منیش هەمبێت جوانترین پۆشاك لەبەر دەکەم)

–(دەی کەوابوو هەدیەم لێ وەربگرە، خۆ ناتوانیت هەدیە ڕەد بکەیتەوە؟!)

+(تۆ بۆ یارمەتیدان منت بانگ کردووە یان قسەیەکت لەگەڵم هەبوو؟)

–(قسەیەکم هەبوو)

+(بیفەرموو)

پاش ماوەیەك لە کپی و بێدەنگی، تەنها بە چەند وشەیەکی کەم و کورت بەڵام ڕاستگۆیانە لە دەربرینیدا وتم – (ئەم هاوینە بێتاقەتت دەبم)

ئەو چەند وشەیە چاوەکانی پڕ کرد لە ئاو، دیار بوو بەزەیی بە منداً دەهاتەوە، چونکە زۆر بە کزی و داماوی ئەو چەند قسەیەم کرد...

+(تۆ خەم و مەینەتییەکی گەورەت بۆ من خولقاندووە، خۆزگە دوای واز لێهێنانی سێ سالّ لە خوێندن نەدەگەڕامەوە بۆ ناو خوێندن و ئەو نەمرە بەرزەشم بە دەست نەدەهێنا، گەر ئاوا بە تۆوە ئازار بخۆم ناچارم خۆم بگوێزمەوە بۆ زانکۆیەکی تر یان خوێندنەکەم واز لێ بهێنم)

زانیم ئەشرەف لە ناخەوە ئازار دایگرتووە و بەدوورم نەدەزانی خوێندنەکەی واز لێ بهێنێ و بۆ هەتاهەتایە نەیبینمەوە بۆیە وتم-(گەر بەو ڕادەیە گرفتم بۆ تۆ من لە خوێندن واز دەهێنم، چونکە کاری ترم پێ دەکرێ و دەتوانم لە ولاتێکی تر بڕوانامە بەدەست بهێنم بەلاّم تۆ هەژاریت و توانای ئەوەت نییە، بۆیە بیر لە وازهێنان مەکەرەوە و لە تەواوکردنی خوێندنەکەت بەردەوام بە)

ئەو چەند قسەیەم کرد و خواحافیزیم لێکرد و ڕۆیشتم...

هاوینەکەی تەنها یادگارییەکی ئەشرەف لە لای من وێنەکەی بوو کە کە لەگەلّ دوو برادەرە کوڕ و کچەکەمان گرتمان، هەموو ڕۆژێ دەرم دەهێنا و تێر تەماشام دەکرد...دایکم بەو کارەمی زانی بوو، ڕۆژێ پرسیاری لێکردم - (ئەو وێنەیە چی یە هەموو جارێ دەری دەهێنی و تەماشای دەکەیت؟)

وتم +(هاوڕێیەکی کۆلێژمە..)

-(تەنها هاوڕێیە یان خۆشتدەوێت؟)

منیش دوای ماوەیە لە بێدەنگی دەستم بە گریان کرد و دایکم بەجێهێلاّ و ڕۆیشتم بۆ ژوورەکەی خۆم..

ئەو هات بۆ ژوورەکەم و دەستی لەگەردنم ئالاّند و وتی - (بۆ دەگریت؟)

+(نازانم!)

-(ئەو کوڕەت خۆش دەوێت؟)

بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە +(بەڵێ..)

-(لە خۆشەویستی نێوانتان چ گرفتێك هەیە؟)

+(ئەو باکی بە من نییە..)

-(بۆ؟ دیارە کوڕە وەزیرە یان زۆر زۆر دەوڵەمەندە؟!)

+(کوڕە وەزیر و دەوڵەمەند بە شاگرد پا ناگرێت)

-(دەبێ ئەو کوڕە چی بێ و بە چیدا بنازێت؟)

+(بە کەسایەتی بەهێزیدا، بە ڕەوشتی بەرزیدا، بە بێباکی بەرانبەر گەورەترین سوڵتان کە سوڵتانی ئافرەتە)

-(دەبێ کەسێکی زۆر لووت بەرز بێت؟!)

+(مشتێکە لە خۆڵی داکراو، خۆ بەزلزانی تیادا نابینیتەوە، ئەو مرۆڤێکە تۆ هەرچی دەربارەی بڵێیت ئەو کەسە نییە من عاشقی بووم)

-(چ ئایینێکە؟)

+(موسڵمانە)

-(کچم، تۆ پێویستە لە کەسێك نزیك ببیەوە هاوشانی خۆت بێ و بتوانی ژیانێکی پڕ لە کامەرانی لەگەڵ دروست بکەیت)

+(ئەویش هەمان قسەی تۆ دەکات، دەڵێ گەنجێك هەڵببژێرە ژیانی هاوبەشتان لەگەڵ یەکتر هەبێت)

-(دیارە ئەو گەنجە مرۆڤێکی عاقڵ و کاملە، نایەوێ درۆت لەگەڵ بکات)

+(بەڵام ئەو تەنها مرۆڤێکە کە من خۆشمدەوێت)

-(گەر ئەو خۆشینەویت، تۆ چی دەڵێی؟)

+(خۆزگە بمتوانیبایە خۆشمنەوێت، بە ناچاری خۆشمدەوێت، واشدەزانم لە ناخیدا جێگەی خۆمم کردبێتەوە، بە دڵی خۆمدا هەست دەکەم ئەویش منی خۆشدەوێت بەڵام ئەقڵ و باوەڕ و کەمالی بەسەر سۆزیدا زاڵ بووە)

–(ناوی چی یە؟)

+(ئەشرەف سوڵتانی)

–(دەتوانم وێنەکەی ببینم؟)

+(بەڵێ)

هەستام وێنەکەم هێنا و نیشانی دایکمم دا، ئەو زۆر لێی ورد بوویەوە، بەهۆی ئەو ئەزموونە زۆرەی لە زانکۆ بەدەستی هێنا بوو سەرنج و تێبینی وردی لەسەر مرۆڤەکان هەبوو، لای کردەوە بە لای منداو وتی – (ئەم گەنجە خولیا و کەڵکەڵەیەکی گەورە لە سەریدایە، پێدەچێ مرۆڤێکی ئایینیش بێت، بەڵام ئایینی بە دەمارگیری وەرنەگرتووە، ئەوەندەی لە عیرفانی ئایینیەوە نزیکە ئەوەندە ئایدۆلۆژیستێکی ئایینی نییە)

سەرنجەکانی دایکم لە سەرنجی زانایەکی دەروونناس دەچوو، هەرچەند بۆ خۆی مامۆستای فیزیا بوو، بەڵام خوێنەرێکی باشی کتێبە دەروونی و پەروەردەییەکان بوو...

+(من شوێنی عیشقێکی بێ ئەنجام کەوتووم، ناشتوام لێی پاشگەز ببمەوە، چارم چی یە؟)

–(گەر بتوانی زاڵ بیت بەسەر سۆزی خۆتدا ئازایەتییەکی گەورەیە بەڵام دەشزانم زۆر بە ئازارە و کەسی بەهێزی گەرەکە)

+(دایە گیان جڵەوی سۆز و هەست و نەستی من لە دەستی خۆمدا نەماوە، لە بەردەم گڕی دەروونم چۆکم داداوە و کڵپە و بڵێسەی ئەو گڕە شاڵاو بۆ جەستەم

دەهێنێ، شەش مانگە جەستەم بەرەو لەڕی و لاوازی دەڕوات، لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا حەوت کیلۆ کەمم کردووە)

—(کچم هەموو گرفتێ چارەسەری هەیە، تۆ نابێ بەرانبەر بە یەکەمین گرفتی ژیانت شکست بخۆیت، دڵنیابە قەدەری باش چاوەڕوانت دەکات، هەموومان بۆ تۆ دوعا دەکەین و لەبەر مەسیح دەپارێینەوە)

+(ئەم گرفتەی من جیایە لە گرێ و گۆتاڵەکانی تری ناو ژیان)

—(ئارام بە، دڵخۆش بە بەوەی دڵت عاشقی کەسێکی هەرزە و نەفام نەبووە، بەڵکو وەک خۆت دەڵێیت گەنجەکە مرۆڤێکی کامڵ و ئینسانە، ئەوەش قەدەرێکی باشە چونکە کەسی لەو جۆرە قسەی لەگەڵدا دەکرێ و بەشێك دەبێت لە چارەسەر)

ئەو دواین قسەیەی دایکم ئاسۆیەکی بە ڕوومدا کردەوە و هیوایەکی پێ بەخشیم و دەستەکانی دایکم گوشی و ئەویش گرتمییە ئامێزی خۆی...

یەکبەیەکی ڕۆژەکانی پشووی هاوینم دەبژارد و چاوەڕوانی کردنەوەی وەرزی زانکۆ بووم، پشوو کۆتایی پێهات و دەوامی ڕەسمی کرایەوە، ئەو ڕۆژە بە ئەوپەڕی تامەزرۆیی و خۆشییەوە ڕووم لە زانکۆ کرد، بە هاوڕێ ئازیزە دوورەکانم شاد بوومەوە، چاوم بۆ ئەشرەفی سوڵتانی گێڕا دیار نەبوو، دیار نەبوونی ئەو خورپەیەکی خستە دەروونمەوە، دەبێت لە کوێ بێت؟ بۆچی نەهاتووە بۆ زانکۆ؟ پرسیارم لە یەکێك لە هاوڕێ کچەکانم کرد دەربارەی ئەشرەف، ئەویش لێی کردمە شۆخی و وتی: چی یە دەڵێی عەودالّی ئەشرەفیت؟ بۆ بەتەنها پرسیاری ئەو دەکەیت؟ وتم: چوار ساڵە هاوڕێمانە و پێویستە پرسیاری هاوڕێکانمان بکەین..

هاوڕێ کچەکەم هەواڵێکی لەسەر ئەشرەف پێدام کە دەتوت ڕۆنی قرچاو بە سەر جەستەمدا دەکات و وتی: دەیەوێ ئەمسااڵی خوێندنی بگوێزێتەوە بۆ

زانکۆی شارەکەی خۆیان...نازانم ئەو کوڕە بۆ لە خوێندنی ئەم زانکۆیە بێزار بووە، تۆ دەزانیت بەرزترین زانکۆی ولات ئەم زانکۆی خۆمانە...؟!

پرسیم: کێ ئەم هەواڵەی پێدای؟

لە وەڵامدا وتی: هاوڕێیەکی کوڕم بۆی باس کردم، دەیوت ئەم بەیانییە لە بەردەم عەمادەی کۆلێژدا بووە و خەریکی مامەڵەی گواستنەوەکەیەتی..

دوای بیستنی ئەو هەواڵە، هاوڕێ کچەکەم بەجێهێڵا و بە چاوی پڕ لە گریانەوە کەوتمە گەڕان بە دوای ئەشرەفدا، سەرم لە عەمادەی کۆلێژەکەمان داو ئەشرەفم لەوێ بینییەوە...منی لە دوورەوە بەرچاو کەوت و خۆی لە ڕاڕەوەکەدا کەناردا بەو مەبەستەی من نەیبینم، بەڵام ئەشرەف لەبەر چاو و لە ناو دڵی من ئاوا نەدەبوو...ڕۆیشتمە بەردەمی و چەند فرمێسکم دابارن بە بێ ئەوەی هیچم پێ بوترێت، وتی: کێ هەواڵەکەی پێداوی؟ نەمتوانی وەڵامی پرسیارەکەی بدەمەوە، هەر ئەوەندە زمانم هاتە گۆ بڵێم: بۆ وا دەکەیت، بۆ خۆت نقڵ دەکەیت؟ ئەشرەف سەری داخست و هیچی پێ نەوترا...

هەردووکمان بەبێدەنگی دابەزین بۆ مەیدانەکەی کۆلێژەکە و لەسەر دوو کورسی لە تەنیشتی یەکتر دانیشتین، من گریانم نەدەوەستایەوە و ئەویش سەری نەوی کرد بوو بە بێ ئەوەی تەنها یەك وشە بە نێوانماندا تێ بپەڕێت، ماوەیەکی زۆر لە بێدەنگی بە نێوانماندا گوزەری کرد، پاشان سەری هەڵبڕی و وتی +(وامدەزانی ئەم هاوینە هەموو شتێکت لە بیر کردووە!)

—(تۆ لە دڵی من ئاوا نابیت، گوناهت دەگات ئەوەندە ئازاری من دەدەیت)

+(ئازار و گوناهی سەرئەنجامی عیشقەکەمان لە ئازار و ڕەنجاندنی ئێستا زۆر گەورەترە، تکا دەکەم تاوێك بە ئەقڵ بیر بکەرەوە)

—(ئەو داوایە لە مرۆڤێ دەکرێت ئەقڵی لە سەردا مابێت)

+(من چیم پێ دەکرێت بۆ ئەوەی تۆ لەم گەردەلوولەی سۆز قوتار بکەم؟)

-(تەنها بۆ زانكۆیەكی تر مەگوێزەرەوە بۆ ئەوەی ئەمسالێش چاوم لێت بێت)

+(ئەمسالی خوێندنیش وەك سێ سالەكەی تر كۆتایی پێدێت، ئەی دوای ئەوە؟)

-(نازانم، تەنها تكام وایە یەك سال مەرگی من دوا بخەی چونكە دابڕان لە تۆ مانای مەرگی من دەگەیەنێت)

+(من لەسەرەتاوە وامدەزانی نزیكبوونەوەت لە من تەنها یاریەكە لەو یاریانەی لەگەڵ گەنجەكان ئەنجامت دەدا، دیارە خودا تۆڵەی هەموو ئەوانەی لێ وەرگرتییەوە كە وەك مرۆڤێك سەیرت نەدەكردن، بەڵام منیشت بە خۆتەوە گرفتار كردووە)

-(دیارە تۆش گوناهێكت هەیە، بۆیە بە منەوە گرفتاری!)

+(من هەزار گوناهم هەیە، بەڵام گوناهەكانی من جۆرێكی ترن، یاری كردن نییە بە مرۆڤ)

-(دایك و باوكم زۆر حەز دەكەن بتبینن، دایكم مامۆستای زانكۆیە، ئافرەتێكی رۆشنبیر و تێگەیشتووە)

+(باوكت كاری چی یە؟)

-(یەكێكە لە قەشەكانی ئەم شارە، دكتۆرای لە لاهوتی مەسیحی دا هەیە)

+(بۆ حەز دەكەن بمبینن؟)

-(دەیانەوێ لێت تێبگەن و زۆر تامەزرۆی بینینی تۆن، دەتوانی ئەم ئێوارەیە لە مالی ئێمە دەعوەت بیت، دایك و باوكم بناسیت و گفتوگۆیان لەگەڵ بكەیت)

+(بەڵام ئایا سەردانی من بۆ مالی ئێوە لە لای باوكت-وەك پیاوێكی ئایینی- ئاساییە؟!)

–(ئێمە تەقالیدمان لەگەڵ ئێوە جیاوازیی هەیە، نەنگی نییە گەر کچێك خۆشەویستەکەی خۆی بە دایك و باوکی بناسێنێت)

+(بەڵێنم پێ دەدەی سەرئەنجامی هاتنەکەم بۆ لای باوك و دایکت هەرچییەك بوو قبووڵی بکەی؟)

–(شان دەدەمە ژێر هەموو سەرئەنجامێك یەك سەرئەنجام نەبێت، ئەویش دوورکەوتنەوە و دابڕانە لە تۆ)

ئەو ڕۆژە تا دوای نیوەڕۆ بەیەکەوە بووین و تەنها من قسەم دەکرد و ئەو گوێی دەگرت و ناوە بە ناوە پرسیارێکی لێ دەکردم و منیش پرسیارەکەم بە دوورودرێژی وەڵام دەدایەوە بۆ ئەوەی فورسەتی پێ نەدەم هەستێ و بڕوات، یەك دوو کەس لەو گەنجانەی لە کۆلێژەکانی تردەوە سەردانیان دەکرد هاتن و داوای یارمەتی لەمن کرد و لە کۆتایدا بەڵێنم لێ وەرگرت ئێوارە بێتە بەردەم زانکۆ و بە ئۆتۆمبێلی برایەکەم لە دووی بێین و بیبەین بۆ ماڵی خۆمان، کە لە یەکتر جیا بووینەوە کاتژمێر دووی دوا نیوەڕۆ بوو، زۆر دڵم خۆش بوو چونکە وام هەست دەکرد هەنگاوێ لەگەڵی چوومەتە پێشەوە...ئێوارە نەدەهات، خولەکەکانم بە کاتژمێر بەسەردا تێدەپەڕی...بەر لە خۆر ئاوابوون لەگەڵ برایەکەم هاتین بۆ بەردەم زانکۆ و ئەشرەفمان لەگەڵ دوو گەنجی تر بینییەوە کە ئەو گەنجانە بوون دوای نیوەڕۆ سەردانیان کرد و ئەشرەفیان لە من جیاکردەوە، دیار بوو ئەوانی لە هاتنەکەی بۆ ماڵی ئێمە ئاگادار کرد بوو...دوو گەنجەکە زۆر بەوردی سەیری من و برایەکەم و ئۆتۆمبێلەکەیان کرد، سواری ئۆتۆمبێلەکەمان کرد و هێنامان بۆ ماڵی خۆمان...بۆ ڕێزلێنانی ئەو دایکم و باوکم لەبەر دەرگا وەستابوون و چاوەڕوانی هاتنی میوانەکەیان دەکرد.. هەردوو زۆر بەخێرهاتنی میوانەکەیان کرد و فەرموویان لێکرد بۆ ژوورەوە...ئەشرەف شەرم و حەیای لێ دەباری، ناوچاوانی ئارەقەی کرد بوو، بۆ هێور بوونەوەی ئەشرەف من و دایکم و برایەکەم چوویند دەرەوەی ژوورەکە و باوکم و میوانە

ئازیزەکەمان بەجێهێڵا، دیار بوو باوکم بە شێوازی باوکانەی خۆی ئەشرەف هێور کردبووەوە چونکە کاتێ من و دایکم بۆ لایان هاتینەوە ئەشرەف لەگەڵ باوکم لە گفتوگۆیەکی گەرمدا بوون، باوکم باسی لێبوردەیی ئایینەکانی بەرانبەر بە یەکتر بۆ ئەشرەف دەکرد، ئەشرەفیش لە وەڵامی باوکمدا وتی: ئایینەکان گرفتیان لەگەڵ یەکتر نییە مرۆڤەکانن ململانێ و شەڕەنگێزی خۆیان تێکەڵ بە ئایین دەکەن...قسەی و بۆچوونەکانی ئەشرەف لەسەر ئایین سەرنجی باوکمی ڕاکێشا بوو، پرسیاری لە ئەشرەف کرد: ئەم ڕۆشنبیرییە فراوانەت لە کوێ بە دەست هێناوە؟ ئەشرەفیش وتی: سەرجەم مانا بەرز و بڵندەکان لە ناخی مرۆڤدا هەن، ئێمە زۆرجار دەرەوەی بۆ دەگەڕێین بەڵام زۆر لێمان نزیکە بەڵکو لە ناو خۆماندایە...

تا ئەو شەوە ئەشرەفم نەناسی بوو، ئەشرەف قدیسێکی گەورە بوو، وەک ژانایەکی ئایینی مەزن گفتوگۆی دەکرد لەو شەوەدا خۆشەویستی من بۆ ئەشرەف گۆڕا بۆ خۆشەویستیەکی تر، خۆشەویستی من خەریک بوو جەستەی بەجێدەهێڵا و دەبوو بە خۆشەویستیەکی ڕۆحی، بیرم دەکردەوە زۆر منداڵانە لەگەڵ ئەشرەف هەڵسوکەوتم کردووە، ئەشرەف مرۆڤێکی سادە و ئاسایی نییە، ئەو باوکم و دایکمی سەرسام کرد بوو، قسەی لە عیرفانێکی قووڵ دەکرد، ئەشرەف دەیوت: عیرفان پانتایی هاوبەشی نێوان ئایینەکانە، تەنها لە ڕێگەی عیرفانەوە ئایینەکان لە یەکتر نزیک دەبنەوە، ئەو پێناسەی عیرفانی بە قووڵی کرد...باوکم پیاوێکی ئایینی مەسیحی بوو، بەڵام ئەو شەوە کۆمەڵێك مانای لە ئەشرەفەوە بەرچنگ کەوت کە پێشتر بەدەستی نەهێنا بوو، ئەشرەف باوەڕی وابوو شوێنکەوتوانی ئایینەکان هەرکەسە و لە ئایینی خۆیەوە دەست پێ بکات و قووڵ ببێتەوە و لەگەڵ ئایینەکەی خۆیدا ڕاست بکات، تا دەگاتە کانیاوی سازگاری عیرفان، لەو جێگەیە هەموو یەک دەگرنەوە و جیاوازییە پوالەتییەکان دەڕەوێنەوە و کۆتایی بە ململانێ و ناکۆکیەکان دێن...کۆمەڵێك قسە بە نێوان

ئەو و باوکمدا تێپەڕین من لە زۆری نەگەیشتم، ئەوەندە حاڵی بووم باسی مەسیح و پێغەمبەرەکانی تر بوو، باوکم ڕەنگی سوور هەڵگەڕا بوو، ئاگام لێ بوو باوکم چەند جارێك ویستی هەستێتە سەر پێ بەڵام لەبەر من و دایکم و میوانەکە بەسەر خۆیدا زاڵ دەبوو...

دیار بوو باسەکەی ئەشرەف بۆ باوکم پێویستی بە بەڵگە و بورهانی مەعنەوی هەبوو بۆیە باوکم داوای لێکرد ڕاستێتی ئەو قسانەی بسەلمێنێ و بەڵگەی گومانبڕ بەدەستەوە بدات...ئەشرەف خامۆشییەك داگیری کرد و پاشان داوای لە باوکم کرد دەرگای کلێساکە بکاتەوە و پێکەوە بچنە ژوورەوە، باوکم میوانەکەی لەگەڵ خۆی بۆ کلێسا برد و منیش شوێنیان کەوتم، ئەشرەف کڕنووشی بۆ خودای خۆی برد و کەوتە پاڕانەوە و موناجاتێکی قوولّ، باوکم لە تەنیشتیەوە وەستا بوو، منیش لە دوورەوە چاودێریم دەکردن، لەنەکاو چیم بینی؟ ئەوەی ئەقڵی مرۆڤ ڕادەگرێت و دەیگێڕێتەوە بۆ جیهانی ئەفسانە کۆنەکان، ناوەوەی کلێساکە بە سێ نووری سپی ڕۆشن بوویەوە و من و باوکم بە چۆکدا هاتین، ئەشرەف لە موناجاتی قوولّی خۆیدا بوو، نوورە سپییەکان موسا و مەسیح و محەممەد بوون، من لە هۆشی خۆم چووم و ئاگام لە دەوروبەر بڕا، کاتێ بەئاگاهاتمەوە لەسەر جێگەکەی خۆم لە ژوورەکەمدا ڕاکشاوم و ئەشرەف و باوکم و دایکم لەسەر سەرم وەستاون، ڕەنگی ڕوخساری باوك و دایکم زەرد هەڵگەڕا بوو، دەموچاوی ئەشرەفیش دەتوت خامێکی سپی بە سەردا کێشراوە...

ئەشرەف وتی: هاتەوە هۆشی خۆی، ئیتر دەبێ مۆڵەتی من بدەن...

پاشان خواحافیزی لە من کرد و لەگەڵ باوکم لە ژوورەکە چوونە دەرەوە، منیش دایکم بانگ کرد و تکام لێکرد داوا لە ئەشرەف بکات خۆی نەگوێزێتەوە بۆ زانکۆیەکی تر و لەم شارە بمێنێتەوە...

کە دایك و باوکم گەڕانەوە مژدەیان پێدام ئەشرەف بەڵێنی داوە لە زانکۆکەی خۆی بمێنێتەوە...

باوکم وتی: کچم تۆ بۆ له دوومان هاتی؟

بـۆ وەڵامـی پرسـیارەکەی بـابم هیچـم پـێ نـەوترا... دایکـم پرسـیاری لـە ڕووداوەکە کرد، وتم هەموو کڵێساکە بوو بوو بە نـوور، نـووری موسـا و عیسـا و محەممەد...

دایکم وتی: وڕێنە دەکەیت یان بە ڕاستە؟

وتم: لە بابە بپرسە..

باوکم داوای کرد پرسیارم لێ نەکات و لێم بگەڕێت، ئەو وتی بە دایکم: دوایی هەموو ڕووداوەکەت بۆ دەگێڕمەوە...

دوای بینینی ئەو ڕووداوە ژیانی من سەر لەبەر گۆڕا، ئـایین بـوو بـە خولیـا و کەڵکەڵەم، کەوتمـە خوێندنـەوەی قـوولّی لاهـوتی مەسـیحیەت و لێکۆڵینـەوە لـە مەیـدانی عیرفـانی ئـایینی، بـووم بـە یـەکێك لـەو ئافرەتانـەی خـۆی بـۆ کڵێسـا یەکلادەکاتەوە، ئەو ساڵەی خوێندنم لە ئەوپەڕی ئارامی و ئاسودەییەوە لەگـەڵ ئەشرەف بەڕێکرد، باوك و دایکم سەردانیان دەکرد و ئەویش نـاوە بـە نـاوە بـۆ ماڵەوەمان دەهات، ئەشرەف بوو بە یەکێك لە دۆستە زۆر نزیکەکانی باوکم...

دوای تـەوابوونی سـاڵی کۆتـایی زانکـۆ ئەشـرەف خواحـافیزی لـە مـن و خێزانەکەم کرد و بەڵێنمان لێ وەرگرت سەردانمان بکاتەوە...ساڵی یـەکجار بـۆ بینـینی ئەشـرەف دەچـووم بـۆ شـارەکەی ئـەوان و لـە کۆلێـژی هەندەسـە کـە جێگەیەکی بەرینی بۆ گەڕان و پیاسە هەبوو چاومان بە یەکتر دەکەوت و ڕۆژێـك پێکەوە دەماینەوە و خەم و غەریبی سـاڵێکمان دەڕەواندەوە... خۆشەویسـتی من بۆ ئەشرەف جەستەی بەجێهێڵا و بـوو بـە خۆشەویسـتیەکی ڕۆحیـی پـاك و بڵند، ئەو زۆر تکای لـە مـن دەکـرد ژیـانی هاوسـەری بـەجێ نـەهێڵم و مێـرد بـە مرۆڤێکی چاك و پاك بکەم، منیش پێم دەوت: مێرد نەکردنی مـن بـەهۆی تـۆوە نییە بەڵکو ئەو حەزە مرۆییەم تیا مـردووە و نـاتوانم مـاف هاوسـەرگیری بـدەم،

لەگەڵ ئەوەش من ئافرەتێکم وەک راهیبێک ژیان بەڕێ دەکەم، منیش پرسیارم لەو کرد تۆ بۆ خۆت هێڵاوەتەوە؟ لە وەڵامدا وتی: پێ ناچێت ژیانی ئازادیم بەردەوام بێت، با کەسێک بەخۆمەوە گیرۆدە نەکەم، دیار بوو ئاماژەی بە گرتنەکەی خۆی دەدا...

چەند ساڵێکمان بەو جۆرە بەڕێکرد، لە یەکێک لە سەردانەکانمدا بۆ لای ئەشرەف کە دووی چواری هەموو ساڵێک بوو زۆر چاوەڕوانی ئەشرەفم کرد بەڵام دیار نەبوو، نزیک نیوەڕۆ مام سەعیدی باخەوان هات و وتی: چاوەڕوانی ئەشرەف مەبە.... وتم: بۆچی؟ وتی: گیراوە...

من لە ماوەی ئەو شازدە ساڵەی گرتنی ئەودا هەموو ساڵێک بە یادی ئەو و بۆ بەرز ڕاگرتنی ڕۆحی ئەشرەف دەهاتم بۆ شارەکەی و لە کۆلێژی هەندەسە چاوەڕوانی ئەوم دەکرد، بەڵام چاوەڕوانییەک بۆنی غەریبی و تامی بێ هیوایی دەبەخشی، تەنها کەسێک لەو کۆلێژەدا دڵم پێی دەکرایەوە مام سەعیدی باخەوان بوو کە دۆستێکی گیانی بە گیانی ئەشرەف بوو، بەڵام دوای چەند ساڵێک ئەویش خانەنشین کرا و منی بە غەریبی ناو کۆلێژەکە سپارد...

من و ئەشرەف لە ساڵێکدا تەنها دوو گفتوگۆمان هەبوو، گۆڕینەوەی نامەیەک لە سەرەتای پایزی هەموو ساڵێک و سەردانەکەی من بۆ شارەکەی ئەو لە سەرەتای وەرزی بەهاردا، نامەکە هەموو ساڵێک لە مانگی تشرینی یەکەم بە براکەمدا بۆم ڕەوانە دەکرد و ئەویش وەڵامی نامەکەی دەدامەوە...

تا ئێرە سەربوردەی منە لەگەڵ ئەشرەفی سوڵتانی، هەفتەی داهاتوو دێم بۆ شارەکەتان و دەبێ بمبەیت بۆ سەر گۆڕەکەی...محەممەد سوپاسی ئافرەتە سپیپۆشەکە و خێزانەکەیانی کرد و خواحافیزی لێکردن بەڵام تا گەڕایەوە بۆ شارەکەی خۆی فرمێسک لە چاوەکانی نەبڕا و عیشقە ناکامەکەی مامۆستای دەلاواندەوە...

چوارشەممەی هەفتەی داهاتوو ئافرەتە سپیپۆشەکە لەگەڵ براکەی و دایکی هاتن بۆ سەردانی گلکۆی مامۆستا ئەشرەف و لە دۆستە نزیکەکانی زیاتر لاواندیانەوە و فرمێسکیان بۆ هەڵوەراند...

محەممەدی خەڵوەتی ڕۆژێك چاوی بە بەڕێوەبەری قوتابخانەکەی مامۆستا ئەشرەف کەوت و پرسیاری ناوەرۆکی نامەکەی مامۆستای لێکرد کە ڕۆژی سەردانەکەیان بۆ قوتابخانەکە بۆی بەجێهێڵا بوو ئەویش وتی: مامۆستا لە نامەکەدا دەستخۆشی لێکردووم و تیایدا ئاگاداری کردبوومەوە کە ئەمانەتی منداڵەکان و قوتابخانەکە لە گەردنی منداید و لە جێگەی ئەو وانە بە منداڵەکان دەڵێمەوە و متمانەی تەواوی بۆ من و کارەکەی من دەربڕی بوو کە دەیوت: تۆ کەسێکی ناپاکیی لە ئەمانەتی قوتابخانەکە و منداڵەکان ناکەیت، منیش لەو ڕۆژەوە ئەو نامەی مامۆستام پێگەیشتووە هەست قورسی و گەورەیی ئەرکی سەرشانم دەکەم و هەوڵ و ماندووبوونم بۆ قوتابخانەکە دوو بەرانبەر کردووەتەوە.

محەممەدی خەڵوەتی بۆ دۆزینەوەی شەمسی سیراجی کەوتە پرسیار و گەڕان، لە وەرزی هاویندا بە ناوی کڕینی زێڕ و زیو و بەردی بە نرخ زۆربەی گوند و لادێکانی وڵاتی پشکنی و هەر جێگەیەك دەڕۆیشت پیاوی زانا و بەتەمەن و ئەزموونداری دەدۆزیەوە و پرسیاری شەمسی سیراجی لێ دەکرد، بەڵام ئەو ناوە لای هیچ کەس ناسراو نەبوو، بۆیە لە گەڕان بێ هیوا بوو، دواتر بیری لەوە کردەوە دوکانێکی وشکە دابنێت، چونکە مووچەی مامۆستایی زیان و گوزەرانی پێ دابین نەدەکرا، دوکانێکی کڕی و سەری کردە کاری دوکانداری بەڵام وەسێتەکەی ئەشرەفی سوڵتانی لە بیر نەچوو بوو کە دۆزینەوەی (شەمسی سیراجی) بوو، ئەو بیری لە بەڵێنەکەی مامۆستا ئەشرەف دەکردەوە کە وتبووی: شەمسی سیراجی ڕوو لەم شارە دەکات و تەنها یەك جار محەممەد چاوی پێی دەکەوێت... بەهۆی کڕیار و دۆستی دوکانداریەوە بەردەوام

پرسیاری ئەو (ناو)ەی دەکرد بەلآم کەسێك نەبوو تەنها وشەیەك دەربارەی (شەمس) بزانێت... .

بەشی دووەم

خولیا و ئەندێشە

سەردەمێك بوو سەرچاوەی عیرفان بەرەو لێڵی و وشكی دەڕۆیشت، زاهیدان و ئەهلی مانا دونیاگەرایی داگیری كرد بوون، ئەو كەسانەی نوور و ڕۆشناییان پەخش دەكردەوە چاوەڕوانی مەرگ بوون، كەسانێك هەبوون بەدوای سەرچاوەی نووردا دەگەران، سەرچاوەی نووریش تارای تەم و مژی بە سەردا كێشرا بوو، تاریكایی شەو بە سپێدەی بەیانیان بە مەردوومانی سادە دەفرۆشرا، خەڵكی ڕووی لە تاریكستان دەكرد وایدەزانی لەو جێگەیە ملوانكەی نوورینی بەرچنگ دەكەوێت بەڵام كاتێ بە خۆی دەزانی لە دەریای تاریكیدا سیخناخ بوو بوو...ئەوانەی بەرژەوەندییان لە ناردی مەردوومان هەبوو بۆ مەملەكەتی تاریكستان، دژ بەو تاكە كەسانە دەجەنگان كە تروسكاییەك لە نووریان دەبەخشییەوە...

لە ناو مەردوومانداندا دەنگۆیەك سەری هەڵدا گوایە پیاوێك بە ناوی محەممەدی خەڵوەتی ڕێگای بەرە و نووری دۆزیوەتەوە، ڕۆژانە چەندین كەس ڕوویان لە دوكانەكەی دەكرد و بە نهێنی پرسیاری مەملەكەتی نوورینیان لێ دەكرد، بەڵام زۆربەی ئەو كەسانە بەبێ دەست كەوتنی وەڵام دوكانەكەی محەممەدیان بەجێدەهێڵا، خەڵكی لە بە دەست هێنانی نووڕا بە هەڵەدا چووبوون، ئەوان وایان دەزانی نوور چرایەكە و دەدرێتە دەستیان یاخود ئاگرێكی بڵێسەداری شەوێكی تاریكە و نیشانیان دەدرێت، هەندێكیش پێی وابوو گڵۆپێك لە ناخیدا هەڵدەكرێت و گەردەكانی وجودی نووڕانی دەكات، محەممەد دەیزانی ئازارەكانی ژیانە نوور دەبەخشێتەوە، كەڵكەڵەكانی مرۆڤە

بـۆ گەیشـتن بـە کانیـاوی نـوور تـەکان بـەو دەدا، خولیاکـانی شـەو و ڕۆژە تروسکەی ڕۆشنایی لە دوورەوە دەبینێ... ئەو بۆ کەسێك دەگەڕا لێـی تێبگـا و سەربوردەکانی بۆ بگێڕتەوە و ڕێگای بە دەستهێنانی نـووری فێربکـات و بـەرەو کانیاوی نوور تەکان بە خۆی بدات...

(جاوید کوێستانی) یـەکێك بـوو لـەو کەسـانەی وەك خـدری زینـدە بـە دوای کانیاوی ئارامی و زیندەگی ڕۆحیـدا وێـڵ بـوو، زۆر گـەڕا بـوو بـەڵام گەڕانـەکانی ئەوەندەی تر ناڕامی کرد بوو...

ڕۆژێك بە سەوداسەری شارەکەی خۆی بەجێهێڵا و بەرەو شارەکەی محەمەد بۆ بینینی بەڕێکەوت...

(جاوید) مرۆڤێکی بیروخەیاڵ فراوانی تەمەن (٢٨) ساڵان بوو، دەڵێن بابی بە ناوی یەکێك لە گۆرانیبێـژە میللیـەکانی ناوچـەی خۆیانـەوە نـاوی نـاوە جاویـد، خۆی نازناوی (کوێستانی) بۆ نووسینی شیعرەکانی هەڵبژارد بوو، هۆنراوە قوڵ و بە ماناکانی تامی غەریبی و بۆنی بێ هیواییان دەبەخشی...

ئەو بیر و سیاسەت و ڕۆشنبیری سەردەم بە جۆرێك ئاڵۆز و سەراسیمەی کرد بوو لەسەریەکپێ دووسەد پرسیاری بێ وەڵامی بە دوای یەکدا دەخستە مەیدانی گفتوگۆوە، هەندێ جـاریش لەسـەر پرسـیارەکانی خـۆی پرسـیاری بـۆ دروسـت دەبوو، جاوید ناوی (محەممەدی خەڵوەتی) بەرگوێ کەوتبوو، بە گیـانی گـەڕان بە دوای ڕاستیەکاندا و بـۆ وەرگرتنـی وەڵامـی چـەند پرسـیارێك سـەردانی ئـەو شارەی کرد، ئەو پرسیارەی هەمیشە بیری لێ دەکردەوە و بەڕۆکی بەر نەدەدا: چارەسەر چییە بۆ ئەو ئاڵۆزیەی ناخ و بیرو واقیعـی ئێمـەی داگیرکـردووە؟ ئایـا دەتوانین لەم گشتە ئاڵۆزی و قەیرانانـە بێینـە دەرەوە و ئارامییـەك بـە خۆمـان ببەخشین؟ کێن ئەوانەی خۆیـان گەیاندووەتـە ڕۆخـی ڕزگـاری و کەشـتی بـیر و دەروونیان لە بەندەری سوکناییدا لەنگەری گرتووە؟

بۆ ئەو مەبەستە بوو، ڕووی لەوێ کرد و دوکانەکەی محەممەدی خەڵوەتی دۆزیەوە و سەرەتا مامەڵەی هەندێ شتومەکی لەگەڵ کرد و محەممەدیش بەهێواشی نرخی شتەکانی پێ دەوت...

جاوید (کیلۆی برنج بە چەندە؟)

محەممەد (پێنج دینارە)

-(گران نیە؟)

+(با، گرانە بەڵام چی بکەین پارەکەمان بێ نرخ بووە)

-(گەر ئێمەی مرۆڤ بێ بەها بین، چۆن پارەکەمان بێ نرخ نابێت!)

+(مرۆڤ خۆی بەهای خۆی دادەبەزێنێت..)

-(وەك سکەیەکی قورس و گران مرۆڤ چۆن پارێزگاری لە نرخی خۆی بکات؟!)

+(من وشکەفرۆشم و نرخی برنج و ڕۆن دەزانم، ئەو پرسیارە لە کەسێك بکە بتوانێ وەڵامی دروستت بداتەوە)

-(زۆر گەڕاوم وەلێ کەسێکم نەبینییەوە وەڵامێکی دروستی لەلابێت!)

+(زۆرتر بگەڕێ دەیدۆزیەوە، عیشق گەڕانە، هێشتا سەرەتای گەڕانتە، کەسانێك هەن پەنجا ساڵ تەمەنیان لە گەڕان و گەردەشا بردۆتەسەر تا گەیشتن بەو مەرامەی عەودالّی بوون کۆڵیان نەداوە)

-(خۆزگە ئەوەی من بە دوایدا وێڵم وەك دوکانی وشکە کالاکانی دەخرایە ڕوو)

+(ئەو کات دەوڵەمەندەکان دەیانکڕی و هەژارەکانیش بێ شێوی نوور سەریان دەنایەوە)

-(بڵێی لە ناو ئەم دوکانەی تۆدا شیوی نوورم بەرچنگ بکەوێت؟)

+(ئەو کات یان من یان وشکە بۆ ماڵەوە دەبەیەوە، چونکە ئەم دوکانە تەنها ئەو دوانەی تێدایە)

–(لە جێگەیەکی دوورەوە هاتووم تاکو بەشێك لە تۆ ببەمەوە)

لێی کردە شۆخی و وتی +(دەبێ مشارێکت پێ بێت بۆ ئەوەی پارچە پارچەم بکەیت)

–(دەست بە ڕوومەوە مەنێ و ئەم شەو میوانی تۆم)

+(وەك میوان پێڵاوت بە سەر چاوانم، بەڵام بۆچی دەتەوێ من ببم بە خانەخوێت؟)

–(هاتووم سنگم والا بکەم، تاوێك ئارامی بنۆشم، ساتێك ئاسوودەیی بدوێنم)

محەممەد هەستی بە برینە قوولێ و بە سوێیەکانی ناوەوەی گەنجەکە کرد، عەودالێ بوون و خەم و خولیاکانی خۆیی هاتەوە بەر یاد، بەرانبەر جاوید میهر و بەزەیی داگیری کرد، فەرمووی لێکرد و چوون بۆ ماڵەوە...

جاوید دەیویست لە نهێنییەکانی محەممەدی خەڵوەتی بگات، عەودالی ئەو دەریا ئارامییە بوو محەممەد مەلەی تیادا دەکرد، پرسیاری لەو بارەوە لێکرد و لە شەوێکی پایزدا و لەوەڵامی پرسیارەکەی (جاوید)دا محەممەدی خەڵوەتی سەرەتای قسەی لەمەڕ نهێنییەکان دامەزراند:

(من سەربوردەکانت بۆدەگێڕمەوە و تۆش بە کامێرای خەیاڵی خۆت وێنەیان بۆ بگرە و قسە مردووەکان زیندوو بکەرەوە و لە زەینی خۆتدا وێنەی جوڵاویان لێ دروست بکە، ڕادەی زیندوێتی قسەکانی من بە گەشی و فراوانی خەیاڵی تۆوە پەیوەستە... لە هەر کوێوە دەست پێ بکەم دەبێ بگەڕێمەوە بۆ سەر باسی سروشتی ئەم شارەی ئێمە کە سرووشتێکی سەیرو نامۆیە...

ئەم شارە دەڵێی کابەی مرۆڤە نامۆکانە، لە هەر سووچێکی ئەم وڵاتەوە مرۆڤێکی نامۆ سەرهەڵ بدات پاش ماوەیەك دێت و حەجی ئەم شارەی ئێمە

دەکات، هەندێکیان لێرە دەمێننەوە و تیایدا دەژین و دەمرن و سەردەنێنەوە و هەندێکی تریان ڕوو لە شوێنانی تر دەکەن... نان پەیداکردن کاری سەرەکی مەردومانی ئەم شارەیە، لێرە هەرکەس بە خۆیەوە خەریکە و کاتی ئەوەی نی یە لە دەوروبەری خۆی ڕابمێنێ، بۆیە زۆرێك لەو مرۆڤە نامۆیانە کەسانێك نیە لێیان تێ بگات و ناشزانن کەی ڕوویان لەم شارە کردووە و کەنگێ ئێرەیان بەجێ هێلاوە، مەنگی و ئارامییەکی سەیر بەبەردەوامی ئەم شارەی ئێمەی داگیر کردووە، لەوانەیە لێشاوی ئارامی ئەومرۆڤە نامۆیانە بێت بالّی بە سەر هەمووماندا کێشاوە...

هەر غەریبێ بە بیانوویەك ڕوو دەکاتە ئەم دەڤەرە، دەستەیەك بە ناوی خوێندن و فیکر و سیاسەتەوە، کەسانێکی تر گەدایی و شێتێتی و هەشیانە دەروزەکردن و پارە خرکردنەوە... بۆ تێگەیشتن لە یەکێکیان گەرەکتە سەد دەرگای ئاسنین بشکێنی و دووسەد پەردە لابدەی ئەوجا شتێك لە پەنهانیەکانیان حاڵی دەبیت، نامۆیی ئەوان لەو هەموو دەرگا کلۆمانەدایە لەپشتییەوە حەقیقەتی خۆیان و نهێنیەکانیان تیادا حەشارداوە لەو قەڵا پۆڵاینەدایە بێهیوایی دەخاتە ناو دڵی سوپاسالاری وێڵبوانی ڕاستی و نهێنییەکان...

ڕواڵەتی شار لە شەقام و بازاڕو کۆشك و تەلار گۆڕانی گەورەی بەخۆوە بینیوە، ئەم گۆڕانانەش تا ڕادەیەك کاریگەری لەسەر مرۆڤ بە جێهێڵاوە، لە هەندێ وڵات و شاردا گۆڕانی مرۆڤ لە مانای خۆی دەرچووە و کاولکاری و داڕوخان لە ژیاندا بەرچاو دەکەوێ، کەچی لێرە ئەو بەهایانەی سەردەمانێکە ڕیشەیان داکوتیوە تاکو هەنووکە بالاّ تەماشا دەکرێن و زیاتر بە ناخی خەڵکیدا شۆڕدەبنەوە، لەمەش سەیرتر، ئەوانەی لە دەرەوە ڕوو لەم شارە دەکەن پاش ماوەیەکی کەم لەگەڵ ئەو بەهایانە دەستەملان دەبن و زۆرێك لە تایبەتمەندیەکانی پێشتری خۆیان لە دەست دەدەن....

با بگەڕێمەوە سەر باسەکەی خۆم، من عەودالّی کەسێك بوو بووم و لەدووی دەگەڕام، ئەو کەسە فریادڕەسێك بوو کە ئازارەکانی لە من دەکردەوە و بە جیهانی ئاسوودەیی شادی دەکردم..)

جاوید (ئەو کەسە کێ بوو؟)

خەڵوەتی (بەر لەوەی ئەشرەفی سوڵتانی کۆچی یەکجاریمان لێ بکات، ناوی کەسێکی نامۆی پێدام و داوای لێکردم لە دووی بگەڕێم و بە هۆیەوە بگەمە کانیاوی نوور، کەسەکە ناوی"شەمسی سیراجی"بوو، من چەند ساڵێ لە دووی شەمس گەڕام بەو هیوایەی بیدۆزمەوە، بەڵام سەرئەنجام لە دۆزینەوەی ڕەشبین بووم و گومانم لە بوونی ئاوا کەسێك بۆ دروست بوو، گومان لە بوونی شەمس گومان بوو لە بەڵێنەکەی ئەشرەفی سوڵتانی، چونکە ئەو بە منی ڕاگەیاند تەنها یەکجار یەکتر دەبینین...گومان لە بوونی ئەو کەسە ناوی شەمسی لە بیر بردمەوە و جۆرێکی تر لە عەودالّ بوونم لا دروست بوو، گەڕان و خولیاکانی من لە دەرەوە بۆ کەسێکی تر بوو بەڵام لە گەوهەر و ناوەڕۆکدا بۆ شەمسی سیراجی دەگەڕام، من بۆ کەسێك دەگەڕام ئارامم بکاتەوە، گرنگ نەبوو لەلام ناوی شەمس بێت یان قەمەر، چونکە دوای مردنی ئەشرەفی سوڵتانی هەستم بە بۆشاییەکی گەورە دەکرد لە ژیانمدا..

منیش لەخۆمدا مرۆڤێکی سەوداسەر بووم دەستم بە زۆر کوناندا دەکرد، سەرم لە زۆرشتان دەخورا، ئەو ڕیتمەی لە تێڕوانینی دەوروبەر خەڵکی ئەم شارە دەقی پێوە گرتبوو، تێکوپێکم شکاند، من نەمدەویست پەیدا کردنی نان لە سەرکێشانە ناو جیهانی نهێنیەکان بێئاگام بکات، سەرنجی هەموو شتێکم دەدا، لە سەر هەموو دیاردەیەك ڕادەوەستام، پرسیارم لە گشت مانایەك دەکرد، ڕووم دەکردە هەموو تەم و مژێك، هیچ شتێك بە ڕەهایی لام پەسەند نەبوو، گوێم بۆ هەموو قسە و باسێك هەڵدەخست، ئەم جۆرە لە بیرکردنەوە بۆ گەڕان

به دوای (ئەو)دا پەلکێشی کردم.. بە تەواوی نازانم سەرەتای هاتنی بۆ ئەم شارە کەی بووە و بە چ بیانوویەك ڕووی لەم دەڤەرە کرد بوو...

لەو ڕۆژەوەی (ئەو) هات بوو ڕەنگی ئەم شارە شەوقی سەندبوو، بە جۆرێك گڕی گرتبوو، دەتوت ئاگری سەرچیایەکی پیرۆزە و لە شەوێکی نوتەکەدا بۆ ڕێبوارێکی وێڵ بڵێسەی سەندووە...

بەرلەوەی (ئەو) ڕوو بکاتە ئەم دەڤەرە ڕەنگی خۆڵەمێشی وەك تۆزاڵێك بە سەر هەموو شتەکانەوە دەبینرا، نازانم من وام دەبینی یان شتەکان بۆ خۆیان وا بوون؟

دەرەختی سەرشەقامەکان، قومریەکانی سەر گومەزی مزگەوتەکان، تاشەبەردەکانی نزیك فولکەی یاریگاکە، کە بۆ جوانکردنی شار دانرا بوون، هەر هەموو ڕەنگیان خۆڵەمێشی بوو... پرچی قوتابیانی زانکۆ کە هەریەکەیان بە جۆرێك ڕێکی خست بوو، جل وبەرگی ئەو کەمانچەژەنەی هەموو بەیانییەك بە پرچێکی درێژەوە کەمانچەکەی لە جانتایەکی خۆڵەمێشی دەنا و زۆر بە خێرایی هەنگاوی بەرەو پەیمانگا هەڵدەگرت، ئەو لە ڕۆیشتنەکەی ئەوەندە بەپەلە بوو دەتوت پێشبڕکێ لەگەڵ مەرگدا دەکات، هەندێك جار خوێندکارە کچەکانی قوتابخانەی نزیك پەیمانگاکە توانجێکیان بۆ هەڵدەدا و پێیان دەوت (گۆرانی شایی بە نۆتەی خێرا دەژەنێ)، ئەوسالأنە دەتوت هەموو ڕۆژێ گەردەلوولول لە بیابانەوە هەڵ دەکات و لە جێگەی تۆز خۆڵەمێش دەبارێنێ، ئەو سەردەمانە لێوی هاوسەرەکەم، دەموچاوی ژنانی گەڕەك، جلە کوردیەکانی براژنم، جەمەدانەکەی کاکم، هەر هەموو ڕەنگی خۆڵەمێشیان دەنواند...

هاوسەرەکەم دەیوت: ئافرەتێکی جیرانمان منداڵی بەبەرەوەیە و شیرەکەی شێواوە و ڕەنگی دەڵێ ی قورقوشمی تواوەیە...

من وتم: لەوانەیە تازە منداڵی بووبێ و ڕەنگی فروی سەرەتای شیردان بێ؟!

وەلامی دامەوە و وتی: منداڵەکەی کچێکی یەک سااڵنەیە...

هەر لەوساڵانەدا، بازرگانێك سەرجەم دوکانی بەزازەکانی بە قوماشی ڕەنگ خۆڵەمێشی پڕ کرد بوو، بەجۆرێك لە بەرکردنی ئەو ڕەنگە مۆدیلی بوو کەسێك نەبوو قاتێك و دوو قات و بانتۆڵێك و دوو بانتۆڵی لەو ڕەنگە لە ماڵەوە دەق نەکرد بێ، خەڵکی دەیوت ئەوبازرگانە لەگەڵ چەند سیاسی و دەسەاڵتدارێکی ئەم وڵاتە سەرمایەکەی خۆی یەکخستووە و ڕێگە بە بازرگانێکی تر نادرێ کێبەرکێ ی بازاڕی ئەو بکات و ڕەنگێکی تر لە قوماش بکەوێتە بازاڕەوە...

وتارخوێنی مزگەوتەکان لەگەڵ ڕەنگی خۆڵەمێشی ئەم شارەدا ڕاهاتبوون، وتارەکانی ئەوانیش تامی خۆڵەمێشی دەدا، ڕۆژێکی هەینی یەکێك لەو مامۆستا ئایینیانە وتارەکەی بۆ باسی خۆڵەمێش تەرخان کرد بوو ئەو وتبووی"وشەی خۆڵەمێش وشەیەکی پیرۆزە وخودا لەقورئاندا بە (رماد) ناوی هێناوە" من لەوێ نەبووم، بەاڵم وتیان ئایەتەکەشی بە سەر خەڵکی دا خوێندۆتەوە و ئاماژەشی بە سورەت و ژمارەی ئایەتەکە کرد بوو... لە یەکێك لەقوتابخانەکانی شاردا مامۆستایەك خۆڵەمێشی لە جێگەی مەڵهەم کرد بووە چاوی خوێندکارەکانی... خەڵکی لەمەڕ مەڵهەمی خۆڵەمێش بووبوون بە دوو بەرەوە: دەستەیەکیان دەیانوت (ئەو مەرهەمە دەبێتە هۆی لە دەستدانی چاوی منداڵەکانمان، بەپێچەوانەوە بەرەی دووەم پێیان وابوو ژیان و بینینی منداڵان بەو مەڵهەمە ئەفسووناویەوەیە...

وا دەزانم، هەر لەوماوەیەدا بوو کۆمەڵەیەکی نوێ ی ڕۆشنبیری لە دایك بوو، گۆڤارەکەیان ناوی"ژیلەمۆ"بوو، هەڵبژاردنی ئەم ناوەش ئاماژە بوو بۆ ژیانەوە و داگیرسانەوەی دوای کپ بوونەوە و دامرکاندنەوە... لەو سەردەمەدا کفنی سپی مردووان دەبرایە لای خومچیەکان و لە ڕەنگی خۆڵەکەوەییان هەڵ دەکێشا...

شاعیرێك دیوانێکی خستەبازاڕەوە، یەکەم هۆنراوەی ناوی"خۆڵەمێش"بوو، ئـەو لەو پارچە هۆنراوەدا وتبووی:

"لە دونیای بەرائەتەوە

پەپوولە بە دیلی

ڕەوانەی ئێرە کرا...

ئاسك لە ئێوارەیەکی

مێرگی عاشقانا

دەستی بە سەردا گیرا...

هەموو خەریکی ناشتنی مەرگێکین

هەزاران ساڵە زیندووە...

هەموو سەرقاڵی پۆشینی کالاّیەکین

تان و پۆیەکانی

لەبەر یەکتر هەڵوەشاون...

ئێمە خۆڵەمێشین و

دەبینەوە بە خۆڵەمێش..."

سەیرتر لە هەموو ئەمانـە، دڵدارێك پـڕ گۆزەیـەك خۆڵەمێشـی بـە دیـاری بـۆ دڵدارەکەی خۆی نارد بوو، کاتێ پرسیاریان لێ کرد بوو"بۆ شتێکی زیندووت بـە دیاری ڕەوانەی نازدارەکەت نەکرد؟"

لـە وەڵامـدا وتبـووی"زینـدووتر لـە خۆڵـەمێش، خۆڵەمێشـە"هـەر ئەوانـە لـە مەعشووقەکەیان پرسی بوو"چۆن دەڕوانیتە دیاری خۆڵەمێش؟"

ئەویش لە وەڵامیان وتبووی"خۆڵەمێش هێمای سەرئەنجامی عیشـقەکەمانە" لەو دونیای خۆڵەمێشەدا بوو، سیاسیەکان لاپـەڕەی هاوپـەیمانێتی نێوانیـان بـە

خۆڵەمێش مۆر دەکرد، لە ناو کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی دا لە سەرکردەیەکیان پرسی بوو: بۆچی لاپەڕەی هاوپەیمانێتی نێوانتان بە خۆڵەمێش خەتم دەکەن؟

ئەو ڕایگەیاند بوو: دونیای هاوپەیمانێتی بەپێ ی بەرژەوەندی لایەنەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، هاوپەیمانێتی هەڵقوڵاوی باوەڕ نیە، بەڵکو زادەی بەرژەوەندیەکانە و لەگەڵ گۆڕان لەو هاوکێشەیەدا لاپەڕەی هاوپەیمانێتی دەبێت بە خۆڵەمێش...

ڕێکخراوەکانی ژنان، مەرجی سەرەکیان بۆ وەرگرتنی ئەندامان کوتینی خاڵێکی هیندی بوو لە ناوچاوان بەخۆڵەمێش و شیری ژنێک کێژی بە بەرەوەبێت....

باڵندە سەوزەکان لە مەملەکەتی خۆڵەمێش بێزار بوون و بڕیاری کۆچی یەکجاریان بەرەو خۆرنشین دا، بە کۆچی پر لە تراژیدیای ئەوان سەوزی لە مەملەکەتی خۆڵەمێش مانیگرت و مەزرای عاشقان گۆڕا بۆ سەرەنگوێڵکێک کە جگە لە خۆڵەکەوە شتێکی تریان لە سەر ڕۆنەدەکرد.....

ئەو سالأنە خەڵکی بە چەندین نەخۆشی کوشندە گرفتار بوو بوون، جەڵدەی دڵ و دەماغ، پەستانی خوێن و شەکرە، هەناسە تووندی و ڕەبوو، نەخۆشی پێست و چەندان درم و پەتای پێشتر نەبینراو، هەموو ئەو دەرد و بەڵایانە بەرهەمی جەنگ وکاولکاری جەنگ بوون، جەنگ کۆمەڵگەی ئاڵۆز و نائارام کرد بوو، کۆمەڵگەش بوو بوو بەو هەناوە ناتەندروستەی ئەندامانی شێواوی بەرهەم دەهێنا، مرۆڤ لەو هەناوەدا زۆرێک لە بەهای مرۆڤبوونی خۆی لەکیس دەدا و وەک مێگەلێک بازرگانانی جەنگ ڕایان دەپێچان و لێیان دەخورین، کۆمەڵێک سەرکردەی نەخۆش ئەرکی ڕێکخستنی کۆمەڵگەیان لە ئەستۆ گرت بوو، جگە لە لۆژیکی جەنگ و خوێن ڕشتن هیچ چارەسەرێکی تریان بۆ یەکلاکردنەوەی قەیرانەکان شک نەدەبرد...

ئەو سەرکردانە مانەوەی دەسەلاتی خۆیان لەپشتنی خۆیندا دەبینی، بەلام ئەوانەی خوێنیان دەڕژا وایان دەزانی لەپێناوی پاستییەکی مەزندا گیانیان دەبەخشن...سەرداڕەکان بە هیوای مانەوەی دەسەلات و قوربانیەکانیش بە وەهمی شەهادەتەوە بیریان لە داهاتوو دەکردەوە، بەلام ئەوان بێئاگابوون لەوەی داهاتووی پۆشن مرۆڤی بیرپۆشن و دەروون پۆشن دەستەبەری دەکات...

مەرامی جەنگ بە چەندین بیر و ئایدیا پووکەش کرابوو، یەکێك دەیویست خودا سەربخات، یەکێك سۆسیالیستی و یەکێکی تر نەتەوە و بیری پێشکەوتن خوازی، لە ناو هەموو ئەم مەرامە درۆینانە تەنها یەك مەرام پووی پەشی خۆی لەپشتی جەنگەوە حەشاردابوو، ئەویش بەرژەوەندی و گیرفانی بازرگانەکانی جەنگ بوو...

نان تەنها لە جەنگ بەردەست دەکەوت، ئەوکەسەی جەنگی نەزانیبایە و ئاگری جەنگی خۆش نەکردبایە خۆی و مالّ و منداڵی برسی دەبوون...

پۆشنبیران کتێبخانەکانی مالّەوەیان لەپێناوی ناندا تالان فرۆش دەکرد، ئەو کتێبانەی هەریەکەیان بە قەدەر پۆڵەیەك لەبەر دلان ئازیز بوون، هەندێ لە پۆشنبیران برسێتی زۆری بۆدەهێنان و بە ناچاری کەرەنای جەنگی بازرگانانی دەنا بەنووکی قەڵەمەکەیەوە، لەو سیاسالانەدا پیشەی مامۆستایی بێ حورمەت کرا بوو، مووچەی مانگێکی مامۆستا تەنها (٣٠) کیلۆ ئاردی دەکرد، هەندێکیان لە قوتابخانەکانیان و لەکاتی پشوودا پاقلە و گوڵەبەڕۆژەیان بە خوێندکارەکانی خۆیان دەفرۆشت، من بە چاوانی خۆم بینیم مامۆستایەك لە یەکێك لە قوتابییەکانی کە موختەبەری وێنەگرتنی هەبوو سوالّی دەکرد... ئافرەتێکی بێ داشدیار تۆوی گزکی بۆ منداڵەکانی هاڕی بوو، ئەو خێزانانەی جۆی ڕەش یاخود سپیان دەهاڕی خێزانێکی ژیان مامناوەند بوون، کەمبوون ئەوانەی بەردەوام نانی گەنمیان لەبەردەستدا بێت، مەگەر کەسێك بازرگانی جەنگ بوایە یاخود پاسەوانیی دەرگای بازرگانەکانی قبوولّ بکردبایە...

لەو ساڵە ڕەشانەدا سەر و خواری وڵات بەچەندین ڕێکخراوی بیانی تەنرا بوو کە لەپشتی هەریەکەیانەوە مەرامێکی ڕەش خۆی حەشار دابوو، بەشێك لەوانە برسێتی مەردومان و قاتوقڕی وڵاتیان بۆ مەرامە تایبەتیەکانیان بە کاردەهێنا...

سیاسالّ وقات و قڕی چاوی خەڵکی ترساند بوو، نەیاندەتوانی وەك جاران دەستی میوان و ڕێبواران بۆماڵەوە بگرن، میوان پەزێری ڕەوشتێکی بەرزی مرۆڤی ئەم وڵاتە بوو، کەچی لەو ڕۆژگارەدا مەردوومان خۆیان لە ڕێبوار و میوان و هەژاران دوور دەخستەوە..

هاتنی (ئەو) لە کۆتاییەکانی سەردەمی سیاسالّیدا بوو، هەموو ئەوانەی وەك من سەوداسەر بوو بوون پێناسەی سەیرو سەمەرەیان بۆ ئەو مرۆڤە لەلا بوو، یەکێك دەیوت"شێتە"و یەکێکی تر"عەبقەری"و کەسانێکی مەزهەبیش بە"گومڕا و سەرلێشێواو"تەماشایان دەکرد، من هیچ یەکێك لەوپێناسانەم قبوولّ نەبوو، خۆشم پێناسەیەکم شك نەدەبرد، بۆیە بێشوناسی ئەو مرۆڤە منی بەرەو جیهانی نهێنییەکان پەلکێش کرد، من هەر ئەوەندەم دەربارەی (ئەو) دەزانی لە سوچێکی ئەم شارەدا دوکانی گڕۆگیای کوردەواری داناوە وخەڵکێکی زۆر لە دەرمانەکانی سوودمەند بوون...

ئەو هاتنە چاخانە و بەشداری کۆڕ وکۆبوونەوەی نەدەکرد و بە دەگمەن لە بازاڕ دەبینرا، برادەر و هاوڕێی یان نەبوو یان زۆر دەگمەن بوو، بەم دواییانە زانیم، تەنها یەك کەس–کە ئەویش فەخری شێخ مونیر بوو–تێکەڵ بە دونیای نهێنیەکانی ئەو بوو بوو، ئێستا ئەویش ون و بێ سەروشوێنە...

ئێوارەیەك لەچاخانەکەی مام سمایل چاوم بە (فەخری) کەوت... مالّی فەخری نزیك بە دوکانەکەی ئەو بوو، هەندێك هەوالّ و قسە و باسی لەمەڕ ئەو مرۆڤە بە من گەیاند...

فەخری دەیوت: تا درەنگانێکی شەو دەرگای دوکانەکەی دەکردەوە و نیوەڕوان چەند کاتژمێرێك دەڕابەی دوکانەکەی لە سەر خۆی دادەخست و بەیانیانیش زوو بەڕێ دەکەوت و دەهاتە سەر ئیش و کاری...

پرسیارم لە فەخری کرد: تۆ سەردانت بۆ لای ئەو کەسە هەبوو، ناوەوەی دوکانەکەت بینی بوو؟ هیچ قسەو گفتوگۆیەك بە نێوانی تۆ و ئەودا گوزەری کرد بوو؟

لە وەلأمدا وتی: دایکم لە مێژبوو بە دەست تەنگە نەفەسییەوە دەی نالأند، بە ناشوکری نەبێ نیوەی ئەم شارە گیرۆدەی هەناسە تووندی بووە، ڕۆژێك داوای لێکردم سەردانێکی دەوێ ی پێ بکەم، منیش بەڵێنم پێدا و ئێوارەیەك سەردانی دوکانەکەمان کرد... تەمەنی شەست سالێك دەبوو، قیافەیەکی ڕێکی پێوە بوو، پیاوێکی بالأ بەرز بوو... چاوەکانی ئارامییەکی سەیری لێ هەڵدەقولأ...

ناو دوکانەکە بۆنێکی ئێجگارخۆشی تیا بلأو بوو بوویەوە... ئەو دوکانە زۆر سەیر بوو، بە قەدەر کەشتیەك لە ناو دەریادا مرۆڤ پەلی بۆ دەکوتا و هۆگری دەبوو... وات هەست دەکرد کانزایەکی و لە کایەیەکی موگناتیسی دا تەپاوتل دەکەی... شتەکانی ناو دوکانەکە زۆر بە جوانی ڕێك خرابوون، ڕەنگی پاکەتە گیاییەکان بە سەلیقەیەکی وردەوە لەپالێ یەکتر ڕیز کرابوون... مێزێکی بچووك و کورسیەك لە پشتی یەوە... دووسێ کورسیش لە بەردەمی مێزەکەدا و لە بەرێکی دوکانەکەوە بەڕیز دانرابوون... وێنەی ئەو پیاوە ڕیش سپییەی لە قەراغ دەریایەکدایە و لە زەردەی خۆرئاوادا ئاگری کردووەتەوە بە دیواری پشتی مێزەکەدا داکوترا بوو، لە جامخانەی پێشەوەی دوکانەکەدا بۆنی جۆراو جۆر بۆ فرۆشتن خرابوویە ڕوو... لە سوچی لای ڕاستیەوە دەرگایەکی بچووك هەبوو دوکانەکەی بە مەخزەنێکی پشتەوە دەبەستەوە، هەرچەند وەسفی جوانی و بۆنخۆشی و سەرنج ڕاکێشی ئەودوکانە بکەیت هێشتا هەرنهێنیەکانیت پەی پێ

نەبردووە...دوکانەکە ڕواڵەتی سادە بوو بەڵام سیحرێکی دڵڕفێن ناوەوەی پڕ کرد بوو... ئەو دوای عەسرەی ئێمە تیایدا سەردانی دوکانەکەی ئەومان کرد، ئێوارەیەکی ئەفسوناوی بوو، بە بەرینی میهری دایکم پڕ بوو لە میهرەبانی...

سەرنجی چاوەکانی فەخریم دا چەند دڵۆپە فرمێسکێکی تیادا قەتیس مابوو... بێئاگا لە نهێنییەکان، وام لێکدایەوە بۆ نەخۆشیەکەی دایکی چاوی لە فرمێسک پڕ بووە و پرسیم: کاتێ چوونە ژوورەوە ئەو خەریکی چی بوو؟

وتی: بەپێوە وەستا بوو، لە ڕەفەکاندا خەریکی ڕێکخستنی هەندێك لە پاکەت و کیسەی گژوگیا بوو... ئێمە چووینە ژوورەوە و سڵاوێکمان لێکرد، ئەو پشتی لە ئێمە بوو... بە ئەسپایی ئاوڕێکی دایەوە و وەڵامی سەلامەکەی سەندەوە... پاشان فەرموووی لێکردین و لەسەر کورسیەکانی بەردەم مێزە بچووکەکە سرەوتین... ئەو پاش کەمێك هات و لەسەر کورسییەکەی پشتی مێزەکە دانیشت و وتی: فەرموون...

دایکم بە دوور و درێژی باسی تەنگەنەفەسی و چەند نەخۆشییەکی تری خۆی بۆ کرد...(ئەو) زۆر بە وردی گوێی لێ گرت بوو... جار بە جارێ لەسەر دەفتەرەکەی بەردەمی چەند شتێکی دەنووسی....(ئەو) دەیویست دایکم زۆرترین قسە بکات... دەتوت سیحری چارەسەرەکانی (ئەو) لە گوێ گرتندایە بۆ نەخۆش... یاخود دەیویست لە ڕێگەی قسەکانی نەخۆشەوە و بەهۆی شەپۆلی دەنگیەوە چارەسەری خۆی بە نەخۆش بگەیەنێ.... پرسیاری حەزی خواردن و ڕادەی خەوی لە دایکم کرد... بە درێژایی ئەو ماوەیە سەری بەسەر دەفتەرەکەی بەردەمیدا داخستبوو، تەنها یەك جار چاوێکی بەرزکردەوە و بە قوولّی سەرنجی منی دا... سەرنجەکەی ئەو بۆ من هەرچی تامی خۆش و بۆنی فێنك و ڕەنگی جوانە هێنایەوە بەر هەستم...پاشان هەستایە سەرپێ و پاکەتێکی داگرت و دوو کیسی گیایی تێدا بوو، وتی ئەم کیسەیان دووکەوچکی لەپەردا‌خێ ئاودا دەکوڵێنێ و پاشان ئاوەکە دەپاڵێوی و بەیانیان دەیخۆیەوە،

ئەم دووهەمەیان کە کیسە بچووکەکەیە دەیکولێنی و تەنها بۆنەکەی بە لووت هەڵدەمژی.. ئەوجا داوای لە دایکم کرد شەوان و بەرەبەیان کە هەوا خاوێن دەبێتەوە هەولێبدات هەناسەی قوول پڕ بە سیەکانی هەڵبمژێ...پاش کەمێك پیرەمێردێك هاتە ژوورەوە و ئێمە خواحافیزیمان لێکرد و هاتینە دەرەوە....

لە فەخریم پرسی: دایکت کەڵکی لەو گژوگیایە بینی؟

وتی: بۆ سێ سالێ دەچوو من هات و چۆی پزیشکەکانم بە دایکم دەکرد و هیچ سوودێکیان بەو ئافرەتە هەژارە نەگەیاند... دەچوویە لای هەریەکەیان عەلاگەیەك موادی کیمیایی بۆ دەنووسی و ڕەوانەی دەرمانخانەیەکی دەکردی... ئەو دەرمانانە نەك هەر سوودیان نەبوو، بەڵکو چەندین دەردی تریان تووشی دایکم کرد)

منیش هەندێك بە ڕەخنەوە وتم: ئەدی گژوگیای ئەو دەشت و شاخانە لە دەرمانی پزیشکی باشتر بوو؟

وتی: بۆچی مامۆستا ئەو دەرمانانەی کارگەکان دروستی دەکەن لە ئەستێرەیەکی ترەوە بۆمان هاتوون؟ ئەوانیش گژوگیای ئەم سەر زەویەن، من نالێم ئەو دەرمانانە دەبێ وەلا بنرێن، بەڵکو ئەم ڕێگایەی پزیشکەکانمان لە گرتنەبەری چارەسەری نەخۆش پیادەی دەکەن هەڵەیە یاخود دەرمانەکان بێ کەڵك و بەسەرچوون... بە عەلاگە موادی کیمیایی بۆ تەنها نەخۆشێك مانایەکی نی یە... من دڵنیام ئەو شێوازە لە چارەسەر هەڵەیەو بە ڕێگایەکی زانستی نازانم...

وتم: گرنگ ئەوەیە دایکت لەو گژوگیایە کەڵکی بینیبێت؟

وتی: بەڵێ، زۆریش، دایکم هەناسەتوندی نەما...شەوان زۆر بە ئارامی دەخەوێ و هەر زووش بەئاگادێت... جاران دایکم نەیدەتوانی دوو هەنگاو بجوڵێ چونکە هەناسەی توندەبوو، ئێستا بەپێیان هەموو بازاڕ دەگەڕێ و زۆریش باری تەندروستی ئاساییە.

پرسیم: ئەو سەرنجە سیحرئامێزەی ئەو چی بوو دونیایەك تام و چێژی بە تۆ بەخشی؟

فەخری وەلآمی ئەم پرسیارەی منی نەدایەوە و دوای ئەو قسانە زۆر بەپەلە هەستا و داوای یارمەتی لە من کرد و ڕۆیشت... من چەندین پرسیارم لە سەر قسەکانی فەخری دەربارەی (ئەو) لەلا دروست بوو، بەلآم ماوەیەك بوو فەخری زۆر بە دەگمەن لەچاخانە و بازاڕ دەردەکەوت و لەمێژبوو لە گەڕەکە کۆنەکەیان بۆ خانوویەکی نوێ گواستبوویانەوە، هەروەك من مامۆستایی و قوتابخانەشی لە سالآ ڕەشەکاندا واز لێ هێنا بوو...

نازانم بۆ بینینی ئەو کەسە بوو بە ماخۆلانم؟ خۆ فەخری هەندێ بە بالآی گژوگیا و ناوەوەی دوکانەکەیدا خوێندی و باس و خواسی کرد، کەچی ئەو پیاوە لام بوو بە ئەفسانەیەکی گەورە و هەموو هەست و نەستمی پڕ لە خۆی کرد بوو...

ئەم حالآتەی من جێگەی سەرسوڕمان نییە، چونکە هەموو شتێك لەم شارەی ئێمەدا دەبێت بە ئەفسانە... بۆخۆی ئەم شارە شاری ئەفسانەیە، بابایەکی گیافرۆشم لا بوو بە نهێنیەکی گەورە و بە یەکجاری سەوداسەری کردم... ئەوەی منی زیاتر عەودالّ کرد بوو فەخری و بزربوونی فەخری بوو... بەتەنها من فەخریم دەناسی و منیش لە هەموو کەسانی تر زیاتر وێلّ و نەناس بووم... من دەمزانی فەخری دەربارەی ئەو پیاوە هیچی لای من نەدرکاند... دەشمزانی باسکردنەکەی هەروا لەخۆسەریەوە نەبوو، بەلّکو مەبەستی بوو ئەو چەند قسەیە بە گوێ ی مندا بدات و ئەوەندەی تر عەودالّ و سەوداسەرم بکات...

شەوان تا درەنگانێ بیرم لەو پیاوە دەکردەوە، لە دلّی خۆمدا دەموت "لەوانەیە فەیلەسوف بێت"پاشان خۆم وەلآمی خۆمم دەدایەوە: بۆ فەلسەفەی ئەم سەردەمە چیترە جگە لە جوینەوە و کاوێژکردنەوەی بیری فەیلەسوفە

پێشینەکان؟!... لە ئەمڕۆدا بیری نوێ زۆر بە گران بەردەست دەکەوێت... هەموو ئەوەی هەیە چەند بیرێکی کۆنە دەدرێتە دەم یەکتر و مۆری نوێی پیادەنرێت... بۆیە گەر ئەو فەیلەسوف بێت ناماقوولییەکی گەورەم کردووە کە ئەم هەموو ماوەیە لە بیری ئەو دا بووم....

سەرێکیش دەموت: لەوانەیە حەکیمێ بێ لە حەکیمەکانی سەردەمی ڕازی و ئیبن سینا و فارابی و ڕێی لەم چاخ و سەردەمە کەوتبێت...لە وەلامی ئەم بۆچوونەشدا دەموت: گەر ئاوا بێ چ هونەر و نهێنییەك لە کەسایەتی ئەو مرۆڤەدایە؟ چی کردووە؟ کتێبی حەکیمە کۆنەکانی هێناوە و مەتالای کردوون و بۆ کاری پزیشکی و بازرگانی سوودیان لێ دەبینێ...

بەڵێ بەو جۆرە هەر شەوێك پەیکەرێکم بۆ دروست دەکرد... فەیلەسوف.. حەکیم... زانا... فەقیە... سۆفی... بیرمەند... هەندێ جاریش پەیکەری ناشیرینم بۆ دادەتاشی(ساحیر، فاڵچی، دەستبڕ) بەڵام هەر زووبەزوو تێك وپێکم دەشکاند...

ڕۆژێك سەردانی چاخانەکەی مام سمایلم کرد و لەگەڵ بینینی مام سمایل بانگی لێکردم و وتی: مامۆستا نامەیەکیان لە لای من بۆ داناوی...منیش نامەکەم لێ وەرگرت و لە سوچێکی چاخانەکە لێی دانیشتم و نامەکەم کردەوە و تیایدا چەند وشەیەك نوسرا بوو: بابای گیافرۆش ئەو کەسەیە تۆ بە دوایدا عەودالّی... نامەکە جگە لەو چەند وشەیە شتێکی تری تیا نەنوسرا بوو، نە بەروار و نە ناوی نێرەری نامەکە، پرسیم لە مام سمایل: کێ ئەم نامەی بە تۆ داوە؟ وتی: گەنجێك هێنای نەمدەناسی، وتم: لێت نەپرسی لە کوێوە هاتووە؟ مام سمایل وتی: مامۆستا لە ڕۆژێکدا سەد کەسی غەریبە ڕوو لەم چاخانە دەکات و ناکرێت من پرسیاریان لێ بکەم... نامەکە ئەوەندەی تر عەودالّ و سەراسیمەی کردم و پرسیم لە خۆم: بڵێی بابای گیافرۆش شەمسی سیراجی بێت؟!

به ڕۆژدا سەرقاڵیم به کارو باری دوکانەوە خەریکی دەکردم، بەڵام شەوانە بیرکردنەوە دەبووە مۆتەکە و دەهاتە گەردنم... نازانم بۆ بیرم دەکردەوە، بۆ وەك خەڵکانی دی ڕۆژانە سەرقاڵی کار وکاسپی نەدەبووم و شەوانەش هەر زوو بخزێمە ناو جێگە و چاوەکانم بکەمە خەو... من نەمدەویست هەموو ژیانم بریتی بێت لە دوکانداری، بەڵام نەشمدەزانی دەبێ چیتر بم... دەمزانی من لە وێڵی و خولیایەکی بێ سەروبندام، بەڵام لە حەقیقەتی ئەو ماخۆلانە حاڵی نەدەبووم...

لەبەر بێ ئامانجی و بێ دەر ئەنجامی شتەکان سەرا سیمە بوو بووم... هیچ شتێك مەبەست و ئامانجی تیا بەدی ناکرێ، بەڵکو "ئامانج" بێ مانایەکی گەورەیە و تەنها وشەیەکی بێ ناوەڕۆکە و مرۆڤە دەجاڵ و فریودەرەکان خوڵقاندویانە...

ئەوەندە بە ناو شتەکاندا شۆڕبوومەوە تا شەوێك ئەو پرسیارەم بە بیردا هات (گەر هەموو شتێك بێ ئامانجە کەوابوو بیرکردنەوە و گەڕانیش بە دوای ئامانجدا دیسان بێ ئامانجە.

من لۆژیکی بیرۆکەکەی دیکارتم هەڵگێڕایەوە (هەموو شتێ لە بیری منـدا بـێ ئامانجە، بۆیە بیرکردنەوە و گەڕانیش لە ئامانج دیسان بێ ئامانجە...

دەستەوسانی لە بیرکردنەوەدا بوو بـە کـاڵای بـاڵم، دوای ماوەیـەکی زۆر لـە گەڕان ڕوو بە دەرگایەکی داخراو هەڵشاخام... بیرم کردەوە (فەخری) ببینمەوە، بەڵکو هیچ نەبێ قسەیەکی لەلابێ و ببێتە هۆی بەگەڕخستنەوەی میلی کاژمێری بیرکردنەوەم، من وام دەزانی لە بیرکردنەوە وەستاوم بەڵام لەڕاستیدا گەڕانم بە دوای فەخری دا جۆرێك بوو لە جوولّە و تەکان بە خۆدان... مرۆڤ لە بیرکردنەوە خاو دەبێتەوە، بەڵام ساتێك نی یە لە بیرکردنەوە بوەستێ...

جاوید گیـان ئـەم حاڵەتـەی تـۆ تێیکـەوتووی سـەرەتاکانی خـۆمم دێنێتـەوە یاد....)

لێرەدا جاوید قسەکانی پێ بڕی و وتی (هەرچەند تامەزرۆم بۆ گوێگرتن بەلآم دەمەوێ بتگێڕمەوە سەر ئەو باسەی من بەدوایدا عەودالّم، ئایا فەخریت بینییەوە؟)

خەڵوەتی (فەخری بوو بە موووری دانسقە لە من، چەند جارێ لە (مام سمایل)ی چایچی پرسیارم بۆ کرد، لە وەلآمدا دەیوت: ئەو کەسە لەمێژە هات و چۆی ئێرە ناکات... لە چەند برادەرێك هەوالّم پرسی، وتیان: زۆر لەگەڵی تێکەڵ نین و مالّ و جێگەی پێ نازانین... هەندێکیشیان دەیانوت: بێ قەزابی تۆش هەمیشە عەودالّی مرۆڤی نامۆ و بێ ڕەگ و ڕیشەیت...

نازانم بۆ لە فەخریم نەپرسی ئەو مرۆڤەی من عەودالّی بووم چی لێهات و ئێستا شوێن و جێگەی لە کوێ یە؟

شتی سەیر و سەمەرەیان لەو کابرایە دەگێڕایەوە، یەکێك دەیوت: نەخۆش بە بینینی ئازاری لە سەر هەڵدەگیرێ... یەکێکی تر دەیوت: منداڵی ساوا کە دەیبینێ بەجۆرێك گەشکە دەیگرێ وەختە بێتە زمان... عەرەبانەچییەك وتبووی: جارێك عەرەبانە و ئەسپەکەی لەنزیك دوکانەکەی (ئەو) ئۆتۆمبیلێك لێیدەدا، هەر چەند دوکانداڕەکان هەوڵ دەدەن ئەسپەکە بخەنەوە سەرپێی خۆی ناتوانن، ئەو پیاوە دێت و دەنگێ دەداتە ئەسپەکە و ڕاست لە جێگەی خۆی بەرز دەبێتەوە...

من پێم وابوو هەموو ئەو قسانە لە دوای بزر بوونی (ئەو) هەڵیان بەستووە و فڕیان بە ڕاستییەوە نی یە... هەمیشە لە دوای مردن و بزر بوون بۆ پیرۆز کردنی مەردومان ئەم باس و خواسانە دادەتاشرێن و بە خەڵکی سادە و نەزانی دەفرۆشن... من ئەم قسانەم دەکرد لەگەڵ ئەوەش دەمزانی نهێنیەکانی ژیان و گەردوون زۆر بەرینترە لەوەی مرۆڤ چمك و گۆشەکانی کۆبکاتەوە وبیانخاتە ناو لەپی دەستی یەوە... ئەم قسانەم دەکرد و لە ناوەوە بە قەدەر پیرەژنێك ملکەچی دەنگ و باسەکان دەبووم، چونکە لە ژیانم دا شتی سەیر تر و نامۆترم

لەوەی باس دەکرا بینی بوو، ژیان لەگەڵ ئەشرەفی سوڵتانی شتی سەیر و سەمەری زیاتری تێدا بوو لەوەی لەمەڕ ئەو پیاوە دەوترا...

بەڵام بۆ ئەو پیاوە بوو بووە ماخۆلانم؟! نازانم...

بۆ بینینەوەی فەخری سەردانی گەڕەکە کۆنەکەیانم کرد و دەربارەی شوێنی نوێیان پرسیارم لە جیرانەکانیان کرد، بەڵام بە داخەوە کەسێك نەبوو جێگەی تازەی ئەو پێ بزانێت، ماخۆلان و گەڕان بوو بوو بە کاڵای بالای من، دەتوت ئەرك و کارم لە سەر ئەم زەویە تەنها گەڕان و وردبوونەوە و تێڕامانە لە خۆم و دەوروبەر، مامۆستا ئەشرەف دەستی لە بەرۆکی من نەدەبوویەوە، بەر لە گرتنی شەو وڕۆژ لە یەکتری جیا نەدەبووینەوە، پازدە ساڵی زیندانی هەموو شەوێك لە خەوندا پێکەوە بووین، سێ مانگی دوای بەربوونەکەی حەزم نەدەکرد بۆ تەنها ساتێکیش لێی دوور بکەومەوە، لە دوای کۆچی یەکجاریش منی بە گەڕان و ماخۆلان سپارد و ناوێکی لا هێنام نەك خەڵکی ناینناسن بەڵکو ناوەکەش بە ناوی مرۆڤی ئەم وڵاتە ناچێت...

ئەشرەفی سوڵتانی بریتی بوو لە ڕابردوو بە هەموو خۆشی و ناخۆشیەکانییەوە، شەمسی سیراجی داهاتوویەکی نادیار بوو، منیش چرکەساتەکانی ئێستا بووم...ڕابردوو گوزەری کرد بوو تەنها خەم و ئازارەکانی مابوونەوە، داهاتووی نادیاریش دونیایەك خولیا و ماخۆلانی بۆ دروست کرد بووم، خەم و ئازاری ئەم دوو زەمەنەش لە چرکەساتێکی ئێستادا کۆ بوویەوە و بە سەر تەنها مرۆڤێکدا دابارى بوو...

بیرکردنەوەی زۆر و ماخۆلانی شەو و ڕۆژ تووشی بێ هێزی و داهێزرانی کردم و ڕۆژ بە ڕۆژ لەڕ و لاواز و بێ توانا دەبووم، تا سەرئەنجام لە جێگەدا خستمی... هەفتەیە جارێ حەمامیان گەرم دەکرد و خێزانەکەم دەستی دەدایە ژێر باڵەکانم و زۆر میهرەبانانە دەیشۆریم و خاوێنی دەکردمەوە...

ڕۆژێك بینیم خێزانم فرمێسك له چاوەكانی دێته خوارەوە، وتم: بۆ دەگریت؟ وتی (لاشەت زۆر لەڕ و لاواز بووە...)

سەرنجێكی جەستەی خۆممدا – كە تا ئەو كاتە سەرنجم له خۆم نەدا بوو– دەتوت مردوویەكە و له گۆڕستان دەریان هێناوە، بینینی جەستەی خۆم لاشە لەڕ و لاوازەكەی ئەشرەف سولّتانی بەبیر هێنامەوە، یەكەم ڕۆژی بەربوونی من و باقر ویستمان خاوێنی بكەینەوە، بەلاّم من نەمتوانی سەرنجی جەستە ڕەق و بێ تینەكەی ماْمۆستا بدەم و دامە كورپەی گریان... ئەو ڕۆژەش زۆر بەزەییم بە خۆم دا هاتەوە و لەگەلّ خێزانم منیش گریام و هەردوو لە فرمێسك هەلّژەنراین...

پزیشكەكان له نەخۆشییەكەی من نەدەگەیشتن، هەریەكەیان چارەسەرێكی بۆ دادەنام... بەلاّم بەگشتی دەیانوت تۆ پێویستە پشووبدەی، پێویستە خەم و پەژارە لە خۆت بە دوور بگری... نەخۆشیەكەی من لە بێئەنجامی بیر و بیركردنەوەوە هاتبووە گیانم... تاكو پزیشكێ نەیە و مانا نەداتەوە بە (ژیان و بوون و بیر) من له باری دەروونی و جەستەیی خۆمدا تەپاو تل دەكەم،...

نەخۆشییەكەی من، نەخۆشیەكی جەستەیی نەبوو، نەخۆشییەك بوو له شێوانی بیرو دەروونەوە سەری هەلّدا بوو... من كەوتبوومە قەیرانێكی ڕۆحی قوولّ و بێ سەروبن، هێزێكی گەورەی دەویست تاكو مرۆڤ بتوانێ لە مەودا و شەپۆلەكانی ڕزگاری ببێت...

له جێگەدا كەوتم و دەوروبەر و خۆشم له خۆم بێ هیوا بووم... ڕۆژ له دوای ڕۆژ حەزی خواردنم كەمتر دەبوویەوە... به دوو ڕۆژ و سێ ڕۆژ جارێك جگە له چەند قومێك ئاوی كالّ هیچی ترم به گەرودا نەدەچووە خوارەوە...

خزمان و كەسوكار هەریەك بە جۆرێ خەمی خۆی بۆ دەردەبڕیم: یەكێكیان دەیوت ببیبەینە تاران، یەكێكی تر گژوگیای كوردەواری لا پەسەند بوو...

کەسانێکی تر بردنە سەر گۆڕی مەردانیان بە باش دەبینی... هەشبوو دەستی لێشۆری بووم و بێ هیوا بوو، بۆیە دەیوت: مەگەر خودا بۆ خۆی چارەسەری بکات، ئێمە هیچ شتێکمان لەدەستدا نییە...

من بۆ خۆم هەموو ئەم تەگبیرو قسە و باسانەم دەبیست و توانای قسەکردن و وەلأم دانەوەیانم نەبوو.... حەزم دەکرد بەتەنها خۆم بم و کەس لە ژوورەکەمدا دانەنیشێ...

شەوان لاشەم سووک دەبوو، هەستم بە ئارامییەک دەکرد، تین و توانایەک دەهاتەوە بە بەرمدا، بەلأم وردە وردە ئەو بڕە لە تین و تواناش بەرەو دامرکانەوە ملی دەنا، تا سەرئەنجام بە تەواوی لە دەوروبەر دابڕام... هەستەکانم لە چاو و گوێ و تام و بۆن لە کارکەوتن و گەڕامەوە ناو خۆم و من و خۆم دوو بە دوو ماینەوە... تەنها شتێك لەو ماوەیەدا بیرم لێ دەکردەوە، ئەو وێنانەی مەرگ بوو کە لە چەندین رێگاوە بۆ ناوەوەی من دزەیان کرد بوو... من چاوەڕوانی دواین نەفەس بووم... چاوەڕانی ئەو ڕوودانوانە بووم بەر لە دەرچوونی گیان بەرۆکی هەر مرۆڤێك دەگرێت...

بەلێ، لە دونیای بێهۆشی و دابڕان لە دەوروبەر بە تەواوی نوقم بووم، بە لۆکە-وەك دواتر بۆیان گێڕامەوە-لێوەکانیان تەڕ دەکردم و ئاویان دەتکانە ناو دەمم... مرۆڤ کە دونیای دەرەوە لای سفر دەبێت، ژمارەی ڕاستەقینەی خۆی بۆ دەردەکەوێ، هەمیشە دەرەوە بەرانبەر بە بڕ و بەهای ئێمە ژمارەیەکی نێگەتیڤە و لە بوون و ڕاستێتی ئێمە کەم دەکاتەوە، من کە هەستەکانم لە دونیای دەرەوە دابڕان، هەمان ئەو هەستانە بە ڕووی ناوەوەدا کرانەوە... چاوەکانم جیهانی ڕەنگە جۆراوجۆرەکانی ناو خۆمی دەبینی، ئەو ڕەنگانەی مرۆڤ پێشتر چاوی پێیان نەکەوتووە و بە خەیاڵیشیدا نەهاتوون... گوێیەکانم کەوتنە بیستنی ئاوازی هەمە ڕەنگ.... سەرجەم بۆنە فێنك و دڵ ڕفێنەکان بە دەوروبەرمدا پەرش بوو بوونەوە... خۆشترین و بەتامترین چێژم دەهاتە بەر

هەست، ئەو چێژانەی خواردن و خواردنەوەی ئەم جیهانەت لا تاڵ و بێ تام دەکەن...

وام هەست دەکرد، ئەو چێژانە وزە و تین و توانا دەکەنەوە بەبەرمدا... وردە وردە دەمارەکانی جەستەم تەڕ دەکەنەوە... جۆگەلەی خوێنی هەناوم پاراو دەکەن... جیهانێکی ئەفسوناوی بوو، وا دەزانم تەواوی ڕەنگ و دەنگ و بۆن و تامەکان لە ناخی مرۆڤدا حەشار دراون، مرۆڤ خۆی تامێکی گەورەیە، شوشە گوڵاوێکی بێ وێنەیە، ئەستێرە زێڕینەیەکی هەزار ڕەنگە... پارچە سامفۆنیایەکە فریشتەکان دەیژەنن...

مرۆڤ بە هۆی ئەو تام و بۆن و دەنگ و ڕەنگانەی ناو خۆیەوە هەستەکانی دەکەونە گەڕ و پەی بە دەنگ و ڕەنگەکانی دەرەوەی خۆی دەبات.... من کە لە دونیای دەرەوە دابڕام لە جوانی و شکۆمەندی خۆمدا توامەوە... خۆم لەزەتم لە جوانی خۆم دەبرد، خۆم عاشق و خۆم مەعشوق... دیوێکم خۆم بوو، دیوەکەی ترم ئاوێنە، دیوی خۆم بوو بوو بە ئاوێنە بۆ دیوی ئاوێنەکەی خۆم، بۆیە بێشومار خۆم لە ناو خۆمدا دەبینرا... دەتوت من سەرچاوەی بوونی سەرجەم مرۆڤەکانم یان ئادەمم و تازە هاتوومەتە سەر زەوی و دەمەوێ لە منەوە ملیۆنەها مرۆڤ بێنە دونیای بوونەوە...

جاوید (دیارە مرۆڤ تاخۆی هەڵنەکۆڵێ ناگاتە حەقیقەتی خۆی، خۆهەڵکۆڵین مرادنی جەستە و داخوازیەکانیەتی... حەزەکان مرۆڤ بە ڕوی دەرەوەدا دەکەنەوە، ئارەزووەکان ڕامان دەکێشن و بێ ئاگامان دەکەن لە ناوەوەی خۆمان... بە ئەندازەی درێژبوونەوەی پەتی پەیوەندییەکان لە دونیای دەرەوە مرۆڤ پەیوەندی لەگەڵ خۆی لاواز دەبێت... مرۆڤ کە تۆڕی پەیوەندییەکانی وردە وردە دەپێچێتەوە و دەگەڕێتەوە بۆ ناو خۆی، گەوهەری شاراوەی ئەو دەردەکەوێ و پشکۆی ژێر ژیلەمۆی پەیوەندییە چڕ و ئاڵۆزەکان دەگەشێتەوە...)

خـەڵوەتی: (لەڕاسـتیدا بـە بەرنامـە و ویسـتی خـۆم نـەبوو مـن گەیشـتمە ئـەو حاڵەتە... واتە ڕێگەی فیکری و فەلسەفی و عیرفانیم نـەگرتبووە بـەر تـاکو بـە هۆیەوە حەزەکانی جەستە بمرێنم و خۆم لە کـەنارەکانی دونیـای پـەنهان نزیـك بکەمـەوە، مـن گێـژاوێکی فیکـری و قـەیرانێکی ڕۆحـی قـوولّ ئارەزووەکـانی جەستەی وردە وردە کەم کردمەوە، تا دەردەنجام لە دەرەوەی خۆم دابـڕام... لای من پرۆسەیەك نەبوو ناوی کوشتنی حەزەکان و ئارەزووەکـان بێـت، بـەڵکو حەزو ئارەزووەکان خۆیان لە هەڵپە و بڵێسە کەوتن و دامرکانەوە...)

کەنارەکانی عیرفان

جاوید: (با بگەڕێینەوە سەر کرۆکی باسەکەمان، پاشان چۆن لە نوقم بوونی دەریای دەروونت قوتارت بوو؟)

خەڵوەتی: (دواین نەفەسی ژیانم لە شەوێکی پایزدا بوو، ئەو شەوە هەستم بە داغان داغانی هەموو جەستەم دەکرد وام دەزانی وەک بێژنگێکی زەبەلاح هەزاران کونێک، دووان، سیان، هەزار، بەکێ دەگیرێن و پڕدەکرێنەوە؟!

ئەو شەوە زۆر بە ڕوونی گیانەڵا و سەرکەوتنی ڕۆح لە دامێنەوە بۆ سەرەوە دەستی پێ کرد، سەرەتا نووکی پەنجەی پێیەکانم تایەکی لە سنوور بەدەر داگیری کردن، دەتوت لە ڕۆنی قرچاویان هەڵ دەکێشن، گیانم وردە وردە دەبینی لەپێیەکانمەوە بەرە و لاقەکانم بەرز دەبێتەوە، لەگەڵ هەموو سەرکەوتنێکی گیاندا، ئەو بەشەی ڕۆحی تیدا نەدەما دەمبینی، بەڵام هەستم نەدەکرد پارچەیەکن لە من، بەڵکو پێی مرۆڤێکی مردووم دەبینی، ویستم لاقەکانم ببزوێنم بەڵام هەرچی زۆرم لە خۆم کرد نەمتوانی، ئەوجا تێگەیشتم لاقەکانم مردوون و بەشێك نین لە من، گیان گەیشتە سەر سنگم و ئەو سەنگ و قورساییەی لەگەڵ سەرکەوتنی گیاندا دەکەوتە سەرم گەیشتە ئەوپەڕی، وام دەزانی هەموو چیاکان کراون بە یەك سەنگ و لە سەر سنگم دانراون...گەڕمایی لاشەم لە ڕادە بەدەر بوو، چین چین جواناوم دەڕێژا، چاکەت و بیجامەکەم، پۆشاکەکانی تر لە بەرمدا لە ئاو هەڵژەنرا بوون، تەکانم دا بەرخۆم و هەندێك لە سەر جێگەکەم سەرم ڕاست کردەوە، سەیرێکی هاوسەرەکەم و منداڵەکانم کرد،

هەموو لە خەوێکی قوواڵدا بوون، وێنەی چەند ساتێکی ترم هاتە پێش چاو بە ئاگا دێن و دەبینن باوکیان مردووە، ساتی گریان و شڵەژانی ئەوانم دەبینی، لەگەڵ ئەوەی سەراپای هەناوم بۆ ئەو منداڵانە گڕی گرت بوو کەچی تەنها فرمێسکێك لە چاوانم نەدەهاتە خوارەوە... گیان گەیشتە مل و گەردن و هەستم بە بار سووکی خۆم دەکرد، وام هەست دەکرد ئەو سەنگە قورسەی لە سەر سنگم دانرا بوو وردە وردە بەرز دەبێتەوە، هەستم بە تێکەڵ کردنی وێنەکان دەکرد، دووری نێوان جێگەی نوستنی منداڵەکان فراوان دەبوو، پرچی هاوسەرەکەم لە ڕەشەوە بۆ زەرد دەگۆڕا، دیوارەکانی چوار دەورم تەنك دەبوون، وێنەکەی خۆم کە لە سەفەرێك بۆ دەرەوە گرتبووم لە سەر دیوارەکە بەرە بەرە ڕەنگی لێبڕا و وەك تەرزەی شاشەی تەلەفزیۆن گەردەکانی چوون بە ناو یەکدا و لە بەر چاوم ون بوو...

لەگەڵ ونبوونی وێنەی سەر دیوارەکە هەموو شتەکان سپی بوون، خۆم و ژوور و دیوار و دەوروبەرم، سەراپا بوون بە ڕەنگی سپی، قەبارە و شتە بەرجەستەکان بوونیان نەما، هەموو بوونمان بوو بە بوونی ڕەنگی سپی... ئەو فەزایەی تیایدا مەلەم دەکرد ڕەنگی سپی بوو، منیش وەك ڕەنگی سپی نوقمی ئەو فەزایە بوو بووم، هەرچی حەزو تامەزرۆیی و خۆزگەی چەندین ساڵەمە بوون بە ڕەنگی سپی، من کە ڕەنگی سپی بووم ئەو جا زانیم بۆچی مردوو کفنی سپی بەبەردا دەکرێت، کفنی سپی خۆزگەیەکی مرۆڤە زیندووەکانە بۆ نوقوم بوون لە دەریای ڕەنگی سپیدا، لەو فەزایەدا تەنها کەسانێك هەستیان بە بوونی خۆیان دەکرد کە دەگۆڕان بۆ ڕەنگی سپی، خۆشی و ناخۆشی، بەختەوەری و شەقاوەت، چەمکگەلێکی ئەو ژیان و گەردوونە بوون بە جێم هێڵاڵ بوون... لە ناو ڕەنگی سپیدا تەنها ڕەنگی سپی بوونی هەیە، سپی هەموو ماناکانی تر لە ناو خۆیدا نغرۆ دەکات، تەنها مانایەك دەمێنێتەوە ئەویش ڕەنگی سپییە... ئەم قسانەی

لە سەر ڕەنگی سپی دەیکەم قسەی ئێستامە، ئەگینا لە ناو فەزای سپیدا قسە بوونی نییە، بۆیە دەربڕین و گوزارشتی وشەی (سپی) بوونی نییە...

نازانم ئەو زەمەنەی ڕەنگی سپی بووم ماوەکەی چەند بوو، لەپڕ هەستم کرد تۆخ دەبمەوە، ڕەنگی سپیم دەگۆڕێ بۆ قاوەیی... وردە وردە چڕ دەبمەوە، من هێشتا لە فەزای ڕەنگی سپی دانەبڕا بووم، دەتوت خاڵێکی چڵکنم لە سەر خامێکی سپی بلورین، هێدی هێدی خاڵە ڕەشەکە وەک پەڵەیەکی چڵکن لە سپی جیا بوویەوە و چڕتر و چڕتر دەبوومەوە، هەستم دەکرد کێشم بۆ دروست دەبێتەوە، وام دەزانی لە بەرزایەکی بێ سنوورەوە، بۆ قوڵاییەکی ئێجگار قوول دادەبەزم، لەگەڵ هەموو دابەزینێکدا کێشم زیادی دەکرد، زیاتر تۆخ دەبوومەوە... لە سەفەرێکی گەردوونییەوە گەڕامەوە بۆ ناو گۆی زەوی و هاتمەوە سەر شارەکە و لەوێشەوە بۆ سەر گەڕەکەکەی خۆمان و دواتر هاتمەوە ناو جێگەی نوستنم... سەیر لەوەدا بوو، کاتێ هاتمەوە ناو ژوورەکە خۆمم لە سەر جێگەکە بینی ڕاکشا بوو، نیوەی بەتانییەکە بە سەر لاقەکانیدا درا بوو، گەردنی لە سەر سەرینەکە لار کەوت بوو، چاوەکانی گەلێک سامناک بوون دیاربوو ئەو کەسەی ڕاکشا بوو لە سەر جێگەکە جەستەی من بوو کە بە لاوازی و کەنەفتی لەو جێگەدا بەجێمهێلاً بوو، لەپڕ هەستم کرد سەری ئەو جەستە مردووە سەری منە و وردە وردە لەو جەستەیەی ناو جێگەکە سەرم لاشەی بۆ دروست دەبوویەوە، مل و سنگ و دەست و لاق و پێم کرایەوە بە بەردا، سەیرێکی دەوروبەری خۆمم کرد منداڵەکان هەر لە خەوێکی قوواڵدا بوون، بەڵام لە بیرمە بەر لەوەی ڕۆحم سەفەرە گەردوونییەکەی بکات، دواین دیمەن بینینی منداڵە بچووکەکەمان بوو، ڕوو بەدایکی لە سەرلا نوستبوو، کاتێ من لەو سەفەرە گەڕامەوە، منداڵەکە کەوتبووە سەر پشت و دەستەکانی بۆ سەرەوە بوون، دەتوت لە پاڕانەوەیەکی پڕ لە خوشوعدایە.. من دڵنیام لەوەی ئەو شەوە مردم، گەڕانەوەشم بەشێکە لەو سەفەری مردنە، لەوانەیە هەموو ئەوانەی دەمرن

هەروەك من مۆڵەتیان پێ بدرێ و بیان گێڕنەوە ناو ماڵ و منداڵ و خانەوادەیان، بۆ ئەوەی خەمباری و نیگەرانی ڕوویان لێ نەکات... دڵنیام منداڵەکانم دەزانن من مردووم، بەڵام بە جۆرێ لێیان تێ دەگەم گوایە ژیانێکی ئاسایی لە ناویاندا بە سەر دەبەم، لەگەڵ ئەوەش من هەر لەسەفەری مەرگدام و ئەوەی ئێستا تیایدا دەژیم وێستگەیەکە لە وێستگەکانی مەرگ...

زۆر هەوڵمدا قەناعەت بە خۆم بهێنم کە من زیندووم، یاخود هیچ نەبێ مردوم و زیندوو بوومەتەوە، بەڵام کەڵکێکی نەبوو، خۆم بە خۆمم دەوت گەر زیندووی بۆ ئازار ناچێژی؟ ئەی بۆ تا لەژیاندا بووی بە کەمترین ئێش چەندین شەو و ڕۆژ تەپاوتڵت دەکرد؟ بۆچی ئێستا کەم بایەخ تەماشاکردنی مەردوومان بۆت هیچ نیگەرانیەکت لا دروست ناکات؟! بۆ تا دوێنێ لە ژیاندا بووی لە سەر هەموو شت و لەمەڕ هەموو شت هەڵوێستت وەردەگرت، کەچی ئێستا دەیان و سەدان ڕووداو و بابەت دێنە بەر دەمت نە بە بابەت و نە بە ڕووداویان دەزانی، دوێنێ شەو شاعیرو ڕەخنەگرەکەت لە سەر شاشەی تەلەفزیۆن بینی، کەوتە چەندین هەڵەی مەنهەجیەوە، گەر جاران بوایە هەر ئەو شەوە قەڵەمت دەردەهێنا و دەستت دەکرد بە ڕەشکردنەوەی لاپەڕەکان و ڕەخنە لێ گرتنی، کەچی دوێنێ شەو نەك نەیبزواندی، بەڵکو دەتوت مافی خۆیەتی قسەکانی ئەویش لە ناو ژیاندا دروستە، چی لەدەستدێت، هەر ئەوەندەی لێ دەزانێ؟! جاران زۆر تام و چێژت لە خواردن و خواردنەوە وەردەگرت، بەپەرۆش بووی بۆ سەر سفرە و ڕازاندنەوەی، کەچی ئێستا پاروو جاوین لەلات وەك (پووش) جاوینی لێهاتووە، گەر هەستی تامت نەمردووە—هەروەك هەستەکانی ترت—بۆ تام و چێژ لەو هەموو بەهرە و نیعمەتانە نابینی؟! جاران بێزاربووی لە شوێنی پڕ لە زەڵە و دەنگە دەنگ، کەچی ئێستا دەچیە ناو قەرەباڵغی و گوێت لە دەنگی هیچ کەس نییە، تۆ مردوویت، چاو دەبڕییە شتەکان کەچی نایانبینی، زۆر کەس پێت دەڵێ چەندین جار سڵاوم لێکردووی و وەڵامت نەداوەتەوە...

گەر نەمردووی کوا حەزە هەمە پەنگەکانی جارانت، کوا حەزی گفتوگۆ و کێشمە کێشمی فیکری و مەعریفیت؟ بەزۆر دەتەوێ قەناعەت بە خۆت بکەیت زیندوویت، زیندوو سروشت و تایبەتمەندی خۆی هەیە، هیچ یەکێك لەوانەش لە تۆدا بەدی ناکرێ... تۆ شەوانە زۆرێك لە نهێنیەکانی مەردوومان دەکەوێتە بەر دەستت بەبێ ئەوەی هەوڵی بۆ بدەی یان حەزت بۆ وەرگرتنی ئەو نهێنیانە هەبێت، کەی مرۆڤی زیندوو بە بێ هۆکارەکانی (بیستن، بینین، نووسین) زانیاری دەکەوێتە بەر دەست، تۆ شەوانە ئەوەی لە ڕۆژدا ئەنجامی دەدەی بە چاوەکانی خۆت دەیبینی دەڵێی بەیانی لە سەر کەتەلۆکی بینینەکانی شەو هەنگاوەکان هەڵدەگری... خۆ ئەم شەو بەچاوی خۆت بینیت—بۆت باس بکەم یان بۆ خۆت دەچییەوە بە ڕووداوەکاندا— ئەم شەو گومانی زیندوو بوونت یەکلابوویەوە... هەموو ڕۆحەکانت بە چاوانی خۆت نەبینی؟ کەمالی جوانەمەرگ، کاکت، شێخی مەزن، پیاوە هەژارە بێدەرەتانەکە، هەمووان بە ڕۆحی خۆت تێر لەگەڵیان دانەنیشتی؟ گفتوگۆی شیرینت لەگەڵ ئەنجام نەدان؟ تۆش لەگەڵ ئەوان لە شەقەی باڵت دەدا و پڕ بە سیەکانت هەوات هەڵدەمژی، کام شوێنەی دوور بوو بە چاو تروکانێك خۆتان دەگەیاندێ... بۆخۆت تاقیتکردەوە، تەنها ناوهێنانی شوێنەکان بەس بوو بۆ ئەوەی لە چەقی ئەو شوێنەدا ڕاستەوخۆ ئامادە ببیت، دەتوت تۆ وەستاویت و شوێنەکان دێن بەرەو ڕووت، تۆ لەگەڵ ڕۆحەکان ئاخافتنت دەکرد بە بێ ئەوەی لێوتان بجوڵێ، بە بێ ئەوەی شەپۆلی دەنگ ببیستی، تۆ لەگەڵ ئەواندا لە ڕۆحەوە بۆ ڕۆح لێشاوی مەحەبەتتان بەسەر دڵی یەکتردا قڵپ دەکردەوە...

ئاخر بۆ حاڵی نابیت؟ حاڵی نەبوونیشت نیشانەی مردنی تۆیە، گەر زیندووبای لەم ڕاستییانەی بە زمانی مرۆڤە زیندووەکان دەریدەبڕم تێدەگەیشتی، کاتێك گوێیەکانت قسەی زیندووان ناژنەوێ کەوابوو تۆ مردووی....

پەیوەندی من تەنها بە پەردەیەکی تەنکی ژیانەوە ماوە، هەموو مردووان بە بەندێکی زۆر لاواز بە ژیانەوە گرێدراون ئەو پەردە تەنکە ژیانێکی زۆر شەفافە، ژیانی تەنك واتە ژیانێك چڕی ماددە کاریگەری خۆی لە سەر مرۆڤەکان لەدەست دەدات...

ئێمەی مردوو لە ناو ژیاندا دەژین و کاریگەریەکانی ژیان و کۆمەڵگە لەسەر ئێمە مانای خۆیان لە دەست دەدەن، ململانێ سرووشتی ئەم ژیانەیە، هەر مرۆڤێك حەز دەکات زۆرترین هێز لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە، هێزی مالّ و سامان، هێزی نەوە و دەستوپێ، هێزی سیاسەت و ڕۆشنبیری، هێزی.....

مرۆڤ هێزی بۆ پاراستنی خۆی و دەست بەسەرداگرتن و دەستەمۆکردنی کەسانی تر پێویستە، ئێمەی مردوو ململانێ لەپێناوی چیدا بکەین؟ چەمکی ململانێ تەنها لە فەرهەنگی ژیاندا مانای هەیە، ئێمە خاوەنی فەرهەنگێکی ترین، فەرهەنگێك تیایدا بە سپی دەنووسرێ، فەرهەنگێ تیایدا ڕاڤەی پیتەکان دەکرێت، نەك وشە... هەر یەك لە ئێمەی مردوو پیتێکی ناو ئەو فەرهەنگە شەفافەین، ئێمە نەنوستوین، نووسینین، نووسینێ پیتەکانی زیندوون...

من بە داوێکی باریك بە داری ژیانەوە گرێ دراوم، بە بەردەوامی باڵە تەپێمە و دەمەوێ ئەو داوە باریکە بپسێنم، من ڕای دەکێشم ئەو ئەستور دەبێت و ڕام دەگرێتەوە، کەچی کاتێك خۆمی بۆ شل دەکەم وردە وردە باریك دەبێتەوە، تا گومانی ئەوەم بۆ دروست دەکات جارێکی تر تەکان بە خۆم بدەم، بەڵکو ئەم جارە داوەکە بپسێنم و بۆ دواین جار پڕ بە باڵەکانی ڕۆحی خۆم لە ناو فەزای سپیدا مەلە بکەم و ڕەها ببم... خۆدانە دەمی ژیان–تا سنووڕێك– داوەکە باریك و لاواز دەکات، گەر بتەوێ لە باڵەتەپێ بکەوی و بە سەر درەختی ژیانەوە بنیشیتەوە داوەکە بۆ تەوقێکی ئاسنین دەگۆڕێ و هەموو جەستەت دادەپۆشێ، چارەنوسی من تەنها باڵەتەپێ یە، باڵەتەپێیەك نە ئەوەندە بەرز ببمەوە

داوەکەم لێ ئەستوور ببێت، نە بنیشمەوە بەسەر داری ژیانەوە و تەوقی ئاسنین کۆت و پێوەندم بکات...

ئەو (داو)ەیە ژیانێکی شانۆ ئامێزی بۆ من خولقاندووە، ئەکتەرەکان ڕۆڵی هاوسەر و منداڵ و کەسوکاریان پێدراوە، بەڵام نازانم کەسایەتی یەکەم و ڕاستەقینەی ئەو ئەکتەرانە کێن و لەکوێوە هاتوون، فریشتەن یان پەری؟! دەزانم ڕۆڵێکی جوان دەبینن، من یەکێکم لەو جەماوەرە زەبەلاحەی مردووان لە هۆڵی شانۆدا سەرنجی ئەکتەر و نمایشەکانیان دەدەین.... ئەو منداڵە خوێن شیرینە زۆر بەجوانی نمایشی هەڵسوکەوتی کوڕە بچووکەکەم دەکات، ئەوەندە ورد چۆتە ناخییەوە دەتوانێت تەواوی ڕەفتارەکانی، هەست و نەستەکانی بهێنێتە سەر شانۆی ژیان...

من بۆ تاوێك لە سەیرکردنی ئەو نمایشە ڕاستیم لا تێکەڵ دەبێ بە خەیاڵ، خۆم وادەبینم لە ژیاندام و لەگەڵ دەوروبەرێکی زۆر ئاسایی هەڵسوکەوت دەکەم و ئەو ئەکتەرانەشم بە هاوسەر و منداڵەکانم لێ دەگۆڕێ، بەڵام کە پەردە دادەدرێتەوە و بۆ تاوێك لە هۆڵی شانۆدا بەتەنها دەبم و لە بەر چاوم ون دەبن، ئەوجا تێ دەگەم من مردووم، هەموو ئەوەی پێشتر نمایشێکی شانۆیی بوو، تاوێك منیان ڕاکێشایەوە ناو ژیان، مردنیان لا ئاسایی کردمەوە...

ئەم هۆڵی ژیانە، ببورە ئەم هۆڵی شانۆیە، هەر ئەوەندە ئارامە و مرۆڤ تیایدا بەختەوەرە سەری خۆی قاڵ دەکات و لەگەڵ ڕۆڵی ئەکتەرەکان یەکانگیر دەبێ، واتە خۆی لەبیر دەچێت و دەبێت بە بەشێك لە ڕۆڵە نمایش کراوەکان، هەر کاتێ پەردە دادەدرێتەوە ئیتر مرۆڤ دەگەڕێتەوە ناوخۆی و دەیەوێ پەی بە ڕەهەندە نادیارەکانی شانۆگەرییە ئەفسوون ئامێزەکانی ناوەوەی خۆی ببات، بۆیە کاتێك پەردە لا دەدرێت و ئاکتێکی تری شانۆگەرییەکە دەست پێ دەکات دیسان خۆمان بەجێدەهێڵین و دەکەوینەوە تێڕامان لە دەرەوەی خۆمان...

لێرە (لە دونیای مردوان) بیرکردنەوە لە سبەینێ بوونی نییە، هەرکاتێ مرۆڤ بیری لە سبەینێ نەکردەوە، دەشتوانێ بیر لە دوێنێ نەکاتەوە، کە دوێنێ و سبەینێ فەرامۆش کرا ئیتر وردە وردە هەردوو جەمسەرەکەی زەمەن (ڕابردو و داهاتوو) بۆ تەنها یەک چرکەسات کە (ئێستا)یە کورتدەکەینەوە، دواتر مرۆڤ لەو چرکەدا نغرۆ دەبێ، لەو چرکەدا دەبین بە ژێر شەپۆلەکانی (ئێستا) وە، لیتاوی دوێنێ و لێخی سبەینێ بە شەپۆلەکانی (ئێستا) ڕادەماڵرێن، (ئێستا) واتە ڕەهابوون لە یەک چرکەدا، (ئێستا) واتە پەراوێز خستنی کات (زەمەن)، پەراوێز کردنی (زەمەن) واتە لە بیرکردنی (زەمەن)، لە بیرکردنی ئەم دووانەش لە بیرچوونەوەی (ژیان) ە، ئەمەش مانای (مردن) دەگەیەنێ...

ئێمەی مردوو خەون نابینین، چونکە خۆمان تەئویلی خەونێکی پانتایی بەرینین، ئێمە ئەو تەئویلەین عاریفانی ڕۆح بۆ زیندووەکانیان باس دەکرد، ئێمە ڕاستیی ئەو خەونانەین مرۆڤە بالاّ ڕۆحەکان دەیبینن، حەقیقەتی ئەو ئاماژانەین ڕابەرە مەزنەکان پەنجەیان بۆ ڕادەکێشا، لێکدانەوەی ئەو نهێنیانەین ئەهلی ئەسرار کەمێکیان لێ ئاشکرا کرد...

خەون جیهانی میساله، ئێمە حەقیقەتی ئەو میسالانەین، ئەوانەی خەون دەبینن پەیوەندی لەگەلّ جیهانی میسال دەگرن، جیهانی میسال وێنەیەکی فۆتۆگرافی جیهانی حەقیقەتە، ئەوان"واتە مرۆڤە زیندووەکان"جیهانی حەقیقەت لە ئاوێنەی جیهانی میسالدا سەیر دەکەن، ئاوێنەیەکی بچووک بەراورد بە جیهانی بەرینی حەقیقەت، مرۆڤە زیندووەکان بە ئاوێنەی خەیاڵیان و بە تەکانی ڕۆح چەند وێنەیەکی کەم و کورتی ناو ئاوێنەی میسال دەگرن، ئاوێنەی خەیاڵی مرۆڤ لە گرتنی وێنەی ناو ئاوێنەی میسال پەنا بۆ کەرەسەکانی ناو ئەو جیهانە دەبات کە مرۆڤی تیا دەژی، لە گرتنی وێنەیەکدا پەنا بۆ درەخت و شاخ و دەشت و شتەکانی تردەبات، لەڕاستیدا جیهانی میسال خاڵییە لەو وێنانەی کە

لە دەوروبەری مرۆڤدان، چونکە جیهانی میسال وێنەی جیهانی حەقیقەتە، جیهانی حەقیقەت ئەو جیهانە مادیە نییە مرۆڤە زیندووەکان تیایدا دەژین، ئەوەی ناونراوە ژیان و گەردوون سێبەری جیهانی حەقیقەتە، نەک خودی جیهانی حەقیقەت... کەوابوو"زیندووەکان"سێبەری"مردووەکانن"چونکە زیندوو لە ناو گەردووندا دەژی و مردووش لەناو جیهانی حەقیقەت... شتەکان–لە گەردووندا– پچڕ پچڕ و پارچە پارچەن، یان هیچ نەبێ مرۆڤ والێیان تێ دەگات، بەڵام لەو جیهانەدا حەقیقەت یەک حەقیقەتە و پارچە پارچە ناکرێ... سێبەری حەقیقەت دەتوانرێ بە چەندین شێوە وێنا بکرێ و ورد و خاش ببێ و وەک ئاردی بن دڕک پەرش و بڵاو بکرێ بەڵام ئەوە سێبەری حەقیقەتە مرۆڤە زیندووەکان لێیان بووە بە حەقیقەت و هەر کەس و هەر کۆمەڵێک بانگەشەی حەقیقەت دەکات و گەردی بەر بای خۆی لێ بووە بەڕاستییەکی مەزن...

جاوید: (بەرێز مامۆستا خەڵوەتی، لە بەشێکی زۆری ئەوەی تۆ باسی دەکەیت تێ ناگەم، تۆ ئاگات لە خۆت ماوە؟ دەزانی باسی چی دەکەیت؟)

خەڵوەتی: (مافی خۆتە لێی تێنەگەیت، چونکە تۆ مرۆڤێکی زیندوویت، مرۆڤی زیندوو زۆر کەم لە وڕێنەی مردووەکان حاڵی دەبێت، بەڵام گەر تۆش وەک من بمردبای ئێستا بە بێ قسەکردن لەم ڕاستییانە حاڵی دەبوویت، تۆ زیندوویت لەوانەیە سەردان و قسەکردنت لەگەڵ من یەکێک بێ لەو خەونانەی بە مردووانەوە دەیبینی.. تۆ لەخەونێکدا گفتوگۆ لەگەڵ مردوویەک دەکەیت... لە خەونێکدا پەیوەندیت لەگەڵ جیهانی میسال بەستووە و ڕێگەت لە من کەوتووە)

جاوید (مامۆستا خەڵوەتی دەمەوێ لە ئاسمانەوە بگەڕێینەوە بۆ زەوی و ڕات بکێشمەوە چاخانەکەی مام سمایل و پرسیاری فەخریت لێ بکەم)

خەڵوەتی (جاوید گیان دوای ماوەیەکی دوور و درێژ و کەوتن لەناو جێگەدا و سەفەری مەرگ و گەیشتن بە وێستگەیەک ناونراوە ژیانی سەر زەوی–کە تیایدا

هاوشێوەی ئەو ژیانەی پێشووتر جیهانەکەیان بۆ ڕێکخستووم- گەڕامەوە سەر ئەو خاڵەی تیایدا پچڕا بووم... گەڕانەوەم سەرکەوتن بوو بەناو بیرێکی ئاودا، کە دەیان مەتر قوواڵ بوو، من لە ناخەکەی دابووم و بە سەدان پلە ئەوجا دەهاتمەوە سەر زەوی... زۆر بە ناو ئەو بیرەدا شۆڕ بوو بوومەوە، زەمەنێکی دەویست تاکو بتوانم لە قوڵاییەکانی خۆم قوتار بکەم، چەندین مانگی خایاند تا لەگەڵ ژیان ڕاهاتمەوە و وەک مرۆڤێکی ئاسایی دەمتوانی هەڵسوکەوت بکەم...

گەڕامەوە بۆ ئەو خاڵەی تیایدا پچڕا بووم، گەڕامەوە سەر دۆزینەوەی فەخری، بەاڵم ئەمجارەیان بە ڕێگایەکی تر دەمویست فەخری ببینمەوە، ئەمجارەیان بۆ فەخری دەرەوە و ناو چاخانەکە ناگەڕێم، بەڵکو لە ناو خۆمدا بۆ فەخری دەگەڕێم، گەر فەخری لە مەملەکەتی ناوەوەی مندا ئیقامەی پێ درابێت، ئەوە بۆ خۆی ڕوو لە وڵاتی من دەکات، دۆزینەوەی فەخری بە دەستی خۆمە، گەر مۆڵەتی بدەم ڕووم تێ دەکات، ئەگەر نە، لە سنووورەکانی منەوە سنووورداشی وڵاتێکی تر دەکرێتەوە... گەڕان بە دوای فەخری و بابای دەرمانی کوردەواریدا لە لای من بوو بە بەشێك لەڕابردوو... لە بیری خۆمم بردنەوە... من لە جیهانێکەوە گەڕاومەتەوە بۆ ناو ژیانێ کە پێویستی بەتەنهاییە... ئارەزووم بوو چوار براەر بکەم بە دوان و دوانەکەش دانەیەك بێ و ئەویش زۆر بە دەگمەن سەردانم بکات، من لەو پەیوەندییە کۆمیدی و پڕ لە ڕۆتینەی خەڵکی دەقی پێوەگرت بوو قوتارم بوو بوو...

تەنهایی دەیبردمەوە ناو تام و چێژی ئەو جیهانەی لێوەی گەڕابوومەوە... خێزان و منداڵەکانم دەکردە خەو و شەوانە دەچوومە سەربانی خانوەکەمان و شەپۆلەکانی بەختەوەریم هەڵدەلوشی...

شەوان هەموو شتێك دەهاتە گفتوگۆ... لاپەڕەی نهێنییەکانی ژیان و گەردوون بە ڕوودا والأ دەکرا و تێرتێر پیت و وشە و ماناکانم دەخواردەوە یان تۆ بلێ

دەخوێندەوە... لە رۆژدا ژیانی مەردومانم بەراورد دەکرد بەو نهێنییانەی لە شەودا نیشانم دەدران، سەرئەنجامی سەیرو ترسناکی لێ دەکەوتەوە...

لە لاپەڕەی نهێنیەکاندا سەرۆکی یەکەی ئیداری شار پیاوێکی گەدای سوالکەر بوو کە رۆژانە لە بەردەم مزگەوتی شێخی مەزن ڕووم بە ڕوویدا هەڵدەشاخا... ئەو بوو بڕیارە سەیر و سەمەرەکانی دەر دەکرد: شەقامێك بۆ ئەو گەڕەکە و خەستەخانەیەك بۆ فلاّن جێگە، لادانی بەرپرسێك و دانانی کەسێکی تر لە جێگەی... پاش چەند مانگێك لە دەرکردنی بڕیارەکە ئەوجا لێرە-لەم ژیانەدا- سەرئەنجامی بڕیارەکان بە دەردەکەوتن و بەو جۆرەش دەردەچوو ئەو گەدایە بڕیاری لێ دابوو... کاری ئەم سەرۆکە نهێنییە ئەنجامی سەیر و سەمەرەی لێ دەکەوتەوە... هەندێ جار ئەو بەرپرسەی ئەو لای دەدا زۆر دڵسۆزترو لێوەشاوەتر بوو-بەیاساکانی ئەم دونیایە- لەوەی لەجێگەی ئەو دایدەنا، هەندێ لە کار و بڕیارەکانی خەڵکی نەدار و گەڕەکی هەژاری بە قوڕدا دەکرد...

ڕۆژێك بۆ تێگەیشتن لە نهێنی ئەو پیاوە نامۆیە وبستم بابای گەدا ببینمەوە و بە پرسیارێك ئاماژە بۆ نهێنی ئەو کارانەی بکەم، لە ڕێگەی چوونم بۆ دۆزینەوەی ئەو بڕیارمدا پرسیاری لێ بکەم و گەر وەڵامی دامەوە و ئەقڵم وەڵامەکەی گرت بە جێی بهێڵم و بڕوات بە دەم کاری خۆیەوە لەباریکدا وا نەبوو ئەوا تۆڵەی هەموو ئەو هەژارانەی لێ بکەمەوە و لێدانێکی باشی لێ بدەم...کاتێك چووم و لە دووی گەڕام نەمدۆزیەوە و ئەویشم لێ بزر بوو...

تامەزرۆیی بۆ شەو و نهێنییەکانی شەو لە ڕۆژ هەراسانی کرد بووم... شەوێك لاپەڕەی بڕیاری مردنی مەلای مزگەوتەکەی لای مالّی خۆمان کەوتە بەر چاوم... بۆ سبەینێ بڕیارمدا سەردانی مامۆستا بکەم و ناڕاستەوخۆ لەو بارەوە شتێکی بۆ باس بکەم، بەڵکو دانا بێ و لێم تێ بگات و بە کار و کردەوەکانیدا بچێتەوە... سەردانی مزگەوتم کرد و مامۆستا لەگەڵ مجەوەری مزگەوتەکە دووبەدوو لە حوجرەکە خەریکی قسە کردن بوون... تاوێك لەلایان بەبێدەنگی

دانیشتم و دەمویست مجەوەرەکە بچێتە دەرەوە و شتێك بەتەنها بە گوێی مامۆستادا بدەم... ئەو هەڵنەستا و منیش ناچار بووم بەپرسیارێك دەرگای باسەکەم بکەمەوە و وتم: مامۆستا گەر کەسێك بێتە لات و پێت بڵێ لەوانەیە سەفەری مەرگت نزیك بووبێتەوە، تۆ چی وەڵام دەدەیەوە؟

وتی: کاك محممەد ئەوەی ئەو قسەی بە تۆ وتووە زۆر هەڵەیە و سەری لە سەنگ داوە، کەس نازانێ کەی و لەچ زەویەك مەرگ دەرگای پێ دەگرێ، خەمی لێ مەخۆ و واشبزانە ئەو قسەیەت هەر نەبیستووە...

دیار بوو مامۆستا وایدەزانی قسەکە بە من وتراوە، منیش ویستم درێژە بە قسەکانم بدەم و زۆرتری بۆ ڕوون بکەمەوە و بتوانم لە مەرامی قسەکەمی تێبگەیەنم، وتم: (مامۆستا...

بەڵام بە داخەوە ڕێگەی پێ نەدام و وتی: کوڕم ئەوە ئایەتە و قسەی من نییە من و تۆ ناتوانین لە قسەی خوادا قسان بکەین: ﴿وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ مَّاذَا تَكْسِبُ غَدًا وَمَا تَدْرِي نَفْسٌ بِأَيِّ أَرْضٍ تَمُوتُ﴾ بە ناچاری مزگەوتم بەجێ هێڵا و گەڕامەوە ماڵەوە، سەیر لەوەدا بوو پاش ماوەیەك مامۆستای مزگەوت سەفەری یەکجاری خۆیی کرد و منیش بە چەند فرمێسکێك خواحافیزیم لە تەرمەکەی کرد...

شەوێك فایلی تاوانەکان خرانە بەر دەستم:

لاپەڕەی یەکەم: تاوانی ئەو بازرگانە بوو لەگەڵ چەند کاربەدەستێك کلکی گرێ دابوو، هێنانی چەندین جۆر لە خۆراك لە دەستی ئەودا بوو، ئەویش بەپێی حەزی گیرفانی یاری بە بازاڕ دەکرد و نرخەکانی لەخەڵکی گران دەکرد، **لاپەڕەی دووەم:** وێنە میسالی کاری ئەو بازرگانە بوو کە بریتی بوو لە کەسێك بە کۆڵ مەڵۆی گەنمی دەهێنایە خەرمانێك، کاتێ دەبوو بە شارا ئاگری تێبەردەدا و دەستی بە هەڵووشینی کڵپەی ئاگرەکە دەکرد...

لاپەڕەی سێ یەم: تاوانی ئەو ڕابەرە ئایینیە بوو دەیویست بە دین دونیا بە دەست بهێنێ...

لە **لاپەڕەی چوارەم دا:** میسالی کارەکەی بەم جۆرە نمایش کرا بوو، پیاوێك بە پۆشاکێکی جیاواز و تایبەتەوە لە نێوان دوو ڕووباردا دانیشت بوو، ڕووبارێکیان شیر بوو، ڕووبارەکەی تریان لیتاو، ئەو ڕابەرە جارێك بە سەتڵ لە شیرەکەی دەهێنا و دەیکردە لیتاوەکە و جارێکیش لە لیتاوەکەی هەڵ دەگۆزی و دەیکردە شیرەکەوە، ناو بە ناویش بینی دەگرت لە ڕووباری لیتاوەکە و تا سکی گەورە دەبوو لیتاوی دەنۆشی...

لاپەڕەی پێنجەم: تاوانی ئەو ڕۆشنبیر و کادیری ڕاگەیاندنە بوو ڕاستییەکانی لە مەردومان دەشێوان و ڕووی دزێوی دەسەلآتی دەشاردەوە...

کاری ئەو بەنا و مرۆڤە بە میسالێکی سەیرو سەمەرە لە لاپەڕەی شەشدا بەم جۆرە خرابوویە ڕوو: مرۆڤێکی بالآ بەرز کەڕەنایەکی بە دەمەوە بوو، فووی پیا دەکرد و بە دەنگەکەی خەڵکی هەراسان کرد بوو، هەندێ جار زۆری لە خۆی دەکرد و بە توندی فووی پیا دەکرد، لە ئەنجامدا بایەکی لە دواوە لێ دەردەچوو دەنگ و بۆنی تەواو بێزارکەر بوو...

ئەوەندە ئەو سێ تاوانە کاری تێکردم نەمتوانی لاپەڕەی تر هەڵبدەمەوە و بە تاوانی تر ئاشنابیم...

شەوێك ڕۆحی مردووە ستەم لێکراوەکان سەردانیان کردم، ئەوان سکالآی خۆیان دایە دەستی من و زۆر تکایان کرد مافەکانیان بۆ وەربگرمەوە..

یەکەمیان بە ناپاکی برایەکی بە مەبەستی ئەوەی دەست بە سەرسامانەکەیدا بگرێت کوژرا بوو.. براکەی تاوانی کوشتنەکەی لە ملی مرۆڤێکی بێ تاوان نابوو و لە دادگا "سی" سالێ زیندانی بە کۆڵدا درا بوو....

ئەو پێی وتم: برایەکەم بە ناوی دیدەنییەوە ئەو مرۆڤە بێ تاوانەی بۆ سەردانی من هێنا بوو، ئەو شەوە هەموو منداڵەکان بە هاوسەرەکەشمەوە لە مالّی

باپیریـان بـوون، برایەکـەم میوانەکـە و مـنی لـە ژوورەکـە بـەجێهێڵلو لـە پەنجەرەکەوە بە دەمانچەی میوانەکە تەقـەی لـە مـن کـرد و کوشـتمی، پاشـان هاتە ژوورەوە و بە ناوی ئەوەی با تاوانەکە بە سـەر تـۆدا نەسـەپێ میوانەکـەی ڕەوانەی ماڵەوە کرد و پاش نیو کاژمێر پۆلیس و ئاسایشی لە میوانی بێ تـاوان ئاگـادار کـردەوە و هەڵیانکوتایـە سـەری و قۆڵبەسـتیان کـرد، هـەموو ئـەو تاوانانەشی بۆ دەستگرتن بوو بە سەر سەروەت و سامانمدا....

یەکێکی تر سکالاێ لە دەست هاوسەرەکەی بوو، دەیـوت: دەیـەوێت مێـرد بکاتەوە، بۆیە دەستی بە فرۆشـتنی مـاڵ و سـامانی منداڵـەکانم کـردووە.. ئـەو دەیوت: ژنەکەی دەیەوێ چەند ملکێك بە نرخێکی هەرزان بفرۆشێ بەو پیـاوەی مێردی پێ دەکات... منداڵەکانم بچووکن و بەو تاوانانەی دایکیان نازانن...

کاتی خۆی لەبەر ترسان لە زەریبە بابای مردوو زۆرێك لە مواڵك و زەوی و زاری بە ناوی هاوسەرەکەی و کەسانی تردە تۆمار کرد بوو...

سکالاێ سێیەم، سکالاێ ئـەو منداڵـە (دە) سـاڵانە بـوو ژنـی بـاوکی لـە ژوورێکـی تاریکدا بەندی کرد بوو، بە بێ خواردن و خواردنەوە دەرگای لە سەر داخست بـوو، ئافرەتەکە لەگەڵ دوومنداڵەکەی خۆی بەسەردانی ماڵی باوکی چـوو بـوو، پـاش دوو ڕۆژ لە دیدەنی دەگەڕێتەوە منداڵەکە لە ژوورەکەدا گیانی لە دەست دابوو...

ڕۆحی چوارەم ڕۆحی ئەوکیژە حەڤدە ساڵانە بوو، کوڕی دەسـەاڵتدارێك کـاتی گەڕانـەوەی لـە قوتابخانـە بـەزۆر سـواری ئۆتۆمۆبیلەکـەی خـۆیی کـرد بـوو... کەسوکاری ئەم هەواڵە دەبیسـتن و بـۆ سـەندنەوەی نرخـی شـەرەف کچـەکەی خۆیان لە حەمامی ماڵەوەیان ئاگر تێبەردەدەن و پاشان لە ڕاپـۆرتی پزیشـکیدا دەنووسرێ کچەکە حۆی سوتاندووە..

بە بیستنی ئەم زنجیرە لە سکالاً و تاوان، تکام لێکردن ئەمجارەیان با ئەوەنـدە سکالاً بەس بێت، چونکە لەوە زیاتر ناتوانم گوێ لەو هەموو تـاوان و ناپاکییانـە بگرم دەرحەق بەوان کراوە..

ئەوان وتیان دەبێ بەڵێنمان پێ بدەی، جارێکی تر ئامادەبیت سەردانت بکەین و سکالاّمان بە تۆ بگەیەنین...

وتم: بەڵێن بێت...

بۆ سبەینێ بیرم لەو هەموو فایلانە دەکردەوە لە دادگا داخراون و دەیان مافیان تیدا پێشێل کراوە... بە باشم زانی سەردانێکی ئەو مرۆڤە بێ تاوانە بکەم کە بە "سی" سالّ زیندانی حوکم درابوو... لە یەکێك لە بینینەکانیدا سەردانم کرد...

وتی–(جەنابت ناناسم؟)

وتم +(بیستوومە بە بێ تاوان زیندانی کراوی و حەزم کرد سەردانێکت بکەم)

–(چۆن دەزانی بێ تاوانم؟)

+(چوزانم، خەڵکی وا دەڵێن)

–(بە پێچەوانەوە، هەموو خەڵکی هەتا خوشك و براکانیشم من بە مرۆڤێکی دەست سوور بە خوێنی بێ تاوانێ تەماشا دەکەن و زۆر بە کەمی دێن بۆ سەردانم)

+(زۆر خەفەتبار مەبە، گرنگ ئەوەیە تۆ بێ تاوانی)

–(ئاخر کاکە، چش، با "سی" سالّ لە زیندانداببم، من چۆن لای کەسوکار و دۆست و ناسراوان بیسەلمێنم تاوانبار نیم؟)

+(چۆن من ئاگادارکرام تۆ بێ گوناهی، گەر بیانەوێ ئەوانیش هەر وەك من ئاگادار دەکەنەوە)

–(کێ بیەوێ؟)

+(چوزانم... مردوو... زیندوو... هم م م م...)

–(کاکە گیان، ڕاستییەکان لە من مەشارەوە، دەزانم تۆ لە ڕاستی ڕوودەوەکە گەیشتووی، تکا دەکەم بە بێ ترس و سلّکردنەوە شتەکانم بۆ بخەرە ڕوو)

+(نازانم چی بڵێم... ئەو ڕێگەیەی من لێیەوە ڕاستیەکانم تیدا بەدەست هێناوە، نە زانست و نە یاسا دانی پیادا نانێن)

-(لە چ ڕێگەیەکەوە، ڕاستییەکان بە دەست دەهێنی؟)

+(خۆشم نازانم.. نازانم من زیندووم، یان یەکێکم لە مردووان، من زیندوویەکی مردووم، کاتەکانم بۆ دووبەرە دابەش کردووە، بە ڕۆژ لەگەڵ زیندووان و بە شەو لەگەڵ مردووان... لەم شەوانەدا بابای کوژرا و هات و باسی بێ تاوانی تۆی بۆ کردم، ئەو دەیوت براکەم کووشتوومی نەك دلێر، تۆ ناوت دلێرە؟)

-(بەڵێ ناوم دلێرە)

+(من پێشتر هیچ ناسراوی و نزیکییەکم لەگەڵ تۆدا هەبووە؟)

-(نەخێر)

+(ئەوە بەڵگەی دروستیی قسەکانی منە؟ گەر باوەر بە من ناکەیت باوەڕ بە خۆت بکە، گەر تۆ ئەو پیاوەت کوشتووە تەواوی ئەم قسانەی من درۆ و ناڕاستن، ئەگەر نە، بێ تاوانی تۆ ڕاستگۆیی من دەسەلمێنێ)

-(باوەڕم بە خۆم هەیە تاوانبار نیم، بەڵام ڕێگایەکم بۆ بدۆزەرەوە بە هۆیەوە بێتاوانی خۆم بسەلمێنم)

+(بیری لێ دەکەمەوە، من خواحافیزیت لێ دەکەم)

-(زۆر تکا دەکەم، پێم لێ مەبڕە و سەردانم بکە، چونکە تۆ تەنها مرۆڤێکی من بە تاوانبار نازانی)

+(سەردانت دەکەمەوە)

-(ناونیشان و تەلەفوونێکم لە لا دابنێ)

+(خەمت نەبێ، دەگەڕێمەوە بۆ لات)

فایلی سکالاکان زۆر بوون، نۆ مانگی تەواو من سەرقاڵی ئەو فایلانە بووم، هەندێ لە تاوانباران هەڕەشەی کوشتنیان لێ دەکردم، چوومە لای پارێزەرێك و

له بارەی ئەو تاوانانەوە گفتوگۆم لەگەڵ کرد و لە وەڵامدا وتی: (یاسا لەگەڵ بەڵگە و بورهاندا مامەڵە دەکات و ئەم قسانەی بەڕێزت هیچ بنچینەیەکی یاسایی و زانستی نایانگرێتەوە)

هەفتەی جارێ سەردانی بەندیخانەم دەکرد، لەو ماوەدا توانیم بە کەسوکارو دۆست و برادەرانی دلێر بسەلمێنم ئەم مرۆڤە بێ تاوانە و غەدر و ناپاکی لێ کراوە، بەڵام نەمتوانی لە بەندیخانە ڕزگاری بکەم، ئەو هەموو جارێ دەیوت تۆ منت لە بەندیخانە قوتار کردووە، چونکە خزمان و دۆستان و کەس و کار ئێستا بە بێتاوان تەماشای من دەکەن و هەست بە بەزەیی و سۆزی ئەوان دەکەم بەرانبەر بە خۆم...

تاکو ئێستاش بەتەواوی ئەو فایلانەم دانەخستووە و چاوەڕوانی دەروازەیەکم بە ڕوومدا بکرێتەوە و تاوانبارەکان بە سزای یاسا بگەیەنم...

بۆ دووسااڵ دەڕوا من لە جێگەی نەخۆشی هەستاومەتەوە و وردە وردە ڕۆیشتوومەتەوە سەرکاری دوکانداری و پەیدا کردنی پاروە نانێك بۆ منداڵەکان)

جاوید (لەو دووساڵەدا فەخری سەردانی نەکردیت؟)

خەڵوەتی (من فەخریم لێ بزر بوو، سەیر لەوەدایە لەدوی هەرکەسێك بگەڕێم لێم بزر دەبێ... ئێستا گەر من و تۆ لە یەکتر جیا ببینەوە و بمەوێ چاوم پێت بکەوێ بە جۆرێك بزر دەبیت هیچ کەسێك جێ و شوێنت پێ نەزانێ... ویستنەکانی من دوو جۆرن: ویستنێك لە ئەقڵ و ئاوەز و هۆشمەوە سەرهەڵدەدات و زۆرجاران حەزی تێکەڵ دەبێت، ئەم جۆرە لە ویستن زۆر بەدەگمەن بۆم دەچێتە سەر، جۆری دووەمی ویستن ئەو جۆرەیە داگیرم دەکات و کۆنترۆڵم لەدەست دەسێنێت و هەرگیز ناتوانم لێی لا بدەم... ئەوە منم فەخریم ون کردووە نەوەك فەخری خۆی لە من بزر کرد بێت....)

جاوید (پێشتر وتت ڕۆحی مردووەکان داوایان لێکردم بەڵێنیان بدەمێ ئامادەبم بۆ بینینەوەیان، ئایا دوای ئەو بینینە بۆ جاری دووەم لەگەڵیان کۆ بوویەوە؟)

خەڵوەتی (شەوێکی زستان بوو، لە سەر بانی ماڵەکەمان کورسییەکەم پاڵدابوو بە دیواری هەورەبانەکەوە و ڕوو بە ڕۆژهەڵات لە سەری دانیشتبووم، بەتانییەکم بە خۆمەوە ئاڵاند بوو، لەو شەوەدا جارێکی تر بە خزمەتی ڕۆحە پاکەکان شاد بوومەوە... بەر لەوەی ئەوان سکاڵا بکەن، من سکاڵای بێ دەسەلاتی خۆمم بەوان گەیاند و پێم وتن: من ناتوانم هیچ شتێك بۆ ئێوە بکەم، ئەو ڕاستییانەی من ڕای دەگەیەنم کەس باوەڕیان پێ ناکات و هیچ بەڵگەیەکی دڵنیاکەریشم بۆ خەڵکی و یاساپەروەران لەلا نییە...

ئەوان لە وەڵامدا وتیان: ئارام بگرە و دەرووبەك بەڕێوەبە..

پرسیم: ئەو دەروە چی یە؟

وتیان: لە کاتی خۆی لێی تێدەگەی...

جاوید گیان سەربوردەکانی من تا ئەم جێگەیە بوو، ئێستا دەتوانم تاوێك گوێت لێ بگرم و بەشێك لە ژیانی خۆتم بۆ باس بکەی؟)

جاوید (بۆ ئەوەی بە ڕۆحی یەکتر ئاشنابین، منیش بەشێك لە ژیانی خۆمت بۆ باس دەکەم، بەتایبەت ژیانی منداڵی کە زۆرێك لە نهێنییەکانی تەمەن لە ئامێز دەگرێت... ژیانی منداڵی ئەو کۆدەیە دەرگای داهاتوو بە ڕووی هەر مرۆڤێکدا دەکاتەوە، منداڵیی نەخشەیەکە سەرجەم قۆناغەکانی داهاتووی پێوە گرێدراوە....

مامۆستا گیان، ئەمن هەر لە منداڵییەوە خولیای ئایینیم لە خۆمدا هەست پێ دەکرد، بەتایبەت دەربارەی بوونی خودا.. لە یادمە شەوان تا درەنگانێ بیرم لە هەرهەری و هەڕبوویی خودا دەکردەوە و لێی تێ نەدەگەیشتم، ئەم بیرکردنەوەش چەندەها جار دووبارە دەبوویەوە... پرسیارم لە دەوروبەر دەکرد: "چۆن خودا هەر بووە؟!" بەڵام پرسیارەکەی منیان دەکردەوە بە وەڵام و دەیانوت:"خودا هەر بووە" لام سەیر بوو ئەوان ئەوەندە بە دڵنیاییەوە دەیانوت خودا هەر بووە و هەر دەبێ... ئەو ساتانەم لە یاد ناچێت کە جزوی

عەممەم لەگەڵ خۆم دەهێنا و ڕووم لە شوێنێکی ئارام دەکرد، لە قوتابخانە هەندێك لە سورەتە گچکەکانیان پێ لەبەرکردبووین لەلای ئەو فەقێیانەش ڕەمەزانان دەبوونە مەلامان هەندێکی ترم خوێندبوو بۆیە بە ئاوازێکی زۆر خۆش و بەتەنها دەستم بە خوێندنەوەی دەکرد... ئێستاش لەزەتی ئەو چرکەساتانەم لە یادە و جێگەی سەرنج و یادکردنەوەی منن... خولیای ئایینی و هەستی ئایینی من بەشێکی پەیوەندی بەو چیرۆك و سەرگورشتانەوە بوو دایکم بۆی باس دەکردین بەتایبەت باسی شێخانی مەزن و کاریگەری ڕۆحییان لە سەر خەڵکی... پێموایە بێبابیش کاریگەری تایبەتی لەسەر سایکۆلۆژیام بە جێ هێلا بوو، هەستێکی ڕۆمانسی پێ بەخشی بووم، دەمویست کەلێنی بێبابی بە شتێکی تر پڕ بکەمەوە، ئەمە و سەرباری ئەو فەزا ئایینیەی کۆمەڵگەی ئێمەی بەگشتی داگیر کردبوو، لە منداڵییەوە خەون بینین لە من جیا نەبووەتەوە... خەون بە بەهەشت و کۆڕی پیاوچاکانەوە... خەون بە فڕین و دان لە شەقەی باڵ... خەون بە چەندین دیاردەی ئایینی ترەوە...

خەونەکانم بەشێکی خولیای خۆم بوون هەندێکیشی ڕووداوی داهاتووی ژیانم بوون، جا نازانم کاریگەری خەونەکان وایان لە من دەکرد بەو ڕووداوانەدا خۆم تێ بپەڕێنم، یاخود ڕۆحم حاجزەکانی زەمەنی دەبڕی و لە داهاتووی خۆی تێڕا دەما؟ پرسیارێکە و تاکو ئێستا نەمتوانیوە وەڵامی بدەمەوە، بە وڕێنەی تێ مەگە، گەر هەندێ وڕێنەت بۆ بگێڕمەوە، چونکە ژیانی منداڵیی خەونێکی قوواڵی بەتامە...

بە منداڵی بۆنێکم هەست پێ دەکرد چەند ساڵێك لەگەڵ تەمەنی منداڵیم درێژ بوویەوە، بۆنەکە بەردەوام نەبوو ناوبەناو سەری هەڵدەدایەوە، تایبەت نەبوو بە شوێنێك، بەڵکو جاری وابوو لە چۆڵەوانی بە لوتمدا دەدرا، تاکو ئەمڕۆ ڕێگەم لە بۆنێکی ئاوا خۆش و هەست بزوێن نەکەوتووە، ئەو بۆنە خۆشە چی بوو؟ بۆنێکی تۆمارکراو بوو لەزەینمدا کە بە یادکردنەوەی دەهاتەوە بەرهەستم؟! یاخود بۆنێك بوو لە دەرەوە بۆم دەهات و دەکەوتە بەر هەستم، گەر بۆنێکی تۆمارکراو بوو،

بۆچی ئێستا نایەتەوە بەرهەستم؟ گەر لە دەرەوە بوو بۆچی کۆتایی پێ هات؟ دیسان نازانم، ئەوەندە دەزانم هەر مرۆڤێك گەر بە ژیانی منداڵی خۆیدا بچێتەوە کۆمەڵێك نهێنی و کاری سەراسیمە لە خۆیدا دەدۆزێتەوە...

نموونەی زۆرم لە لایە بەڵام بۆ ئەوەی درێژەی پێ نەدەم و وردەنامەت بۆ نەخوێنمەوە وازی لێ دەهێنم و هەڵیدەگرم بۆ کاتێك بتوانم ڕاڤەیەکی زانستی و ماقوول بۆ ئەو دیاردانە بدۆزمەوە، ئەو دیاردە نامۆیانە لە خێزانەکەمان نامۆ نەبوو، دایکم چەندین شتی نامۆی لەو جۆرەی بۆ دەگێڕاینەوە و شایەتیشی هەبوو... مامۆستا گیان، ئەوەی باسم کرد بەشێکی کەم بوو لە ژیانی منداڵیی من...

خەڵوەتی: (دەمەوێ بپرسم چۆن ناوی منت بەرگوێ کەوت و کێ منی بە تۆ ناساند؟)

جاوید (بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەبێ باسی ئەو دوو برادەرە دێرینە بکەم کە دەرچووی زانکۆی ئەم شارەن و لە کۆمەڵەیەکی ئایینیدا کار دەکەن... ڕۆژێك لە گفتوگۆیەکی لەم چەشنەی خۆمان ناوی تۆیان هێنا و بە نموونەی کەسێك باسیان دەکردی بەتەنها ژیان بە سەر دەبات و دەیەوێ لەراستییەکان بگات، ئەوان پێیان وابوو ئەوە کارێکی ئەستەمە و هەرگیز مرۆڤ بەتەنها ناتوانێ لە حەقیقەت و نهێنییەکانی ژیان و گەردوون بگات...بۆیە سەرئەنجامەکەی — بە ڕای ئەوان— وەك محەممەدی خەڵوەتی لێدێت و شکست و نەخۆشی و دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵ کۆتاییەکەیەتی...)

خەڵوەتی (ئێستا باری دەروونی و ڕۆحیت چۆنە؟)

جاوید: (ئێستا فیکرو ڕۆشنبیری سەردەم ئالۆزی کردووم، ئارامی و بەختەوەری لە ژیانم هەڵگرتووە... دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ لەزەت و جوانییەکانی منداڵی، دەمەوێ سادە ببمەوە، دەمەوێ جارێکی دی پەی بە مانا جوانەکانی ژیان و گەردوون ببەم... دروشمی "ئازادی" منی کردە کۆیلەی خۆی، من ئێستا

کۆیلەی ئازادیم... زۆرن ئەوانەی ئازادی دەپەرستن، ئێمەی ڕۆشنبیران هیچمان نەکرد، لە کۆیلەی نەریتە ناپەسەندەکان هەڵ هاتین و بووین بە کۆیلەی ئازادی، لە هەردووبارەکەدا ئێمە کۆیلەین...

پێشتر کۆیلە بووین، چونکە نەمان دەتوانی لە یاسا و ڕێساکانی کۆمەڵگە لابدەین ئێستاش کۆیلەین، چونکە ناتوانین لە یاسا و ڕێسا باوەکانی دونیای فیکرو ڕۆشنبیری بەرهەمهێنی ئازادی لابدەین... بەڵگە بۆ کۆیلەیی بەناوڕۆشنبیر ئەوەیە بە یەک چاو تەماشای شتەکان دەکات، لە یەک ڕەهەندەوە شتەکان دەخوێنێتەوە... ڕۆشنبیری ئەمڕۆ خاڵییە لە ڕۆح، خاڵییە لە عیرفان... ڕۆشنبیری ئەمڕۆ تەنها زەینبازییە، لە ناو زەیندا دەیان و سەدان ڕێچکە سەری هەڵداوە، مرۆڤی سادە لە سەرەتاوە وادەزانێ فرەیی ڕێچکە فرەیی مانا و جەوهەر دەگەیەنێ، بەڵام دوای زەمەنێك لە قاڵبوون لە دونیای ڕۆشنبیریدا بۆی دەردەکەوێ هەموو ئەو ڕێچکانە لە یەك بەرەن و یەك ڕەهەند لە ئامێزیان دەگرێت...

فیکر و ڕۆشنبیری سەردەم بەدروستی و ڕەوانی وەڵامی پرسیارەکان نادەنەوە، دەستەوسانن لەوەی ناڵەی ناوەوەی سەدان و هەزاران مرۆڤ وەڵام بدەنەوە و حەزە ڕۆحییەکانی تێر بکەن، مرۆڤ لەگەڵ ژیان و گەردوون ئاشت بکەنەوە...

خەڵوەتی (جاوید گیان من و تۆ دەڵێی یەك ڕۆحین لە دوو جەستەدا... بڵێی تۆش وەك من مردبیت، بەڵام بە خۆت نەزانیبێ، تۆبڵێی من و تۆ لە جیهانی ڕۆحەکان یەکترمان ناسیبێت و بە یەکتر ئاشنا بووبین...

جاوید (پێنج ساڵە بە ڕادەی ئەمشەو ئارامیم بە خۆوە نەدیوە... بڵێی ئەم ئارامییەی من و تۆ هۆیەکەی بۆ لەیەکتر گەیشتن بگەڕێتەوە... یاخود هەمان ئەزموونی ژیانمان هەڵگرتووە... تۆ بڵێی گوێگرتنمان لە یەکتر هۆی کەم کردنەوەی ئازارەکان بێت و ئەوەش ئارامی پێ بەخشیبین؟ بڵێی فەخری و بابای گیای کوردەواریش هەروەك من و تۆ لە یەکتر نەگەیشتبن و جیهانێکی پڕ لە ئارامییان بۆخۆیان نەخوڵقاندبێ؟!)

خەڵوەتی (جاوید گیان، ئەم هەموو حەز و هەواڵپرسینەی تۆ بۆ فەخری و بابای گیای کوردەواری ڕاستییەك دەگەیەنن، سەرەتا دەبێ بزانی هەر کاتێ لە ناوەوە مرۆڤێك داگیری کردی، جۆرێك لەپەیوەندی لە نێوان تۆ و ئەو مرۆڤەدا بوونی هەیە و داوات لێدەکات بیبینییەوە و جۆری پەیوەندییەکەی لەگەڵ ساغ بکەیەوە، تۆ–تاڕادەیەکیش من – پەیوەندییەکمان بەو دوو مرۆڤەوە هەیە ناچارمان دەکات ساغی بکەینەوە و سەرئەنجامێکمان لێیانەوە دەست بکەوێت...

جاوید (من لەگەڵتم، بەڵام لە کوێوە دەست پێ بکەین؟ بچینەوە بۆ چاخانەکەی مام سمایل یان کۆڵان بە کۆڵان بەدوای فەخریدا بگەڕێین، یان...؟

خەڵوەتی (جاوید گیان، تۆ سبەینێ بگەڕێوە و سەفەری خۆت بکە، هەرکاتێ بۆ بینینی من ئارەزوومەند بوویت درەنگانێکی شەو وەرە سەر بانی خانووەکەتان و بەئارامی بانگم بکە... گەر بەدڵ حەزت بە ینینم بێت، پەیامەکەت دەگات....)

جاوید (بەڵێم پێ بدە ورد و درشتی ئەو ڕووداوانەی بە سەرت دێت و دەیانبینی لە دەفتەرێکدا تۆماریان بکەیت، چونکە تیاچوونی ئەو ڕاستییانە تیاچوونی زانستێکە لە ئەمڕۆدا مرۆڤ پێی ئاتاجە)

خەڵوەتی: (بەڵێن بێت ڕووداوەکانی ژیانی شەو و ڕۆژم تۆمار بکەم، لە مێژسالّە بەڵێنێکی لەم جۆرەم لەگەڵ دۆستی دێرینم باقری موجتەهیدی هەیە و بەردەوام لە گۆڕانکارییەکانی ژیانم ئاگاداری دەکەمەوە، چونکە ڕۆژێك من و تۆ و کەسانی تریش دەبین بە کارەکتەری ناو ڕۆمانەکەی باقر کە چەندین سالّە خۆی بۆ نووسینی ئامادە کردووە، بەڵام منیش هەمان داوام لە تۆ هەیە و دەبێ بەڵێنم پێ بدەی)

جاوید (بەڵێن بێت)

بەشی سێیەم

گەشتی گەردوونی و گەڕانەوە بۆ ناو ژیان

ماوەیەك بەسەر دابڕانەکەی خەڵوەتی و جاوید لەیەکتری تێپەڕی، یەکێك لە شەوەکان کە شەوێکی زۆر ئارام بوو، محەممەدی خەڵوەتی گەشتێکی ڕۆحی و گەردوونی دەست پێکرد... ڕۆژەکەی چەند جارێك لە دەوروبەر دادەبڕا و لە خۆی بێئاگا دەبوو... ئەو لە یاداشتەکانیدا ڕووداوەکەی بەم جۆرە تۆمار کرد بوو:

(دابڕانم لە دەوروبەر بە کپبوونەوەی گوێیەکانم دەستی پێ کرد، ڕەنگەکان لە بەرچاوم دەگۆڕان و دونیا خاوبوونەوەیەکی سەیر ڕووی تێ دەکرد، جوواڵەی ئەو خەڵکەی دەهاتە پێش چاوم دەتوت فیلمێکی سینەماییە و خاوکراوەتەوە...

سەرلەبەیانیەکەی چووم بۆ سەر دوکان و نیوەڕۆ بۆ کڕینی هەندێ سەوزە و میوە بەرەو عارەبانەکان شۆڕ بوومەوە، لە ناو جەنجاڵی و هاواری سەوزە فرۆشەکاندا گوێیەکانم لە کار کەوتن، سەیر لەوەدا بوو کاتێ لە دەوروبەر بە ئاگاهاتمەوە دوو عەلاگەم بە دەستەوەیە و لە دەرگای حەوشەی ماڵی خۆمان دەدەم...هاوسەرەکەم عەلاگەکانی لێ گرتم و سەیرێکی سەوزە و میوەکەی کرد و وتی"دەڵێی ئەمجارە خۆت بەتایبەت سەوزە و میوەت لە سەر عارەبانەکان هەڵبژاردووە؟ هەرگیز سەوزەو میوەی ئەوەندە جوانت نەهێناوەتەوە"

بیرم کردەوە من بەر لەوەی هیچ شتێك بکرم لە خۆم بێ ئاگا بووم، ئەی چۆن توانیم ئەم شتانە بکرم و بە ڕێگەی خۆمدا بگەڕێمەوە؟ ئای خوم تاڕادەیەك ڕووداوێکی سروشتی بوو، بەاڵم جۆری ئەو شتانەی هێنا بوومەوە زۆر نایاب و دەگمەن بوون...

خۆم لە وەلأمی پرسیاری هاوسەرەکەم بێئاگا کرد و وتم: گرنگ ئەوەیە بەتام و چێژ بێت، ناشوکری خودا نەبێت میوەی ئێستا ڕووانّەتی دەرەوەی زۆر نایابە کەچی بێ تامە...

دوانیوەڕۆکەی هەستم بە ناساغی دەکرد، بۆیە نەچووم بۆ سەر دوکانەکەم، لە دوای عەسر جارێکی تر هەمان حاڵەت ڕووی تێکردمەوە، ئەمجارەیان زۆر بە تووندی داگیری کردم و لە کەنارەکانی ژیانەوە بەرەو دەریای نوقمبوون لەخۆدا پەلکێشێ کردم، کاتێ بەئاگاهاتمەوە بانگی شێوان بوو، لە ژوورەکەی خۆم چەندجارێك منداڵەکان هاتبوونە سەرم و بانگیان کردبووم، بەلأم گەڕابوونەوە و بە دایکیان وتبوو لە خەوێکی قوولّدایە و بە ئاگا نایەتەوە، کاتێك هاتمەوە هۆش خۆم سەرم لە سەر سەرینێ بوو، بەتانییەکم پیادا درا بوو...

چووم بۆ ناو منداڵەکان و بینیم میوەیان لە بەردەست دانراوە، منیش سێوێکم هەڵگرت و کەمێکیم لێ خوارد... ئەو کەمە سێوە هەرچی لێشاوی تام و چێژە چۆڕاندییە ناو دەمم... وامدەزانی بەتەنها من وام، بەلأم هاوسەرەکەم و منداڵەکانیش دەیانوت (هەرگیز میوەی ئاوا بەلەزەتمان نەخواردووە، تووخودا بابە هەموو جارێ لای ئەو پیاوە میوە بکڕە کە ئەم میوەت لا هێناوە..).

بەتامی سێوەکە وای لێکردم پارەکانی گیرفانم بژمێرم و بزانم کیلۆی چەندی لێ وەرگرتووم.... وتم بە هاوسەرەکەم: سەیرێکی گیرفانی ئەوچاکەتە بکە و بزانە چەندە پارەی تێداماوە... ئەویش هەستا و پارەی ناو چاکەتەکەی بژارد و وتی"ئەو پارەیەی بەیانی پێم داوی هەروەك خۆی دانراوە و هیچی کەم نەکردووە، ئەی ئەم شتانەت بە چی کڕیووە، خۆ پارەی دوکانت دەرنەهێناوە؟" لە وەلأمیدا وتم: دیارە لە بیرم چووە پارەی پێبدەم، دەبێ سبەینێ سەری لێبدەمەوە...

دوای نوستنی منداڵەکان بە عادەتی جارانم چوومەوە سەربانی خانوەکەمان... لە شەواندا بەزۆری کارەبای گشتی نەبوو، دەنگی موەلیدەیەکی کارەبا ئارامی

شەوەکەی شێواند بوو، زۆری نەبرد کوژاندیانەوە، لەدوای ئەوە دەتوت شار فڕێدراوەتە ناو چاڵێکی قوواڵی پڕ لە تاریکی، تەواوی شار ئارامی باڵی بەسەردا کێشا...

کە شار ئارام بوویەوە منیش کەوتمەوە ناو قوواڵیی بێدەنگی و خامۆشی، هیچ شەوێك بە قەدەر ئەو شەوە ئەستێرەم بە ئاسمانەوە نەبینیوە... ئاسمان جریوەی دەهات بە ئەستێرەی گەش و ڕۆشن... دوو سێ ئەستێرە زۆر بە گەشی بەرەو خۆرئاوا کشان ئەوەندە گەورە و ڕۆشن بوون جۆگەی سپیان بە دوای خۆیاندا بە جێدەهێڵا، کپی شار و گەردوون ئاماژەی بۆ ڕووداوێکی مەزن دەکرد، سەرەتا کپی ڕووی کردە گوێیەکانم و یەك دووجارێ بە دەنگی بەرز ناوی خۆمم هێنا بەاڵم گوێم لە دەنگی خۆم نەبوو... بۆنێکی دڵڕفێن بە لوتمدا درا و مەستی کردم و ڕۆحمی هێنایە باڵە تەپێ، ئاگادار بووم چەند جارێ باڵەکانم دەدا بە یەکدا و ئیتر ئەوانیش لە جوولّە کەوتن، یەك دوو هەنگاوێ بەرەو ڕۆژهەاڵت چوومە پێشەوە، وام هەست دەکرد بە ئەستەم نووکی پێیەکانم لە زەوی دەدەن، پەیوەندیم بە جەستەوە پچڕا و کەوتمە مەلەیەکی گەردوونی، لەگەڵ بەرز بوونەوەم بێشومار ڕۆحی سپی بە سەرمدا دابارین، ئەو ڕۆحانە لێزمەی بارانێکی سەرەتای بەهار بوون کە لێوی گوڵە باخێك تەڕ دەکات... ئەوان لە کەرنەڤاڵێکی عیشقدا کەوتنە سەمایەکی گەردوونی، هەموو لە شێوەی هەرەمێکدا لوتکەکەی بۆ زەوی بێت و بنکەکەی بەرە و ئاسمان ئەڵقەیان بەست، لە شێوەی بازنەییدا کۆڕیان گرت، من لە ناوەندی ئەو هەرەمە بازنە ئامێزەدا ڕۆحم باڵە تەپێی دەکرد، ئەوان بەبێ ئەوەی شێوەی هەرەمەکە تێك بدەن، لەچاو تروکانێکدا سەدان خولیان دەخوارد، لەگەڵ خولخواردندا هەزاران هەزار میلیان تەی دەکرد، منیش لە ناو ئەو هەرەمە بازنەییەدا سەمام دەکرد، هەتا بە قووڵایی ئاسماندا ڕۆبچووینایە ژمارەی هەرەمە بازنەییەکان زیادی دەکرد، ئەوەندە هەرەم لەو ڕۆحە سپییانە دروست

بوون له شومار نەدەهاتن... هەتا چاوی ڕۆح هانا بکات هەرەم دەبینرا... هەرەمەکان لەگەڵ زۆربوونی ژمارەیاندا چڕترو چڕتر دەبوونەوە، سنووری نێوان هەرەمەکان تەسکتر دەبوویەوە، تا وایلێهات دیواری هەرەمەکان لە یەکتریان دەدا، هەرەمەکان لە چڕبوونەوە بەردەوام بوون تا سنوور لە نێوانیاندا نەما، سەرەپای هەرەمە بێشوماڕەکان بوون بە هەرەمێکی زەبەلاح، ئەویش چڕ دەبوویەوە، من لە بۆشایی ناو هەرەمە زەبەلاحەکەدا بووم، سنووری نێوان من و دیواری هەرەمەکە کەم دەبوویەوە، لە هەموو لایەکەوە دیوارەکان بەرەو من تەکانیان دەدا، دواجار منیش بووم بە بەشێك لە دیواری هەرەمەکە و هەرچی بۆشاییەك لە گەردوونداید بوونی نەما، من گەیشتمە ناخی گەردوون، گەیشتمە سەر ئەو نەخشەیەی داشەکانی "بوون"ی لەسەر دەبزێ، من گەورە بووم و بە گەردوون بووم، یاخود گەردوون چڕکرایەوە لە منداً، من سەرچاوەی گەردوون بووم، یان گەردوون دایکی من بوو... بەڵکو من و گەردوون لە یەکتر جیا نەدەکرایەوە، نەمدەزانی کامە منە و کامە گەردوون، چونکە یەك (بوون) بوونی هەبوو، نەك دووان، جا یان من بوو یان گەردوون، یان (من و ئەو) بوو بووین بە یەك بوون...

نازانم ئەو بە گەردوونبوونە چەندی خایاند، بەڵام نهێنییەکانی گەردوون لە منداً نەقش بوو... لەپڕ لە یەکتر ترازاین ئەمەش بە جوولە دەستی پێ کرد، لەگەڵ سەرهەڵدانی جوولە (یەك) بوو بە (دوو)، (دوو) بوو بە (سێ)، (سێ) بۆ (چوار)... هەر بەو جۆرە ناکۆتا ژمارەی ڕۆحە سپییەکان سەریان هەڵدایەوە، هەرەمەکان پێك هاتنەوە چڕی نێوانیان کەمتر و کەمتر دەبوویەوە ژمارەی هەرەمەکان کەمی دەکرد، بۆشایی نێوان من و دیواری ئەو هەرەمەی لە ناویدا بووم زیادی دەکرد، تا لە ناو یەك هەرەمدا بچووك بوومەوە، یەك هەرەمەکەش وردە وردە ژمارەی ڕۆحە سپییەکانی کەمی دەکرد، ژمارەیان کەم بوویەوە، کەم بوویەوە، تا یەك ڕۆحی سپی مەزن مایەوە و پەلی درێژ کرد و دەستی

ڕۆحی گرتم و هێنامییەوە بۆ سەربانەکە، جەستەی کەنەفتم بە پێوە وەستا بوو چاوەڕوانی گەڕانەوەی ڕۆحمی دەکرد، دەتوت منداڵێکە و لە دایکییان دابڕیوە و چاوەڕوانە بگەڕێتەوە بۆ لای و لە باوەشی بگرێت، ڕۆحم ئامێزانی لاشەم بوویەوە، ڕۆحە سپییەکەش لە بەرچاوم تۆخ بوویەوە و هەزاران هەزار ڕەنگ و بریسکەی لێ پەیدا بوو...

لەگەڵ ئەو ڕۆحە کەوتمە گفتوگۆ +(بۆ منتان هێنایەوە بۆ ناو ئەم ژیانە شەکەت و پڕ لە ئازارە؟)

ڕۆحەکە-(بە ئازارەکانی ئێرە مەزن دەبیت... گەر دەتەوێ مەزنی بەدەست بهێنی دەبێ ئازار بچێژی، ماندوو ببیت، بە هۆی ئەو ئازارە زۆرانەوەیە گەشتی گەردوونی دەکەیت)

+(کەی بەیەکجاریی ئێرە بەجێدەهێڵم؟)

-(هەر کاتێ هەستت بە ئازار نەکرد)

+(ئەی ڕۆحی پاک، من زۆر کەم هەست بە ئازار دەکەم کەوابوو من مردووم؟!)

-(تۆ نەمردووی، بەڵام ئازارەکانی مەرگت چەشتووە)

+(ئەی ڕۆحی پاک، سکاڵای دەستەیەک لە مردووانم لەلایە و نازانم چۆن مافەکانیان بۆ وەربگرمەوە؟!)

-(ژیان بە ڕەهایی دادپەروەری تیدا بەرقەرار نابێ، خۆت ماندوومەکە)

+(ئەوان داوایان لێکردووم و منیش بەڵێنم پێداون)

-(با ئەو چەند داوایە دواین داوا بێت، چونکە سکاڵاکان لە ژمارە نایەن، ئەو کارەش بە تۆ نەسپێرراوە)

+(ئەی ئەو چەند داوایە چی لێ بکەم؟)

-(بڕۆ لە دووی)

لەگەڵ وتنی ئەو قسەیە"بڕۆ لە دووی" ڕۆحە سپیەکە لە شەقەی باڵی دا و لە بەر چاوم بزر بوو، هاتمەوە هۆش خۆم و چاو و گوێیەکانم کەوتنەوە گەڕ و هەستم بە سەرمایەکی زۆر دەکرد، بەپەلە دابەزیمە خوارەوە و دوو بەتانیم دا بە خۆدا و کەوتمە ناو خەوێکی قوواڵەوە...

پاش چەند ڕۆژێك، بڕیارمدا سەردانێکی دلێر بکەم لە بەندیخانە، کە ڕۆیشتم زۆر بەخۆشی پێشوازی لێکردم...

وتم (ئەمجارەیان دڵت خۆشە هیچت بیستووە؟)

وتی (بەڵێ، هەواڵێکی زۆر خۆش... ژنی پیاوە کوژراوەکە-کە شووبراکەی مارەی کرد بوو- لەم ڕۆژانەدا داوای لە سەر مێردی دووەمی تۆمار کردووە و تیایدا دەڵێ مێردەکەم براکەی خۆی(واتە مێردی یەکەمی) بۆ مااڵ و سامان کوشتووە، بەڵگەی تەواویشی بە دەستەوەیە، ئەو لە داواکەیدا ئاماژەی بەوە کردووە مرۆڤێکی بێتاوان لە سەر هاوسەرە کوژراوەکەی پێشووی گیراوە و تاوانبارەکەش ئازادانە بەرەاڵ کراوە...)

بەو هەواڵە زۆر دڵخۆش بووم... ئەمە ئەو دەرگایە بوو زۆر لەمێژە چاوەڕوانم بە ڕوومدا بکرێتەوە، ئەم ڕووداوە مژدەیەکە بۆ کردنەوەی دەرگاکانی تر... خواحافیزیم لێکرد و هاتمە دەرەوە...

نزیکی هەفتەیەك بە دوای ئەو ژنەدا گەڕام کە زەوی و مووڵکی منداڵەکانی تاڵانفرۆش کرد بوو، دواجار دۆزیمەوە و تەقەم دا لە دەرگایان و داوام لێکرد ڕێگەم پێ بدا و لە حەوشەکەدا چەند قسەیەکی لەگەڵ بکەم... ئەویش دوو کورسی هێنا و فەرموووی لێکردم.....

سەرەتا بەم جۆرە لەگەڵی کەوتمە گفتو گۆ: +(تۆ من دەناسی؟)

-(نەخێر)

+(من باش تۆ دەناسم، ناوت گەلاوێژە، مێردەکەت پێنج ساڵ لەمەوبەر کۆچی دوایی کردووە، چوار منداڵت هەیە)

-(فەرموو، چیت دەوێ؟ بۆچی هاتوویت؟)

+(هاتووم پێت بڵێم مولّك و زەوی و مـاڵی ئـەو منداڵانـە تـاڵانفرۆش مەکـە و بـە نرخی درۆینە مەیان فرۆشە)

کە ئەمەم وت ڕەنگی زەرد هەڵگەڕا و تف لە قوڕگیدا وشك بـوو وتـی-(جـەنابت کێی، وا ئەوەندە چاو نەترسی و بەم جۆرە قسەم لەگەڵ دەکەیت؟)

+(جەنابم هەرکەس بم، چاك ئاگادارم خەریکی چیت و بـۆ فرۆشـتنی مولّکـەکان لەگەڵ کێ ڕێککەوتووی)

-(کاکە ئەم منداڵانە کەس و کاریان هەیە و هـیچ کەسێکیان ئـەم قسـانەی تـۆ ناکەن، ئەوجا ئەمانە منداڵی خۆمن)

+(کەس و کاریان بێ ئاگان لەو کارە چەوتانەی دەرهەق بەم منداڵانـە ئـەنجامی دەدەی، ئـەو منداڵانـەش گـەر کـەمترین بـەزەییت بۆیـان هەبوایـە، ماڵەکـەیانت تەفروتونا نەدەکرد)

-بەقوڕگی پڕ لە گریانەوە-(تۆ کابرایـەکی زۆر سـەیرو ترسـناکی، بـەم کـارەت چیت پێ دەبڕێت؟)

+(لەو پوڵ و پارانەی تـۆ دەتـەوێ بـەش و تووشـی بکـەیت هیچـم پـێ نابڕێـت، ئەوەش بزانە بەڵگەی تەواوم لە سەرت هەیە)

-(جا دەتەوێ چی بکەی؟)

+(گەر ئەو مولّك و سامانە نەگێڕییەوە بۆ ئەو منداڵانە، ناچارم بتدەم بە دادگا و یاسات لێ ئاگادار بکەمەوە)

-(تۆ چیت لەم کەین و بەینە دەست دەکەوێت؟)

+(زۆر شتم دەست دەکەوێت، بەڵام بەپارە نانرخێنرێن)

-(گـەر پارێزەریـت ئـەوان چـەندت پـێ دەدەن مـن دوو ئەوەنـدە و گـرفتم بـۆ دروست مەکە)

+(ئەوەی ئەوان پێیان داوم تۆ ناتوانی بە منی بدەی)

-(ئامادەم بۆ هەموو داوایەکت)

+(هیچ داوایەکم لە تۆ نییە، جگە لە گێڕانەوەی مولّك و مالّی ئەو منداڵانە)

-دوای ماوەیەك بیرکردنەوە و هەندێك گریان-(گەر ئەو کارە ئەنجام بدەم و هەموو شتەکان وەك خۆی لێ بکەمەوە دواتر لە ڕووی یاساییەوە لە سەرم ناڕۆی؟)

+(بەڵێنت پێ دەدەم جگە لە خۆم هیچ کەسێك لەو کارەت ئاگادار نەکەم، بەڵام باش بزانە منت پێ ناخەڵەتێ و هەوڵی فریودانم مەدە، چونکە یەکەمجار چۆن بە کارەکانی تۆم زانی ئاواش بەو فریودانە ئاگادار دەبم... دەبێ تۆش بەڵێنم پێ بدەی سەرجەم زەوی و مولّکی منداڵەکان وەربگریتەوە، دوای جیاکردنەوەی مافی شەرعی خۆت لە دادگا بیکەی بە ناوی ئەو منداڵانەوە و یاسا سەرۆکاریان بکات)

-(بەڵێنت پێ دەدەم)

+(منیش لە دوورەوە تەماشای بەڵێنەکەت دەکەم و چاوەڕوانم بە زووترین کات جێبەجێی بکەی، من لەمە زیاتر لەگەڵ بەڕێزت قسەیەکم نییە و بە یارمەتی خۆت دەمەوێ بڕۆم)

-(پێم خۆش بوو ناوت بزانم)

+(پێویست ناکات خۆت بە ناوی منەوە خەریك بکەی، خەمی ئەو بەڵێنە بخۆ بە منت داوە)

-(بەڵێنم پێ دەدەی جارێکی تر سەرم لێ بدەیەوە؟)

+(گەر خۆت بگۆڕیت و مافی ئەو منداڵانە بگێڕییەوە)

-(جارێکی تر بەڵێن بێت، دەشزانم تۆ مرۆڤێکی ئاسایی نیت)

+(هەرچۆنێ بێت من دەڕۆم و لای ئێوەم خۆش)

-(خوات لەگەڵ)

یوسوفی شوعله

ئارەزوی سەردانی چاخانەکەی (مام سمایل)ی هەبوو، ماوەیەکی دوور و درێژە محەممەدی خەڵوەتی سەردانی چاخانەی واز لێهێناوە، حەزی لە قەرەباڵغی و تەقەی پیاڵە و بانگی مام سمایل و شاگردەکانی بوو..

لە نامەیەکی تردا محەممەدی خەڵوەتی نووسیبووی: (جاران زۆر بە ئاسایی هات و چۆی چاخانەم دەکرد، ئەم جارەیان بە هەندێ پێچسکێ و ترس و لەرزەوە یەکەم هەنگاوم نا بۆ ناو چاخانەکە... چاخانەش ترسی خۆی هەیە، چونکە بە قەدەر ژمارەی دەم و چاوەکان نەخشە و مەرام لە پشتەوە خۆی حەشارداوە، لە چاخانەدا هەموو کەسێك دەیەوێ براوە بێت و بەرانبەرەکەی دۆڕاو، ئەهلّی چاخانە بەپێچەوانەی کێبەرکێیەکانی ترەوە بە ئولفەت یەکتری دەستەمۆ دەکەن، بە ئولفەت بەرانبەرەکەی دەبەزێنێ، خەڵکی ناو چاخانە لە یەك کاتدا هەموویان زاڵ و هەموویان بەزیوون، هەموویان براوە و هەموویان دۆڕاون....

نەمویست لە دەرگای چاخانەکە زۆر دوور بکەومەوە بۆیە پاش یەك دوو هەنگا و خۆم هەڵدایە ناو کورسییەکی دارینەوە، ئەوەندە لەمێژ بوو نەهاتبووم، وام دەزانی هەموو خەڵکی ناو چاخانەکە سەیری دەم وچاوی من دەکەن، بەڵام کە دانیشتم و بە تیلەی چاو هەندێ دەوروبەری خۆمم پشکنی بۆم دەرکەوت هەرمنم سەیری ئەوان دەکەم و هەریەك لەوانەی بە دەوروبەری منداں سەرقاڵی خۆیەتی....

مام سمایل سەرپەرشتی شاگردەکانی دەکرد و خۆی لە کاروباری هەریەکەیان هەڵدەقورتان:

"ڕۆڵە چایە بێنە بۆ مامت"،"کوڕم ئەو پیالانە کۆ بکەرەوە"،"شەمالێ جامێ ئاوی سارد بۆ ئەو پیاوە"، "کاکە دەستێ دۆمینەیان بۆ دابنێ"، "لەگەڵ تۆمە تاوڵەیەکیان بۆ بهێنە".

چاخانەی مام سمایل زۆر گەورەیە و پێویستی بە چەندین شاگرد هەیە تا کار و بارەکانی بە باشی هەڵبسوڕێ... دانیشتنی ناوچاخانە دەفتەری یادەوەرییەکانی هێنایەوە بەرچاوم... لە دوای ماوەیەکی دوور و درێژ دابڕان تەزوی ژیان بە دەمارە وشکەکانمدا هات و چۆی دەکرد... جەستەی وشک هەڵاتووم تەڕ دەبوویەوە، لێوم کەوتە جووڵە... دەم و چاوی زەرد هەڵگەڕاوم لە ئاوێنەی جامخانەکەدا خوێنی تێ دەهاتەوە و ڕەنگی سوور هەڵدەگەڕا...

مام سمایل (مامۆستا لە مێژە وازت لێ هێناوین، جێگەت چۆڵ بوو–بانگی لە چایچیەکە کرد – کوڕم چایەکی عەننابی بۆ مامۆستا بهێنە).

پاش کەمێك چایەکی بەحێلیان هێنا و منیش بە ئەوپەڕی تامەزرۆیی یەوە – دوای شێواندنی– قومێکم لێدا... ئەو قومە چایە بە قەدەر قەپی سێوەکە لام بەتام و چێژ بوو، هەردووکیان ژیانیان دەبەخشی، ئەو بە ڕۆح و ئەم بە جەستە....لە دواین قومی چاکەدا بووم یەکێك لە براەرە دێرینەکان بە ناوی "یوسفی شوعلە"هاتە پاڵم، دەستی خستە سەر شانم و زۆر بە گەرمی دەستەکانی گوشیم و چاك و چۆنی لەگەڵ کردم...شوعلە ناوی دایکی بوو، بە بێبابی دایکی بە خێوی کرد بوو، دایکی ئافرەتێکی گەورە بوو، ڕۆڵی بابیشی بۆ منداڵەکانی دەبینی...

ئەو بە گلەییەکی پڕ لە خۆشەویستییەوە سەرەتای گفتوگۆی لەگەڵم دامەزراند– (باشە مامۆستا بۆ ئاوا کۆچت لێکردین؟ زۆر تامەزرۆی دیدارت بووم، بەڵام خۆت دەزانی پەیوەندییەکانی ئێمە لە چاخانەوە دەست پێ دەکات و هەر لە چاخانەش کۆتایی پێ دێت... وام زانی سەفەری هەندەرانت کردووە... بە چییەوە خەریکی؟ بۆ دەرناکەوی؟ ئەم ماوە دوور و درێژە لە کوێ بووی؟!)

+(کاك یوسف بەشێك لە هۆی دیار نەبوونم نەخۆشی بوو، بەشێکی تـری حـەزی چاخانەم نەما بوو، ماوەیەکی زۆر نەخۆش بووم، تەنانەت دوکانەکەشم داخسـت بوو، ماوەیەکی کەمە گەراومەتەوە ناو ژیان و کاروباری دوکانەکە)

–(باوەڕم پێ بکە شاعیر بوومایە هۆنراوەیەکم بۆ دووری تۆ دەهۆنییەوە)

+(سوپاست دەکەم، هەستی جوان و بەرزی خۆتە)

–(وەك جاران خوێندنەوەت ماوە؟)

+(بەخودا بڵێم چی، کەمتر لە جاران دەخوێنمەوە)

–(چۆن کاتەکانت بە سەر دەبەی؟)

+(مردوو چۆن کات بە سەر دەبات؟)

–(بەڵام لە خودا بەزیاد بێت تۆ زیندوویت!)

+(یوسف گیان، من پێیەکم لە ناو مەرگدایە و پێیەکەی ترم لە ناو ژیان)

–(لە مەبەستت تێ ناگەم!)

+(من ئارەزوی ژیـانم وەك جـاران نـەماوە، جـاران شـارێك لـە خـەم و خۆزگـەم هەڵگرت بوو، ئێستا نە خۆزگەم هەیە و نەخەمیش دەخۆم).

–(جا مرۆڤ هەیە بێ خەم و خۆزگە بێت؟!)

+(مردنەکەی من لەو جێگەدایە، کە زیندووم و خەم و خۆزگەم نییە).

–(مامۆستا زۆر سـەیر گـۆڕاوی بـە سـیما و قسـە و ڕەفتـاردا دەڵێـی ڕابـەرێکی ڕۆحیت و وانەی مەعنەوی بە شاگردەکانت دەڵێیەوە)

+(داوای لێبوردن دەکەم ئەو چەند قسەیەم بـۆ ئـەوە نـەبوو بـەڕێزت وێنەیـەکی هەڵەت دەربارەی من لا دروست ببێـت... مـن هـەر (محەممەد)ەکـەی جـارانم و هەڵگری هیچ پەیامێکی ڕۆحی و مەعنەوی نیم بۆ دەوروبەرم).

–(بەڵام لەگەڵ ئەوەش من ناتوانم ئەو وێنەیە لە لای خۆم بسڕمەوە).

+(ئەوەیان بۆ خۆت دەگەڕێتەوە و پەیوەندی بە منەوە نییە، باشە کاك یوسف لە ئێستادا بەردەوامیت لە کاری پارێزەری؟)

–(بەڵێ، بۆچی دەپرسی؟)

+(دوو ڕووداو هەیە چەند ساڵێکیان بەسەردا تێپەڕیوە، ڕووداوەکان دەستی تاوان لەپشتیانەوە هەیە و تاوانبارانیش لە دەستی یاسا قوتاریان بووە، باشە گەر من ڕووداوەکان و دوو قوربانییەکە و تاوانبارانت پێ بناسێنم، دەتوانی کاریان لە سەر بکەی و ئەو دڕندانە بە سزای یاسا بگەیەنیت؟)

–(بۆ ناتوانم، بەڵام دەبێت بەڵگە بە دەستەوە بێت)

+(گرفتەکە ئەوەیە هیچ بەڵگەیەکی مادی بە دەستەوە نییە و دەبێ لێکۆڵەرێکی داد شوێنی ڕووداوەکە بکەوێ و بەڵگەی گومانبڕی تیدا ببینێتەوە).

–(ئێمە دەتوانین لێکۆڵەرێك بەو دوو ڕووداوە ڕاسپێرین تاکو بچێتە بنج و بناوانییەوە، بەڵام من دەمەوێ بپرسم تۆ بەڵگەت چییە تاوانبار لەپشتی ڕووداوەکانەوە بوونی هەیە؟)

+(کاك یوسف ڕووداوی یەکەمیان مردنی منداڵێکی دە ساڵانە باوەژنەکەی لە ژوورێکدا بەندی کردووە تاگیانی دەرچووە، ڕووداوی دووەمیش کچێکی حەڤدە ساڵانە کە باوکی مردووە و یەك برای منداڵی هەیە و ئامۆزاکانی لە حەمامدا ئاگریان تێ بەرداوە، هەردوو ڕووداوەکەش لای دەزگا بەرپرسەکان فایلیان هەیە و ڕاپۆرتی پزیشکی بە ڕووداوێکی ئاسایی تۆماری کردوون)

–(باشە، بەڵام تۆچۆن ئەمانە دەزانی؟)

+(با شوێنی دوو ڕووداوەکە بکەوین، گەر وادەرچوو قسەت بۆ دەکەم)

–(من لە سبەینێوە دەست بەکار دەبم)

+(منیش ناوبەناو سەردانی ئێرە دەکەم و دەتبینمەوە)

محەممەد ناونیشانی تەواوی دوو کەسەکەی بە یوسوف دا و چاخانەکەی بەجێهێڵا و ڕووی لەماڵەوە کرد...

بە درێژایی مانگ و نیوێك سەردانی چاخانەکەی دەکرد و یوسفی نەدەبینییەوە...

ڕۆژێك لەپڕ سەری هەڵدا و لە تەنیشتییەوە دانیشت و محەممەد پێی وت +(ئەم ماوەیە زۆرم ماندووم کردیت...)

-(بەپێچەوانەوە زۆر زۆر دڵخۆش بووم)

+(دەڵێی ئەنجامێکت دەست کەوتووە؟)

-(بۆچی نە، باشترین ئەنجاممان بە دەست هێناوە... ئەم ماوەیە کە لە تۆ بڕام، پەیوەندیم بە لێکۆڵەرێکی برادەرمەوە کرد و دوو ڕووداوەکەم بۆ باس کرد -بە بێ ئەوەی ناوی تۆ بهێنم- ئەو دوای بە دواداچوون و لێکۆڵینەوەی تایبەت بە خۆی پێی باش بوو پەیوەندی بە کەسێکی ئەو دوو قووربانییەوە بکەین تاکو داوا لە سەر تاوانبارەکان تۆمار بکەن...

سەرەتا چووینە لای باوکی منداڵەکە و ڕووداوەکەمان تێ گەیاند و پێمان وت ئەم ژنەت تۆمەتبارە و لەوانەیە دەستی لە مردنی کوڕەکەتدا هەبێت، بەڵام ئەو قسەکانی ئێمەی وەرنەگرت و زۆر بە توندی هاتەوە بە ڕوومانداا... منداڵەکە خوشکێکی دایك و باوکی مێردکردووی هەیە پەیوەندیمان پێوە کرد و لە ڕاستی ڕووداوەکە حاڵیمان کرد و قەناعەتمان پێ هێنا داوایەك لەسەر باوەژنەکەی تۆماربکات و ئێمەش ئەوپەڕی کۆمەکی و یارمەتی پێشکەش بکەین... ئەویش زۆر ئازایانە لە دادگا داوایەکی دژ بەو ئافرەتە تۆمارکرد و بڕیاری لێکۆڵینەوە و دەستگیر کردنی بۆ دەرکرا...

پاشان پەیوەندیمان بە دایکی کچە سووتاوەکەوە کردو تێمان گەیاند کچەکەت پێدەچێ خۆی خۆی نەسووتاندبێ و ئامۆزاکانی ئاگادارین بەو دەستە ڕەشەی

ئاگری تێ بەرداوە...بۆیە وەرە لە دادگا داوایەك لەسەریان تۆماربكە و ئێمە لەپشتت دەبین بۆ ئەوەی تاوانباری ڕاستەقینە بدۆزرێتەوە...ئەویش هەروەك ئەوەی پێشوو داوای خۆی تۆمار كرد و تاوانباران دەسگیر كران... دوای لێكۆڵینەوە لەگەڵ ژنەكە دانی بە تاوانەكەی خۆیدا ناو و لەم ماوەدا حوكم دەدرێ... ئامۆزایانی كچە سووتاوەكەش سیانن، دوانیان تاوانەكەیان كردە گەردنی برا گەورەكەیان و وتیان ئەو بەو كارە هەستاوە و ئەوانیش چاوەڕێ ی حوكمی دادگان...)

+(كاك یوسف دەڵێی خەلأتێكی گەورەت كردووم، نازانم چۆن منەتباریی خۆمت بۆ دەربڕم!)

-(مامۆستا منیش بە قەدەر تۆ ئەركی سەرشانمە بەرگری لە مافی هاوڵاتیان بكەم و دەستی تاوان ڕابگرم... بەڵأم پێم بڵێ -وەك بەڵێنت پێدام كەپێم بڵێیت- چۆن لە ڕاستی ئەو ڕووداوانە گەیشتی و بۆچی تەنها ئەم دوو ڕووداوە و چ پەیوەندییەكی بە تۆوە هەیە؟)

+(كاك یوسف - باوەڕم پێ بكە - هەندێ جار خۆشم باوەڕ بە خۆم ناكەم ئایا من مرۆڤێكی زیندووم یان مردوو گەر زیندووم بۆچی لەگەڵ ڕۆحی مردووانداتێكەڵم، ئەی گەر مردووم لە سەر ئەم زەوییە چی دەكەم؟).

-(بەو چەند قسەیە لە نهێنییەكەت گەیشتم... زۆر لە مێژە بە دوای كەسێكدا دەگەڕێم وەڵأمی پرسیارەكانی منی لەلا بێت، تۆ ئەو كەسەی من لە دووت دەگەڕێم... زەحمەتە لە دەستم قوتارت ببێت).

+(كاك یوسف من بۆ خۆم پرسیارێكی گەورەم، لە كوێ دەتوانم وەڵأمی پرسیارەكانی تۆ بدەمەوە؟!)

-(منیش لە مێژە عەودالّی مرۆڤێكم بۆ خۆی پرسیارێكی گەورەبێت)

+(بەهـەرحاڵ، مـن دووبـارە دەسـت خۆشـیت لێ دەکـەم بـۆ ئـەو ئەرکـەی سەرکەوتووانە بە ئەنجامت گەیانـد، دەبـێ مۆڵـەتی مـن بـدەی پێویسـتە بـڕۆم، جارێکی تر یەکتر دەبینینەوە)

محەممەدی خەڵوەتی یوسفی بە دەیـان پرسـیاری بـێ وەڵامـەوە بـە چـاخانەکە سپارد و وردە وردە بە کۆڵانە باریك و پڕ پێچەکاندا بەرەو ماڵەوە بەڕێکەوت..

چەند مانگ بەسەر بینینی یوسفدا تێپەڕی، محەممەدی خەڵوەتی ئەو ماوەیە مەیلی چوونە چاخانەی نەمابوو... شەوێکی هاوین بوو، لە سـەربان جێگـەی بـۆ نوستن ڕاخست بوو... ڕوو بە ئاسمان دەست لەژێر سەر لەگەڵ ئەستێرە ورد و درشتەکاندا ڕۆحی کەوتە سەما... حەزی دەکرد ڕوو بکاتە چـۆڵەوانی و لاشـەی بە ڕووتی لە خاك و خۆڵدا تەپاوتل بکـات، ئـارەزووی بـوو لـە تـرۆپکـی لوتکـەی شاخێك لەسەر نووکی پـێ بوەسـتێ و هـەردوو دەسـتی والاّ بکـا و سـەر بـەرەو ئاسمان پڕ بەسنگی خۆی هـەوا هەڵبمـژێ و پـڕ بـە قـوڕگی هـاوار بکـات، بـەڵام نەیدەزانی هاوار لە کێ؟ بۆ کوێ؟

حەزی بە کوڕوزانەوە و لاڵانەوە دەکرد: (ئەی خودای پڕ لە میهـرو بـەزەیی، وەرە ئەم شەو دەست لە ملانم بە، ڕۆحی شەکەتم تاوێ بحەوێنـەوە، جەسـتەی ماندووم ئیسراحەت پـێ بدە، ئەی گیانی گیانان، وەرە بە پەنجە نوورانییـەکانت فرمێسکەکانم لەسـەر ڕوخسـار بسـڕەوە، دڵۆپێـك لـە نـووری چـاوی خـۆت بکـە چاوەکانم تاکو هەموو جیهـانی نادیـاری پـێ ببیـنم، ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئـاوای ئـەم هەسارەی پێ تەماشا بکەم، وەرە بە دەمی موبارەکت فوویەك بکـە بـە گوێمـدا تـاکو تەسـبیحاتی فریشـتەکانت ببیسـتم، تـاکو هەناسـە و تڕپـەی دڵ و وشـە شیرینەکانی عاشقان بەر گوێم بکەوێ، وەرە ئەی ئەو کەسەی هەمیشە جوانی و پیری ناناسی، باڵی نوورانیتم بۆ ڕابخە تاکو هەموو مەڵـەکوت تـەی بکـەم، وەرە ناو باوەشم و بە هەموو بوونی مندا بچۆ خوارێ و گەرد و گەردیلەکانی وجـوودم نووڕانی بکە، پەردەی ئەستێرەکان و کەشکەشانەکان لا بدە و لە سـەر تـەختی

موبارەکت وەرە خوارێ و هەموو ئاسمانەکان تەی بکە تاخۆت دەگەینییە سەر تەختی دڵم، تەنها دڵی من جێگەی تۆی تیا دەبێتەوە، لە چاو گەورەیی و شکۆمەندی تۆ کورسی و تەختت بچووکە، وەرە و هەموو ئەوانەی بانگەشەی عیشقی تۆ دەکەن بە درۆیان بخەرەوە، وەرە لە دەست ئەم هەموو درۆزنانە لەلات سکاڵام هەیە... وەرە بۆلام و دیدەنییەکم بکە... ئازیزەکەم بەتەنها نامەکانت تاسەم ناشکێنن، پەیامهێنەکانت بە دەستاو دەست نامەکانی تۆیان پێ گەیاندووم، بەڵام نازانم چۆن نامەکانت بکەمەوە، چۆن لە پیت و وشەکانت حاڵی ببم... وەرە گیانی گیانانم هەموو شتەکانم لێ بووە بە تۆ، لە شەوێکی مانگاشەودا کانیاوی بن دارقەزوانێ چاوە جوانەکانی تۆ نەقش دەکات...تنۆک، تنۆک چۆڕانەوەی بەفری بەهاری لاپاڵی چیایەك فرمێسکە مرواریەکانی تۆ کە لە بێ مەیلی عاشقانت هەڵی دەوەرێنی دێنێتە پێش چاوم...شەبەنگی خۆر و پەلکەزێڕینە گەواهی جوانی ئەو نوورە دەدەن کە لە ڕووە نازدارەکەتەوە هەڵدەقوڵێ و هەموو وجوودی پێ نووراني دەکەی....

ئاگام لێ بوو چەندجارێکی تر وشەی"وەرە" لە لێوەکانم دەبیسترا، تا دواجار چاوەکانم خامۆش بوون و ئاگام لە خۆم بڕا، لە خەونمدا: لە دەشتێکی زۆر بەرینداما، بەبێ ئاراستە دەگەڕام و ورد دەبوومەوە، لە ناکا و چوار کەسی تر، دوو دوو پەیدا بوون، دوانیان لە سەرەوە پەیدا بوون و دوانیان لە خوارەوە، هەموو هاتن و هەر پێنجمان بەرەو ڕۆژهەڵات بەڕێکەوتین، وردە وردە گردۆڵکە دروست دەبوو، ئێمە بەردەوام بووین لە ڕۆیشتن، تاگردۆڵکەکان گۆڕان بە چیا، لە دامێنی چیایەکدا لامانداید سەرکانی و ئاوێکی زۆر دڵگیرو سازگار، تێرو پڕ ئاومان خواردەوە پشوومانداا، هەندێك لەکانی و ئاوەکە دوورکەوتینەوە ڕێمان لە باخێك کەوت هەرچی دڵ ئارەزوی بکات تیایدا بوو، هەر یەکەمان ڕوومان لەلایەکی ئەو باخە دڵڕفێنە کرد و لە ناز و نیعمەتەکانیدا تەپاوتلمان دەکرد، لەپڕ بەئاگا هاتم و لە سەر جێگەکەم چەند هەنگاوێك دوورکەوتبوومەوە...

خەونی بینینی دەشت و سارا و گەشتی ئەو جێگانە لە منداڵییەوە لێم جیا نەدەبوویەوە...

بەیانی هەستام و بیرم لەو چوار کەسە دەکردەوە دەبێ کێبن؟ تێگەیشتم ئەو چوارکەسە، دوانەکەی سەرەوە (بابای گیافرۆش و فەخری) بوون، دوانەکەی خوارەوەش (جاوید کوێستانی و یوسفی شوعلە) بوون...

خولیای بینینی هەرچواریان داگیری کردم، دەشمزانی ئەو خولیایە لە خۆوە نییە و سەرئەنجامێکی لێ دەکەوێتەوە..

هەر لەو ماوەدا بوو بەباشم زانی هەواڵێکی دایکی منداڵە بێبابەکان بپرسم، دوای عەسرێك سەردانی ماڵەوەیانم کردو تەقەم دا لە دەرگا و کچێکی هەشت نۆ ساڵان دەرگای لێکردمەوە، هەواڵی دایکیم پرسی وتی: نەخۆشە و لە ماڵەوە کەوتووە، وتم برۆ بڵێ پیاوێك هاتووە بۆ سەردانت، مۆڵەت دەدا بێمە ژوورەوە؟ پاش کەمێك منداڵەکە گەڕایەوە و فەرمووی لێکردم، پێشمکەوت و بردمی بۆ ئەو ژوورەی نەخۆشەکەی تێدا بوو، سەرم بردە ژوورەوە و بینیم لەسەر قەرەوێلەیەك ڕاکشاوە و لەگەڵ چوونە ژوورەوەی من تەکانی بەر خۆیدا هەڵبسێتەوە، منیش تکام لێکرد خۆی زەحمەت نەدا... هەواڵی نەخۆشییەکەیم پرسی وتی: تووشی ڕەبو و هەناسە تووندی بووم و چەندین دکتۆرم کردووە و چارەسەرم نییە...منیش هەندێك سەرەخۆشی و دڵنەوایم کرد...

دیار بوو دەیزانی بەپەرۆشم بۆ سەرئەنجامی ئەو بەڵێنەی بە منی دابوو، بۆیە هەر زووبەزوو وتی—(مامۆستا بەڵێنەکەی خۆمم بردەسەر، چۆنت داوا کرد ئاوام کردووە... من لای خۆمەوە زۆر مەمنونی تۆم کە دەستت گرتم و لەو تاوانە ڕزگارت کردم... بەڕاستی گەورەترین دڵسۆزی من و منداڵەکانی...)

ئافرەتێکی تر لە لای دانیشتبوو دیار بوو خوشکی بوو، کە ئەو قسانەی بۆ من کرد خوشکەکەی پێی سەیر بوو، چونکە منی نەدەناسی، منیش پێم وت

+(خوشکی بەڕێزم، هەموو مرۆڤێك تووشی هەڵە دەبێ، گرنگ ئەوەیە بەردەوام نەبێت لە سەر هەڵە، تۆش لەلای من مرۆڤێکی گەورەی، چونکە چوویتەوە بە هەڵەکانی خۆدا، دەبێ من مەمنونی تۆ بم بە قسەت کردم و بەڵێنەکەت بردە سەر)

خوشکەکەی بۆ هێنانی پەرداخێ ئاو چووە دەرەوە، ئافرەتە نەخۆشەکە-بە دەنگێکی نزم- بە منی وت: (من تا ئێستاش ناوی تۆ نازانم - با هەر نەشزانم- بەڵام تکایەکم هەیە لە بەڕێزت ئەویش ئەوەیە من دەمرم و ئەم منداڵانە بەجێ دێڵم، لە دوای من چاوێکت لەم منداڵانەوە بێت، چونکە نزیکترین کەس بەم منداڵانە من بووم منیش گەر تۆ فریام نەکەوتبای گەورەترین ستەمم لێ دەکردن... ئاگات لەم چەند منداڵە بێت چونکە-لە دوای خودا- تۆ نزیکترین کەسی بەم منداڵە بێبابانە).

منیش هەندێ دڵنەوایم کرد و بەڵێنم پێدا گەر لەم شارەدا بم ئاگام لێیان بێت و پێشم وت +(دڵی خۆت زویر مەکە و مردن بە نەخۆشی نییە، گرنگ ئەوەیە مافی ئەو منداڵانەت نەخواردووە و بە هەژاری بەجێیان ناهێڵی)

-(تۆ فریام کەوتی ئێستاش خەجاڵەتم کە ئەو ڕۆژە بەرخورد و هەڵسوکەوتی جوانم لەگەڵ نەکردی، تووخودا لێم ببورە).

+(بیر لەوشتانە مەکەرەوە، تۆ لای منەوە گەردنت ئازاد بێ و هەر چییەکت وتووە بە برایەکی خۆتت وتووە... من زۆرترم لەوە بۆخۆم بڕیار دابوو، وام چاوەڕوان دەکرد بە قسە لە ماڵەکەت بمکەیە دەرەوە، بەڵام تۆ زۆر زوو وەڵامی داواکەی منت دایەوە... وەڵام دانەوەی خێرات بۆ داوایەکەی من لەو ڕۆژەوە جێگەی پرسیاری منە، دیارە ئەوە بۆ چاکی و پاکی تۆ دەگەڕێتەوە)

-(زۆر زۆر مەمنونتم، لەراستیدا بەر لە بینینی تۆ بۆخۆشم شەوان بیرم لەو کارەم دەکردەوە، دەمزانی زوڵمێك لەو منداڵانە دەکەم، زۆر لۆمەی خۆمم

دەکرد، بەلآم ئەو پیاوە ناپاکە وەک شەیتان هاتبووە بن دەستم و بە سەد بەڵێنی درۆ منی فریوو دابوو، ئێستاش دەزانێ نەخۆش و کەنەفتم دەستی لێ بەردام و تەنانەت تەلەفوونێکی هەوالپرسی بۆ نەکردم)

+(من مۆڵەتت لێ دەخوازم و حەزناکەم خۆت زۆر خەفەتبار بکەیت).

چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک و بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە خواحافیزی لێکردم و منیش هاتمە دەرەوە...

پاش چەند ڕۆژێ سەردانێکی بەندیخانەم کرد و هەواڵی برادەرەکەمم پرسی، وتیان بێتاوانیی ئەو سەلمێنرا و ماوەیەکە لە بەندیخانە قوتاری بووە... ئەم دوو سەرئەنجامە زۆر دڵخۆشی کردم، بەلآم بە نەخۆشی مەرگی ئەو ئافرەتە هەندێک دڵگران بووم، بەتایبەت کاتێک بیرم لە بێ باوک و دایکی منداڵەکان دەکردەوە... شەوێک تەقە لە دەرگا درا، خۆم بە دەم دەرگاوە چووم و بینیم "یوسفی شوعلە"یە، دەستمان لە گەردنی یەکتر ئالآند و فەرمووم لێکرد بۆ ژوورەوە... پاش هەواڵپرسین و خواردنەوەی چا وتی—(مامۆستا، لەم ماوەیەدا گۆڕانی سەیر لە بیرمدا سەری هەڵداوە)

+(وەک چی؟)

—(دوای ئەو یەک دووجار بینینەی تۆ، شەوانە کەوتمە بیرکردنەوە، بیرکردنەوە لە هەموو شتێک، تەنانەت بیرکردنەوە لە بیرکردنەوە، هەندێ جار ئەوەندە خۆم دەدایە دەم شەپۆلی بیرکردنەوە، تەواوی شەوەکەی داگیردەکردم، بیرکردنەوە تۆیژی بیرکردنەوەی لا دەدا، تا دەرئەنجام گەیشتمە کرۆکی شتەکان، بەلآم کرۆک و گەوهەری شتەکان دەرگایەکی کلۆم بوو کە ئەو دیوی دەرگاکە دەیڕوانی بە سەر جیهانێکی بێسەروبندا... بیرکردنەوەم گەیشتە بنبەست... دەمویست تەقە لەو دەرگا کلۆمە بدەم، نەم دەموێرا و زاتم نەدەکرد... هەستم دەکرد لە ناو بیرکردنەوەدا ئازادم، ئەم دیوی دەرگاکە بازنەی ئازادییەکانە، کە لە

دەرگاکەوە چوویە ژوورەوە ئازادی و مانای ئازادی بەم مانای ئێمە لێی تێدەگەین کۆتایی پێدێت...

ئەم شەو هاتووم پێکەوە قسە لەو دەرگا و نهێنییەکانی ئەودیو دەرگاکە بکەین... هاتووم بزانم تۆ لەو دەرگات داوە یان نە؟ گەر لێیچوویە ژوورەوە نهێنییەکانی ئەو جیهانە لە چیدایە؟)

خەڵوەتی +(گەر مرۆڤ ئازادانە بڕیاری کۆیلەیی بدات ئازادە)

یوسف–(تێ ناگەم!)

+(تۆ ئەم دیوی دەرگاکە بە بازنەی ئازادییەکانی مرۆڤ لێکدەدەیەوە و ئەودیوی دەرگاکە بە دونیایەک تەماشا دەکەیت تیایدا مرۆڤ ئازادییەکانی خۆی لە دەست دەدا؟)

–(بەڵێ)

+(گەر ئازادانە و بە ویستی خۆت بڕیار بدەی و لەو دەرگایە بچییە ژوورەوە، دیسان ئازادی... تۆ لە دونیای ئەودیو دەرگاکە بەکۆیلەیی خەریکی پیادە کردنی بڕیارێکی ئازادانەیت، تۆ لە ڕواڵەتدا مرۆڤێکی کۆیلەیت، بەڵام لە جەوهەر و کرۆکدا تا ئەوپەڕی سنووردەکانی ئازادی ئازادیت، مرۆڤ لەو دونیایەدا ئەوەندە ئازاد دەبێت، پانتایی کۆیلە بوونیش دەگۆڕێ بە ئازادی... ئازاد مرۆڤێکە سڵ لە سنووردەکان نەکاتەوە، گەر سنووری کۆیلەبوونیش بێت، ئەوکەسەی بەناوی ئازادییەوە جیهانێکی پڕ سنوور بۆ خۆی دەخولقێنێ لە ڕواڵەتدا ئازادە، بەڵام لە جەوهەر و کرۆکدا کۆیلەیە..)

–(کۆیلەی چ شتێکە؟)

+(کۆیلەی ئازادییە... کاك یوسف ئێمە ئازادی سەردەممان لێ بووە بە سەنەم– ئەم ڕاستییەم لە دەمی جاوید کوێستانی بیست–ئێمەی بە ناو ڕۆشنبیر لە ناو بتخانەی ئازادیداین...)

-(بۆچی ئازادیش بتخانەی هەیە؟)

+(بەڵێ، ئازادیش بتخانە و کەهەنوتی تایبەت بە خۆی هەیە... کەهەنوت ئەوکەس و ناوەندە پۆشنبیرییانەن بەردەوام دەیانەوێ ئێمەی سادە هۆگری بتخانەی ئازادی بکەن... ئەوان دەیانەوێ پەرسشمان تەنها بۆ ئەو بتخانەیە بێت... کەهەنوتی پۆشنبیری دەسەلاتی خۆی بۆ ناو سیستمی سیاسی و کۆمەلایەتی دەگوێزێتەوە... ئەوان دەیانەوێ هەموو ژیان ملکەچی بتخانەی ئازادی بکەن..! لەلای من ئەم ئایینە تازەیە گەورەترین زوڵمی لە چەمکی (ئازادی) کردووە... مژدەدەرانی ئایینی ئازادی کەسانێکن لە ماناو گەوهەری ئازادی نەگەیشتوون...

-(مامۆستا تۆ ئەودیو دەرگاکە چۆن تەماشا دەکەی و حەقیقەتی ئەو جیهانە لە چیدایە... ئایا وەک فەزای ئایینەکان مرۆڤ گیرۆدەی کۆمەڵێك سروت و بەند و باوی شرۆڤە نەکراو دەکات؟)

+(سەرەتا دەبێ بزانی، نە من مژدەدەرێکی ئایینیم و نەقسەکانیشم لە ئایینەوە وەرگیراوە... دەمەوێ پێت بڵێم ئەمانەی بە بەڕێزتی دەگەیەنم بە وەرزش و پەروەرشی ئایینی بە دەستم نەهێناوە...)

-(کەمێك لە حەقیقەتی ئەو جیهانەم بۆ باس بکە)

+(کاك یوسف، هەر مرۆڤە و جۆرە دەفرێکە... هەر دەفرە و ڕەنگ و ئەندازەی تایبەت بە خۆی هەیە، کاتێ بەشێك لەو جیهانە دەچۆڕێتە ناو دەفری منەوە، یاخود کاتێ من دەچۆڕێمە ناو دەفری ئەو جیهانە-مەبەستم ئەودیو دەرگاکەیە- جۆرە ئەزموونێك سەرهەڵدەدات لە ئەزموونی کەسەکانی تر ناچێت، ئەو جیهانە بە گەز و مەنی من ناپێورێ... پێوەری من تەنها بۆ من دروستە و شیاو نییە بکرێتە پێوانەیەکی گشتی و هەموو کەسێك پێی بپێوێ... ئاو لەناو دەفرێکی شیندا، شین دەنوێنێ، هەمان ئاو بچۆڕێتە ناو دەفرێکی تر بە

ڕەنگێکی تر خۆی نمایش دەکات... هەرێەك لە ئێمە ئەزموونێکی تایبەت بە خۆمان هەیە..)

–(بۆچی هەمیشە بێدەنگی بەشی ئەوکەسانەیە سەر دەکوتنە ئەو جیهانەوە؟)

+(کاك یوسف، تەواوی ئەم قسانەی من قسەی ئەمدیوی دەرگاکەن، لەودیو دەرگاکەوە قسە نییە، ماناکان بە وشە گوزارشتیان لێ ناکرێ، زمان مەودای زۆر تەسکترە لەوەی بتوانێ مانا بەرز و بڵندەکانی ئەو جیهانە دەربڕێت)

–(هۆکاری گەیشتن بەو جیهانە و کلیلی کردنەوەی دەرگاکە لە چیدایە؟ خۆ ناتوانی لەم پرسیارەش خۆت لا بدەی؟ چونکە گەڕان بەدوای کلیل و هۆکاردا سەر بەم جیهانەیە و لەمدیو دەرگاکەوەیە..).

+(بەڵێ ڕاستە... لە لای من مرۆڤ کاتێ مەوداکانی مەعریفە تەی دەکات و لە ناو شەپۆلەکانیدا تووشی دەستەوسانی و بنبەست بوون دێت، ئەو کەسە لە سنوورەکانی عیرفان نزیك بۆتەوە)

–(دەتەوێ بڵێی مرۆڤ بە ناو مەعریفەدا گوزەر دەکات و دەگاتە ڕۆخی دەریای عیرفان؟)

+(دەمەوێ بڵێم مرۆڤ لە ڕێگەی مەعریفەوە دەتوانێ کەنارەکانی دەریای عیرفان ببینێ، هەر بە مەعریفە دەتوانێ بڕیاری سەفەری بێسەروبنی ئەو دەریا بێ سنوورە بدات–مەبەستم سەفەرە بۆ دەریای عیرفان– بەڵام لەگەڵ یەکەم هەنگا و بۆ دەریای عیرفان، مەعریفە و ڕۆڵی مەعریفە کۆتایی پێ دێت... یان دەتوانی بڵێی مەعریفە بۆ جۆرێکی تر لە مەعریفە دەگۆڕێ).

–(دەتوانی بەراوردێك لە نێوان مەعریفە و عیرفاندا بکەیت؟)

+(مەعریفە جەستەیە، عیرفانیش ڕۆح، مەعریفە تۆپکڵە، عیرفان کرۆك... مەعریفە فانۆسە، عیرفان ئەو شەوق و نوورەی پەخشی دەکاتەوە... گەر مەعریفە پەیبردن بێت بە نهێنییەکان، ئەوا عیرفان نهێنی ئەو نهێنیانەیە... گەر

مەعریفە گەڕان و خولیا و عەودالّبوون بێت، ئەوا عیرفان سەرئەنجامی ئەو گەڕانەیە)

–(کەوا بوو عیرفان درێژکراوەی جیهانی مەعریفەیە؟)

+(وشەی"درێژکراوە" ڕەهەندێکی ئاسۆیی تیا بەرجەستە دەبێت، من پێم باشە بڵێین"عیرفان سەرئەنجامی شۆڕبوونەوە و قووڵ بوونەوەیە لە ناو مەعریفەدا")

–(ئەم قسانەی بەڕێزت لەسەر عیرفان، سەر بە کام جیهانە: مەعریفە یان عیرفان؟)

+(ئەم قسانە مەعریفەی عیرفانە، واتە دەمانەوێ بە مەعریفە و کەرەسەی مەعریفە قسەیەک لە دونیای عیرفان بکەین)

–(من لێرەدا دەوەستم و لەمە زیاتر بە خۆمەوە ماندووت ناکەم و دەمەوێ بڕۆم)

+(تۆ ئازادیت...).

دۆزینەوەی فەخری

محەممەدی خەڵوەتی ڕۆژانی هەینی سەردانی گۆڕستانی دەکرد و لە سەر گۆڕی دایکی و بابی چەند کاتژمێرێك دەمایەوە، شەوی هەینی خولیای بینینی فەخری داگیری کرد، ئەو تامەزرۆ بوو بۆ بینینی و نەیدەزانی ڕوو لە کوێ بکات... ئەو شەوە لە خەونیدا دایك و باوکی و فەخری هاتن بە سەردانی و تا شکاندنی تاسە لەگەڵ یەکتر مانەوە... بەیانی لەگەڵ هەڵاتن خۆی گەیاندە گۆڕستان و ڕوو بە دایکی پشتی نا بە کێڵی قەبرەکەی وکیەوە، سەربوردەی بەشێك لە مەینەتییەکانی هێنایەوە بەر کامێرای خەیالی (باوکی ئازیزم مردنی تۆ بێ پشت و پەنا بوونی من بوو.. دایکی شیرینم وەفاتی تۆ، وەفاتی ناز و خۆشەویستی بوو... هەر ڕۆژێ دێ مەینەتییەکانی منداڵی و ئازارەکانی لاوێتی خۆمتان بۆ بگێڕمەوە... سەموون فرۆشی، شاگردی چاخانە، بۆیاخ کردنی پێڵاو، عارەبانەچێتی... هەریەکەیان ڕۆمانێکی پڕ لە تراژیدیایە... ژیانی سی ساڵی یەکەمی تەمەنم لێوانلێوە بە سەربوردەی مەینەتییەکان...

هەموو دەردەسەرییەکانم لە بیر بچێت ئەوەم لە یاد دەمێنێ بەیانییەك لە بەردەم دوکانی وشکە فرۆشێك سندوقی بۆیاخ کردنەکەم دانا بوو... یەك دووجار خاوەن دوکانەکە بە تورەییەوە فەرمانی دەردەکرد لەو جێگە دانەنیشم، منیش جێگەی ترم شك نەدەبرد و نەمدەزانی ڕوو لە کوێ بکەم، مامیلەکانیشم هەمیشە ڕوویان لەو دەوروبەرە دەکرد، بۆیە خۆم لە گێڵی دا، بە هیوای ئەوەی خاوەن دوکانەکە داوایەکەی لە بیر بچێتەوە، لەنەکاو درامە بەر زلە و شەق و سندوقەکەمی بە لەقە ورد و خاش کرد... لە هەمووی ناخۆشتر ئەوە بوو چەند

کەسێك ویستیان دەستی بگرن و نەهێڵن لێم بدات، ئەویش پڕ بە دەم هاواری دەکرد و دەیوت: دەستم مەگرن ئەم منداڵە من دەیناسم بێ ئەخلاقە، فیعلی قۆڕە، درۆ دەکات ئیشکەر نی یە، کاسپی ناکات...ئەمانەو هەزار شتی ناشیرینی تر کە دەیدا بە ڕوومدا...)

ئەو لە هێنانەوە بەریادی سەربوردەی مەینەتییەکاندا بوو، لەپشتەوە دەنگی کەسێکی بیست دەیوت: ئەم دەنگە بناسە!)

خەڵوەتی لای کردەوە و کەسی نەبینی، چونکە خۆی دابووە پاڵ یەکێك لە گۆڕە هەڵبەستراوەکانی پشتەوەی محەممەد.. خەڵوەتی +(گەر فەخری نەبێت، مردوویەکی ئەم گۆڕستانەیە، یان باوکم، یان دایکم..)

فەخری هات و دەستی لە گەردنی ئالاند و ماوەیەکی زۆر لە یەکتر جیا نەبوونەوە.. پاشان پێکەوە گریان، گریانێك تەنها خۆیان دەیانزانی بۆ...؟

فەخری (بیستوومە لەگەڵ مردووان ئاشنایت و حەزت بە مانەوەیە لەگەڵیان...)

خەڵوەتی (دانیشتن خۆشە لەگەڵ کەسانێك نە بەقسە ئازارت دەدەن، نە کاتێ بەجێیان دەهێڵی ناوت بە خراپە دەهێنن... دۆستانی ئەم سەردەمە لە ڕوودا بە باڵاتدا هەڵدەدەن و لەپشتەوە خەنجەری زمانیان ئاراستەی کەسایەتیت دەکەن).

فەخری (مرۆڤ کاتێ ئاسودەیە، پیاهەڵدان و داشۆردنی لا یەکسان بێت، بە چاك زانین و بە خراپ زانینی مەردومان بۆ من هیچ لە ڕاستەقینەی من ناگۆڕێ)

خەڵوەتی (زۆری دەوێ تامرۆڤ بتوانێ خەڵکی لە ناوەوەی خۆی دەر بکات... بەشێکی زۆری ئەو کار و کردەوانە کە ڕۆژانە نمایشیان دەکەین زادەی ویست و قەناعەتەکانی خۆمان نین، بەڵکو پاڵنەری دەرەوەیە: یاسا، ئایین، بەند و باوە کۆمەڵایەتیەکان، دەمانجوڵێنن و ئاڕاستەمان دەکەن...مرۆڤیش ناچارە یان دەبێت وەك ڕاهیبێ زیان و کۆمەڵ بەجێبهێڵێ و لە ئەشکەوتێك بەتەنها بژی یان بەناچاری دەکەوێتە ژێر بەشێك لەو دەسەلآت و فشارانەوە..

فەخری (پێت وا نییە لە نێوان ئەو دوو ڕێگەدا، ڕێگەیەکی تر بوونی هەبێت؟ ئەویش ژیانە لە کۆمەڵدا بەبێ کەوتنە ژێر دەسەڵاتی، دەمەوێ بڵێم لە ناو خەڵکیدا بژیت، بەڵام حەقیقەتی خۆت لە دەست نەدەیت؟)

خەڵوەتی (ئەو کات تۆ بوونێکی فیزیکت لە کۆمەڵدا هەیە، نەک بوونێك هەست و نەست و ویستێکی تەفاعولکار لەپشتییەوە بێت، مەبەستمە بڵێم تۆ تەنها بە جەستە لە ناو کۆمەڵدای... ئەو جۆرە بوونە، بوونێکی پاسیڤە، بوونێك نییە چالاکانە کار لە گۆڕان و بونیادنانەوەی کۆمەڵدا بکات)

فەخری ("چالاکانە کار لە گۆڕان و بونیادنانەوەی کۆمەڵدا بکات" ئەم قسەیە یۆتۆپیا لەپشتییەوە بوونی هەیە، واتە بەو بەندوباو و یاسا و ڕێسانەی کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن ناڕازیت و دەتەوێ لە سەر ئەو بیر و ئایدیایەی هەڵتگرتووە جارێکی تر کۆمەڵگە دابڕێژیتەوە... پرسیارەکەم ئەوەیە"ئایا ئەم یۆتۆپیایە سەرناکێشێت بۆ دروستکردنی کۆمەڵگەیەکی بچووکی داخراو لە ناو کۆمەڵگەیەکی گەورەی کراوەدا؟

خەڵوەتی (مەرجی سەرکەوتنی یۆتۆپیا بە ئازادییەوە بەستراوە، گەر هەڵگرانی "ئایدیای بانواقیعی" لە ناو کۆمەڵدا ئازادانە کاری خۆیان بکەن، کۆمەڵگەی داخراو سەر هەڵنادات، بەڵکو لە ناو کۆمەڵگە کراوەکەدا و بە کراوەیی یۆتۆپیای خۆیان بۆ واقیع نمایش دەکەن و دایدەبەزێنن، بەڵام کاتێك دەسەڵات بەر لە ئازادییەکان دەگرێت و هەر ئەوەندە باوەڕی بە گۆڕانە بە باڕێکی نێگەتیف بەسەر دەسەڵاتی ئەودا نەشکێتەوە، ئیتر خاوەنی یۆتۆپیا بەرەو داخران هەنگا و هەڵدەگرێ، کەسی یۆتۆپی دەیەوێ خەڵکانێك هەبن گوێ بە یۆتۆپیاکەی بدەن... هۆی بنەڕەتی بە یەکترداکێشان نەبوونی ئازادیە... مرۆڤی ئازاد لە کرانەوەیەکی بەردەمدایە و کەسی دەست بەسەریش بەرەو داخران دەگەڕێتەوە)

-(گەر ئازادی بەرقەرار بێت، یۆتۆپیایەکت لەلایە کۆمەڵگەی پێ بگۆڕێ؟)

+(ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ بە مرۆڤ دەفرۆشرێ منی لەگەڵدا نیم، گەڕان و خولیای من بۆ ئازادی نییە، بەڵکو بۆ جەوهەرو حەقیقەتی ئەو یۆتۆپیا گەردوونییەیە مرۆڤ بە هۆیەوە لەگەڵ خۆی و خەڵك و ژیان و بوونـدا ئاشت دەبێتـەوە... مـن دەمەوێ خۆم بناسم، پەیوەندیم لەگەڵ مرۆڤ دیاری بکەم، لە نهێنییەکانی ژیـان حاڵی ببم، لە ماهیەتی بوون پا بمێنم... ئـەم گـەڕان و خولیایـەش ئازادییەکـەی لەلای خۆمە و کەس ناتوانێ لێمی داگیربکـات... ئـازادی بـۆ گـەڕان لـە ئاسـۆی دەروون و دونیادا لەجێگەیەك دانراوە دەستی دەسەلاتدارانی ناگاتێ)

فەخری-بە بزەیەکی شیرینەوە-(مامۆستا گیان زۆر تامەزرۆی دیدارت بووم)

+(چۆن بوو ڕێت لێرە کەوت، لەم شارەدا ماوی؟)

-(هاتنم بۆ ئێرە بۆ بینینی تۆ بوو، مالێشمان لەم شارەدا نەماوە)

+(بۆچی سەردەمێك خۆت لە من بزر کرد؟ نەتدەزانی چەندە لە دووت دەگـەڕام و پرسـیارم دەکـردی؟ گـەڕان لـە دووی تـۆ و بابـای گیـافرۆش نەخۆشـی خستم...دوای بێهیوابوون لە گەڕان هۆنراوەیەکم نووسی)

-(پێم خۆشە گوێبیستی ئەو هۆنراوەیە ببم)

+(لەوانەیە بەشێکیم لە بیرمابێت)

-(ئەوەندەی کە لە بیرتە)

+(بەقەدەر مەولانا شیعرم بۆ نووسیت

لێم بووی بە شەمسی عاریفان

بە ڕۆحی بالآت ئاشنات کردم

بووم بە هاودەمی زیکر و تەسبیح

ویقاری بەرمالێ بە سەرما دابارێ

پەلکە زێڕینەی سەرەتای بەهار بووی
شەپۆلی سەرابی هاوینێ پڕ شەرارە
نازانی چەندە شوێن پێم هەڵگرتی!
نازانی چەندە عەوداڵی ناوت بووم!
کوچە بە کوچە هەواڵم پرسیت
خیابان بە خیابان چاوم بۆ گێڕای
سەرمۆ کێشایە کاروانسەرای فیکر
سەفەرێکم کرد بۆ شاری عاریفان
لە غەریبێکی ناو خانەقام پرسی
بووم بە هامڕازی دەروێشێ بێ دەرەتان
بە ڕووباری عیشقا نامەم بۆ ناردی
لەلای بیابان گلەییم لێکردی
سکاڵام بردە لای سروەی بەیانیان
پاڕامەوە لەبەر زەردەی خۆرئاوا
زۆر وردبوومەوە لە ئاوی کانی
تۆ بڵێی نیگای چاوی تۆی تێدا بێ؟
مانگ لەجێگەی من تریفەی ڕاسپارد
ئاسمان ئەستێرەی کرد بە نیگابان
نازانی چەندە لە دووی سێبەرت بووم!
لە لای مندااڵنی بە شێت ناوم زڕا
لەسەر شەقامەکان بەرگی شەرمم درا

بەیانیان دەچوومە مەیدانی بێکاران
ورد دەبوومەوە لە سیمای ماندوویان
سەرنجی لەپی کرێکارێکم دەدا
تەنها خۆزگەیەکی هاتنی ئێوارە بوو
شوێنێ نەما لە شار پێم ئاشنا نەبێ
دەرگای مالّێ نەما بە ڕووما دانەخرێ
مەیخانە فەرمۆووی کرد لە دڵشکاوی من
مەیخۆران سەرخۆشبوون بە بۆی سووتاوی من)

–(تۆ کە بۆخۆت بەرزی، بەرزیش لە دەوروبەرت دەڕوانی)

+(یانی نەتزانی عەودالّی ناوت بووم؟ کوچە بە کوچە هەوالّم دەپرسیت؟!

–(بەڵێ دەمزانی، بەڵام وەڵامی پرسیارەکانی تۆ لەلای خۆت بوو نەك لەلای من... تۆ کەسێك بووی بۆ وەڵام دەرەوە دەگەڕای، لە دووی من و بابای گیافرۆش–وەك تۆ ناوت لێنا بوو– عەودالّ بووی، بە بزربوونی من گەڕایتەوە ناو خۆت و ئەنجامەکانت لە خۆتەوە بەدەست کەوت)

+(چۆنت زانی بەو چەند قسەیە سەوداسەر دەبم؟!)

–(ئەو کەسەی سەوداسەر بووبێ دەزانێ چۆن کەسانی تر سەوداسەر بکات، لەگەڵ ئەوەش هەموو سەوداسەرییەکە پەیوەندی بە قسانەوە نییە)

خەڵوەتی (ئەی پەیوەندی بە چی ترەوە هەیە؟)

فەخری (بەو ئامادەیی و بارە دەروونیەی تۆی تێ کەوتبوو)

+(بەڵام بۆ من؟ بۆ کەسێکی ترت دیاری نەکرد؟ مەبەستی تۆ لەو کارە چی بوو؟)

–(من خۆشم نازانم بۆ تۆ؟، هەر ئەوەندەی پێ وتبووم سەردانێکی تۆ بکەم و چەند قسەیەکت لەگەڵ بکەم چونکە تۆ ئەو کەسەی سەوداسەر دەبیت..)

+(کێ پێی وتیت سەردانم بکەیت؟)

–(بابای گیافرۆش)

+(ئەو چۆن من دەناسێت؟)

–(نازانم، تەنها ئەوەندەی بە من ڕاگەیاند)

+(تۆ بەو کارە چیت دەست دەکەوێ؟)

–(من بەو کارە چیم دەست دەکەوێ؟ هاوڕێیەکم دەست دەکەوێ پێکەوە ناژین، بەڵام پێکەوە دەمرین... من و تۆ هاوڕێی مردنین نەك ژیان)

+(ئێستا دەمەوێ لە نهێنی نێوان خۆت و بابای گیافرۆش ئاگادارم بکەیت)

–(ئێستاش هەر بە بابای گیافرۆش ناوی دەبەیت؟)

+(ناوی نازانم!)

–(ناسینی ئەو سەرهەڵدانی خولیا و ماخۆلانە... گەیشتن بەو گەیشتنە بە لێوارەکانی مەرگ... ئەو دراوێکی دوو ڕووە، ڕووی یەکەمی سەوداسەربوونە و ڕووی دووەمی مەرگە)

+(ماخۆلانی ئەوم بە ڕێگەی تۆ بۆ گوازرایەوە، بەڵام بۆچی گەیشتن بەو گەیشتنە بە لێوارەکانی مەرگ؟ بۆچی ئەوکەسە مەرگە؟ خۆ بابای گیافرۆش فریشتەی گیانکێشان نییە؟)

–(گەر دراوێکت لە دەست بێت سەیری ڕووی سەرەوەی بکەیت، گومان دەکەی لەوەی ئەو دراوە ڕووی دووەمی نەبێت؟)

+(نەخێر)

–(تۆ ئاشنای بە ڕووی یەکەمی ئەو کە ماخۆلان و سەوداسەربوونە، ڕووەکەی تریشی کە مەرگە هەر بەو جۆرەیە)

+(بمبورە، پرسیارەکەی من لە دروستی و نادروستی قسەکانی تۆ نییە، بەڵکو لە ماهیەت و حەقیقەتی ئەو کەسایەتیەیە)

-(ئەوەندە دەزانم ئەو کەسێك نی یە ژیان ببەخشێ، کەسێکە ژیان وەردەگرێتەوە... مرۆڤ دەگۆڕێ بۆ مردوویەکی زیندوو یان زیندوویەکی مردوو)

+(گەر وابێت من بەو گەیشتووم، چونکە خۆم بە مردوویەکی زیندوو دەزانم)

-(دەبێ ئەو گەیشتنە لە لامان ڕەهەندێکی دەرەکی وەرنەگرێت... بەڵکو گەیشتن هەنگاونانە بۆ جیهانێکی تر... گەیشتنە بەو ئاست و ئاسۆیانەی ئەو مەلەیان تیادا دەکات... لەوانەیە ئەو لە شوێنی خۆی و تۆش لەم جێگەیە هەردوو بە یەك سەرئەنجام بگەن، بەبێ ئەوەی ڕۆژێك یان ساتێك یەکترتان بینیبێت..)

+(لەوانەیە پرسیارەکەشم دووبارە بێت، دەمەوێ لەو نهێنییە بگەم بۆ ئەو کەسە مرۆڤ دەگۆڕێ بۆ زیندوویەکی مردوو؟ هونەری ئەو لە کوێدایە؟)

-(ئەو مەیدانە مەیدانی فەلسەفە و زانست و هونەر نییە هونەرمەند و فەیلەسوف و زانا لە دونیای مەعریفەدا بەهرەدارن... هونەر و نهێنی ئەو لە نەبوونی هونەردایە، یان دروستر وایە بڵێم کارەکانی ئەو لەو دیو دونیای مەعریفەوەیە)

+(کەوابوو ئەو هونەرمەندە بە بێ هونەر، دەریای ئەسرارە بە بێ نهێنی!)

-(گرفتی ئێمە لە زماندایە، ئێمە ناتوانین دونیای ڕەها-دونیای عیرفان- بە وشەو ڕستە گەلێکی دونیای سنووردار-مەبەستم ئەم جیهانەی مرۆڤ و زمانی تیا لە دایك دەبێت- دەربڕین... ناتوانین مانا و هەستە قوواڵەکان بخەینە چوار چێوەی قسە کردنەوە... هەرچەند هەوڵ بدەم پێناسەیەکی دروست لەمەڕ ئەو فەزایە بخەمە ڕوو هێشتا هەر نەم پێکاوە و بە وشەی کەم و کورتی ناو زمان سنووردارم کردووە)

+(پێت وانی یە، هەندێ جار بێ پێناسەیی دەکەین بە هۆکارێك تاکو جۆرێك لە پیرۆزی بدەینە پاڵ خۆمان و غەیری خۆمان؟)

-(دروستە، یەکێك لە ڕەگەزەکانی"پیرۆز" بانواقیعبوونە، پیرۆز بەر واقیع ناکەوێت، پیرۆز ڕەهەندی ڕەهاو خلود بە ڕووی خۆیدا دەکاتەوە، هەڵەی مرۆڤ لەو جێگەدایە ئاشنایانی جیهانی پیرۆز بە پیرۆز دەزانن، مەبەستمە بڵێم ناپیرۆز(مرۆڤ و شتەکانی دەوروبەر) کاتێ سەر دەکوتنە جیهانی پیرۆز، یاخود کاتێ پیرۆز سێبەری خۆی لەسەر ناپیرۆز دادەنێت لەو بارەدا مرۆڤ بە هەڵەدا دەچێ و ناپیرۆزی لێ دەبێت بە پیرۆز... ئاشنایی مرۆڤ بە جیهانی پیرۆز ئەومان لاپیرۆز ناکات... ناسینی مرۆڤێکی ملیۆنێر کەسی نەکردووە بە ملیۆنێر، سێبەری پەڵە هەورێك لە سەر سەرمان ئێمە ناگۆرێت بەپەڵە هەور...)

+(دەزانم چەمکی ڕەها-کە لێوانلێوە بە "خلود"- بوونی هەیە، بەڵام مرۆڤ ناوەوەی خۆی بۆ بپشکنێت یان دونیای دەرەوە؟)

-(ڕۆحی مرۆڤ ڕەها و خالیدە، بۆیە نایەتە بەر باس و خواس، نهێنییەکان وابەستەی ڕۆحن..)

+(پرسیاری زۆرم هەیە)

-(مامۆستا گیان هاتبووم من پرسیار بکەم و تۆ وەڵامم بدەیەوە، بەڵام دەست پێشخەریت کرد و منت پرسیار باران کرد)

+(گرنگ تێگەیشتنە لە یەکتر، کێ پرسیار دەکا و کێ وەڵام دەداتەوە ئەرزشدار نی یە، گەر تۆ پرسیارت بکردبایە، وشەکانی منت دەگۆڕی بەڵام ماناکان وەك خۆیان دەمانەوە، خۆ گەر من وەڵامم بدابایەوە، هەمان ماناکانی تۆم دەخستە چوارچێوەی وشەکانی خۆمەوە)

-(من و تۆ لە"مانا"دا بە یەکتر گەیشتووین...)

+(ئەوانەی لە تۆپکڵ و ڕوالّەت و قالّب و وشەدا دەیانەوێ بە یەکتر بگەن هەرگیز پێیناگەن، بەیەکترگەیشتنی ڕوالّەتییش "بەرژەوەندی"یان"زەبرو زۆر" لەپشتی یەوەیە..)

–(یان حەزی کورت خایەن)

+(پێت نەوتم بابای گیافرۆش ناوی چی بوو؟)

–(بابای گیافرۆش ناوی شەمسی سیراجییە)

محەممەدی خەڵوەتی بە بیستنی ناوی"شەمسی سیراجی"هەژانێك ڕووی لە ڕۆح و جەستەی کرد و لە هۆشی خۆی چوو، فەخری ماوەیەکی زۆر بە دیار"خەڵوەتی"ەوە دانیشت تا هۆشی هاتەوە بەر خۆی و لێی پرسی–(بۆ وات بە سەر هات؟)

+(وتت شەمسی سیراجی؟)

–(بەڵێ شەمسی سیراجی، چی لەو گەیشتووی؟)

+(ئەو نامەی لای مام سمایل بۆم دانرا بوو تۆ بۆمت نوسی بوو؟)

–(نەخێر، من تەنها هەڵگری نامەکە بووم)

+(لە کێوە نامەکەت وەرگرت؟)

–(لە شەمسی سیراجییەوە)

خەڵوەتی پشتی لە فەخری هەڵکرد و بە جۆرێك گریان دایگرت کە بەر لەو ڕۆژە گریانی وای بە خۆوە نەبینی بوو، پاشان بەلای فەخریدا لایەکی کردەوە و وتی ("ئەشرەف سوڵتانی"بەر لەوەی کۆچی دوایی بکات داوای لێکردم کەسێك بە ناوی"شەمسی سیراجی" بدۆزمەوە، من زۆر لە دووی ئەو ناوە گەڕام بەڵام کەسێك نەبوو تەنانەت ناوەکەشی بیستبێت تا وام لێهات لە دۆزینەوەی بێهیوا بم، بەڵکو لە قسەکەی مامۆستا ئەشرەف کەوتمە گومانەوە، ئێستا بۆ ئەو هەموو لاساری و بێ وەفاییە دەگریم دەرحەق بە مامۆستا ئەشرەف ئەنجامم داوە)

-(مامۆستا ئەشرەف چۆن و کەی شەمسی سیراجی بینیوە؟)
+(ئەشرەفی سولّتانی نهێنییەکانی وەک نهێنی هەنگ وا بوو، هەر جارێك سەفەری بکردبایە یەکێك لە شاگردەکانی لەگەلّ خۆی دەبرد، لەبەر ئەوەی من نهێنیپارێزی مامۆستا ئەشرەف بووم، بانگی کردم و پێی وتم: سەفەرێکی دوورم هەیە و نامەوێ کەس لەگەلّ خۆم ببەم.. منیش هەندێ بە شۆخییەوە تکام لێکرد تەنها من لەگەلّ خۆی ببات، ئەویش بە زمانە شیرینەکەی خۆی وتی: سوێشت بێتەوە لەگەلّ خۆم ناتبەم...وتم: تەنها پێم بلّێ بۆ لای کێ دەچیت؟ وتی: ئەم شەو کەسێك لە نێوان خەو و بێداریدا هاتە لام و فەرمانی پێدام بچم بۆ لای یەکێك لە عاریفە مەزنەکان، ئەو کەسە ناونیشانی تەواوی عاریفەکەی پێداوم و دەمەوێ ئەمڕۆ سەردانی بکەم... وتم: مامۆستا گیان بۆچی عاریفێکی تر لە ولّاتدا جگە لە تۆ بوونی هەیە؟ مامۆستا وتی: محەممەد، قسەی وا مەکە چونکە کەسانێکی بێ ناو و نیشان لە ناو هەژاران و نەداراندا بوونیان هەیە ئاواتە خوازم بە پێلاّودانەری خۆیان ڕام بگرن، مامۆستا سەفەری خۆیی کرد بەسەر ئەو سەفەرەدا تۆ بلّێ ئەو نهێنییەدا زیاتر لە پازدە سالّ تێپەڕی و مامۆستا لە بەندیخانە بەر بوو، بەر لە مەرگی وتی: محەممەد لە بیرت دێ جارێك سەفەرێکم هاتە پێش و داوات لێکردم لەگەلّ خۆم بتبەم بەلاّم نەمبردی؟ وتم: بەلّێ لە یادمە...وتی: ئەو عاریفە مەزنە بدۆزەرەوە، ناوی شەمسی سیراجییە، لە بەندیخانە کەم شەو سەردانی یەکترمان نەکرد بێت...)

فەخری بە هەندێ خەم و پەژارەوە-(مامۆستا ئەشرەف بۆ خۆی عاریفێکی مەزن بوو، بەداخەوەم شەرەفی بینینیم پێ نەبڕا، بۆ ڕاستێتی ئەو قسەیەی مامۆستا ئەشرەف، لە یەکێك لە سەردانەکانم دا بۆ لای شەمسی سیراجی ئاماژەی بە ئەشرەفی سولّتانی کرد و وتی: گەر شەوێك نەچوومایە بۆ بەندیخانە بۆ لای ئەشرەف، ئەوا ئەو دەهاتە سەردانی من و لەم ژوورەدا تا بەیانی پێکەوە لە ڕۆحەوە بۆ ڕۆح ماناماں بە یەکتری دەبەخشی، ڕۆحت شاد بێ و گۆڕت

نوورین مامۆستا ئەشرەف، ئێستا دەچین بۆ مالّی ئێوە و منداڵەکان لەگەڵ خۆمان هەڵدەگرین و ئەم شەو لە مالّی ئێمە بە خۆشی بە سەر دەبەین... من و تۆ زۆرمان دەوێت تاکو تاسەمان لە یەکتری بشکێ...)

+(دەچین نیوەڕۆ لە مالّی ئێمە دەبین و شەویش لە مالّە چۆڵەکەی ئێوە، دەمەوێ خۆم و خێزانم مالّەکەتان خاوێن بکەینەوە، دەزانم ئێستا بێ کەیبانوو مالّەکەتانی گۆڕیوە بە ئەشکەوت)

-((مالّی ئێمە) و (مالّی ئێوە) جیاوازییە لە"وشە"دا یان لە"مانا"دا؟)

+(گەر بمانەوێ مالّی ئێمە و مالّی ئێوە بکەین بە"یەک مالّ"یان بەرژەوەندی پالّمان پێوە دەنێت یان زەبرو زۆر پێکەوە گرێمان دەدات، منو تۆ وا بەختەوەرین، تۆ مالّت هەبێ و منیش مالّم هەبێت... بەلاّم گرنگ ئەوەیە لە"مانا"ی مالّدا من و تۆ یەکبین...)

-("مانای مالّ"چی یە؟)

+("مانای مالّ"ئەوەیە ئامادەیی دەروونیم بۆ دروست ببێت تۆش بە ئەندازەی من خاوەنی مالّ بیت، ئەمەیان نزمترین ئاستە، لە سەرو ئەمەوە زەمینە سازدانە بۆت تا بە قەدەر من مالّت هەبێ، زیاتر لەمەش ئەوەیە لە مالّی خۆم بەشت بدەم، لوتکەی ئەم گیانە لە ناخەوە شادومان بوونە کە تۆ مالّت لە من زۆرتر هەیە...)

-(ئەی گەر کەسێك ئەوپەڕی هەوڵیدا کەسێکی تر مالّی نەبێت، یاخود مالّی لێ داگیر دەکرد!)

+(ئەو نموونانەش هەن)

-(با برۆین...)

+(با بچین...)

فەخری ("با برۆین" و "با بچین" یەك مانایە لە دوو وشەدا)

کانیاوی نوور و زانستی پەنهان

ئەو ڕۆژە ئاسمان پەڵە هەوری سپی لە ئامێز گرت بوو، پەڵە هەورە بچووکەکان خۆیان لە باوەشی گەورەکان دەنا... پەڵەی هەور وێنەی سەیر و سەمەرەی لە ئاسماندا پێک دەهێنا... ئەمەیان لە ئەسپسوارێک دەچێت کە ڕمێکی بە دەستەوەیە، ئەوەیان دەڵێی جووجەڵەیەکە دانی بۆ داکراوە... وێنەکان هەر زووبەزوو بە جوواڵەی هەورەکان دەشێوان و لە جێگەیان وێنەی تر سەری هەڵدەدا... ئەو ڕۆژە خاک بۆنی بارانی سەرپەڵەی لێ دەهات... مێروەکانی زەوی کەوتبوونە جم و جوولێ و خۆ ئامادەکردن بۆ سەرەتای هاتنی وەرزێکی تەڕوتووش... دارەکان خۆیان دەپێچایەوە و گەڵاو پەل و پۆی زیادیان لە کۆڵی خۆیان دەکردەوە... مێش هەنگەکان دەمی پلورەکانیان بە مێو سواغ دەدا و بەرتەسکیان دەکردەوە... باڵندەکان هەندێکیان بەرەو گەرمیان و هەندێکی تریان هێلانەکانیان بە پەڕ و پەل و پۆ دادەپۆشی و گەرم دەکردەوە... هەموو زیندەوەرێک لە سەرەتای خۆ ئامادە کردنێکدا بوو.....

جاوید کوێستانی شارەکەی خۆیانی بەجێهێڵا و بەرەو چیای مەزنی ڕۆژهەڵات-بەپێیان-بە ڕێکەوت... ئەو ڕۆژە لاشەی سووک بوو بوو هەنگاوەکانی خێراتر، بە هۆی گەورەیی چیاکەوە لەدوورەوە نزیک دەکەوتە بەرچاوان، بەڵام ئەو ڕۆژە لە چێشتەنگاوەوە تا عەسرێکی درەنگ (جاوید) بێباکانە بەرەو چیای پیرۆز تەکانی دەدا، نزیک خۆرئاوابوون-دوای دابەزین لە تەپۆڵکە و بەرزاییەکە- خۆی لە ناو دۆڵێکی بەرین بینییەوە... دۆڵێکی ئارام، لێوانلێو بە سوکنایی و ئاسودەیی... بەئەسپایی جاوید بە ناو دۆڵەکەدا شۆڕ

دەبوویەوە، جارجارە گزەبایەک هەڵی دەکرد و ڕۆحێکی بزوانی بە گەڵای درەختەکان دەبەخشی... چەند جارێکیش باڵندەی دەبینی کە لە بەردەمیدا هەڵدەستا و دەفڕی و لە نزیکەوە جارێکیتر دەنیشتەوە... جاوید بە فڕینی باڵندەکان لەوە گەیشت بەر لە ئەو کەسێکی تر—لەو شەوەدا— بە دۆڵەکەدا گوزەری نەکردووە... ئەو ڕێگاکەی لێ بوو بە تووڵەڕێگە، چونکە زۆر لە مێژبوو کاروانچییەکان بەو ڕێگەدا تێ نەپەڕیبوون، دونیا بەتەواوی تاریک داهاتبوو ئەو لە بڕینی ڕێگە بەردەوام بوو... ئاسمان باڵی هەوری کێشا بە سەر ئەستێرەکاندا، سات بەسات تاریکترو گرژتر دەبوو، گزەی با زیادی دەکرد، دەنگی شەپۆلی گەلا نیوەوشکەکان گەورەتر دەبوو... بە چەند دڵۆپە بارانێ جاوید لە دەورو بەری بەئاگاهاتەوە، باران دایکرد، سەرما هەڵیکرد ئەو بە دوای تاشە بەردێکدا دەگەڕا تاکو خۆی لەپەنا بنێت، کەوتە پەلکوتین چەند جارێک دەکەوت و هەڵدەستایەوە، لەپڕ سەری هەڵبڕی و ڕۆشناییەکی لە دامێنی سەرەوەی دۆڵەکەدا کەوتە بەرچاو، ڕۆشناییەکی ئارامی بەخش، ڕۆشناییەک کە غوربەتی مرۆڤی وێڵ و تەنهای دەڕەواندەوە... ئەو لاپاڵە بە تەواوی شەوقی سەندبوو دەتوت میهرەجانێکی مەزن لەوجێگەیە بەڕێوە دەچێت، ڕۆشنایی لاپاڵەکە هەموو دۆڵەکەی نوورانی کرد...

"جاوید" بەباشی بەردەمی خۆی دەبینی، کزەی سەرما ورده ورده کەم دەبوویەوە، بە بێ ویستی خۆی بەرەو ڕۆشنایی لاپاڵەکە بەڕێکەوت... یەکەمجار وایدەزانی دووری نێوان ئەو و ڕۆشناییەکە چەند هەنگاوێکە بەڵام دەتوت پەلکە زێڕینەیە و تا لێی نزیک دەبوویەوە دوورتر دەکەوتەوە، بەدرێژایی ئەو شەوە"جاوید" تەکانی بەخۆی دەدا و بەرەو ئەو نوورە پەلی دەهاوێشت، دوو بەشی شەو ڕۆیشت، جاوید هێشتا نەگەیشت بوو بە مەنزڵی نوور... ئەو ماندووبوونی نەدەناسی، نەیدەزانی بۆچی بەرەو ئەو ڕۆشناییە بە ڕێ کەوتووە،

تەنها دەیزانی نوور و ڕۆشنایی کەمەندکێشی دەکات، سەرما و سۆڵەش لە سەرەتای شەوەوە و لەگەڵ بینینی نوورەکە کۆتایی پێ هات بوو، بەڵام گەیشتن بەو ڕۆشناییە دواین بڕیاری جاوید بوو، لەپڕ خۆی لە لوتکەیەکدا بینییەوە، لوتکەی چیایەك کە بە پانتاییەکی بەرین کۆتایی پێ هات بوو، سەراپای ئەو لوتکەیە لە نوور هەڵژەنرا بوو، دەتوت دار و بەرد و خۆڵی ئەو لوتکەیە نووری لێ هەڵدەقوواڵێ... گەڕا بە دوای سەرچاوەی نوورەکەدا بینی تاشە بەردێکی نووڕانی دارقەزوانێکی نووڕانی بە کۆڵەوەیە و لە ژێر تاشە بەردەکەوە کانیاوێکی نوور جاری دەبێت، ئەو کانیاوە سەرچاوەی نووری سەراپای ئەو چیا و لاپاڵە بوو، چووە سەر کانیاوەکە و هەردوو مشتی پڕکرد لە نوور و ڕوخساری پێ شۆری، لەناو کانیاوی نووردا نێوچاوانی خۆی دەبینی نووڕانی بوو بوو... ویستی هەردوو لەپی لەم بەرو لەو بەری کانیاوەکە دابنێت و هەروەك چۆن (خدری زیندە) بینی لە ئاوی حەیات گرت ئاوا بینی لێ بگرێت، لە ناکا و پیاوێکی ڕیش سپی ڕوخسار نووڕانی—کەدار عەسایەکی بە دەستەوە بوو— لە سەر درەختی دار قەزوانەکە دابەزی و هاتە بەردەمی و پرسیاری کرد +(لە کوێوە هاتووی؟)

—(لە تاریکستانەوە)

+(بۆچی هاتووی؟)

—(خۆشم نازانم، لە دەستی تاریکی هەڵ هاتووم)

پیرەمێردەکە هەنگاوێکی تر لێی هاتە پێشێ و پێی وت +(داوات چی یە؟)

—(داوام ئەوەیە ڕێگەم بدەی، لەم کانیاوە تێر تێر بخۆمەوە)

+(بخۆرەوە...)

جاوید کویستانی لە کانیاوی نوور بینیگرت و هەتا هەموو گیانی پاراو بوو لە نوور، نووری خواردەوە...

پاشان پیرەمێردەکە لێی نزیك بوویەوە و زۆر بە تووندی جاویدی گوشی، ئەم گوشینەش چەندجارێك دووبارە بوویەوە، لەگەڵ هەموو گوشینێك سەراپای گەردوون و نهێنیەکانی دەهاتە پێش چاو، ئەو تا دەمەوبەیان لە سەرکانیاوی نوور لەپاڵ میهری پیرەمێردەکەدا مایەوە، بەشداری ئەو ڤیستیڤاڵە نوورانییەی فریشتەکان بوو، لەگەڵ ڕۆشنبوونەوەی کەنارەی ئاسمان و سپێدەی بەرەبەیان هەموو شتەکان چوونەوە ناو قاڵبی خۆیان و پیرەمێرد و کانیاوەکەش پەردە بە ڕوویاندا درا و لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا "جاوید"بەرەو شار کەوتەوە ڕێ و خۆرئاوابوون گەیشتە ماڵەوە و لە ژوورەکەی خۆیدا گەرم خۆی داپۆشی و سبەینێ لەگەڵ هەڵهاتنی خۆر بەئاگاهاتەوە و دایکی پێ ی وت: کوڕم ژەمی بەیانیت بۆ بهێنم؟

"جاوید"بیری کردەوە دوو ڕۆژ و دوو شەوە خواردن و خواردنەوەی تام نەکردووە و لەگەڵ ئەوەش لای ئاساییە و برسی و تینوی نییە... ئەو نزیکی هەفتەیەك هەرچی خواردن و خواردنەوە هەیە لێی هەڵکەوت، تەنها شتێك ئارەزوی دەکرد دیداری محەممەدی خەڵوەتی بوو...

لە یەکێك لەو شەوانەدا، کردیە سەربانی خانووەکەیان، بە ئەسپایی کەوتە بانگ کردنی محەممەدی خەڵوەتی (مامۆستا، حەزم بە دیداری تۆیە... حەزم بە دیداری تۆیە... ئەی شەوی خامۆش شەپۆلەکانی دەنگم درێژ بکەرەوە، تا دەگاتە لای مامۆستا خەڵوەتی و پەیامەکەی منی پێ دەگەیەنیت...)

لەگەڵ زرنگانەوەی گوێی دڵنیا بوو لە گەیشتنی نامەکە و گەڕایەوە بۆ ناو ژوورەکەی...

دیسان چاخانه

ئارەزووی چاخانەکەی مام سمایل شالاوی بۆ هێنا، کاتژمێر نۆ و نیوی سەر لە بەیانی ڕۆژی هەینی بوو کاتێ محەممەدی خەڵوەتی لە دەرگای چاخانەکە چووە ژوورەوە، لە نزیک جامخانەکەی پێشەوە خۆی هاوێشتە ناو کورسیەک و لێی دانیشت، چاخانەکە کتێبخانەیەکی بچووکی تێدا بوو هەندێ کتێبی نوێ و دەگمەنی تیا بە دەست دەکەوت، کتێبەکان بۆ ڕاکێشانی ڕۆشنبیران بوو بۆ ئامێزی چاخانەکە، تەنها لە ناو چاخانەکەدا توانای خوێندنەوە و سەیرکردنیانت هەبوو، داوا کردنیان بۆ خوێندنەوە لە ماڵەوە بە"نەخێر بابی بابم" لەلایەن مام سمایلەوە بەرپەرچ دەدرایەوە، بۆ خۆخەریک کردن یەکێک لەکتێبەکانی داگرت و گەڕایەوە ناو کورسیەکەی خۆی... کتێبێکی قەبارە گەورەی چاپی نوێ بەناوی"التهافت"، ئەم کتێبە کۆکردنەوە و ڕاڤەکردنی دووکتێبە: یەکەمیان فەیلەسوفی ڕۆژهەلاتی ئیسلام"محمد حامد الغزالی" نوسیویەتی به ناوی"تهافت الفلاسفة"-وەرێنەی فەیلەسوفان-کتێبی دووەمیان ڕەخنەی فەیلەسوفی خۆرئاوای جیهانی ئیسلام"ئیبن ڕوشد"ە لە سەر کتێبەکەی غەزالی بە ناوی"تهافت التهافت"-وەرێنەی کتێبی وەرێنە"...

ئەو خەریکی وەرگەڕانی لاپەڕەکانی بوو، لەپڕ یەکێک لای چەپیەوە دانیشت و سڵاوی ڕاگەیاند، لای کردەوە و بینی یوسفی شوعلەیە... دوای هەوڵ پرسینێکی گەرم، بەدەم خواردنەوەی چاکانیانەوە خەریکی گفتوگۆ بوون...

یوسف (مامۆستا خەڵوەتی دەڵێی خۆت پێ نەگیراو دوای سەردەمێك دابڕان، دیسان گەڕایتەوە بۆ ناو خوێندنەوە و دونیای پەڕتووك؟!)

خەڵوەتی (مرۆڤ هەتا لە ناو جیهانی مەعریفەدا بێ پێویستی بە زانست و زانیاری زۆرترو زیاترە... لە ناو مەعریفەدا خاڵێك نیە، تۆ بڵێ ساتێك نی یە مرۆڤ هەست بکات گەیشتۆتە کەماڵ و پێویستی بە وەرگرتن نەماوە، من زۆرجاران لە خوێندنەوە دەوەستم، بەڵام خوێندنەوە واز لێناهێنم، بیرکردنەوە و تێڕامان مەزنترین و بەکەڵکترین خوێندنەوەیە، بۆیە ئەو کاتانەی خوێندنەوەی کتێب واز لێدەهێنم خۆم و دەوروبەری خۆم دەخوێنمەوە)

یوسوف (باشە مرۆڤ ئەو هەموو زانیارییە چی لێ دەکات؟ گریمان ئەو بوو بە کتێبخانە زەبەلاحەکەی کۆشکی سپی و هەرچی بیر و ڕۆشنبیری و زانیاری هەیە تیایدا تۆمار کرا.. ئەی دوای ئەوە چی؟!)

خەڵوەتی +(دوای ئەوە ناسینی مرۆڤ و ژیان و گەردوون)

-(گریمان مرۆڤی وەك خۆی ناسی و پڕاوپڕ لە ژیان گەیشت و پەیی بە هەموو نهێنییەکانی گەردوون برد، ئەی دوای ئەوە؟)

+(دوای ئەوە، وەرگرتنی ئاراستەیەکی دروست و جوولەیەکی هەماهەنگ لەگەڵ یاسا و ڕێساکانی ژیان و گەردوون)

-(لەم قسەیەت حاڵی نابم؟)

+(کاك یوسف سەرەڕای بوون نوقمبووی یەك یاسای گەردوونییە، مرۆڤ بەشێکە لە (بوون) و هەر لادانێك لە یاساکانی ژیان و گەردوون سەرئەنجامی ترسناکی لێ دەکەوێتەوە)

-(سەرئەنجامی ترسناك! چۆن چۆنی؟)

+(تۆ باوەڕت بەوە هەیە لە هەندێ قۆناغی ژیانی مرۆڤایەتیدا ڕەوڕەوەی گۆڕان و پێشکەوتن بۆ دواوە هاتووە و لەهەندێ قۆناغی تردا بەرەو پێشەوە تەکانی داوە؟)

-(بەڵێ، بەڵام لەو قۆناغانەشدا کە مرۆڤ شکستی خواردووە سەرئەنجامەکەی پێداچوونەوە و ڕاست کردنەوە و هەستانەوەی خێراتر و توندوتۆڵتر بووە)

+(قسەکەت دروستە، بەڵام خوێندنەوەی ئەوقۆناغەی ڕەوڕەوەی گەشە و گۆڕان وەستاوە یاخود بۆ دواوە هاتووە لە ناو خۆیدا شکستە و ناتوانین بڵێین سەرکەوتنە، دوو جەنگی جیهانی کە دەیان ملیۆن مرۆڤی تیادا ڕەشەکوژی کراوە نابێ بە سەرکەوتن بۆ مرۆڤایەتی لێکیبدەینەوە، هەرچەند سەرئەنجامی ئەو دوو جەنگەش چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤ و پرنسیپەکانی دیموکراسی بێت لەجیهاندا)

-(دروستە)

+(لێرەوە دێمەوە سەرقسەی یەکەم، ئەوکاتانەی مرۆڤ سەرکەوتنی بەدەست هێناوە، جوولّەو ئاراستەی تەریب و هەماهەنگ بووە لەگەڵ یاساکانی ژیان و گەردوون، ئەو سەردەمانەش شکستی خواردووە، پێچەوانەی یاساکان ئاراستەی وەرگرتووە و جولاوەتەوە)

-(لە ماهیەتی ئەو یاسانە تێ ناگەم)

+(چونکە لە ماهیەتی ژیان و گەردوون تێ ناگەی)

-(باشە تۆپێت وانییە لەو ڕۆژەوەی مرۆڤ چاوی بەم ژیانە هەڵهێناوە، بەردەوام لە بەرەو پێش چووندایە، دەمەوێ بڵێم پێت وانییە کۆی جوولّەی مرۆڤ بە سەرکەوتن و شکستەکانیەوە ژمارەیەکی موجەبە و بۆ پێشەوە هاتووە نەک بۆ دواوە گەڕابێتەوە؟)

-(با، پێموایە لە چەندین ڕەهەندی ژیانەوە ئەوەی ئەمڕۆ مرۆڤ پێی گەیشتووە هەرگیز لە مێژوودا بەرەو پێشچوونی وای بەخۆوە نەدیوە)

+(ئێستا پرسیارەکە ئەوەیە، گەر مرۆڤ و کۆمەڵانی مرۆڤ بە سروشتی و خۆڕسک بەرە و پێشەوە بڕۆن، ئیتر تێگەیشتن لە مرۆڤ و ژیان و گەردوون یان تێگەیشتن لە یاساکانی گەردوون چ مانایەکی بۆ دەمێنێتەوە؟!)

+(کاك یوسوف له هەر قۆناغێکی ژیانی مرۆڤایەتیدا کۆمەڵێك مرۆڤی بالآڕۆح و بالآبیر بوونیان هەبووە، ئەو مرۆڤە مەزن و بالآنە گەورەترین ڕیفۆرمیان لە ژیانی فیکری و ئایینی و کۆمەڵایەتی و زانستی خەڵکیدا بەرپا کردووە... ئەوان وەك ڕیفۆرمست توانیویانە تێڕوانینی چەوتی مەردومان بۆ مرۆڤ و ژیان و گەردوون ڕاست بکەنەوە... ئەو هەموو زانست و تەکنۆلۆژیایەی ئەورۆ مرۆڤ لێی بەهرەمەند بووە بەری ڕەنج و ماندووبوونی دەیان و سەدان مرۆڤی مەزنە کە ژیانی خۆیان بۆ ئەزموونێکی زانستی تەرخان کردووە و تەکانێکیان بە ڕەوڕەوەی مرۆڤایەتی داوە نەك زانست بە خۆڕسك و سروشتی بۆخۆی ڕووا بێت)

-(بەڵام فیکر و ڕۆشنبیری سەردەم چەندین گێژاوی بۆ مرۆڤ خوڵقاندووە و باری بیرو دەروونی شێواندووە....)

+(بەڵێ دروستە، کەمی مەعریفە مرۆڤ ئاڵۆز دەکات، ڕاستییان وتووە کە"فەلسەفە دەریایەکە مرۆڤ لە لێوارەکانیدا دەخنکێ" مەعریفەش بەشێوەیەکی گشتی بە هەمان پێودانە)

-(ئەم کتێبە، هیچ پەیوەندییەکی بەم بیرو بۆچوونانەوە هەبوو بەڕێزت خستە ڕوو؟)

+(بەڵێ)

-(لەکام لاوە؟)

+(سەرەتا پێم خۆشە بڵێم دەستبردن بۆ ئەم کتێبە لە کتێبخانە بچکۆلەکەی "مام سمایل"دا لە خۆوە بوو، خۆشم نەمدەزانی بۆ دەست بۆ ئەم کتێبە دەبەم، بەڵام ئێستا بۆم ڕوونبوویەوە کە پەیوەندی بەم باسەی من و تۆوە هەیە، غەزالی یەکەم کەسە بنچینەکانی فەلسەفەی "گومانگەراییی"دامەزراندووە و خۆشی پیایدا تێپەڕیووە، ئەو وەك فەقیهێك تەواوی زانستە زاهیریەکانی ئیسلام، لە زمانی عەرەبی و تەفسیر و کەلام و فیقە و حەدیس و ئوسوڵی فیقە

وەردەگرێت و تاوتوێی دەکات، بە ئەندازەیەک تیایاندا مەلە دەکات و دەبێت بە یەکێک لە زانا بە ناوبانگەکانی چاخی خۆی و وەک وانەبێژێک لە زانکۆی "موسەتەنسریە" لە بەغدا نیشتەجێ دەبێت، پاشان تێڕامان وخوێندنەوەیەک بۆ خۆی و مەعریفەی خۆی دەکات، دەبینێ هەموو ئەو شتانەی وەری گرتووە "یەقین بەخش"نین و شک و گومان دەگەیەنن، بە ئەندازەیەک بەرە و "شکگەرایی" دەڕوات، تا دەگاتە ئەوەی گومان لە بنچینەکانی باوەڕدا سەرهەڵبدات، ناچار بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەیەک بۆ ئەو قەیران و گێژاوە فیکرییە بەغدا بە جێدەهێڵێ و نزیکی یازدە ساڵ بە دوای خۆیدا دەگەڕێ، ئەو لەو ساڵانەدا توانی متالای مەزهەبی ئیشراق و باتنی و فەلسەفەی یۆنانی بکات و تیایاندا ببێت بە یەکێک لە زانا هەڵکەوتووەکانی ئەو فەلسەفە و مەزهەبانە، ئەو بەڕادەیەک لە هەر یەک لەو ڕێچکانەدا قووڵ دەبێتەوە توانیویەتی—وەک کەسێکی ئەو ڕێچکە و مەزهەبانە— کتێبیان لەسەر دابنێ و پاشانیش ڕەخنەی زانستی ورد ئاراستەیان بکات...

غەزالی کتێبی "تهافت الفلاسفة"ی وەک فەیلەسوفێک داناوە و ڕەخنەی قووڵیشی ئاراستەی فەلسەفەی یۆنانی و فەیلەسوفە مەزنەکان کردووە، غەزالی دەڵێ قسەکردنی فەیلەسوفان لە بوون و سروشت و زانستەکان کارێکی ئاساییە و مەیدانی فیکر و فەلسەفەیە، وەڵێ قسەکردنیان لەمەڕ خودا و میتافیزک کە بە "ما ورائیات"ناوی دەبات فەیلەسوفەکانی ڕوو بە ڕووی چەندین هەڵەی میتۆدی و زانستی کردۆتەوە، چونکە مرۆڤ ناتوانێ بە ئەقڵ و فەلسەفە پەی بە میتافیزک ببات و پێویستە ڕێگای تر بۆ پەیبردن بەو جیهانە بگرێتە بەر کە ئەویش ڕێگەی عیرفان و زانستی "پەردە لادانە(علم المكاشفة)"

یوسف (پاشان غەزالی لە کام وێستگەدا خۆی دەگرێتەوە؟)

خەڵوەتی (لای غەزالی سۆفیگەری بە باشترین و دروستترین ڕێگایەک دەزانێ کە دەتوانێ قەیران و تەنگەژە فیکری و فەلسەفیەکان بۆ مرۆڤ چارەسەر بکات...

هەڵبەت نابێت ئەوەشمان لە بیر بچێت تەسەوف لای غەزالی ئەم مانا و مەفهومەی نییە ئەمڕۆ لە ڕێچکە و قاڵب و سروتی تایبەتدا خۆی دەبینێتەوە، بەڵکو عیرفانی قوولّ لای غەزالی گەیشتنە بە پێوەر و میعیارێك تیایدا مرۆڤ بتوانێ دروست و تەواو لە نادروست و ناتەواو جیا بکاتەوە...ئەو بە درێژایی تەمەنی بە دوای پێوەرێکدا دەگەڕا کە"یەقین"ببەخشێت، نەك"شك و گومان"...

ئەو پێی وا بوو زانستە زاهیریەکانی ئیسلام و فەلسەفە و کەلام (یەقین بەخش) نین و مرۆڤ لە ناو (ڕێژەیی بوون)ی ڕاستییەکاندا وێڵ و بەرەڵا دەکەن... غەزالی پێیوابوو زانستێکی تر هەیە کە بە زانستی "پەردە لادان" ناوزەدی دەکات، مرۆڤ بە هۆی ئەو زانستەوە حەقیقەت و دروستیی شتەکان وەك خۆی دەبینێ، زانستی پەردەلاوان، بریتیە لە پەردەلادان لە سەر ئەو توێکڵ و تەم و مژەی ڕاستێتی شتەکانمان لێ دەشارنەوە... کاتێ ئەو پەردەیە لا درا مرۆڤ کرۆك و گەوهەری ڕاستییەکانی بۆ نمایش دەبێت، ئەم زانستەش تەنها لە دونیای عیرفاندا بەرچنگ دەکەوێت... تەنها لەم ڕێگەیەوەیە مرۆڤ دەتوانێ بە یەقین بگات... غەزالی پێیوابوو لە ناو دونیای مەعریفەدا شتەکان بە ڕێژەیی دەرك دەکرێن و حەقیقەت وەك ئاردی بن درك پەرش و بلاّو دەبێ و هەرکەس و هەر کۆمەڵێك مافی خۆیانە بانگەشەی حەقیقەت بکەن و واشبزانن تەنها لەلای ئەوان بوونی هەیە، لەم مەیدانەدا غەزالی نموونەی چەند کوێرێکی زکماك دەهێنێتەوە کە بۆ یەکەمین جار ڕێیان لە فیل دەکەوێت و هەریەکەیان دەستی بەر بەشێك لە جەستەی فیلەکە دەکەوێت، کاتێ پرسیاریان لێ دەکرێت پێناسەی فیل بکەن بەو جۆرە پێناسەی دەکەن کە بەردەستیان کەوتووە، غەزالی دەڵێ زانستی"پەردەلادان"چاوی دڵ دەکاتەوە و وەك ئەو مرۆڤە چاو ساغەی چاوی بە فیل دەکەوێت و دروست وێنای دەکات، ئاوا بە هۆی بینایی دڵەوە ڕاستییەکان دەبینێ... لە دونیای عیرفاندا حەقیقەت پارچە پارچە ناکرێ و وەك گشتێکی دابەش نەکراو مرۆڤ پەی بە نهێنیەکانی دەبات...

یوسف (ڕەخنەی ئیبن ڕوشد ئاراستەی کوێی فەلسەفەی غەزالی دەکرێت؟)

خەڵوەتی (خۆرئاواییەکان بە ئیبن ڕشد دەڵێن"ئەڤیرۆس"، ئەو لای خۆرئاواییەکان ئەستێرەیەکی گەش و پرشنگدارە، چونکە گەر ئیبن ڕوشد نەبوایە تێگەیشتن لە فەلسەفە و نووسینی"ئەرستۆتالیس" زۆر ئەستەم دەبوو، ئیبن ڕوشد بەقوولّی بە ناخی فەلسەفەی یۆنانی بەگشتی و فەلسەفەی ئەرستۆ– بەتایبەتی– ڕۆچووە، گەر شرۆڤە و ڕاڤەکردنەکانی ئیبن ڕوشد نەبوایە، ئەرستۆ ئەم فەیلەسوفەی ئەمڕۆ نەدەبوو، ئەو توانی بیناسێنێ و ئاسانکاری بکات بۆ تێگەیشتن لە فەلسەفەکەی...

ئیبن ڕوشد لە کتێبی"تهافت التهافت"دا ڕەخنەی خۆی ئاراستەی ڕایەکانی غەزالی لە سەر" خودا و بوون و ڕۆح و جاویدان بوون" دەکات و دەڵێت غەزالی وەک فەقیهێک دەیەوێ فەلسەفە کەم بایەخ بکات، ئیبن ڕوشد پێی وایە مرۆڤ کاتێ لە شتێک دەگات ببێت بە بەشێک لەو شتە، غەزالی–بەپێ ی بۆچوونی ئیبن ڕوشد– نەبووە بە بەشێک لە فەلسەفە و سەرژمێری فەیلەسوفی بۆ ناکرێت، بۆیە مافی ئەوەی نییە ڕەخنە ئاراستەی فەیلەسوفان بکات، گەر بەو کارە هەڵبسێت ئەوا نەپێکاوە و ڕایەکانی بە وردێنە لێک دەدرێتەوە)

یوسف (سەرم سوڕدەمێنێ نزیکی نۆ سەدە بەر لە ئێستا زانایان و بیرمەندان بە نووسینی کتێب لە سەر یەکتر ڕەخنەی خۆیان خستبێتە ڕوو!)

خەڵوەتی (ئەو ڕێچکەیەی غەزالی و ئیبن ڕوشد بۆ ڕەخنەگرتن دایانمەزراند، گەر بەردەوامیی پێ بدرابا ئەوڕۆ ڕۆژهەلآت مێژوویەکی تری دەبوو، غەزالی بۆ ڕەخنە گرتن لە فەلسەفە بە ئەندازەیەک لە ناو فەلسەفەدا بالآدەست دەبێ چەندین کتێب لە سەر فەلسەفە دابنێت و دواتریش ڕەخنە ڕوو بە ڕووی فەیلەسوفان بکاتەوە... ئیبن ڕوشد وەک یەکێک لە قازی و فەقیهە بەناوبانگەکانی ئەندەلوسی ئیسپانیا بە شێوەیەک لە ناو فەلسەفەی یۆنان قوولّ

دەبێتەوە خۆرئاواییەکان بەگشتی ملکەچ و منەتباری خۆی بکات و لە پێگەی ئەوەوە فەیلەسوفی مەزنی گریک "ئەرستۆتالیس"بناسن، بەڵکو هەندێ لە فەیلەسوفانی لاهوتی مەسیحی بەتایبەت "تۆما ئەکوینی"و دواتریش"مارتن لوسەر" بە ڕایەکانی ئیبن ڕوشد لەمەڕ ئایین و لاهوت کاریگەر دەبن و بە ڕیفۆرمی ئایینی هەڵدەستن و مەزهەبی پرۆتستانت سەرهەڵدەدات...

ئەم ڕێبازە کە غەزالی و ئیبن ڕوشد لە مامەڵەکردن لەگەڵ بیر و فەلسەفە دەیگرنە بەر ڕێبازێکی زانستی و ئەخلاقی بەرزە... گەرچی هەریەکێکیان لە بەرەیەکدا وەستابێت و ڕەخنە ئاراستەی کەسی بەرانبەر بکات...

بەڕاستی گەر غەزالی فەیلەسوف نەبوایە فەیلەسوفێکی مەزنی وەک ئیبن ڕوشدی نەدەهێنایە قسە و ڕەخنەگرتن... وەلأمدانەوەی ئیبن ڕوشد کاریگەری و سەنگینی ڕەخنەکانی غەزالی نیشان دەدات)

یوسف (ئەوەمان زانی غەزالی پێیوایە مرۆڤ تا زانستێکی تر بە دەست نەهێنێ— کە ئەو ناوی نابوو"زانستی پەردەلادان"— ناتوانێ حەقیقەت و ڕاستی شتەکان وەک خۆی پەی پێ ببات یان ڕاستر وایە بڵێین غەزالی پێیوایە تەنها لە ناو عیرفاندا مرۆڤ حەق و حەقیقەتی ڕەهای دەست دەکەوێت و دونیای مەعریفە "ڕێژەیی بوون" دەدات بە شتەکان و مانای ڕاستەقینەیان بۆ نابینرێتەوە... ئەی ئیبن ڕوشد چۆن دەڕوانێتە عیرفان؟)

خەڵوەتی (ئیبن ڕوشد هەر لە سەرەتاوە جیاکاریەک دەخاتە نێوان ئایین و بیرکردنەوەی زانستی... ئەو پێیوایە بە باوەڕ و متمانە ئایین وەردەگیرێ، لە کاتێکدا فەلسەفە و زانست لە شک و پرسیارەوە بنچینەکانی دادەمەزرێ و پەیوەندی بە بیر و ژیریەوە هەیە... ئەو لەم جیاکارییەوە ڕێگە لە ئایین دەگرێ تاکو خۆی نەخزێنێتە ناو زانست و فەلسەفە و سنوور بۆ ئەو دوانەش (فەلسەفە و زانست) دادەنێت بۆ ئەوەی ئایین و نەگۆڕەکانی ئایین نەخەنە ژێر پرسیارەوە....

ئیبن ڕوشد دەیەوێ بڵێت میتۆدی بەدەستهێنانی زانست و فەلسەفە جیایە لە میتۆدی قبوڵ کردنی ئایین، یەکەمیان لە گومان و پرسیارەوە دەست پێ دەکات و بە سەرئەنجامێك کۆتایی پێ دێت، بەڵام دووەمیان(ئایین) بە یەقین و باوەڕ و متمانە وەردەگیرێ و کاری پێدەکرێ...

ئەو پێیوابوو فەلسەفاندن و عیلماندنی ئایین کارێکی هەڵەیە و بە هەمان پێودان بە ئایینکردنی زانست و فەلسەفە نادروست و نەشیاوە، لێرەوە پەردەیەکی ئەستور- لای ئیبن ڕوشد- دەخرێتە نێوان "مەعریفەو عیرفان یاخود ژیری و ئایینەوە"، ئەم تێڕوانینەش لە فەلسەفەی یۆنانەوە سەرچاوەی گرتووە... ئایین لە یۆناندا لەگەڵ ئەفسانەدا تێکەڵ کرا بوو، بۆ قوتار کردنی ژیری لە داوی ئەفسانە پێویست بوو بیرمەندەکان جیاکارییەکی تەواو لە نێوان ئایین و ژیریدا بکەن، تاکو ئازادانە ئەسپی بیری خۆیان لە ئاسۆکانی ژیان و گەردوون تاوبدەن و لە دیاردەکانی بکۆڵنەوە و خۆیان لە ململانێ و ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئەفسانە و ئایین و پیاوانی ئایین بە دوور بگرن)

یوسف (جێگەی پرسیارە کەسێکی وەك تۆ بەم ڕادەیە بەرگری لە فەیلەسوفان بکات و ڕێزی بیرو ژیری بگرێت!)

خەڵوەتی (بۆ؟!)

یوسوف (ئەوەندەی من لە بەرێزت حاڵی بووم-لە ئێستادا-عیرفانێکی قوبوڵ داگیری کردووی)

خەڵوەتی (سەرەتا لەوانەیە ئەو پێناسەیەی بەڕێزت بۆ من لای من قبوبوڵ نەبێ، گوایە دونیای مەعریفەم بەجێ هێڵاوە و لە عیرفاندا نوقم بووم، مەعریفە نەوەد لە سەد زیاتری عومری مەزنترین عاریفی دونیای عیرفانی داگیر کردووە... ساتەکانی عیرفان کەمن، بەڵام مەعریفە پانتاییەکی بەرین لە ژیان و بیرکردنەوەمان داگیر دەکات... مرۆڤ ئەو پێپەیژەی بە هۆیەوە سەر دەکەوێتە

سەر داریّکی بەردار و لە بەرەکەی بەهرەمەند دەبێت دەبێت بەرز و مەزن ڕابگرێ و تەماشای بکات، پێشتر—پێموایە— باسی ئەوەمان کردووە مرۆڤ بە دونیای مەعریفەدا گوزەر دەکات و خۆی لە کەنارەکانی عیرفان نزیك دەکاتەوە، جگە لەم دوو خاڵەش تۆ پێت وایە غەزالی و ئیبن ڕوشد خاڵی بووبن لە عیرفان و تەنها خەریکی قاڵەی مەعریفی بووبن؟ هەرگیز پێت وانەبێ، چونکە هەریەك لەو دوو مرۆڤە مەزنە خاوەنی قوولّترین ئەزموونی عیرفانی بوون، بەڵام عیرفان ئەوەندەی لەزەت و پەیبردن و ئەزموونی تاکە کەسە ئەوەندە قسەو نووسین و ڕاگەیاندن نییە، بۆیە ئەو عاریفانەی قسەیان لە عیرفان کردووە هاتوونەتەوە ناو دونیای مەعریفە و بە کەرەسە و ئامڕاز و زمانی مەعریفە قسەیان لە عیرفان کردووە، واتە ئەوان"مەعریفەی عیرفانیان"بە مەردومان ڕاگەیاندووە نەك خودی عیرفان)

لە ناو ئەو گفتوگۆ گەرم و گوڕەدا بە دەنگی مام سمایل لە دەوروبەر بەئاگاهاتنەوە کە پێی وتن: (مامۆستا ئەوەندە قوولّ بۆ شتەکان دادەچن دەڵێی لە دەریادا نوقم بوون، کوڕە سادەبن، سادە.. هەندەی پێ ناوێ، دوو چای جوانتان لۆ بانگ بکەم؟)

یوسف (بۆچی نە، مام سمایل؟)

مام سمایل (دووچای عەننابی لۆ ئەو دوو مامۆستا بەڕێزەی)

یوسف و محەممەدی خەڵوەتی چایەکانیان تەواو کرد و هەر یەکەیان بە ڕێگایەکدا بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە...

دواین نامەی میریای سپیپۆش

بۆ سبەینێ سەرلەبەیانی محەممەد لە ماڵەوە هاتە دەرەوە و وێستی بەرەو دوکان بڕوات بینی لە سەر کۆڵانەکەیانەوە ئۆتۆمبێلێك دەرکەوت و ڕووی لە ماڵی ئەوان کرد، کە نزیك بوویەوە براکەی (میریا)ی سپیپۆش بوو، نامەیەکی دایە دەستی محەممەدی خەڵوەتی و بە بێ دابەزین خواحافیزی کرد و ڕۆیشت، خەڵوەتی گەڕایەوە ژوورەوە و نامەکەی کردەوە و(میریا) تیایدا نووسی بوو:

سەلام...

بەڕێز خەڵوەتی لە دوا نەفەسەکانی تەمەنمدا پێم خۆش بوو بە نامەیەك بەسەرت بکەمەوە...

من سەفەری یەکجاریم نزیك بووەتەوە و دواین چرکەساتەکانی تەمەن و لێدانی دڵ دەژمێرم، بەختەوەر و ئاسودەم و لە مەرگ ناترسم، چونکە لەو کاتەوەی بڕیاری چاکەخوازیم داوە تاکو ئەمڕۆ ساتێك لە خراپە نزیك نەبوومەتەوە، هەموو مرۆڤێکم خۆشویستوە و خۆم لە ڕك و کینە خاڵی کردۆتەوە، هەژاران و بێبابانی شارم یاد کردووەتەوە و کۆمەکی خۆم و خوشك و برا مەسیحییەکانم پێ گەیاندوون، جیاوازیم نەکردووە لە نێوان کەسێکی هاوئایینم و کەسێکی ئایین لە من جیاواز، چونکە زانیومە خودای هەمووانە و مەزهەب و ئایینێك ناتوانێ هەموو مرۆڤەکان لە خۆیدا کۆ بکاتەوە و کەسانی دەرەوەی ئەو ئایینە بەگومڕا و سەرلێشێواو بزانێت... مامۆستای گەورە و بەڕێزم ئەشرەف سولتانی فێری کردم حەقیقەت و گەوهەری ئایین ملکەچبوونە

بۆ خودا و خۆشەویستی مرۆڤ، ئەو پێی وتم تەنها مەسیحی بوون و موسڵمان بوون بە ناسنامە بەس نییە بۆ ئایینپەروەران بەڵکو کاری باش و چاکەخوازی و خۆشەویستی و لێبوردن کرۆکی هەموو ئایینەکانە...

لەم شەوانەدا ئەشرەفی سوڵتانی لە دووی من هات و داوای لێکردم خۆم بۆ یەکتر بینینی ناو جیهانی مەلەکوت ئامادە بکەم، من ئێستا لێوانلێوم بە ئاسوودەیی، چاوەڕوانی ئەو چرکەساتانەم ڕۆحم لە شەقەی باڵ دەدات و بە خزمەتی سەرجەم ڕۆحە نوورانییەکان شاد دەبمەوە...

بە هیوای دیدار لە جیهانی مەلەکوت

خوشکت مێریا

دواین سەفەر

چەند ڕۆژێك بە سەر چاوپێ کەوتنەکەی "یوسف"دا تێپەڕی و محەممەدی خەڵوەتی بڕیاریدا بۆ بینینی جاوید کوێستانی سەردانێکی دەڤەری ناحییەکەیان بکات... ئەو سەفەرەکەی بە دواین سەفەری عومری تەماشا دەکرد و لە ناخەوە دەیزانی جارێکی تر ناگەڕێتەوە ناو خانەوادە و شارەکەی...

شەوێ بەر لە سەفەر سێ منداڵە چاو گەشەکەی"سرووە و سێبەر و سوارە"ی بانگ کرد و دوای لەئامێز گرتنێکی گەرم و ماچ کردنی دەست و گۆنا و سەریان وتی: (ئازیزەکانم، بەقەدەر هەموو شتێکی ئەم دونیایە خۆشمدەوێن، هەموو شەوێك دوای خەوتنتان دێمە سەرتان و تێر تێر تەماشاتان دەکەم و دەستە ناسکەکانتان تێر دەگوشم و ماچیان دەکەم... من هەموو شەوێ بەقەدەر ملکەچی عابیدێ بۆ مەعبودەکەی داوای لێبوردن لە ئێوە دەکەم، دەبێ ئێوە لە من ببوورن چونکە لە شەوێکی ئارەزوومدا و بۆ تێرکردنی حەز و غەریزەی باوکایەتی حەزم کردووە منداڵمان ببێ، بەڵام نەمتوانی ژیانێکی ئاسوودە بۆ ئێوە پێك بهێنم... بەخودا ڕۆڵەکانم هەموو تاوانەکە لە منەوە نەبوو، منیش هەروەك ئێوە قوربانیی بووم، من لە ژێر سێبەری دایك و باوکم نەژیام و مرۆڤێکی بێ ناز و مل کەچ و بێ نەوا بووم، ڕۆڵە شیرینەکانم بەو دڵە مەزنە ناسکەتان بمبەخشن کە نەمتوانیوە حەزی منداڵی ئێوە تێر بکەم، نەمتوانیوە هەفتەیە جارێ بتانبەمە دەرەوە و هەندێ خەمی منداڵیتان بڕەوێنم... نەمبووە هەموو جەژنێ وەك باوکێکی دڵسۆز پۆشاکی جوان و دیاری جەژنتان بۆ بکڕم.. ئێستاش ڕۆژی لە دایك بوونی کەستانم لە بیر نییە، چونکە ئاهەنگی لە دایك بوونم بۆ نەگێڕاون...

سرووه گیان بمبووره ئەوجارە لە سەر شکاندنی قەڵەمەکەت لێت زوير بووم و دەنگم بەرز کردەوە، سێبەر گیان ئەوجارە لە قوتابخانە گەڕابوویەوە وجلەکانی بەرت پیس کرد بوو منیش بە تووندی بۆ ژوورەوە پەلم ڕاکێشای، ڕۆڵە زۆر داوای لێبوردن دەکەم، بە گەورەیی خۆت بمبەخشە، "سوارە"ی بابە تۆش دەبێ لێم خۆش ببی—هەرچەند لەوانەیە مانای لێ خۆشبوون نەزانی— بەڵام من پێویستە لە بەردەمت بپاڕێمەوە و دانبنێم بە خراپە و کەمتەرخەمی خۆم دەرحەق بە ئێوە، ڕۆڵە بمبورە ئەو ڕۆژە عەینەکەکەم لە نێوان کتێبەکەدا دانا بوو، تۆش نەتزانی بوو کتێبەکەت بەر دابوویەوە و عەینەکەکەی تیادا شکا، من لێت زوير بووم، تۆش بە هەستە ناسکەکەت دەتزانی تاوانێکت کردووە و هەندێك لێم وردبوویەوە و پاشان هاتی و هەردوو دەستت لە گەردنم ئالاند، ڕۆڵە تۆ زۆر مەزنی بۆ یەك تاوانی گچکە داوای لێبوردنت کرد، بەڵام من دەیان خراپە و کەمتەرخەمیم دەرحەق بە ئێوە کردووە و ڕۆژێك داوای لێ بوردنم لێ نەکردن...

بمبوورن دەشزانم داوای لێ بوردنی بێ دەسەڵاتانە، بەڵام ئێوە پاك و مەزنن و دەتوانن لە من خۆش ببن..

من خەتاکارم و هاتوومەتە بەر دەرگانەتان و جگە لە لێخۆش بوون چاوەڕوانی هیچ شتێکی تر لە ئێوە ناکەم، نەك لە بەر ئەوەی من شایەنی لێ خۆش بوونم، نەخێر، لەبەرئەوەی ئێوە بە هەست و دڵی ناسکتان دەتوانن لە تاوانبار ببورن...)

ئەو لەگەڵ پاڕانەوە و داوای لێ بوردن لە منداڵەکان لە فرمێسك هەڵژەنرا بوو... منداڵەکانیش بۆ ئەو لالانەوە و کوڕوزانەوەی بابیان ئاو بە چاوانیاندا دەهاتە خوارەوە... هاوسەرەکەشی(سابات خان) بە بێدەنگی فرمێسکی دەهۆنیەوە و لە منداڵەکانی دەشاردەوە...

ئەو شەوە تا بەیانی خەون نەچووە چاوەکانی و بە دیار هاوسەرەکەی و منداڵەکانەوە— کە چووبوونە ناو خەوێکی قوولەوە— دانیشت، جگە لە گریان

هیچی تری لەدەست نەدەهات، چاوی لە منداڵەکان دەبڕی و دڵی دەتوایەوە و دەبوو بە فرمێسك و هۆن هۆن بە ڕوویدا دەهاتە خوارەوە، بۆ دامرکاندنەوەی کوڵی گریان پشتی دەکردە منداڵەکان و پاش کەمێك خۆی پێ نەدەگیراو ڕووی تێدەکردنەوە، بەو شێوەیە تا بەیانی بە دیاریانەوە ئێشکی گرت، لەگەڵ خۆرهەلاتن بەئاگای هێنان و خواحافیزی لە خێزانی کرد و نامەیەکی دایە دەستی و منداڵەکانی ماچ کرد و هەر زۆر بەپەلە ماڵەوەی بەجێ هێڵاً و داوای لێکردن دەرگای حەوشەکە بە دوای ئەودا دابخەن و نەیەنە دەرەوە، بە کۆڵانە باریکەکەدا سەرکەوت، دووسێ جار ئاوڕیدایەوە و لە ناخەوە ئاواتی دەخواست داوای نەکردبایە دەرگای حەوشەکە دابخەن و منداڵەکان دەرگاکەیان بکردبایەتەوە و بۆ دواجار چاوی پێیان بکەوتبایە و دەستێکیان بۆ بەرز بکاتەوە، ئەو هەتا لەو سەری کۆڵانەکە سوڕایەوە لای دەکردەوە، دواجار لە سەر گۆشەی کۆڵانەکە هەڵوێستەیەکی کرد و تێر سەیری کۆڵان و خانووەکەی خۆیانی کردو ماڵئاوایی لە دار و بەردەکانی کرد...

خۆی گەیاندە بازاڕ و بۆ دواین بینین سەردانێکی مام سمایل و چاخانەکەی کرد، خۆشبەختانە یوسف–لە ڕێگەی چوونی بۆ دادگا– لەبەردەم چاخانەکە چاوی کەوت بە محەممەدی خەڵوەتی، پرسیاری لێکرد (مامۆستا چۆن بوو وا زوو لە ماڵەوە بەدەرکەوتی و هاتوویە ئێرە؟)

خەڵوەتی (سەفەرێکم لەبەرە و بۆ ماڵئاوایی لەم چاخانە و پیاوانی چاخانە هاتووم)

یوسف (سەفەر بۆ کوێ؟ خواحافیزی چی؟)

خەڵوەتی (سەفەری دواین سەفەر، خواحافیزی دوا خواحافیزی)

یوسف (مامۆستا بۆ کوێ دەڕۆی؟ با بێم لەگەڵت...)

خەڵوەتی (لەگەڵ مندا مەیە، بۆ خۆت وەرە...)

یوسف (ئاخر بێم بۆ کوێ؟)

خەڵوەتی (گەر وادەی سەفەرت بێت دەزانی بۆ کوێ؟)

یوسف (چەند جار ناوی جاوید کوێستانیم لێ بیستووی، سەفەر بۆلای ئەو دەکەیت؟)

خەڵوەتی (بەڵێ، بۆلای ئەو و لەوێشەوە بۆ سارای مەجنونان و شاخی پیرۆز، خواحافیز)

یوسف ماوەیەک لە جێگەی خۆی سەرسامانە وەستا و پاشان بەرەو مەحکەمە کەوتەڕێ، محەممەدی خەڵوەتی چووە چاخانەکە و چاوێکی خشاند بە مام سمایل و چایچی و شاگرد و خەڵکی ناو چاخانەکە و تێڕ لە دار و دیواری ناو چاخانەکە ڕاما، هاتەوە بۆ لای مام سمایل و پێ ی وت (مام سمایل نەبادا نەتبینمەوە لای منەوە خودا حافیز)

مام سمایل (مامۆستا روخسارت سەیر گۆڕاوە بۆ کوێ ئۆغر دەکەی؟ بۆ هەندەران سەفەر دەکەیت وا بە نیازی نەمبینییەوە؟ دانیشە چایەکت بۆ داواکەم..)

خەڵوەتی (چا بۆ زیندووان داوا بکە، مام سمایل گیان، لێرە بە دواوە من لە ڕیزی ئەوان سەرژمێر مەکە)

مام سمایل (بە خودای مامۆستا، هەرکاتێ هاتبییە ئەم چاخانە و گەورەت کردبین هەستم بە دونیایەک خۆشی و ئارامی کردووە، ئێستا کە ئەو قسانە دەکەی لە ناوەوە گەلەک ناڕەحەت دەبم)

خەڵوەتی (مام سمایل گیان تۆ و چاخانەکە و هەموو ئەوانەش دێنە ئێرە ئازیز و خۆشەویستی من بوون و ئەم هاتنەشم بۆ خواحافیزی ئەوە دەسەلمێنێ، خواحافیز)

مام سمایل (خوداو پێغەمبەرت لەگەڵ بێ بابی بابم، لە یادمان مەکە)

محەممەدی خەڵوەتی خۆی گەیاندە گەراج و لە دوای کۆستەرێکدا بەرەو لای جاوید کوێستانی بە ڕێکەوت، ئەو لەگەڵ جووڵانی ئۆتۆمبێلەکەدا کەوتە

مالّئاوایی له دار و بەرد و منارەی مزگەوتەکان و لوتکەی باڵەخانە بەرزەکانی شار و جادە و کۆڵان و تەنانەت ئەو لادا و برازیلییە کۆنانەش کە زۆرێك لە یادەوەرییەکانی شاریان لە سەر تۆمار کرا بوو...

خەتی پاسەکە بەلای گۆڕستانی شاردا تێ دەپەڕی و گەیشتە نزیك گۆڕستانەکە و سلاوێکی لە تەواوی زیندووانی گۆڕستانەکە کرد و لەگەڵ ڕۆحی دایکی و بابی کەوتە گفتوگۆ (دایەگیان، بابەگیان، بمبورن ئیتر ناتوانم ڕۆژانی هەینی سەردانتان بکەم، من ئەم شارە بەجێ دێڵم، سەفەر دەکەم، ئەمانەتی ئێوە و منداڵەکانم، کەسێکی زیندووم شك نەبرد ئەوانی بدەمە دەست، تەنها ئێوەم هەیە و بەس، ئێوەش سەردانیان بکەن و شەوانە بچنە ناو خەونی قوولّیانەوە و دڵیان ئاسوودە بکەن... دایە گیان تەزبێحەکەی ملت لەناو یەکێك لە کتێبەکاندا دامناوە و گەر پێت خۆشە خەڵاتی "سابات"ی بکە و با ئەویش خەم و مەینەتییەکانی خۆیی پێ بهۆنێتەوە... بابەگیان جامادانەکەت کە وەك شتێکی پیرۆز هەموو جارێ سوێندت پێ خواردووە دەقم کردووە و لە ناو جانتا زەردەکەدایە، خەڵاتی "سوارە"ی بکە و با وەك هێمای جوامێری و پیاوەتی پارێزگاری لێ بکات... لە نزیکتانەوە گڵکۆی شێخی مەزنە سەردانی بکەن و پێ ی بڵێن کە تۆ شارت چۆڵ کرد زۆر شت مانای خۆی لەدەست دا، موریدانت بێ کەس و سەرپەرشتیار بەجێهێڵا و خەڵکانێکی هەلپەرست بە ناوی تۆ و ڕێگەکەی تۆوە خەریکی دونیا و نان پەیدا کردنن، پێ ی بڵێن ئەو گەنجەی لەدوورەوە سەرنجی کۆڕی زیکری ئێوەی دەدا و تێکەڵتان نەدەبوو بۆ دیدارت تامەزرۆیە... بە یادی جاران زۆر سەردانی خانەقام کرد، بەڵام ڕۆحی تۆم تێدا نەبینی و موریدانت پەستی و بێ ڕۆحیان پێوە دەبینرا...لە نزیك گۆڕەکەی شێخی مەزنەوە گڵکۆی مامۆستا ئەشرەفی سولّتانییە، پێی بڵێن لەدووی عیشقە ناکامەکەی ڕۆیشتم و"مێریا"ی سپیپۆشم دۆزیەوە و لە هەموو نهێنییەکان حاڵی کردم، لە منەوە داوای لێبووردنی لێ بکەن بۆ ئەو لاساری و بێ وەفاییەی لە

رێگەی دۆزینەوەی شەمسی سیراجیدا بەرانبەر بەو نواندم، مژدەی پێ بدەن بەم نزیکانە بە دیداری مێریای سپیپۆش شاد دەبێتەوە)

ئەو تا گەیشتە شارەکەی جاوید کۆیستانی، لەگەڵ ڕۆحی شتەکاندا خەریکی گفتوگۆ بوو، کۆتری دەبینی پەیامی پیادا ڕەوانە دەکرد، درەختی دەبینی باسی سەفەری ڕۆحی بۆ دەکرد، لەگەڵ مردووی گۆڕستان ڕۆحی تێکەڵ دەبوو، هەواڵەکانی شاری بۆ دەگێڕانەوە، سکاڵای خۆی دەبردە لای چیا بەرزەکان و بأسی مەینەتییەکانی ژیانی خۆی بۆ دەکردن... داڵێکی هاتە پێشچاو و دەستی بە باس کردنی سەربوردەی ستەمکاری و ناعەدالەتی کرد (ئەی داڵ، سوێند بێت بە شاپەڕی باڵەکانت، سوێند بێ بە غوربەت و تەنهایت، بە قەدەر سەرە دەرزیەك دادپەروەریم لە کۆمەڵگەی مرۆڤدا شك نەبرد، دەستەیەك بوو بوونە گورگی کۆمەڵگە و لە خوێنی هەژاران و نەداران بینیان گرت بوو ئەوان مرۆڤیان وەك مێگەل دەهاتە پێش چاو و لەپێناوی ڕازانەوەی سفرە و خواندا ڕۆژانە دەیانیان ڕەوانەی قەنارەی قەسابەکان دەکرد.... دادپەروەری لای مرۆڤ تەنها خەونێکە و کەسی ستەم لێکراو دەیبینێ، ئەی داڵ تێکەڵ بە دونیای مرۆڤ نەبیت، چونکە دەتخەنە ناو قەفەس و بۆ حەز و ئارەزووەکانیان بە کارت دەهێنن، من کەسێکم لە قەفەسی ئەوان هەڵ هاتووم، من دەزانم ژیانی دیلی و کۆیلەیی چەندە سەختە، ئامان سەد ئامان ئەی داڵ بە داکردنی چەند دەنکە گەنمێك نەکەویتە داویانەوە و هەموو تەمەنت بۆ دیلی بگۆڕی، تۆ کاتێ هەی ئازادبیت و پڕ بە باڵەکانت لە ئاسماندا مەلە بکەی و لەم لوتکەوە بۆ ئەو لوتکە لە شەقەی باڵ بدەی...

ئۆتۆمبێلەکە گەیشتە سەر پردە ئاسنینەکە و سەرنجیدا ئاوێکی زۆر بە ژێر پردەکەدا جاری دەبێ (بڕۆ ئەی ئاو، بڕۆ تا دەگەیە دەریاکان و تێکەڵ بە زەریالوشەکان دەبیت، بچۆڕەوە ناو ئەوجیهانە پانتایی بەرینە، تەمەنێکە لەم

شاخەوە بۆ ئەو شاخ و لەم قەڵبەزەوە بۆ ئەو قەڵبەز و لەم دۆڵەوە بۆ ئەو دۆڵ مل دەنێی و تەپاو تل دەکەی، بگەڕێرەوە ناو سەرچاوەی خۆت و لە سووچی دەریایەکی ئارامدا مەنگ لێی بسرەوە، پشووبدە، قوولْ لێی بوەستە بۆ ئەوەی کەشتی مرۆڤ بە سەر تۆدا تێ نەپەڕێ، بگەڕێرەوە بۆ ناو دەریا و عیشقی ماسی، لە مەملەکەتی مەرجان ملوانکەیەک بە دیاری بکە گەردنی دۆڵفینێک و پێی بڵێ ئەم مەدالیایە خەلاتی وەفاداری تۆیە بەرانبەر مرۆڤی بێ وەفا... تێبیگەیەنە مرۆڤی ئەم سەردەمە شایستەی مەیل و خۆشەویستی نییە، بۆ ئەوەی نەکەویتە داویانەوە و ئارەزوی خۆیانت پێ تێربکەن... بڕۆ ئەی ئاو خامۆشی و ئارامی بەدەست بهێنە، گەر لە دەستی تۆدا بوو سوڕێکی تر مەیەڕەوە ناو ژیان، مەچۆرەوە ناو هەورەکان و تنۆک تنۆک خۆت داغان داغان مەکە و جارێکی تر دامەباریْ بە سەر باخ و بێستانی مرۆڤی سپڵە و خۆپەرستدا، چونکە تا تنۆکەکانت یەک دەگرنەوە دەبێ بە مەینەتی جۆگەلەکاندا تێپەڕی و ئازاری قەڵبەزەکان بچێژی...)

ئەو هەتا ئاوەکەی لە چاوان ون بوو هەر دەیوت بڕۆ... بڕۆ... ئۆتۆمبێلەکە هەر دەڕۆیی و دەڕۆیی، ئەو چاوەکانی لەیەک ناو و سەری نا بەلای پەنجەرەکەوە و خەوی لێ کەوت، بینی بە دوو عەلاگە دیاری منداڵەکانەوە تەقە لە دەرگای ماڵی خۆیان دەدات، (سێبەر) دەرگاکەی کردەوە و لەپشتییەوە (سرووە) سوارەی لە باوەشدا بوو، دایکیشیان کراسێکی زەردی لە بەرکرد بوو ڕوو بە ئاسمان لەپاڕانەوەیەکی گەرم و پڕ لە خوشوعدا بوو، ئەوان کە باوکیان بینی بە ڕوویەکی گەش و پڕ لە خۆشی باوەشیان بۆ گرتەوە، بەر لەوەی دەستی بگات بە منداڵەکان پاسەکە دای لە تاسەیەک و بەئاگای هێنایەوە...

جادەکە چەپۆکی بە شاخێکی سەختدا هەڵخست بوو، ئۆتۆمبێلەکە بە گران پیایدا سەردەکەوت، سەختی جادەکە و گرانی سەرکەوتن پیایدا زۆرێک لە سەختییەکانی ژیانی هێنایەوە بەر یاد (هێشتا تەمەنم حەوت ساڵان بوو، لە ماڵی

کاکی ڕەحمەتیم دەژیام، براژنم بەیانی زوو بە ئاگای دەهێنام و دەیوت برۆ بەلای فرۆشتنی سەموونەوە، پایزان و زستانان دونیا زۆر سارد بوو، قەمسەڵەیەکی گەرمیشم لەبەر نەبوو، ئێستاش کزەی سەرمای ئەو بەیانیانە لە گیانمدایە، دوو کاتژمێر بەپێیان کۆڵانە و کۆڵانم دەکرد تا سەموونەکە تەواو دەبوو، دەترسام لەوەی منداڵە چەتوونەکان ڕێگەم پێ بگرن و پارەی سەموونەکەم لێ وەربگرن، کە دەگەڕامەوە براژنم دینار بە دینار حسابی لەگەڵ دەکردم و پارەکەی لە گیرفانی خۆی دەنا، بەپەلە خۆم دەگۆڕی و بەرە و قوتابخانە – زۆرجار پارەی ڕۆژانەشم پێ نەبوو – دەکەوتمە ڕێ... لە ناو منداڵانی تر زۆر شەرمم بە خۆم دەبوویەوە، ئەوان جل و بەرگیان جوان و تازە بوو، هەندێ برادەر لە حانووتەکە شتیان دەکڕی و فەرموویان لە من دەکرد، بەڵام سوێندم بۆ دەخواردن کە حەزم لێی نییە و پارەم پێیە و گەر بمەوێ دەکڕم...)

مەینەتی منداڵی بردیەوە لای منداڵەکانی و وێنەی ئەوانی–وەک خۆی– لە قوتابخانە دەهاتە پێش چاو...

(ئازیزەکانم، بەرانبەرتان شەرمەزارم، من بابم نەبوو، خۆ ئێوە بە ناو بابێکتان هەبوو)

ئۆتۆمبێلەکە گەیشتە لوتکەی چیاکە و لە نەڕەنەڕ کەوت و ئەویش هەناسەیەکی قوواڵی هەڵکێشاو پشوویەکی بە خۆی دا، ئەودیووی چیاکە دارستانێکی سرووشتی بوو، پاسەکە بە جادە پێچا و پێچەکەدا وردە وردە بەرەو دۆڵەکە شۆڕ دەبوویەوە، فەزای دارستان و دابەزین لە چیاکە ڕۆچوون بە ناخی خۆدا و گەڕانەوە بۆ ناو خۆی هێنایەوە بەریاد (مرۆڤ لە یەکەم ڕۆژەوە پەتی پەیوەندییەکانی بەپێی گوزەرکردنی تەمەن درێژ دەبێتەوە و پەیوەندییەکانی چڕو ئاڵۆز دەبن و ئەوەندە لەگەڵ دونیای دەرەوە کارلێک دەکات و خەریک دەبێ، ماهییەت و بوونی خۆی لە یاد دەکات، بەڵام کاتێ مرۆڤ قۆناغی گەنجی و کەماڵ تێ دەپەڕێنێ و سەر بە پیرییەوە دەنێ دەکەوێتە

ڕاکێشانەوە و گلۆڵە کردنەوەی داوی پەیوەندییەکانی، تا دواجار خۆی و خۆی دەمێنێتەوە و لەگەڵ خۆیدا دەکەوێتە مۆنۆلۆژ... هەندێ مرۆڤ تەمەنی خۆیان خێرا دەکەن و هەر بە لاوێتی بۆ ناخی خۆیان دەگەڕێنەوە و دونیای دەرەوە لە خۆیان خامۆش دەکەن...)

پاسەکە پێچەکانی بڕی و بە دۆڵەکەدا چووە خوارەوە و کەوتە پێدەشت و لەوێشەوە دەشتێکی پان و بەرین هاتە بەردەمیان، جادەیەکی نوێی ڕاست بە هەناوی دەشتەکەدا لێدرا بوو کە شۆفێرو نەفەر و ئۆتۆمبێلی ئاسوودە دەکرد: (هەموو ئارازەکان، هەموو مەینەتییەکان تەواو دەبن، ئەی فریشتە سپییەکە نەیوت بۆ ئەوەی گەشتی گەردوونی بکەی دەبێ ئازار بچێژی... ئێش و تاڵی ژیانە دواجار مرۆڤ ئاسوودە دەکات، من مەینەتییەکان گیانیان کێشام و حەزەکانیان مراندم، ئێستا بە داوێکی باریک بە درەختی ژیانەوە بەستراوم، هەرکاتێ وادەی دان لە شەقەی باڵم بێت زۆر بە ئاسانی و بەبێ ئازار درەختی ژیان بە جێ دەهێڵم... ئازار ناچێژم... ئاسوودە دەبم... بە هەرەمی نوورا تێدەپەڕم، دەبمەوە بە ڕەنگی سپی، دەچمەوە ناو ناخی بوون و سەرچاوەی ژیان، دواجار وەک ماسییەکی وردی قوولایی دەریالوشێك لە بن گەلای مەرجانێك بارگە و بنەی لێ دەخەم و دەبم بە بەشێك لە ئاسوودەیی دەریا... دەبم بە نوور... دەبم بە ڕەنگی سپی... مالئاوا ئەی ئەو زەویەی زۆرینەی تەمەنت ڕووداوی کوشت و کوشتار بوو... لە سەر تۆ خوێنی یەکترمان دەڕێژا، بکوژ و کوژراویش دەبوونەوە بە تۆ... تۆ بکوژی، تۆ کوژراو، تۆی ستەمکار و ستەم لێکراو، لە ڕۆژێك دا سەدان جار خۆت دەکوشت و دەبوییەوە بەخۆت...)

لە دوورەوە شار دەرکەوت و نەفەرەکان هەناسەیەکی ئاسوودەییان دایە دەم هەوا... سەفەر ئازار و ماندوویێتی تایبەت بە خۆی هەیە خۆ گەر سەفەرێك بێت

لە خانەوادە و ئازیزانت داتببڕێ ئازارەکانی زۆرترە، ئەی گەر سەفەری دواین سەفەربێت؟!

پاسەکە لە گەراج وەستا و لەگەڵ نەفەرەکان دابەزی و دوای گەشتێك بە ناو بازاڕدا بەرەو ماڵی جاوید کوێستانی کەوتەڕێ....

دوا برپیار

بەدرێژایی دەوامی ئەو ڕۆژە یوسف هەست و نەستی لە دادگا دابڕا بوو، لە بیری محەممەدی خەڵوەتی و جاوید دابوو... شەپۆلەکانی خەیاڵی بە جۆرێك درێژ دەبوویەوە بە کاتژمێر لە دەوروبەر بێئاگا دەبوو... ئەو یەك دووجار ویستی مۆڵەت وەربگرێ و بۆ ماڵەوە بگەڕێتەوە، بەڵام توانای ئەوەشی نەبوو، دەوام بەرەو کۆتایی دەچوو جانتا ڕەشە دیپلوماسییەکەی هەڵگرت و بەرەو ماڵەوە گەڕایەوە، شار لەبەر چاوی گۆڕا بوو، دەتوت لە بیابانێکدایە و چاوەڕوانی فریادڕەسێکە، لە ژوورەکەی خۆیدا پڕ بە قووڕگی هاوارێکی لێ بەرز بوویەوە و دایکی خۆی گەیاندێ و پرسیاری لێکرد: چیت بە سەر هاتووە؟ ئەو وتی: هەندێك ناساغم و جێگەیەکم بۆ ڕابخە و گەرم دامپۆشە...

ئەوڕۆ تا درەنگانێکی شەو لە ناو جێگەکەی نەهاتە دەرەوە، شەو دایکی سەری لێدا و بە ئاگای هێنا و هەندێك خواردنی بەزۆر دەرخوارد دا، پاشان ڕۆیشتەوە ناو جێگە و داوای لە دایکی کرد دەرگاکە لە دوای دەستییەوە دابخات، ئەو لە نیوەڕۆوە تا ئەو کاتە فیلمی ژیانی خۆی لە منداڵییەوە هێنایەوە بەر یاد (تەمەنم پێنج سااڵن بوو، شاوەیس ئاغا دەستەیەك لە جاشەکانی نارده سەرمان و لە بەرچاوی دایکم و من و دوو خوشك و برایەکەم تفەنگیان ئاراستەی سەرسنگی باوکم کرد و شەهیدیان کرد... باوکم یەکێك بوو لەوانەی ملی بە شاوەیس ئاغا نەدەدا و گومانی ئەوەیان لێ دەکرد پەیوەندی نهێنی لەگەڵ شۆڕشی شاخ پەیدا کردبێت... چەند ڕووداوێکی سامناك بوو! دایکم خۆی دەکوشت و خۆی دەڕنی، دوو خوشکەکەم کەوتبوون بەسەر لاشەی خەڵتانی

باوکمدا و برا منداڵەکەشم لە ناو بێشکەکەی دەیزپراند، جاشەکان بەدەم پێکەنینەوە چوونە دەرەوە و یەکێکیان دەیوت با ژن و منداڵەکانیشی بەسەر ئەو سەگبابەدا گوللە باران بکەین، دووەمیان دەیوت ئاغامان تەنها فەرمانی بە کوشتنی ئەو ناپیاوە داوە...

لە بیرمە باوکم داوای ئاوی کرد و لەگەڵ قومی یەکەمدا گیانی سپارد و چاوەکانی بە دوای جەللادەکاندا دەیڕوانی...

دوای ئەسپەزدەکردنی باوکم، هاتنەوە سەرمان و لەماڵ دەریان کردین و بە ڕەش و ڕووتی و دەستی بە تاڵ گوندەکەمان بەجێهێڵا و ڕوومان لە شار کرد...

دایکم وەک فەڕاشی قوتابخانە دامەزرا و بەهەژاری و کوێرەوەری ئێمەی پێ گەیاند... دایکی ئازیزم هەموومان ملکەچ و منەتباری تۆی بەڕێزین... لە بیرمە هەموجارێ دەتوت: ڕۆڵەکانم ئاغا و پیاوانی ئاغا چاوەڕوانی ڕۆژێکن ماڵ و منداڵی سابیری ڕەحمەتی ڕسوا و بەدناو بن، ئاگاتان لەخۆتان بێت، ئابڕو کەرامەتی خۆتان بە هەموو دونیا مەگۆڕنەوە...ئەو تەمەنی جوانی و حەزەکانی خۆی لەپێناوی ئێمەدا نایە ژێر پێی بۆ ئەوەی ئێمە سەربەرزانە و شەرفمەندانە ژیان بە سەر بەرین...

ئێشی بێ باوکی و زوڵمی شاوەیس ئاغا و هەژاری و نەداری هەر هەموو بەلایەو ئێشی"سیوەیل" بەلایەك... من سەرگەرمی خوێندن بووم و لە قۆناغی پێنجی وێژەیی بووم... ڕۆژانە بۆ خوێندن هەڵم دەکردە سەربان و دوو سێ کاتژمێر بە وانەکانمەوە خەریك دەبووم... ماڵیان پشتی بە ماڵی ئێمەوە دابوو... ڕۆژێك لەناکاو کاغەزێکی پێچراوە هەڵدرایە بەردەمم، نامەکەم کردەوە و ئەمەی تێدا نوسرابوو (یوسف گیان، من چەندێکە چاوەڕوانی سەیرکردنێکی تۆم، بۆ ئاگات لە حاڵی من نییە؟! خوێندنەوەی ئەو چەند وشەیە هەموو گیانی هێنامە لەرزین و پەشۆکان...

بۆ یەکەمین جار بوو ئافرەتێك قسەی خۆشەویستیم لەگەڵ بکات.. من مرۆڤێکی زۆر شەرمن بووم، بەپەلە دەفتەر و کتێبەکانم کۆکردەوە و هاتمە خوارەوە، بەڵام ئەو نامەیە داگیری کردم و نەمتوانی یەك وشە بخوێنم... ئەو شەوە تا درەنگانێ بیرم لەو ڕووداوە سەیرە دەکردەوە، چەندین وێنەم لەسەر ئەوکچە لەلا دروست بوو، سبەینێ چووم بۆ قوتابخانە و لەوانەکانم خەیاڵم دەڕوێشت و بێئاگا دەبووم، لەگەڵ تەواوبوونی قوتابخانە، گەڕامەوە ماڵەوە و بەپەلە نانم خوارد و چوومەوە بۆ سەربان، دایکم پرسیاری کرد، کوڕم بۆ وا بەپەلەی؟ وتم: دایە خوێندنی زۆرم هەیە و تاقیکردنەوە نزیك بووەتەوە... لەوێ زۆر چاوەڕوان بووم، بەڵکو لە سەر بانەکەیانەوە سەرێك بەلای منداشۆڕ بکاتەوە، خانوەکەی ئەوان هەندێ لەوەی ئێمە بەرزتر بوو لەپڕ کچێکی تەمەن حەڤدە سالانی پرچ زەردی سپی پێست لە ستارەی سەربانەکەیانەوە دەرکەوت و جارێکی تر لە چاو ون بوو... بڕیارم دابوو لە قسەکردن لەگەڵی دەست پێشخەری نەکەم، چونکە نەمدەناسی و دەترسام ئەو کەسە نەبێت نامەکەی بۆ هەڵداوم... من خۆم بە کتێبێکەوە خەریك کرد بوو بەبێ ئەوەی تەنها یەك وشەی لێ بخوێنمەوە و لێی تێبگەم... مرۆڤ چۆن دەتوانێ لە شت تێبگات لە کاتێکدا هەموو بیر و خەیاڵ و هەست و نەستی ڕەوانەی کەسێکی تر کراوە، ئەمجارەش کاغەزێکی تری هەڵدا و بەپەلە دەستم دایە و سەیرێکی چواردەوری خۆمم کرد و کردمەوە و نوسیبووی (دیارە هەرمن بۆ تۆ سوتاوم و تۆ باکێکت بە کەس نییە) ئەوچەند وشەیە گڕی لە گیانم بەردا و ئۆقرەی لێ بڕیم، کەوتمە هات و چۆ و پیاسە کردن بە سەر بانەکەدا، بە هیوای ئەوەی سەیرێك بکات و خۆشەویستی خۆمی بۆ دەربڕم و هەستی ئەوینی ئەو بەرز ڕابگرم...ئەو دیار نەبوو، تێنەدەگەیشتم داوای چی دەکات، لای ئێوارە پیاسەیەکی کۆڵانەکەی ئەودیووم کرد بە هیوای ئەوەی لە بەر دەرگای ماڵیان چاوێکم پێی بکەوێ، لەوێش نەمبینی... ئەم کچە دەیەوێ من بۆ کوێ ببات؟ ئارامی لێ هەڵگرتووم و

خۆی له من بزر کردووه، کەچی پێم دەڵێ باکت به من نی یه... له دڵی خۆمدا دەمـوت بڵێـی کـاری براکـەی بێـت و بیـەوێ مـن تـاقی بکاتـەوه؟! چـوزانم، لەوانەیـه... خـۆ مـن قسـەیەکم لـەم کچـه نەبیسـتووه، تـەنها سـەیرکردنێکیش ناکرێته بەڵگەی ئەوین و خۆشەویستی، هەموو ڕۆژێ له قوتابخانـه دەگەڕامـەوه دەچوومه سەربان و چاوەڕوانی ئـەوم دەکـرد، بـه درێـژایی شـەش ڕۆژ تـۆ بڵـێ شەش ساڵ له نیوەڕۆوه تا خۆرئاوابوون من پیاسەی سەربانم دەکرد و بـه هـیچ ئەنجامێك نەگەیشتم... ڕۆژی حەوتەم هیوام بڕی و ئەو ڕایەم لا تـۆخ بوویـەوه، دەیانەوێ تاقیم بکەنەوه، یاخود گاڵتەم پـێ دەکـەن، مـەیلم بـڕی و وردە وردە خەریك بوو دەهاتمەوه سەر خوێندنی وانەکانم... لـه ئێـوارەی ڕۆژی شەشـەمدا پـێش خۆرئـاوابوون لەسـەر بـانی ماڵیـان دەرکـەوت و سـەیرێکی پـڕ لـه بـزه و پێکەنینی کردم و بۆ یەکەمجار لەگەڵم هاتـه قسـەو وتـی: (ئـەم چـەند ڕۆژە بـه خێزانی سەفەرمان بۆ ماڵی پووڕم کرد بوو، لەوانەیە دڵگران بووبیت؟)

وتم (خوا ماڵی باوکت ئاوەدان بکات، حەوت ڕۆژە تۆ بڵێ حەوت ساڵە خەو و خواردنت له من حەرام کردووه، ئەوجا دەڵێی لەوانەیە دڵگران بووبیت!)

هاته وەڵام (چۆن باوەڕت پێ بکەم؟)

وتم (چـۆن بـاوەڕم پـێ بکـەی؟ حـەوت ڕۆژە لـه نیـوەڕۆوه تـا خۆرئـاوابوون سەیری ستارەی سـەربانەکەتان دەکـەم، بـه هیـوای ئـەوەی سـەیرێك بکـەیت و دووقسەت لەگەڵ بکەم)

–(دەبێ هەر له ئێستاوه ئارامت لێ نەبڕێ و خۆشەویستی فیداکاری و ئـازار چەشتنی پێویستە)

+(من تامی خۆشەویستیم نەکرد بوو، حەوت ڕۆژ چاوەڕوانی بینینت بووم.. تەنها بە نووسینی چەند وشەیەك ئارامیت لا هەڵگرت بووم..گەر بڕیار بدەی خۆشەویستی و وەفاداریی خۆتم پێ بدەی، ئەوا لەپێناوی تۆدا هەموو ئازارێکم قبووڵە)

-(زۆر لە سەر بانەکەتان هات و چۆمەکە، بۆ ئەوەی جیرانەکانمان گومانیان لە لا دروست نەبێت)

+(ئەی لە کوێ بتبینم؟)

-(جارجار لە سەر بان یەکتر دەبینین و لە ڕێگەی قوتابخانەش زۆر بەکەمی دەتوانین چاومان بە یەکتر بکەوێ)

+(لە کام قوتابخانەی؟)

-(هەلاڵەی کچان، پۆلی چوارەم، دەوامم بەیانییانە)

+(نامەم بە درێژی بۆ بنووسە و باسی خۆتم بۆ بکە و لەسەر ئەم بانە بیدە دەستم)

-(تۆش بۆمنی بنووسە... ئێستا دەبێ بڕۆم خواحافیز)

+(خوات لەگەڵ بێت، پادشای مەملەکەتەکەم، سوڵتانی پایتەختی دڵم، فریشتەی شەوی تەنهایی ژوورەکەم...)

ئەو شەوە دانیشتم، هەرچی وشەی جوان بوو لەلام ئەوەندەی ترم بۆ قەرز کرد و لە دیوانی عیشقدا هۆنیمەوە، دانیشتم وەك"خانی"داستانی "مەم و زینم" بۆ نووسی، دەیان و سەدان خەونی ئەرخەوانیم تێدا باس کرد بوو... خۆم نامەکەم دەخوێندەوە دونیایەك چێژ و لەزەتم لێ دەبینی، بۆ سبەینێ لە سەر بان دەرکەوتەوە و نامەکەم بۆ هەڵدا... هەرئەوەندە فریاکەوت بڵێ من فورسەتی نووسینی نامەم نەبوو، براژنم دەیەوێ لە سەربان جل هەڵ بخات، من دەبێ بڕۆم...

ئەو شەوە زۆر بە ئاسودەیی نوستم،"سیوەیل"م دەهاتە پێش چاو، وام هەست دەکرد لە ژوورەکەی خۆیدا تەنهایە و پیت بە پیت و وشە بە وشەی نامەکەم دەخوێنێتەوە... بڵێی ئێستا لە کوێی نامەکەدا بێت؟ بڵێی گەیشتبێتە ئەو چەند دێڕەی کە دەڵێم (من و تۆ وەك کاکە مەم و خاتوو زینین بەڵام

ئایا"خانی"یەکی داستانووس هەڵدەکەوێ تاکو چیرۆکی ئەم عیشقی ئێمە بهۆنێتەوە...

بڵێی خەت و نووسینی منی بە دڵ بێت؟ یان ئەوەندە جوانم

نووسی بێت بتوانێ وەك خۆی بیخوێنێتەوە؟!

لەو شەوەدا هەزار"بڵێ"م لە لا دروست بوو، بەڵام زۆر ئاسوودە و ئارام بووم... لێوانلێو بووم بە بەختەوەری، لاشەم سووك بوو بوو، بە قەدەر چۆلەکەیەك پەڕم بەلاشەوە بوایە دەمتوانی لە شەقەی باڵ بدەم... ئای کە جیهانێکی پڕ لەزەت و ئەفسوناوی بوو...!

نازانم لە دوای ناردنی نامەکەم چەند رۆژ تێپەڕی، جارێکی تر لە ڕێگەی قوتابخانە یەکترمان بینییەوە و وتی (نامەکەت باڵ بە مرۆڤ دەگرێتەوە، ماشەلاّ لەو هەموو هەست و سۆزە جوان و گەرمەی لە دوو تووێی نامەکەت بە دیاری بۆ منت ناردبوو!)

وتم (بمبورە، گەر نەمتوانی بێت حەقی جوانی و خۆشەویستی تۆ بدەم)

-(تۆ لە من ببورە نەمتوانی بێت لەو هەموو جوانی و شکۆمەندییە بگەم کە وشە شیرینەکانت هەڵیان گرتووە)

+(تۆ نامەت بۆ نەنووسیووم؟)

-(با، بەڵام ئەم شەو تەواوی دەکەم و سبەینێ دوای عەسر دێمە سەربان و بۆت هەڵ دەدەم)

نزیك بووینەوە لە کۆڵانی لای مالیان و بەپەلە لە یەکتر جیا بووینەوە، سبەینێ عەسرێکی درەنگ لە سەربان دەرکەوت و نامەکەی بۆ هەڵدام، منیش دەتوت پەیامێکی ئاسمانییە و بە فریشتەیەکدا ڕەوانەی لای من کراوە، پڕمدایە و بەپەلە دابەزیم و خۆم خزاندە ژوورەکەی خۆمەوە و دەستم بە خوێندنەوەی کرد، ڕاستە دەستی ئەدەب و نووسینی نەبوو، بەڵام بە زمانێکی سادە زۆرێك لە

هەست و نەستی پڕلە جوانی و خۆشەویستی دەربڕی بوو، باسی گرفتەکانی مالّی خۆیانی بۆ کرد بووم، باسی خوێندن و قوتابخانە و هاوڕێیانی ناو قوتابخانە... زۆر تکای کرد بوو با کەس بەم ئەوینەمان نەزانێ، چونکە براکەی زۆر توڕەیە و لەوانەیە گەر بەو کارەمان بزانێ گرفتی زۆری بۆ دروست بکات...

ئەو نووسیبووی (خۆزگە لە یەک زانکۆ و یەک بەش وەردەگیرایین و لەوێ تێرتێر لەگەلّ یەکتر قسەو گفت و گۆمان دەکرد)

پاش دووسالّ لە ئەوین و خۆشەویستی و قسەکردن لەگەلّ یەکتر من گەیشتمە زانکۆ و لە کۆلیژی"یاسا"وەرگیرام، ئەو پۆلی شەشی ئامادەیی بوو، زۆر تکام لێ دەکرد بیر و خەیالّی تەنها لای خوێندنەکەی بێت و خۆی بە شتی تر‌ەوە خەریک نەکات، خۆشبەختانە پۆلی شەشی تەواو کرد و لەکۆلیژی ئاداب بەشی کۆمەلّناسی، لە هەمان زانکۆی من وەرگیرا... فەزای زانکۆ فورسەتی زۆری بۆ یەکتربینین دەڕەخساند... من گەیشتمە قۆناغی سێیەم و ئەویش لە دوو بوو، ڕۆژێک سەرم لە کۆلیژەکەیان دا و چاوم پێی کەوت، وەک جاران نەهاتەپێش چاوم پرسیارم لێکرد وتی هەندێ ناساغم، من زۆر باوەڕم بەو قسەیە نەکرد، بۆیە هەوڵم دا لە ڕاستی مەسەلەکە بگەم، ناچارم کرد و لە ئەنجامدا وتی: (کوڕی پووڕم لە هەندەرانە و جوابی بۆ مالّەوەیان ناردووە، تاکو منی بۆ داوا بکەن، دوێنێ شەو هاتن و لە دایکم و کاکم داوایان کردم، ئەوانیش پێخۆشحالّی خۆیان دەربڕی و وتیان کچ کچی خۆتانە، ئەوا ئێستا من نازانم چی بکەم؟)

وتم +(بۆچی نازانی چی بکەی؟ ڕەفزی بکە...)

–(هەروا بە ئاسانی؟)

ئەو قسەیە هەموو هەناوی داتەکاندم و وتم +(ئەی چارەیەکی تر شک دەبەی؟)

–(ئێمە لەگەڵ مااڵی پووڕم زۆر تێکەڵین و ڕەد کردنەوەی دەستی ئەوان دڵ ئێشان و گرفتی خێزانیمان بۆ دەنێتەوە، جگە لەوەش دایکم و کاکم گفتیان پێداون، ئیتر نازانم چی بکەم؟)

+(سیوەیل بڕیار بڕیاری تۆیە، تۆ نەتەوێت ئەو کارە سەر ناگرێ و ئەو کوڕەش ئەوروپای بینیوە و باوەڕ ناکەم بە زۆر ئافرەتی قبوڵ بێت)

–(یوسف هەرچی تەماشا دەکەم، تۆ لە من ناگەیت و نازانی چ گرفتێکم بۆ خوڵقاوە)

+(دەباشە تۆ ڕێگە چارەیەک بدۆزەرەوە، دەتەوێ کۆلێژ بە جێبهێڵێن و لەم شارە هەڵبێین؟)

–(من هیچ چارەیەک شک نابەم و ناشتوانم کەسوکارم دەست لێهەڵبگرم)

+(ئەمەوی ڕاشکاوانە قسەی خۆت بکەی و ڕاستم لەگەڵ بڵێی)

–(یوسف ئاغا خۆمن کەنیزەک نیم و لە بازاڕدا نەتکڕیوم)

لکاندنی نازناوی ئاغا بە ناوەکەمەوە وەک ئەوە وابوو خەنجەر لە سەر سنگم بدەی بۆیە هەڵمدایە و پێم وت+(کچی باش من و تۆ خاوەنی مێژووەیەکی پێنج ساڵەین لە خۆشەویستی، خۆت باش دەزانی هەمیشە لە خۆم ئازیزتر و بەڕێزتر تەماشام کردویت، من لەو مرۆڤە برسیانە نەبووم ئافرەت بۆ ئارەزووەکانی خۆم بەکاربهێنم، لەو ڕۆژەوە من تۆم ناسیوە تا ئەم ساتە کە دەتەوێ لێم جیابیبیەوە، ئارەزوم تێکەڵ بەخۆشەویستی نەکردووە)

–(ڕاستییەکەی ئەم سەریساڵە کوڕی پووڕم لە هەندەران دەگەڕێتەوە و دەیەوێ مارەم بکات)

+(هەروا بە ئاسانی)

–(هیچ شتێک لە دەستی مندا نییە)

+(ئەی من چارەنوسم چی دەبێت؟)

-(جا من بڵێم چی؟)

+(خانم، گلەیم لە تۆ نییە عیشق لەم وڵاتەی ئێمە یان نییە یان سەرئەنجامی هیچ و پووچی لێ دەکەوێتەوە)

-(من دەڕۆم....)

ئەوسەفەری خێری کرد و خوێندنی واز لێ هێنا و بەرەو ئەوروپا بە ڕێکەوت، منیش بەدرێژای ئەو ساڵەی خوێندن لەناو ئازار و ئەشکەنجەدا دەتلامەوە و یارمەتی هەندێ مامۆستاش نەبوایە لەو ساڵەی خوێندن شکستم دەخوارد... ئەوەندە تاڵاوی خەمم خواردەوە کاری کردە سەر تەندروستیم و ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بەرەو لاوازی و بێ هێزی دەچووم، کێشم لە (٧٢) کیلۆوە بۆ (٥٤) کیلۆ دابەزی... سەرئەنجام بیرم کردەوە خەمنۆشی بەدەرد ناخوات، ئەو لە ئەوروپا خەریکی کەیف و خۆشی خۆیەتی و منیش لێرە خۆم بۆ ئەو کوشتووە، هاتمەوە بە خۆمدا و بڕیارم دا خەمی ئەو مرۆڤە غەدارە لە سەری خۆم دەربکەم..... وردە وردە پەڕگیریم واز لێهێنا و هاتمەوە ناو کۆمەڵ و هەر لەوماوەدا بوو دەستم کرد بە سەردانی چاخانە و ناسینی کۆمەڵێك برادەر کە لە ئاوی ڕەوان بۆ من پێویست تر بوون... لەو سەروبەندەدا بوو مامۆستا محەممەدی خەڵوەتیم ناسی و ماوەیەك خۆشترین کاتمان لە چاخانە لەگەڵ یەکتر بەسەربرد... هەرگیز ئەو کۆپلە شیعرەی مامۆستا خەڵوەتیم لە یاد ناچێت کاتێك چاوی بە من دەکەوت دەیوت:

"دڵشکاوێ لەوپەری شارەوەیە

بگەنە هانای

ئەم وڵاتەی ئێمە

نیشتمانی دڵشکاوانە

لێرە لە عیشق خیانەت دەکرێ

مەم و زین دەچنە ڕپزی ناپاکان..."

پاشان مامۆستام لێ بزر بوو، کاتێک دۆزیمەوە بوو بوو بە مرۆڤێکی تر،"خەڵوەتی"یەکەی جاران نەما بوو، ئەم جارەیان کەوتمە گێژاوێکی تر، لە گێژاوی خۆشەویستی قوتاربووم و کەوتمە گێژاوی فیکرو فەلسەفە، زەمەنێک لەو گێژاوەدا ژیام، لەو دونیایەدا مامۆستا خەڵوەتی ئاسۆی فراوانی بە ڕوومدا کردەوە، دواجار لەو قەیرانەش هاتمە دەرەوە...

من ئەو بەفرە بوڵکە تازەباریوە بووم کەش و هەوای دەوروبەرم توانی کاریگەری خۆیم لەسەر بەجێ بهێڵێت، سەرما و زوقمی زستانی تووش بەفری نەرمی گۆڕی بۆ شەختەی سەهۆڵ و ئەو دڵۆپانەش لێم دەباری گۆڕا بۆ چلورەی بەستوو، بەڵێ، گەر دژواری دەوروبەر بیهێڵاڵبا هەست و نەست و سۆزی گیانم دەبوو بە سەرچاوەیەکی پڕ لە فەڕ و جوانی، بەڵام تووندوتیژی لە مامەڵەکردنم و وشەی ڕەق و بێ گیان و زوڵمی ستەمکاران منی گۆڕی بۆ مرۆڤێکی وشک و بێ گیان ، منێک تۆپەڵێک بووم لە سۆز و ناسکی و هەستی شیرین گۆڕام بۆ تۆپەڵێک لە ڕقئەستووری...

لەگەڵ گۆڕانی کەش و هەوا و گۆڕینی باری ناهەمواری دەوروبەرم منیش هێواش هێواش دەتوێمەوە، بەستەڵۆکی سۆز و هەستم تنۆک تنۆک لە هەردوو چاوەکانمەوە دێتە خوارێ ئێستا لە ترسی ئەوەدام بە خێرایی بتوێمەوە و وڵاتێک بە لافاوی سۆز داگیر بکەم، دەترسم بە جۆرێک بتوێمەوە بوونی خۆم لە دەست بدەم، لە دەستدانی بوونی خۆ خاڵیبوونەوەیە لە هەموو هەست و سۆزێک، ئێستا لای من سەرەتای وەرزی بەهارە و زەوی دەروونم بە گوڵ و گوڵزار خەملێوە، لەگەڵ بەرزبوونەوەی پلەی گەرما و هەنگاو هەڵگرتن بەرەو هاوین منیش توانەم زیاد دەکات و بەفری هەست و سۆزم بەرەو کۆسار و

لوتکەکان هەڵدەکشێت، لەگەڵ توانەوەی کلاوەی بەفری لوتکەی تەمەن گوڵی تەمەنی منیش هەڵدەوەرێ و کۆتایی بە ژیانم دێت...

ئێستا من شەپۆلەکانی ڕۆح یاری بە کەشتی چارەنوسم دەکەن، من دەبێ لەدووی مامۆستا خەڵوەتی و جاوید بڕۆم، دەبێ سبەینێ سەفەر بکەم و بچم بیاندۆزمەوە... من دەزانم دەبێ ئەوان ببینم، بەڵام نازانم بۆ دەمەوێ بیانبینم... دەزانم کەڵکەڵەی چارەنوسێك پەڕیوەتە سەرم، وەلێ نازانم حەقیقەتی ئەو چارەنووسە چییە و بۆ کوێمان دەبات... سبەینێ زوو ئەم شارە بە جێ دەهێڵم و بەرەو ئەوێ بەگەڕ دەکەوم..)

کە گەیشتە ئەو بڕیارە هەندێك ئارامی هاتەوە بەر گیان و چاوەکانی لێکنا و کەوتە ناو خەوێکی قوواڵەوە...

نامەکەی خەڵوەتی

لە هەمان شەودا "سابات" هاوسەری بەوەفای محەممەدی خەڵوەتی بە دونیایەك خەمەوە، منداڵەکانی کردە خەو و دوای بەئەنجام گەیاندنی نوێژی شێوان، لە سەر بەرماڵەکەی ڕوو بە قیبلە دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرز کردەوە و کەوتە ناو موناجاتێکی قوواڵەوە:

ئەی خودا، خودای هەژاران و نەداران، خودای چەوساوان و بێ سەرپەرشتیاران، خودای پیر و پەککەوتان، خودای ساوایان و منداڵان، خودای نەخۆشان و دەردەداران، خودای دڵ بریندارانو عاشقان، ئەی پەروەردگاری کەون و کائینات... ئەی ئەو کەسەی دەبێت بە میوانی خاوێنترین و ناسکترین دڵی یارانت... ئەی پشت و پەنای هەڵهاتووان و بێ دەرەتانان... هانام، پەنام هەر بۆڵای تۆیە... دەستم بگرە، لە تاریکستانی ژیان، لە زوڵمەتی دونیا قوتارم بکە... تۆ سەرچاوەی پاکی و جوانیت، تەنها پاکان و جوانانت لا قبووڵە، منیش مرۆڤێکم – گەر تۆ نەگەی بە فریام–جوانی و پاکی لە دەست دەدەم و دەچمە ڕیزی ئەوانەی لە لیتەی ئارەزوەکاندا نغرۆ دەبن... ئەی ئارامیی بۆ دڵی نائارامان، لێشاوی سوکنایی بڕژێنە بەسەر دڵ و دەروونمدا، تاکو سوپای دڵەڕاوکێ تەفروتوونا بکەم، پەروەردگار، تۆی خاوەنی هێزو دەسەڵات، دەستبارێکی باری کەوتووم بدە بۆ ئەوەی بارگە و بنەم بە سەلامەتی بگاتە مەنزڵ... ئەی خودایە، سەرۆکاری ئەم منداڵانەم بکە، بۆ ئەوەی بە جوانترین شێوە پەروەردەیان بکەم، خودایە کۆمەکیم بکە، بۆ ئەوەی لارەمڵ و بێناز نەبن... من پەیمان دەدەم بە تۆ تەنها ملکەچ و منەتباری دەرگانەی تۆبم و

سـکالاو گلەییـەکانم لای تۆبکـەم... خـودا گیـان، ئـەم داوانـەم قبـوولّ بفەرمووی...ئامین)

دوای ئەو دوعا بەکولاّنە نامەکـەی محەممـەدی خـەلّوەتی هاوسـەری هێنـا و والاّی کرد و دەستی بەخوێندنەوەی کرد:

(دایکی سرووە و سێبەر و سواڕە، هاوسەری ئازیزم، سابات گیان، نازانم چی بلّێم و لە کوێوە دەست پێ بکەم... باسی ئەو خۆشەویستییەی نێوانمان بکەم، کە دوای چوار سالّ لە خۆزگە و تامەزرۆبوون بۆ یەکتری داری ئاواتمان هاتە بەر و بە یەکتر گەیشتین و خێزانمان پێك هێنـا؟ باسـی ئـەو چـەند ساڵەی پێکـەوە ژیـان کـە دەتـوت خەونێکـە و لـە شـەوێکی حـەز و تاسـەدا دەیبینین؟ باسـی شـەرمنی ئـەو چـواردە سـاڵەت بـۆ بکـەم ڕێگـەی نـەدا بەتـەواوی تاسـەم لێت بشکێ..؟ خاوەنی سێ منداڵ بووی حەزم دەکرد شەوێ لـە ژوورەکـەمان لەبـەر ڕووناکی تێر تەماشای یەکتر بکەین، بەڵاّم تـۆ شـەرم دایـدەگرتی و پـەردەکانت دادەدایەوە و گوڵّپەکەت خامۆش دەکرد و ئەوەندەی تر حەز و تامەزرۆبوونت بە من دەبەخشی... من لە بیرم دەچوو کاتی سەردانی ماڵّی باوکتە تۆ بۆ خـۆت شەرمت دەکـرد باسـی بکـەی، یـەکێك لـە منداڵـەکانت، تێدەگەیانـد بـۆ ئـەوەی ئاگـادارم بکـەن... مـن هـەموو جـارێ دەمـوت باشـە ئـافرەت چ شـورەیی و نەنگییەکی تێدایە گەر خۆت داوای سەردان بکەیت، بـەبیرم بهێنیتـەوە؟ کەچـی چاوەکانت لێکدەنا و بەبێ وەڵاّم خۆت بـە کارێکـەوە خـەریك دەکـرد... لۆمـەی شەرمت ناکەم تەمەنی من هەشت سالّ لە پێش تەمەنی تۆوە بوو...

ئەی هاوسەری بەڕێزم، شەرمی تۆ سنووری بەزانـد بـوو، سـفرەت بـۆ مـن و منداڵەکان ڕادەخست و خۆت بە شتێکەوە خەریك دەکرد، چونکە شەرمت دەکرد لەگەڵ من دوو پاروو بجاوی... داوای لێ بوردنت لێ دەکەم ئـەوجارەیان بـەزۆر پەلم گرتی و لە سەر سفرەکە دامنیشاندی، چی بکەم منیش وەك هاوسەری تـۆ

حەزم دەکرد لە تەنیشتمەوە دابنیشی و بە دەستی خۆم پاروویم لە ناو دەمت بنابایە، بەڵام شەرمی تۆ ئەو حەزەی منی مراند بوو، هەموو جارێ گلەیم دەکرد و دەموت: بۆ ئاوا؟ دەتوت: دایکیشم بەرانبەر بابم ئاوا بوو... من دەموت: ئاخر لەوانەیە بابت وای لە دایکت پێ جوان بوو بێ، بەڵام من حەز دەکەم ئەو پەردەی شەرمە لە نێوانمان نەمێنێ، کەچی تۆ توانات نەبوو یاساکانی خۆت پێشێل بکەی... شەرم لێوانلێوی کردبووی بە هەستی مێیینەیی، منت بە ئەندازەیەک تینوو کرد بوو هەموو کاتێ لەبەر چاوم دەتوت تازە تۆ بووکی...چووزانم کێ نالێ نمایشێ شەرم هونەرێک نییە لە هونەرەکانی سەپاندنی دەسەلاتی مێ بەسەر نێردا... تۆ بەشەرم منت بێ دەسەلات کرد بوو، حەزم دەکرد جوولە و وەستانم، قسەو بێدەنگیم، خواردن و نەخواردنم لە ژێر ویستی تۆدا بێت، تۆ چۆنت پێخۆش بوو وامان بکردبایە، بەڵام دیسان بە دەسەلاتی شەرمنت ویستت بۆ دەگێڕامەوە و دەتوت: تۆ چۆنت پێ باشە باوا بێت...

سابات گیان تەمەنی عیشق و ژیانی خێزانیمان زۆرکەم و کورت بوو، من بەو هیوایە هاتمە ناو ژیانی تۆ پەنجەی وشکی پیریم بۆ پرچی سپیت بکەم بە شانە... ئازیزەکەم تەمەنی عیشقمان بە قەدەر تەمەنی نێرگز کەم و کورت دەرچوو... ژیانی خێزانیمان گوڵاڵە چاوئێشەی سەرەتای وەرزی بەهار بوو، زوو لە زەوی هەڵ تۆقی و زووش هەڵوەری...

دایکی سێ منداڵە بێ نازەکەم، نازانم چۆن داوای لێبوردنت لێ بکەم، تۆی خاوەن شەرم و شکۆ توانای ئەوەت هەبوو پیاوێکی شیاوتر لە من بکەی بە هاوسەری خۆت و تەمەنێکی درێژتری لەگەڵ بەسەر بەریت، بەڵام منت هەڵبژارد، منێک لە تەمەنی لاوییدا بەجێتدەهێڵم و لەناو جیهانێک لە خەم و پەژارە دەستت لێ بەردەدەم، ئازیزەکەم، خۆزگە بمتوانیبا ژیانێکی سادە و ئاسایی بەڕێ بکەم و بە مانەوەم تۆم ئاسوودە بکردبایە، بەڵام کەڵکەڵەی مەرگ و ژیان بەرۆکم بەرنادا و بەرەو چارەنوسێکی سەیر پاڵم پێوەدەنێت... سابات گیان، بیری

مەرگ و ژیان ژیانی لێ گۆڕیم بە مەرگ و مەرگیشی هێنا بۆ ناو ژیانم، خۆزگەم بەو سەوزە فرۆشەی هەموو ڕۆژێ بە کۆلانەکەی مالّی خۆماندا تێدەپەڕی و پڕ بە دەمی هاوار بۆ فرۆشتنی سەوزەکەی دەکات و ژنانی کۆلان لەخۆی کۆ دەکاتەوە و دوای هەندێ قسەی خۆش و گالّتە کردن لەگەلّیان جارێکی تر بە دونیایەک ئارامییەوە دەست دەکاتەوە بەپالّنانی عارەبانەکەی و ڕوو لە کۆلانێکی دی دەکات...

سابات گیان، تۆ سەهەندێ بووی لە سەفەری ژیان تاوێك لە ژێر گەلاّ و سێبەری بەزەیی تۆدا حەوامەوە... تۆ ئەو مرۆڤە مەزنە بووی ڕاز و نیازەکانی خۆمم لا درکاندی... سەربوردەی مەینەتییەکانم بۆت گێڕایەوە و بە گوێگرتنت دونیایەك ئاسوودەیت پێ دەبەخشیم... وام هەست دەکرد شان دەدەیە ژێر بەشێك لە خەمەکان و کۆڵی ئازارەکانم کەم دەکەیەوە...

ئازیزەکەم، سوێندبێ بەو تەمەنە کورتەی تیایدا تاسەمان لە یەکتر نەشکا، هەرکە تۆم ناسی هەموو ناسیینەکانی ترم لە بیر چوویەوە، لە ئێوارەیەکی دەمەو زەردەدا دڵم بە دیاری ڕەوانەی بەردەم میهرو وەفای تۆ کرد، ئیتر هەستێکم بۆ مێ لەلا نەبوو تا بە کەسێکی تری ببەخشم... وام دەزانی ئەم سەر زەویە تەنها دوو مرۆڤی لەسەر دەژی من ئادەم و تۆش حەوا، من لە جوانی تۆدا خۆم دەبینییەوە، تۆ بەشێکی دانەبڕاو بوویت لە من، ئەو بەشەی من بوویت کە هانام بۆ دەهێنای، ئەو قەلاّیە بووی لە هێرشی سوپای مەینەتییەکان خۆم تێدا حەشار دەدا، من و تۆ لە عیشقی مەجازیدا لەگەلّ یەکتر تەمەنێکمان بەسەر برد، عیشقی تۆ بوو بەو ڕێگەیەی سەری لە عیشقی حەقیقیەوە دەرکردم، بە جۆگەلەی ئاوی عیشقی تۆدا سەرکەوتم، تا گەیشتمە کانیاوی عیشق، تۆ ئەو کەسە بووی پەلت گرتم و سنووورداشی مەملەکەتی عاشقانت کردمەوە، لە یادمە هەموجارێ دەتوت: محەممەد تۆ خەلّکی ئێرە نیت، تۆ لە مەملەکەتێکی تردوە بە سەفەر سەردانی ئێرەت کردووە، ڕۆژێك دێت یاسای ئەم ولاّتە سنووورداشت دەکاتەوە...

ئازیزەکەم، ئەوا جەندرمەکانی عیشق چوار پـەلیان زنجـیر کـردووم و بـەرەو سنوور ڕاگوێزم دەکەن، پێدەچێ ئاودیوی مەلـەکووتم بکـەن و جیهـانی مولّك و مەجاز بەجێ بهێڵم...

تا لەناو ئەم ژیانەدا بیت، تۆ مەحکومی بە یاساکانی، بۆیە لە دوای من ژیـان لە خۆت تاڵ مەکە، وەلاّمی یاساکانی ژیان و حەزە مرۆییەکانت بدەرەوە...

ئازیزەکەم، منداڵەکان یادگاریی منن لە لای تۆ، ئاگاهیت لێیان وەفاداریت بۆ مـن نیشـان دەدات... دڵنیـام لـە مـن زیـاتر خـەمخۆری ئـەوانیت، بـەلاّم بـاس کردنییان تەنها ڕەواندنەوەی خەمێکی دەروونە...

سابات گیان، هیوام وایە لە دوای من خـۆت و منداڵـەکان بەختـەوەربن، گـەر گۆڕم دیار بوو جار بـە جارێـك لەگـەڵ منداڵـەکان—بەتایبـەت پـایزان— سـەردانم بکەن، دڵنیام لە ئامێزتان دەگرم و ڕۆحم بە ئێوە شاد دەبێتەوە...

خۆت و منداڵەکان بە کەسێك دەسپێرم سپاردەکانی بزر ناکات، بەختـەوەر و ئاسوودە بن...

تێبینی: دوکانەکە مولّکی خۆتە و ئازادیت چی لێ دەکەیت...

محەممەدی خەڵوەتی...

کۆتایی

مەرگ لە شاری ڕەشدا

جاوید کوێستانی لە بەیانییەوە چاوەڕوانی هاتنی محەممەدی خەڵۆەتی بوو، شێوانێکی درەنگ بوو گەیشتە مااڵی جاوید و تەقەی لە دەرگا دا و جاوید بەپەلە خۆی گەیاندە دەرگاکە و بینی محەممەدی خەڵۆەتیە، دوای بەخێرهاتن فەرموویی لێکرد بۆ ژوورەوە و بردی بۆ ئەو تاقە ژوورەی لە قاتی سەرەوەی خانووەکەیان تایبەت بە خۆی دروستی کرد بوو...

جاوید وتی–(پێم سەیرە بەتەنها هاتووی، چونکە لای من تۆ بەتەنها نەبوویت، بەڵکو کەسێکی ترت لەگەڵ بوو...)

خەڵۆەتی +(مەگەر یوسف، ئەگینا کەسی تر شك نابەم)

جاوید – (بۆ درەنگ گەیشتیتە بەرەوە؟!)

خەڵۆەتی +(زوو گەیشتین، بەاڵم درەنگ بۆ مااڵی ئێوە هاتم، چونکە بە ناو بازاڕدا دەسوڕامەوە)

ئەو شەوەی جاوید و محەممەدی خەڵۆەتی شەوێکی نائاسایی بوو، پەردەی پەنجەرەی ژوورەکە کەوتبووە سەما کردن، جاوید وای دەزانی بە هۆی باڕەشی دەرەوە پەردەکە کەوتۆتە شایی و لۆغان، بەاڵم کاتێك سەری کێشا دەرەوە بینی دونیا خامۆشە و تەنانەت کزە بایەکیش هەاڵینەکردووە...

ئەوان زۆر بەئارامی لە ژوورەکە دانیشتبوون، کەچی دایکی جاوید دووجار هاتە سەرەوە و جاویدی بانگ دەکرد و پێی دەوت ئەو دەنگە دەنگ و هاتووچۆیەتان لە چییە؟

سوراحی ئاوەکە لەسەر مێزەکە بەربوویەوە و ئارامی ژوورەکەی ڕەواند، وێنەی بابی جاوید کە لە سەر دیوارەکە داکوترا بوو بە بێدەنگی پێ دەکەنی...

جاوید وتی (ئەو وێنەیەم پێشتر بەم جۆرە نەبینیوە)

هاندی دەرگاکە چەند جارێک لار دەبوویەوە و دەتوت کەسێک دەیەوێ دەرگاکە بکاتەوە و بێتە ژوورەوە، کاتێک جاوید هەڵدەستا و دەرگاکەی دەکردەوە کەسی نەدەبینی... لە پڕ نوورێکی سپی لەپەنجەرەکەوە گیرایە ناو ژوورەکە...

جاوید وتی (شتی نامۆ و ناسرووشتیم بینیوە، نەک وەک ئەم شەو، دەڵێی دونیای ئاساییمان بەجێهێڵاوە و لە مەملەکەتی ئەفسانەی پڕ لە نامۆییدا ژیان بەسەر دەبەین، تۆ بڵێی سەردەمی زانستمان بەجێهێڵابێ و گەڕابینەوە بۆ چاخی موعجیزەکان؟!... هەرچی شتی ئەم ژوورەیە نائاسایی دەکەونە پێش چاو، فەزای ژوورەکە گۆڕاوە و بارێکی ناسرووشتی لەم ژوورەدا ڕاگەیانراوە... سەیری ئەو کتێبە بکە چۆن دەکرێتەوە و دادەخرێتەوە، تەماشای پاکەتی جگەرەکە بکە وردە وردە بەرەو لێواری مێزەکە دەجوڵێت، ئەم ژوورەی ئێمە سەراپا خرۆشاوە...)

محەممەدی خەڵوەتی هاتەوە وەڵام و وتی (چارەسەری ئەو بارە نائاساییانەی مرۆڤ بێدەنگییە... مرۆڤ دەبێ ئەو دیاردە سەیرانە ڕاینەگرن و پێییانەوە خۆی خەریک نەکات، کار و ئەرکی سەرشانی مرۆڤ ڕۆچوون نییە لە ڕووداوە ناسرووشتیەکاندا... گەر ئەم ژوورە دوو باڵی بۆ دروست ببێ و بەسەر ئەم شارەدا بفڕێ، من لە خۆم دوور ناخاتەوە و ئەوەندە سەرنجم ڕاناکێشێ پێ ی مەدهۆش ببم و لە نهێنیەکانی خۆم بێ ئاگا ببم..)

جاوید (هەر ئەوەندەم لام سەیرە، شەوێکی تر ئەم ژوورەم بەم جۆرە نەبینیوە)

خەڵوەتی (لە ئێستاوە لات سەیر نەبێ و زۆریش لێ ی ڕا مەمێنە)

جاوید (ئەو دیاردە سەیرانە بۆ دەرەوە دەگەڕێتەوە یان زادەی ناوەوەی مرۆڤن؟)

خەڵوەتی (لە دەرەوە واقیعێکی هەیە، بەڵام واقیعەکە وابەستەی دەروونی مرۆڤە، واتە ئامادەییەك لە ناوەوە بوونی هەیە و لە دونیای دەرەوە دەبێت بە کردار)

جاوید (گەر وابەستەی دەروونی منە، ئەی بۆ ڕۆژێکی تر بەم جۆرە نەمبینیوە؟)

خەڵوەتی (دەروونەکان هەموکاتێك لە یەك باردا نین، باری دەروونیی ئەم شەوت باریێکی نائاساییە...)

جاوید هەندێ سێو و پرتەقاڵی هێنا و لە بەردەم میوانەکەیدا داینا و فەرمووی لێکرد، محەممەدی خەڵوەتی پرتەقاڵێکی هەڵگرت و بە نووکی چەقۆکە چەند قاژێکی تێ کرد و دەستی بە پاك کردنی کرد و وتی (جاوید گیان، ئەم پرتەقاڵە تۆ دەیبینی **سێ بەشە:"تۆپکڵ، کرۆك، جەوهەر"، تۆپکڵەکەی** ئەوە بوو لێمان کردەوە، **کرۆکیش** ئەم پرتەقاڵە پاك کراوەیە و **جەوهەریش** ئەو ئاو و تام و بۆنەیە ناخی ئەم پرتەقاڵەی پڕ کردووە... خولیا و کەڵکەڵە و خەیاڵی مرۆڤ تۆپکڵەکەیە، مەعریفەش کە ڕشتەی فیکری و زانستی و فەلسەفی تان و پۆ دارە کرۆکی پرتەقاڵەکەیە و عیرفانش کە جەوهەر و حەقیقەتی خولیا و بیری مرۆڤە تام و بۆنی پرتەقاڵەکەیە)

جاوید (تام و بۆنی عیرفان لە ناو خودی مەعریفەدایە، ئەمەش هەمان ئەو ئەنجامەیە پێشتر باست لێوە کرد، لە ناو مەوداکانی"مەعریفەوە"مرۆڤ بەرە و سنوورەکانی"عیرفان" تەکان بە خۆی دەدات)

خەڵوەتی (هەموو خولیا و خەیاڵێکیش پێی ناوترێ مەعریفە، بەڵکو ئەو بەشە تۆپکڵی مەعریفەیە و گەرەکە مرۆڤ خولیا و خەیاڵی خۆی هەڵ بکۆڵێ تا دەگاتە مەعریفە و لەوێشەوە بەردەوام دەبێت تا ئاسۆکانی عیرفان بە ڕووا دەکرێتەوە)

جاوید (گەر عیرفان لە مەعریفە دەربهێنین، ئەوا مەعریفە بە بێ مەرام و ئامانج دەمێنێتەوە)

خەڵوەتی (وەك ئەوە وایە "ئاو و تام و بۆن" لەپرتەقاڵ دەربهێنی، خواردنی پرتەقاڵ بەبێ ئەو سیانە مانا و مەرامێکی تێدا نییە)

دوای ئاڵوگۆڕ کردنی ئەوچەند قسەیە بێدەنگیەکی پڕ لە سوکنایی ڕووی لێکردن و ماوەیەك لە ئارامی ژوورەکەدا نووقم بوون، بێدەنگی ژوورەکەیان بە تەقەیٔ دەرگاکە زڕا، جاوید دەرگاکەی کردەوە و دایکی بینی بە سینیەکەوە دوو پەرداخ ئاوی لەسەر دانا بوو، هاتە ژوورەوە و محەممەدی خەڵوەتی لە بەری هەستایەوە و فەرموویی لە دایکی جاوید کرد و ئەویش تکای لێکرد زەحمەت بەرخۆی نەدات.

دایکی جاوید (پەریزاد خانم) دووبارە خۆش هاتنێکی گەرمی محەممەدی خەڵوەتیی کردەوە و پێی وت: بەختەوەرم کوڕەکەم دۆست و مامۆستای وەك تۆی هەیە...دایکی جاوید ئافرەتێکی باڵا بەرزی تەمەن نزیك بە شەست سااڵێك دەبوو، لە سیما و هەڵسوکەوتیدا سەلاری و پێکەوتویی پێوە دیار بوو... محەممەدی خەڵوەتی پرسیاری ژیان و گوزەرانی لێکرد و هەواڵی جاویدی لێ پرسی...

دایکی جاوید لە وەاڵمی پرسیارەکەی خەڵوەتیدا وتی: ژیان و گوزەرانمان خراپ نییە، هەردوو کوڕەکە دوکانەکەی بابیان دەگێڕن...بەاڵم گرێیەکی تر لە دەروونمدایە پێم خۆشە ئەم شەو بە ئامادە بوونی تۆ بۆ ئەم کوڕەی خۆمی واڵ بکەم)

پرسیارەکەی محەممەدی خەڵوەتی ڕێك و ڕەوان ئەو دەرگایە بوو، دایکی جاوید پێی خۆش بوو لێیەوە بچێتە ژوورەوە، ئەو دەرفەتە بوو بۆی ڕەخسا و لە ڕێگەی گۆڕگرتنی "خەڵوەتی"یەوە ڕاستیەکان بە جاوید دەگەیەنێت...

شەرمی دایك و فەرزەندی تاکو ئەو دەمە ڕێگەی نەدابوو ڕاستی خەمەکان بۆ جاوید باس بکات، وا ئێستا کەسی سێیەم کەوتۆتە نێوانەوە و ڕاشکاوانە دەتوانێ دەرگای نهێنیەکان بۆ جاوید والا بکات...

دایکی جاوید بەم جۆرە کەوتە کردنەوەی گرێی دەروونی و گێڕانەوەی سەربوردەی مەینەتیەکانی: (مامۆستا گیان، جاوید زۆر باسی تۆی بۆ کردووم، بەرلەوەی بتبینم بە تەواوی بە ڕۆحی تۆ ئاشنا بووم، زۆرم پێخۆش بوو چاوم بە تۆ کەوت و فوڕسەتم بۆ ڕەخسا تاکو لە ڕێگەی تۆوە کۆمەڵێك قسە لەگەڵ جاویدی کوڕم بکەم...

سەردەمێکە ئێمە لە ئێرانەوە هاتووینەتە ئەم شارە... ئەم قسانەی بۆ تۆی دەکەم تاکو ئێستا جاوید نەیبیستووە، چەندان جار پرسیاری بنەماڵە و باب و باپیری لە من کردووە و بێدەنگی وەڵامم بووە، بەڵام ئێستا کاتی ئەوە هاتووە ئەم کوڕەم لەراستییەکان حاڵی بکەم... من کچی یەکێك لەئاغاکانی نزیك شاری سنەم... باوکی جاوید کوڕی یەکێك لە جوتیارە هەژارەکانی گوندەکەمان بوو... گەنجێکی جوامێر و جوانخاس بوو، ملی بۆ ئاغا و پیاوانی ئاغا شۆڕ نەدەکرد، من شەیدا و سەرسامی بوێری و ئازایەتی ئەو بوو بووم، لە ڕێگەی کچە جوتیارێکەوە-کە زۆرجار لە ماڵی ئاغا کاریان پێ دەکرد- نامەیەکی سەرزارەکیم بۆ نارد و تیایدا مەدحی ئەو هەموو نەبەردی و قارەمانێتیەی ئەوم کرد بوو، پێم وت: لە ئاغا و دار و دەستەکەی نەترسێت، چونکە هەر پیلانێك دژ بە ئەو بەدەستەوە بێت، ئاگاداری دەکەمەوە...

ئەو کە قسەکانی منی بیست بوو، داوای لە کچە جوتیارەکە کرد بوو بە من بڵێت: دەبێ ڕاستی ئەو قسانەی بسەلمێنێ... ئەو پیاوێکی وریا بوو، دەترسا قسەکانی من پیلانێکی ئاغا بێت و بیەوێ گۆبەندێکی بۆ بنێتەوە... وتم بە کچە نامەبەرەکە بۆ سەلماندنی ئەو قسانە با ئەم شەو بێتە پشت پەرژینی باخەکەی لای ماڵمان و کاتژمێر ئەوەندە بەیەکتر دەگەین... لەو شەوەدا زۆرێك لە ڕاز و

نیازمان—بە ئامادە بوونی کچە جوتیارەکە— ئالۆگۆڕ کرد... من ئەوم زۆر خۆش دەویست، بەپیاوەتی و لێهاتووی ئەو سەرسام بوو بووم، قارەمانێك بوو سڵی لە هیچ شتێك نەدەکردەوە... بەو جۆرە نزیکەی ساڵ و نیوێك ئێمە لە ڕێگەی ئەو کچە جوتیارەوە نامەمان دەگۆڕییەوە و جار جارێکیش شەوان یەکترمان دەبینی...

من هەمیشە چاوم لەسەر دوو نۆکەرە پیاو کوژەکەی ئاغا بوو، ئاغا هەرکاتێك بیویستبایە بە تاوانێك هەڵبسێت هەموو پیاوانی دیوەخانی بەجێدەهێڵ و دەچوونە ژوورەتایبەتەکەی خۆی و هەردوو پیاوکوژەکەی بانگ دەکرد...

شەوێك بینیم خۆی و دوو پیاوەکەی دیوەخانیان بەجێهێڵ و چوونە ژوورەکەی پشتەوە و دەرگاکەیان لە دوای خۆیان قەپات کرد، منیش پسکەیەکم بۆ کرد و لە کونی کێلۆنی دەرگاکەوە سەیرێکی ناوەوەم کرد و پاشان گوێم نا بە دەرگاکەوە و هەموو ئەوەی وتیان بە گوێی خۆم بیستم، بەپەلە گەڕامەوە ژوورەکەی خۆم...

هەر ئەو شەوە کچە جوتیارەکەم بانگ کرد و بەخێرایی ڕەوانەم کرد بۆلای میران و داوام لێکرد پێی بڵێت: ئاغا و پیاوانی ئاغا هەستیان بە پەیوەندی نێوانمان کردووە و پیلانی کوشتنی تۆیان داڕشتووە، بۆ ئەو مەبەستە دەبێ سبەی شەو یەکتر ببینین و دوا بڕیاری خۆمان بدەین...

ڕۆژەکەی هەستم کرد باوکم(ئاغا) چاودێری لەسەر داناوم، ئەو ئافرەتەی سفرەی خواردنەوەی بۆ ئاغا ئامادە دەکرد لێم نەدەبوویەوە، بۆ هەر کوێیەك دەچووم بە دوامەوە بوو، ناچار چوومە ژوورەکەم و خۆم کرد بە خەوتوو، شەوەکەی تا درەنگانێك هەر چاودێری منی دەکرد، تا باوکم بانگی کرد و کەوتە ئامادە کردنی خوانی خواردنەوەی ئاغا، منیش کچە جوتیارەکەم بانگ کرد و داوام لێکرد لە ژوورەکەی من و لە ناو جێگەکەم بنوێ و دەرگاکە لەسەر خۆی

دابخات و پەردەی پەنجەرەکەش دابداتەوە تاکو ئەو ئافرەتە نەگریسە وابزانێ من خەوتووم و بڕوات پاڵ بداتەوە و چاوەکانی بسرەون... ماڵەوەم بەجێ هێڵا و چووم بە لای ژوان و بەڵێنمەوە...

ئەو شەوە لە نزیکەوە هەموو شتێکم تێ گەیاند و هەر لەو شەوەدا بڕیاری هەڵهاتنمان دا، میران دوو ئەسپی بەگوڕی لە شیوەکەی ئەو دیوو گوندەکەوە ئامادە کرد بوو، گەڕامەوە ماڵەوە و هەموو زێڕ و زیوەکانم و هەندێ کەل و پەلم ئامادە کرد و بەپەلە هاتمەوە بۆلای میران و هەر ئەو شەوە بەرە و سنوورەکانی ئێران—عێراق کەوتینە ڕێ، لەو شەوەدا ئەوەندە دوورکەوتینەوە ئاغا و پیاوانی ئاغا دەستیان پێمان نەگات... بە ڕۆژدا لە دارستانەکان خۆمان حەشار دەدا تاکو هیچ کەس نەمانبینێ و بە شەو ڕێگەمان دەبڕی، دوو ئەسپەکە یەکێکیان خواردنی خۆمان و خۆراکی ئەسپەکانی هەڵگرتبوو ئەوی تریان من و میران بۆ سواری بەکارمان دەهێنا، جار جارە میران دادەبەزی و پشوویەکی بە ئەسپەکە دەدا و من بەتەنها لە سەری دەمامەوە... بەو جۆرە سێ شەو ئێمە ڕێگەمان بڕی و ڕۆژەکانیش لامان دەدا و لە ناو چیا و دارستانەکان خۆمان دەشاردەوە...

جاوید بەو هەموو بوێریەی دایکی سەرسام بوو، وەك مرۆڤێکی گەورە دایکی دەهاتە پێش چاو، ئەم دایکەی ئێستا سەربوردەکان دەگێڕێتەوە، جیایە لە دایکەکەی جاران، ئەم دایکە کەڵەژنێکە زێڕ و زیوو پلە و پایەی دونیایی نەیخەڵەتاندووە و نەیتوانیوە بڕیارەکانی ناوەوەی پێ هەڵبوەشێنێتەوە، ئەم دایکەی ئێستا مرۆڤێکە بوێرانە نهێنییەکانی خۆی بۆ جاوید و هاوڕێکەی والاّ دەکات...

دایکی جاوید بەردەوام بوو لە قسەکانی (بەڵێ، دوای سێ چوار شەو لە ڕێگە بڕین، ترسمان لە ئاغا و پیاوانی ئاغا نەما و خۆمان گەیاندە سەرسنوور و بەرەو عێراق بەڕێکەوتین، دوای دوو ڕۆژی تر لە ڕێگە بڕین خۆمان گەیاندە ئەم

شارۆچکەیە و ژوور و هەیوانێکمان بەکرێ گرت و هەندێ کەلوپەل و شتی ناومالّمان بۆ کڕی و ئەوجا بیرمان کردەوە لەوەی بە ڕێگەیەکی شەرعی ببین بە ژن و مێردی یەکتر و چووینە لای یەکێك لە زانا گەورەکان و خۆی کرد بە باوکم و منی لە میران مارە بڕی... هەتا ئەو زانا گەورەیە لە ژیاندا مابوو هەموو هەفتەیەك سەردانمان دەکرد و بە "باوکە" بانگم دەکرد و شانم ماچ دەکرد، ئەویش جەژنان لەگەلّ ژن و کچەکانی سەردانیان دەکردین، دیارییان بۆ دەهێنام و سەرژمێری کچی خۆیانیان بۆ دەکردم.. هەزار ڕەحمەت لە گۆڕەکەت مامۆستا مەلا عەبدولاّ، بەڕاستی باوکی هەژاران و لێ قەوماوان بوویت...

پاش هەشت سالّ لە بە یەکتر گەیشتنمان خوا جاویدی پێ بەخشین... باوکی جاوید پیاوێکی دەست ڕەنگین بوو، کاری بەنایی دەکرد، جوانترین دیوار و مالّی دووقات و سێ قاتی دروست دەکرد، زستانیش دوکانێکی کووڕەی لای مالّەکەی خۆمان دانا بوو، هەموو خەلّکی گوندەکانی دەوروبەر دەهاتنە لای وەستا میران گاسن و تەشوێ و چەقۆ و خەنجەر و داس و کەرەمتویان بۆ دەهێنا و بۆی دەمەزەرد دەکردنەوە و پارەیەکی باشی دەهاتە دەست، لەدوای ئەوەی دەست مایەیەکی پێکەوەنا، دوکانێکی قوماشی لە ناو قەیسەریەکان دانا و ناوبانگی باشی بە دەست هێنا و هەموو ناوچەکە بۆ کڕینی قوماش دەهاتنەوە بۆلای ئەو... باوکی جاوید پیاوێکی ڕووخۆش و قسەخۆش بوو، پیاوێك بوو دەست و دلّی کراوە بوو، زوو دەچووە دلّی دەوروبەر، کەسێکی کەم تەماع بوو، بە خێرێکی کەم شتی دوکانەکەی ساغ دەکردەوە... ئەو ئێوارانە لە مزگەوتی گەورەی شار نوێژی مەغریبی بە جەماعەت دەکرد ئەوجا دەگەڕایەوە بۆ مالّەوە، عەسرێکی شوم و ئێوارەیەکی پڕ لە حوزن ئەوکات جاوید منداڵێکی چوار سالاّن بوو، ئارامی برای تەمەنی دوو سالاّن بوو...

لە ناکا و کوڕەکەی مام حەسەنی جیرانمان خۆی کرد بە ژووردا و وتی دایکی جاوید فریای کاك میران بکەوە، منیش بێپەروا دەرپەڕیمە دەرەوە و بینیم

خەڵکەکە هەموو بەرە و مزگەوتی گەورەی شار ڕادەکەن، لەگەڵ خەڵکەکە بە خۆڕنین و لە خۆدان خۆم گەیاندە مزگەوتی گەورە، بینیم قەرەباڵغیەکی زۆر کۆبووەتەوە و منیش چوومە پێشەوە... چیم بینی؟ چاوەکانم بێ نوور و کوێرایم دابێت، بینیم میران خەڵتانی خوێنە و هێشتا گیانی تێدایە و چاوەکانی بە دەوروبەری خۆی دا دەگێڕێ، کاتێک منی بینی ڕوناکییەک کەوتە سەر ڕوخساری و پەلامارمدا و سەریم لەسەر ڕانم دانا و هەرچی فرمێسک لە چاوەکاندا بوو بە سەریدا دامبارانـد... ئەو تووند دەستی منی گوشی و هەر ئەوەندە فریاکەوت بڵێت:"ڕەشەی نامەرد بوو، ڕەشەی پیاوی ئاغا، من دەمرم، ئاگات لە جاوید و ئارام بێت، دەفتەری قەرزەکان لە دوکانەکەدایە"، ئەمەی وت و تەکانێکی دا و چاوەکانی لێکنا و گەردنی کەچ بوو...

دایکی جاوید لەگەڵ گێڕانەوەی مەینەتییەکان لە فرمێسک هەڵژەنرا بوو، جاویدیش بۆ مەزڵومی بابی و داماوی دایکی لە حوزن و گریاندا نوقم بوو بوو...

دوای کوڵێکی گەرمی گریان، دایکی جاوید هاتەوە سەرباسەکەی و وتی (ماوەیەک بەر لە شەهید بوونی، شەوێك کەوتینە باس و خواسی کەسوکار و گوند و ناوچەکەی خۆمان... زۆرێک لە شوێن و دیمەنە جوانەکانی وڵاتی خۆمانمان هێنایەوە بەریاد... ئەو دەیوت: خۆزگە دایکی جاوید، ڕۆژێک دەگەڕاینەوە وڵاتی خۆمان و پێکەوە بەهاران دەچووینە دەرەوە و گەشت و سەیرانی چیا بەرزەکانی پشتی گوندەکەی خۆمان دەکرد....

ئەو بەو خۆزگەوە سەری نایەوە و منی دایە دەستی مەینەتیەکانی ڕۆژگار...

هەفتەیەک بەر لەوەی شەهیدی بکەن، بەیانییەک لەسەر سفرە ژەمی بەیانیمان دەخوارد وتی: دایکی جاوید ئەم شەو لە خەونمدا لە ناوچەکەی خۆمانەوە خەڵکێکی زۆر هاتبوون بۆ بردنەوەمان، من لەگەڵیان گەڕامەوە و ئێوە لێرە مانەوە و لەگەڵم نەهاتن... وتم: بابی جاوید هیچ نییە، بە خەیاڵی لای خۆمانەوە خەوتووی، هەستە بچۆ بەسەر ئیش و کارتەوە...

دیار بوو ئاغا بەدرێژایی ئەو چەند ساڵەی هەڵهاتنی ئێمە، ڕق و تورەبوونی بەردەوام بوو... پیاوەکانی بە هەموو لایەکدا بڵاوە پێ کرد بوو خەڵاتێکی گران بەهای بۆ ئەو کەسە دیاری کرد بوو هەواڵی کچەکەی و میرانی بۆ دێنێ و شوێنیان دیاریدەکات... چەند جار وردەواڵە فرۆش و خەڵکی نامۆ لەم شارەدا هەواڵی من و میرانیان پرسی بوو، بەڵام بەپێی ئەو هەواڵانەی پێمان دەگەیشت هیچ کەس لە ناسراو و دراوسێ ئامادە نەبوون باسی ئێمەیان لا بکەن... بەڵام ئاغا سەرەداوی ئێمەی دەست دەکەوێ و ڕەشەی پیاوکوژ ڕەوانەی ئێرە دەکا و لە دوای نوێژی مەغریب و لە بەردەم مزگەوتی گەورەدا دەستڕێژێ لە میران دەکات و ڕقی خۆی و ئاغای بەو فیشەکانە خاڵی دەکاتەوە...

جاوید گیان، ئەمەی باسم کرد، ئەو نهێنییانە بوو چەندین ساڵە لە ناخمدا پەنگی خواردووە و شەرمم کردووە باسی لێوە بکەم... بەڵام ئیتر نەمتوانی کۆڵی خەمەکان بەتەنها هەڵبگرم و کەسێکی تر لەگەڵ خۆم بەشداری پێ نەکەم... بە چاوی پڕ فرمێسك و قوڕگی پڕ لە گریانەوە هەستایە سەرپێ ی و داوای کرد مۆڵەتی بدەن و ئەوانیش بۆ خۆیان بحەوێنەوە، جاوید هەستایەوە سەرپێ و هەردوو دەستەکانی دایکی ماچ کرد و دانەویەوە بۆپێیەکانی و ویستی ماچیان بکات، دایکی چەمییەوە و جاویدی بەرز کردەوە و دەستەکانی لە گەردنی ئالاّن و بە گریانەوە چوونە دەرەوەی ژوورەکە...

پاش ماوەیەك جاوید بە دوو پەرداخ ئاوەوە گەڕایەوە و فەرمووی لە مامۆستا خەڵوەتی کرد ئەویش پەرداخێ ئاوی ساردی بەسەر دەروونی گڕسەندویدا کرد و وتی (جاوید گیان دایکت مرۆڤێکی مەزنە)

جاوید (تاکو ئەم شەو دایکی خۆمم نەناسیوە... گەر تۆ سەردانی ئێمەت نەکردبایە دایکم دەرگای نهێنییەکانی والاّ نەدەکرد... من دەبێ سوپاسی تۆ بکەم)

دوای بێدەنگییەکی پڕ لە ئارامی، جاوید کەوتە پرسیار لە محەممەدی خەڵوەتی و وتی (هەواڵی فەخریت نەزانی؟)

خەڵوەتی (با، فەخریم بینییەوە و پێکەوە شەوێکمان لە مااڵی ئەوان بەسەر برد، مااڵێکی بێ کەیبانووی سارد و سڕ... مااڵێك مرۆڤ بۆ حاڵی فەخری تیایدا هەناوی گڕ دەگرێت...)

جاوید (ئەو شەوەتان چۆن گوزەراند و لە کوێوە گەشتەکەتان دەست پێ کرد؟)

خەڵوەتی (حەز و تاسەی مردووی چەندین ساڵەم لەو شەوەدا زیندوو بوویەوە، کەوتمە پرسیار دەربارەی ئەوپیاوەی چەند ساڵ لەمەوبەر بوو بە جێگەی مشت و مڕی من و فەخری، وتم حەقیقەتی ئەوکەسە چییە و ئێستا لە کوێ دەژی؟)

جاوید (وەاڵمی ئەو چی بوو؟)

خەڵوەتی (سەرەتا دەبێ پێت بڵێم بابای گیافرۆش ئەو پیاوە بوو مامۆستا ئەشرەفی سوڵتانی داوای لێکردم بیدۆزمەوە و سەردانی بکەم، بابای دوکاندار شەمسی سیراجی بوو، شەمس—وەك ئەوەی فەخری بۆی باس کردم— لە وڵاتی"بوخارا"وە خێزانەکەیان پەڕیوەتەوە بۆ ناو ئێران و لەوێشەوە ڕوویان لە وڵاتی خۆمان کردووە، دایك و باوکی بە ڕەچەاڵك دەچنەوە سەر"شاهی بوخارا" کە عاریفێکی مەزنی سەدەی هەشتەمی کۆچی بووە و بنەماڵەکەیان لە ناو خەڵکی بە حیکمەت و عیرفان ناویان دەرکردووە،"سیراجی" لەقەبی بنەماڵەکەیانە و لەسەر نازناوی "سیراجی" بۆ بنەماڵەکەیان دوو ڕا هەیە: یەکەمیان پێی وایە ئەو بنەماڵە وەك چرایەك لە ناو مەردوماندا ژیاون و نووری عیلم و عیرفانیان بە دەوروبەر بەخشیوە، دووەم ڕا وا بۆی دەچێت لە وڵاتی خۆیان فیکرەی دروستکردنی چرا—کە مانای وشەی عەرەبی"سراجە"—ئەو بنەماڵە دایان هێنا بێت... تەمەنی شەمس دوازدە ساڵان دەبێت دایك و باوکی بە سەردان دەگەڕێنەوە بۆ شاری بوخارا و ئەو و خوشکێکی لە مااڵی مورشیدێکی ئایینی لە ئێران بەجێدەهێڵن... دابڕانیان لە دایك و بابیان دابڕانی

یەکجاری دەبێ و لە شاری بوخارا دایك و باوکی تووشی ئەو پەتا بەربلاوە دەبن کە بە ولاتدا بلاو بوو بوویەوە و لەوێ کۆچی یەکجارییان دەکەن و لە گۆرستانی شاهی بوخارا ئەسپاردەی خاك دەکرێن..."شەمس" و خوشکەکەی لە ژێر چاودێری و باڵی بەزەیی ئەوپیاوە ئایینیە مەزنەدا گەورە دەبن و زۆرێك لە حیکمەت و عیرفان لەوەوە فێردەبن... لە تەمەنی بیست و نۆ ساڵیدا بۆ سەردانێکی شاری"بوخارا" شەمس مۆڵەت لە باوکی پۆحی خۆی وەردەگرێ، ئەویش بە مەرجی گەڕانەوە بۆ لای مۆڵەتی دەدا و بەرەو نیشتمانی یەکەم بەڕێ دەکەوێ... لە بوخارا بە پۆحی پیاوان و ژنانی مەزنی بنەماڵەکەی شاد دەبێتەوە... سەردانی گۆڕی شاهی بوخارا و دایك و باوکی دەکات...

لە حوجرەکەی شاهی بوخارادا نزیکەی دوو ساڵ دەمێنێتەوە و بە درێژایی ئەو ماوەیە کتێبە پەڕە زەردەکانی کتێبخانە مەزنەکەی مزگەوتی مەولانا ئەمدیو ئەودیو دەکات... باسی ئەو دووساڵەی ژیان و مانەوەی ئەو لەو مزگەوتەدا ڕۆمانێکی گەورەی دەوێت... پاش دووساڵ لە گەڕان و پشکنین و شەونخونی بڕیاری گەڕانەوە بۆلای مورشیدی پۆحی دەدا و پێنج کتێبی زۆر دەگمەن لەگەڵ خۆی دێنێتەوە... گەڕانەوەی شەمس بۆلای ئەو پیاوە ئایینییە گەڕانەوەی ڕۆڵەیەکی ئازیز و بەوەفا بوو...

کتێبەکان بەدیاری دەدا بە شێخ و شێخیش پێ ی دەڵێ: دیاری من خۆتی، چونکە مانا و جەوهەری ئەوپێنج کتێبەت هەڵگرتووە... وشەی زیندووی کتێبەکان تۆی... بەبێ تۆ کەس لەو کتێبانە ناگات، بەڵکو دێڕەکانی ناو ئەو کتێبانە بە وڕێنە لێکدەدرێنەوە...

چەند ساڵێکی تر لە خزمەتی شێخی مەزن ژیان بەسەر دەبا و پاشان بە هۆی ئاڵۆزی ولاتی ئێرانەوە ڕوو لە ولاتی خۆمان دەکا و دابڕانێك لە نێوان ئەو و شێخی مەزندا دروست دەبێت... ماوەی پازدە ساڵ لە گوندێکی سەر سنووری عێراق–

ئێران نیشتەجێ دەبێ و وەك شوانی گوندەکە ژیان بە سەر دەبات و ناوی خۆی دەگۆڕێ بە"خانێ"و دانیشتوانی گوندەکەش بە"خانە شوانە" ناوی دەهێنن.. بەدرێژایی مانەوەی لەو گوندەدا تەنانەت ناهێڵێت کەسێك پێی بزانێ کە ئەو شوانە زانا وخوێندەوارە یاخود شتێك لە زانست و عیرفان شارەزایە...شەوانیش لە تەنها ژوورێکی بچووکدا و لە ناو دەستێك نوێن و بە هاودەمی چرا فانۆسێك ڕۆژ دەکاتەوە... ئەو پازدە ساڵە تەنهاییە وەك فەخری باسی دەکرد شەمسی کرد بوو بە دەریایەکی بەڕین لە عیلم و عیرفان، ئەو زانستە دەگمەنانە-کە چەندین سەدەیە مردوون و تەنها ناویان ماوە- لە ڕۆح و دڵ و بیری ئەودا زیندوو دەبنەوە، فەخری لەسەر سیراجی چەند شتێکی بۆ من باس کرد تەنانەت لە خەیاڵدا بیرکردنەوە لێیان زۆر سەخت و ئەستەمە، بۆیە تکای لێکردم لە بیری خۆمی ببەمەوە و وابزانم نەمبیستووە... دوای ئەو ماوەیە یەکێك لە موریدانی شێخی مەزن-کە دۆستێکی گیانی بە گیانی باوکی فەخری دەبێت- سەرەداوێکی لەسەر شەمس دەست دەکەوێ و سەردانی ئەو گوندە دەکات، داوا لە شەمس دەکات بگوێزێتەوە بۆ شار.. فەخری دەیوت: دۆزینەوەی شەمسی سیراجی لەلایەن برادەرەکەی باوکمەوە لە ڕێگەی مەعنەویات و باتنەوە بووە و پەیوەندی بە گەڕان و هەواڵپرسینەوە نەبووە، بۆیە هەرکە دەستی دەگاتە سیراجی فەرمانی پێ دەکات ئەو گوندە بەجێ بهێڵێ و ڕوو لە شار بکات، شەمسیش بۆ ئەو فەرمانە داوای بەڵگەی مەعنەوی لێدەکات، دیارە ئەو پیاوەش توانای ئەوەی هەبووە سیراجی دڵنیا بکاتەوە و ڕاستیی ئەو داوایەی بۆ هاتنە شار بسەلمێنێ... دوای ئەوە شەمس ڕوو لە شار دەکات و هەر ئەو پیاوە هاوسەرێکی بۆ دەبینێتەوە و ژن و ماڵ پێکەوە دەنێ و دوکانێکی گیای کوردەواری بۆ نەخۆشی دەکاتەوە... ماوەی چەند ساڵێك-دروست نازانم چەند- لە شار دەژی و پاشان لەگەڵ ڕەشداگیرسانی شار و سیاساڵیدا جارێکی تر دەگەڕێتەوە بۆ گوندەکەی سەر سنوور و ئێستا لەگەڵ خانەوادەکەی لەو جێگەیە ژیان بەسەر دەبەن...)

جاوید (دەتوانم بزانم ئەو نهێنییانە چیبوون فەخری لەسەر شەمسی سیراجی بۆی باس کردی؟)

خەڵوەتی (من بۆ خۆم ئاواتەخوازی بیستنی ئەو شتانە نەبووم، باس کردنیشی لە لایەن فەخریەوە بێئاگا بوون بوو لەخۆی بۆیە بیستنی ئەو قسانە هیچ تەکانێکی ڕۆحی بە من و تۆ نادات..)

جاوید (کەوابوو فەخری لە ڕێگەی ئەو دۆستەی باوکییەوە بە شەمسی سیراجی ئاشنا بووە؟)

خەڵوەتی (بەڵێ باسی ئەو دۆستەی باوکی کرد، باوکی فەخری کە ناوی شێخ مونیر بوو لە ڕێگەی ئەو دۆستەوە لەگەڵ شەمسی سیراجی ئاشنایەتی پەیدا کردووە و دوای سەردانی فەخری بۆ دوکانەکە چەند جارێك "شەمس" بە میوانی هاتۆتە ماڵیان...)

جاوید (دەربارەی تەمەن و ڕواڵەتی"شەمسی سیراجی" فەخری هیچی لا باس کردی؟ چونکە چەند جارێ لەم ژوورەدا وێنەی هاتۆتە پێش چاوم)

خەڵوەتی (بەڵێ... فەخری دەیوت: ئەو هەمیشە سیمای نەجابەت و جوانخاسی لە ڕووی نابڕێت، قیافەیەکی ڕێك کە بەردەوامی و متمانە بەخۆ نیشان دەدات، بالاێەکی بەرز سەختی داگیرکردنی بیری ئەو دەخاتە ڕوو، ناوشانێکی بەرین دەڵێی خۆی بۆ کۆڵی مەینەتیەکان ئامادە کردووە، دەستەکانی بە جۆرێك درێژن سەری پەنجەکانی لە ئەژنۆکانی نزیك دەبنەوە، ئەمەش توانای لە سنووربەدەری ئەو نمایش دەکات، لێوێکی تەنك و چەناکەیەکی باریکی کەمێك چاڵ بوون بە هێمای زمان شیرینی و بەڵگەی بە برشت، ناوچاوانێکی تەختی ڕۆشن مرۆڤ بە بینینی ڕێزو ویقاری بە بیردێتەوە، لوتیکی تاڕادەیەك درێژ و شکاوە بەڵای بەرزیدا کە بووە بە سومبولی چۆك دانەدان لەبەردەم لەمپەرەکانی ژیاندا...زەردەخەنەیەکی ئارام هەمیشە بەسەر

لێوەکانیەوە ئاماژەیە بۆ سنگ فراوانی و دڵ گوشادی ئەو، ددانێکی ورد و هەندێك ڕوو لە درێژ ڕەنگیان بەلای شیریدا دەڕوانی...کاتێ دێتە قسە ورد و لەسەرخۆ ئاماژە و ڕاو بۆچوونەکانی دەخاتە ڕوو..)

جاوید (تەواوی ئەو ناونیشانە لەو کەسەدایە چەند جار لەم ژوورەدا سەردانی کردوم)

خەڵوەتی (ئەوەش ئاشنا بوونی ڕۆحی تۆ و شەمس بەیەکتر دەگەیەنێت!..قسەکانی فەخریش لەو جۆرانەیە کە تۆ دەربارەی شەمس دەیزانی)

جاوید (فەخری باسی سەرئەنجامی خوشکەکەی شەمسی سراجی نەکرد؟)

خەڵوەتی (خوشکەکەی شەمس شێخی مەزن دەیدات بە یەکێك لە موریدە زۆر نزیکەکانی و لە ئێران ژیان بەسەر دەبەن... دەڵێن ئەوپیاوە ئێستا بە یەکێك لە دەوڵەمەندەکانی وڵاتی ئێران سەرژمێر دەکرێ و چەند جارێك هاتۆتە لای شەمسی سیراجی و داوای لێکردووە بگەڕێتەوە ئێران و باری گوزەرانی خۆی بگۆڕێ، بەڵام ئەو ژیانی سادەی ناو لادێی هەڵبژاردووە و بڕیاری داوە نەگەڕێتەوە بۆ شار، تەنانەت فەخری دەیوت: مێردی خوشکەکەی خانوو مااڵ و هەموو پێویستیەکانی ژیانی بۆ دابین کرد بوو، بەڵام شەمس نەیویستووە ژیانی سادەی خۆی بگۆڕێ..)

جاوید (دەتوانین سەردانی بکەین؟)

خەڵوەتی (لە ڕێگەی فەخریەوە نەبێت ئێمە ناگەین بە ئەو...)

جاوید (نەتپرسی لە فەخری بۆ ئەو ماوە دوور و درێژە خۆی بزر کرد بوو؟)

خەڵوەتی (من دەزانم مەبەستێك لەپشتی ئەو خۆ بزر کردنە بوونی هەبوو، تاکو ئێستا تێناگەم لە تەواوی نهێنییەکەی، لەگەڵ ئەوەش فەخری لەو ماوەیەدا ڕوو بە ڕووی کۆمەڵێك کێشەی خێزانی گەورە بوو بوویەوە... باوکی فەخری

مەبەستم شێخ مونیرە مامۆستای دواناوەندی بوو، بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ بەڕێوبەری پەروەردە سزای دەدەن و وەزیفەکەی بۆ قوتابخانەیەکی یەکێك لە ناحیەکان دەگۆڕنەوە...

شێخ مونیر نزیکەی بیست ساڵە مامۆستایە و بەهۆی تێکەڵ نەبوون بە دونیای حیزب و لایەنەکان هیچ پلە و پایەیەکی ئیداری پێ نەبەخشراوە و هەندێ جاریش سوکایەتی پێ کراوە، دواین گورزیان گواستنەوەی بووە بۆ ناحیەیەکی بچووك... شێخ مونیر کوڕە گەورەکەی بە ناوی"شاهۆ" لە جەنگی ناوخۆدا دەکوژرێ و کچێك و هاوسەرەکەی بەسەر باوکیدا بەجێدەهێڵێ... بووکەکەی شێخ مونیر بە هیوای ئەوەی بۆ مێردەکەی-مەبەستم فەخری" یە-مارەی بکاتەوە ماوەیەك بەسەر منداڵەکەوە دادەنیشێ، چەند جارێ شێخ مونیر داوا لە فەخری دەکات براژنەکەی خۆی مارە بکاتەوە، بەڵام فەخری حەزی بەو کارە نابێت و داواکەی باوکی ڕەد دەکاتەوە... کە ئافرەتەکە بێهیوا دەبێت لەوەی بۆ مێردەکەی مارەی بکاتەوە بۆ تۆڵەسەندنەوە لە فەخری و باوکی سەر دەکاتە کاری لاشەبازی و تێرکردنی حەزەکانی، فەخری بەم کارە دەزانێ و خەمی زۆری پێ دەخوات، لەبەرئەوەی ئافرەتەکە فەرمانبەری یەکێك لە فەرمانگەکانی میری بوو، زەمینەی ئەوکارانەی بۆ دەڕەخسا و زۆرجار لە هاتنەوە بۆ ماڵەوە درەنگ دەکەوت و فەخری پرسیاری هۆی دواکەوتنەکەی لێ دەکرد و ئەویش بە شێوەیەکی زۆر تووند بەرپەرچی دەدایەوەو دەیوت: من ئازادم چی ئەکەم و بۆ کوێ دەچم، خۆ تۆ مێردم نیت، بۆ موحاسەبەم دەکەی؟

ئەم قسەیە خەنجەرێکی ژەهراوی بوو دەدرا لەسەر دڵی فەخری و تووشی هەڵچوون و خەمۆکی دەکرد... شێخ مونیر دەکەوتە نێوانیان و داوای لە فەخری دەکرد لەبەر خاتری ئەو منداڵە قسە لەگەڵ ئافرەتەکە نەکات و لێی بگەڕێت تا منداڵەکەی بەخێو بکات و بەجێینەهێڵێ... ئافرەتەکە پاش ماوەیەك ماڵی شێخ مونیر بەجێدێڵێ و لەڕێگەی یاساوە منداڵەکەش لەگەڵ خۆی دەبات، دایکی

فەخری هەر لەو ماوەیەدا کۆچی دوایی دەکات و شێخ مونیر و فەخری و برایەکەی بە بێ کەیبانوو دەمێننەوە، دوای ئەو دوو کۆستە گەورەیە–مردنی دایکی فەخری و ڕۆیشتنی بووکەکەی–بەڕێوەبەری پەروەدەش کۆستی سێیەمی بە سەر شێخ مونیردا هێنا و بۆ یەکێك لە ناحیەکان نەفی کرد، خەمی ڕۆژگار شێخ مونیری هێنا بە چۆکدا و تووشی جەڵدەی کرد و پاش مانەوەی سێ ڕۆژ لەسەرجێگە کۆچی دوایی کرد و لە گۆڕستانی شارۆچکەکە لەلایەن فەخری و چەند کەسێکی تر کە بەپەنجەی دەست دەژمێران تەرمەکەی شێخ مونیریان شاردەوە... دوای ئەو گشتە کارەساتە دڵتەزێنانە فەخری باوەڕی بە ژیان نەما و بەتەواوی دەستی لە کار و کەسابەت کێشایەوە و ئێستا خۆی و برا کەمئەندامەکەی لەسەر مووچەی خانەنشینی بابیان ژیانێکی سادە و ساکار بەسەر دەبەن... ئەوەی کۆڵی مەینەتییەکانی فەخری گران کردووە برا کەمئەندامەکەیەتی، بە ڕۆژدا لە ماڵەوە دەردەچێت و لە بەردەم یەکێك لە مزگەوتەکانی ئەو شارۆچکەدا دەستماڵێك ڕادەخات و سوالّ دەکات، ئەوپارەیەش پەیدای دەکات لە بازاڕدا نانێکی پێ دەخوات و ئەوەی دەمێنێتەوە لەسەر پردی ناو بازاڕی شارۆچکەکەوە هەڵیدەدات بۆ ناو ئاوەکە، ئێوارەش بۆ نووستن دێتەوە بۆلای فەخری..

جاوید (براکەی فەخری چ نەخۆشییەکی هەیە؟)

خەڵوەتی (جگە لەوەی مێشکی گەشەی نەکردووە هەر لە منداڵییەوە تووشی ئێسکە نەرمە بووە و چارەسەری ئەستەمە)

جاوید بۆ حاڵ و ماڵی فەخری ئاو لەچاوانی هاتە خوارەوە و خامۆشییەك تەواوی ژوورەکەی داگیر کرد و پاش کەمێك بە میوانەکەی وت (خەوت نایە؟)

خەڵوەتی (با جێگەکەمان ڕابخەین و خۆمان بۆ سەفەری خەو ئامادە بکەین)

جاوید دوو جێگەی ئامادە کرد و لەگەڵ سەرکردنە سەرین هەردوو کەوتنە ناو خەوێکی قوواڵەوە.....

بـەیانی بەسـەر دونیایـەکی ڕەشـدا بـەئاگاهاتن... شوشـەی پەنجـەرەکان تۆزاڵێکی ڕەشی لەسەر نیشت بوو، شتەکانی ناو ژوورەکە، جێگەی نوستنیان، دیوارەکان، وێنەکـەی بـابی جاوید، سـەراپا لـە ڕەنگـی ڕەش هەڵـژەنرا بـوون، بەپەلە لە ژوورەکە چوونە دەرەوە، سەیرێکی ئاسمانیان کرد چەخماخەی دەدا و ڕەش داگیرسابوو، دەتـوت تـوڕەییـەکی پیشـخواردوی سـەدان سـاڵ بـەربینی گرتـووە و ئێسـتا بـەری ڕەهـا کـراوە و لـەو ڕۆژەدا دەری دەبـڕێ... جوولـەی هەورەکان بە جۆرێك بوو دەتوت وێنەی ناو کامێرای ڤیدیۆیە و خێرا کراوە... بە قادرمەکانـدا هاتنـە خـوارەوە و دایکـی جاویـدیان لـە حەوشـە ڕەشـەکەدا بەرچـاوکەوت و بەپۆشـاکێکی ڕەشـەوە کـە دەتـوت یەکـەم ڕۆژی مردنـی بـابی جاویدە بەرەو ژوورە ڕەشەکان گەڕایەوە... دەرگا سێ تاکیەکەیان کردەوە کـە پڕاوپڕ لە دەرگای ئەو بەندیخانانـە دەچـوو دەیـان مرۆڤـی تاوانبـار و بێتـاوانی لەپشتەوە زنجیرکراوە...

هەردووکیان بە کۆڵانە تەسك و چەوڕێژکراوەکەدا ڕێگەیان گرتەبەر، چەوەکان وەك لە قیر هەڵـژەنرابن هەموو ڕەش هەڵگەڕابوون، ژیانی هەردانەیەك لەو چەوانە چیرۆکێك بوو کە لە ناخی زەویەوە بۆ لوتکـەی چـیاکان و لەوێشـەوە ڕامـاڵین و تەپاوتلی ناو ڕوبار و قەڵبەزەکان، بۆیە هەریەکەیان سەری نابوو بەلای دانەیەکی تردەوە و سەربوردەی مەینەتییەکانی بۆ دەگێڕایەوە...

لەو سەری کۆڵانەکە دەستەیەك منداڵ کە دەتوت قەترانت بە سەردا کـردوون لە سـەر سـەرەنگوێلکێك یاریـان دەکـرد، لەپشـتی ڕوخسـاریانەوە–کـە تـۆزێك سووتکی ڕەشی ناولووڵە سۆپای لە سەر نیشتبوو– پێستێکی زەردو بێ لەکەت تیا دەخوێندنەوە... بە چەند کۆڵانێکی ڕەش و تاریکدا بەرەو شەقامەکانی شار سەرکەوتن... کچۆڵەیەك لە قـاتی سـەرەوەی باڵەخانەیـەك هـاواری کـرد: چـوار دیواری ڕەشی بـەردین خنکانـدمی، فریـام بکـەون، دەمـەوێ هەوایـەکی خـاوێن هەڵبمژم... ئەو دەیقیژاند و هانای دەهێنـا کـە دەیبینـی کەسـێك نییـە وەلاّمـی

بداتەوە دەم و چاوی ڕەشی دەنایە ناو هەردوو لەپی دەستی و بە کوڵ دەگریا، گریانێك فرمێسکەکانی تامی قەترانی دەدا... دەرگایەك کرایەوە و پیرەمێردێك بەپاڵنان دەرکرایە دەرەوە، و بەدوایدا دەرگاکەی بەتوندی داخرایەوە، ئەویش بە گۆچانە قیرینەکەی چەند جارێك تەقەی لە دەرگاکە دەدا، بە هیوای ئەوەی لێی بکەنەوە، کاتێك نائومێد بوو لەپەنایەکدا بە کزی لێی دانیشت و وتی: لە خۆوە نییە قەتران دەبارێت...!

دەستەیەك ڕافەت جلی مۆدەیان لەبەر کرد بوو لەگەڵ چەند لاوێکدا عیشقی ڕەشیان ئاڵوگۆڕ دەکرد، ماچی قەترانیان بۆ یەکتری هەڵدەدا، هەر هەموو بە هەناسەسواری لە ناو بارانی سیادا سیخناخ بوو بوون...

گەیشتنە سەر شەقامەکە و تێکەڵ بە قەرەباڵغیەك بوون دەتوت پۆلی قاڵاون تۆ بڵێ پۆلی قاژەڕەشەن، لەگەڵ خەڵکەك بۆ ئەو سەری شەقام کەوتنەڕێ... بەدروستی کەسێك نەبوو بزانێ بۆ کوێ دەچن، یەکێك دەیوت: دەڵێن خامی سپی دابەش دەکەن، ئەوەی لای ڕاست هەڵیدایە: خامی سپی؟! نا بابە، خورمای عەرەبستانیان بە دیاری بۆ هێناوین، یەکێکی تر: خام و خورما، ناوەکانیشیان لە یەکترەوە نزیکە ئەو خەڵکە چۆن لە خۆیەوە وردێنە دەکات! لەوێندەرێ هەرکەسە و تەنەکەیەکی کەپس کراوی پێ دەدەن، دەزانن چی لە ناودایە؟ خۆڵی خۆرئاوا، بۆ هەموو دەرد و نەخۆشییەك دەتوانی بە کاری بهێنی..

محەممەدی خەڵوەتی پرسی لەوەی لای راست +(ئەم خەڵکە بۆ کوێ دەڕوات؟)

لە وەڵامدا وتی–(گرنگ ئەوەیە دەڕوات، بۆ کوێ دەڕوات گرفتی تۆ نییە و بیری لێ مەکەرەوە...)

پرسیاری کرد لەوەی لای چەپ+(دەزانی سەرئەنجامی ئەم جەماوەرە بەرەو کوێ یە؟)

وتـی— (جـەماوەر؟ کامـە جـەماوەر؟ مـن تـەنها خـۆمم، هەسـت بـە بـوونی کەسێکی تر ناکەم)

خەڵوەتی لە وەڵامیدا +(ئەدی گەر هەست بە بوونی مـن ناکـەیت بـۆ وەڵامـم دەدەیەوە؟!)

جەماوەر شەپۆلی دا و بەرەو ناوەڕاستی قەرەباڵغییەکە تەکانێکی پێدان...

پیرەژنێك دەپاڕایەوە و دەیوت (بێ بەشم مەکەن...)

جاوید لێ ی پرسی (لە چی بێ بەشت نەکەن؟)

(لەمارەیی دایکت.. بۆ نازانی؟! لەو پارەیـەی حکومـەت بـە دیـاری بـۆ ئـەم شارەی ناردووە...)

جەندرمەکان بەبـەردەوامی خەڵکەکـەیان بـۆ پێشـەوە پـاڵ دەنـا و هاواریـان دەکـرد (بـڕۆن، بـۆ پێشـەوە، کـاروان بـەجێیهێڵآن، لـەوێ مانـدوو بوونتـان دەردەچێ، وامان لێ مەکەن ئازارتان بدەین و قامچییەکانمان بەگـەڕ بخـەین... لەگەڵ تۆمە، تەکان بەخۆت بدە، لامەدە، ئاگام لێتە، بـیر لـە چـی دەکەیـەوە؟ ئەم خەڵکە لاسارە، ناچارمان دەکەن، ڕێگەی تریان لەگەڵ بگرینەبەر...)

ئەوانەی دواکەوتبوون لە ترسی قامچی پاڵیان بەوانەی پێشەوە دەناو لـە پـڕ شەپۆلێکی مرۆڤ ئەم دیوو ئەودیووی بە جەماوەرەکە دەکرد..

لەنەکاو کۆمەڵێك قامچی بە دەست پێشی جەماوەرەکەیان گرت و فـەرمانیان دا بە خەڵکەکە لە شوێنی خۆیان بەپێوە بوەستن...

بـە تەختـە و دار مینبـەرێکیان دروسـت کـرد بـوو، لـەپڕ یـەکێك هەڵپەڕیـە سەرمینبەرەکە و وتی: جـەماوەری بەشـەرەفی شـارەکەمان، هـاتنی ئازادانـەی ئێـوە بـۆ ئـەم جێگەیـە بەڵگـەی وەفاداریتانـە بـۆ ڕابـەرە سیاسـی و میللـی و ئایینییەکانمان ئێستا سـەرکردەیەکی قارەمـان، ڕابـەرێکی سیاسـی، پەمزێکـی نەتەوەیی، وتەیەکتان پێشکەش دەکات، با بفەرموویێ...

سەرکردەی حیزبێك ڕۆیشتە سەرمینبەرەکە و وتی (دەزانم هەموتان بۆ ئەم جێگەیە ڕاپێچ کراون، دەشزانم چەندە ڕك و ناڕەزایتان لە جەندرمەکانی ئێمە هەیە... ئێمە بڕیار نەبوو ئێوە بەم دەردە ببەین، بەڵام ڕووی زەمانە ڕەش بێت... من داوا لە ئێوە دەکەم لە خراپی جەندرمەکانەوە کێشەی ڕەوای گەلەکەتان هەڵمەسەنگێنن، چونکە فورسەتێکی زێڕینمان بۆ ڕەخساوە و پێویستە بوون و چارەنووسی خۆمان دیاری بکەین... سەرکەوتووبن... بەنیشتمانتان دەسپێرم...)

پێشکەشکاری ئاهەنگ جارێکی تر ڕۆیشتەوە سەر مایکرەفۆن و وتی: ئێستاش ئێوە و ڕابەرێکی ڕۆحی و کەڵەپیاوێکی ئایینی و سەرکردەیەکی سیاسی، با بفەرموێ...

ڕابەری ڕۆحی، فێسێکی ڕەشی لەسەر نابوو، پۆشاکی پیاوی ئایینی پۆشی بوو، لەگەڵ جەماوەر بەم جۆرە کەوتە قسە (جەماوەری ئایینپەروەری گەلەکەمان، ئێوە پێتان وایە، ئەم جل و بەرگە کە سەدان ساڵە لە بەری ئێمەی مەلادایە درۆی لێ بوەشێتەوە؟ ئەمە جل و بەرگی ئەو زانا مەزنانەیە هەزاران ساڵە ئایین و ئابڕوی ئەم میللەتەیان پاراستووە، منیش هەمان جل و بەرگم لەبەر کردووە و پێتان دەڵێیم: ئێوە دەبێ لەپێناوی حەقدا فیداکاری بنوێنن هەریەك لە ئێوە ئەو پرسیارە لە خۆی بکات: ئایا بۆ حەق و سەرخستنی حەق چ شتێکم پێشکەش کردووە؟ حەق خۆبەخت کردنی دەوێ، دەبێ پێستی لاشەتان بە بەردی گەرمی ملهوڕان هەڵ بقرچێ، دەبێ بە مشار دوولەت بکرێن دەستبەرداری حەق و ڕاستی نەبن...بەخواتان دەسپێرم...)

سێ بارە: ئێستاش سیاسەتمەداری پێشکەوتوو خوازی نەتەوەکەمان لەگەڵتانە، با بفەرموێ...

ئەویش هات و دەستی پێ کرد (دەمەوێ وتارەکەم بە قسەیەکی ڕابەرێکی سۆسیالیستی دەست پێ بکەم کە دەڵێ: کۆیلە و کرێکارەکان لە بەرپابوونی

شۆڕش جگە لە پسانی زنجیری دەست و گەردنیان چیتریان هەیە لە دەستی بدەن؟! ئێوەی جوتیار و کرێکار و بەشخوراو ڕاپەڕن، شۆڕش بەرپا بکەن، ئاغا و سەرمایەدار بەڕێخۆڵەی پیاوانی ئایینی لە سێدارە بدەن... بەڵام لە بیرتان نەچێت ئێمەی ڕابەرانی شۆڕش لاپەڕەی هاوپەیمانێتیمان لەگەڵ یەکتر مۆرکردووە و هەموولایەنەکان نەتەوەیی و نیشتمانی و ئایینی و ئایدۆلۆژی هەر هەموو بووین بەیەک بەرە و دژ بە زوڵم و زۆر وەستاوین...بە بەختەوەریتان دەسپێرم....)

سەرکردەکان هاڵاوی ڕەش لە دەمیان بەرز دەبوویەوە، خۆیان و وتارەکانیان و بڵندگۆکانیش دەتوت قەترانیان بە سەردا کراوە...

لەنەکاو لاوێك لە ناو جەماوەر ڕاپەڕی و تەکانی بە خۆی دا، چەند کەسێك لە ناو خەڵکەکە وێستیان بێدەنگی بکەن و دای بنێنەوە، بەڵام خۆی لە دەستیان پسان و بە قوڕگی پڕ لە هاوارەوە، دەستی دایە مایکرەفۆنەکە و وتی (ئێتر با بەس بێ درۆکردن، با بەس بێ مرۆڤ خەڵەتاندن، ئەی بازرگانە چاوچنۆکەکان بەسە ئیتر، بەس بە دروشمی بێ ناوەڕۆك خەڕۆمان بکەن و بمانخەڵەتێنن، ئێوە بۆ هەڵلووشینی بەروبوومی ولاّت هاوپەیمانی یەکترن نەك بۆ گەل و میللەت....)

وێستی لە قسە ئاگرینەکانی بەردەوام بێت، بەڵام چەند جەندرمەیەك بۆی سەرکەوتن و بە شەللاق و زلله و شەق دایانبەزاند و یەکێك لە یاساوڵەکان چووە سەر بڵندگۆکە و ڕوو بە جەماوەر وتی (ئێوە ئیستیغلالی دیموکراسییەت دەکەن، ئەمەی ئێوە داواتانە بەرەڵایی و فەوزایە، نەك دیموکراسییەت و یاسا، دەبێ بە خۆتاندا بچنەوە و بۆ ئەم دەمدرێژی و سوکایەتی کردنە بە سەرکردە مەزنەکانمان سنوورێك دابنێن...

یاساوڵێکی تر مایکرەفۆنەکەی لە دەست گرت و وتی (ئێمە دەزانین ئێوە لە بارودۆخەکە ڕازین، بەڵام ڕێگە مەدەن ئەو مرۆڤە گێرەشێوێنانە لە بن دەستی ئێوەدا خۆیان حەشار بدەن...)

یەکێك لە ناو جەماوەرەکەوە دەستی بەرز کردەوە و پڕ بە قووڕگی قیڕاندی (برسیمانە، برسیمانە...)

سەرکردەیەك بە بڵندگۆ وەڵامی دایەوە (مرۆڤ لە پێناوی خاك و خودا و بەختەوەری دەبێ برسی بێت، ئێوە دەتانەوێ بە بێ ماندوو بوون ئازادی بە دەست بهێنن؟!)

یەکێك لە ناو جەماوەرەکەوە (تاکەی لەپێناوی دروشمی ئازادی برسی ببین و ئازار بچێژین، خۆ ئێوە دەتانوت ئێمە ئازاد بووین، ئەی کوا بەری درەختی ئازادی...؟ دیارە هەر ئەوەندە بەری هەبوو ئێوە لێی بخۆن و لە سێبەرەکەی بحەوێنەوە... ئەو درەختی ئازادییە-کە بەرەکەی تەنها چەند کەسێك لێی بەهرەمەند بن- داری ئازادی نییە و داری ژەقنەموتە و دەبێ لە ڕیشە دەربهێنرێ...)

جەماوەر خرۆشا، هەرکەس لە جێگەی خۆی هاواری دەکرد و ڕەخنەی لە سەرکردەکان دەگرت... جەندرمەکان کە زانیان خەریکە کۆنترۆڵی جەماوەریان پێ ناکرێ، کەوتنە لێدان و قامچی وەشاندن... بیانکوژن... گێرەشێوێنەکان تەفرو تووڕنا بکەن، فێریان بکەن یاسا یانی چی...

خەڵکەکە هەریەك بەلایەکدا هەڵدەهات و خۆی لە قامچی جەللادەکان قوتار دەکرد، مەیدان لە خوێنی ڕەش هەڵڕژەنرا، دەیان کەس لە جەماوەر لەناو خوێناودا دەگەوزان... هاواری قامچی وەشێنەکان ئاسمانی شاری پڕکرد بوو، کۆشکە بەرزەکان، منارەی مزگەوتەکان، کوچە و کۆڵانەکان، بە نالەی بریندارانی لێوانلێو بوو بوو...

جەللادەکان مالێ بە مالێ دەگەڕان و خەڵکیان زنجیر دەکرد و ڕاپێچی بەندیخانەیان دەکردن...ئەمبیولانسێك لە جێگەی گواستنەوەی بریندارەکان بۆ خەستەخانە دوو مکەبەرەی لەسەر داکوترا بوو، شەقام و کوچە و کۆڵانەکانی

شـار دەگـەڕا و هـاواری دەکـرد: جـەماوەری بەشـەرەفی شـاری شـکۆدار، سەرکردەکان دەیانویست لە نزیکەوە گوێ لـە داوا و سـکالاکانتان بگـرن، بـەڵام دەستەیەکی گێرەشێوێن و بە کرێگیراوی دوژمنانی ئەم ئەزموونە فەزای ئـارامی کۆبوونەوەکەیان شێواند و بوونە مایەی ڕوودانـی چـەندین کارەسـاتی دڵتـەزێن، ئێستاش هەندێ لەو تاوانبارانەمان لەلایەو دانیان بە تاوانەکانی خۆیاندا ناوە...

زۆری نەبرد هەردوو(محەممەدی خەڵوەتی و جاوید کوێستانی) لـە گەڕەکـە هەژارەکانی قەراغی شار خۆیان بینییـەوە... ئـەو گەڕەکانـە نغـرۆی برسـێتی و کاولکاری بوو بوون... لە کۆڵانەکاندا بارانی خوێن بە سەر ڕەنگی سیادا دابـاری بوو، دەتوت بە بەرمیل قاوەی گیراوە بە سەر زەویدا ڕژێنراوە... لە شار پچڕان و شاری سیا دوای گێژ و لوولیان لە هەناوی خـۆی فڕێیدانـەدەرەوەی... هاتنـە دەرەوەیان لە شار هاتنە دەرەوە بوو لە مەنجەڵێکی زەبەلاحی سەر ئاگر، قوتار بوونیان لە دوکەڵ و بوخاری ڕەش ڕزگـاربوون بـوو لـە هـاڵاوی نـاو فڕنێکـی گـڕ گرتـوو، ئـەوان ڕزگاربوونیـان لـە شـار بـە ڕزگـاربوون لـە دۆزەخ دەزانـی، ئـەو دۆزەخەی بەپێی تاوانـەکان هەڵتدەقرچێنێ... ئـەو تاوانانـەی دۆزەخ دەیکاتـە گەردنمان و لەسەریشی سزامان دەدات...

هەردوو لەسەر بەرزاییەک—بۆ تاوێك حەوانـەوە— ڕوو بـە شـاری دۆزەخ لێ ی دانیشتن... دانیشتنی ئەو مرۆڤەی لە بەندیخانـە هـەڵهاتووە و دڵنیایـە دەسـتی جەللادەکانی ناگاتێ، لە دوورەوە کەسی سێ یەم بەدەرکەوت، دیار بوو ئەویش لە کڵپـەی ئـاگر و دووکـەڵی ڕەشـی شـار هـەڵهات بـوو، نزیکبوونـەوەی ئـەو لـە هـەردووکیان هـەڵکردنی شـنەبایەکی فێنـک بـوو هـەناوی تاوسـەندوی دادەمرکاندەوە...

یوسـفی شـوعلە ڕۆژێـک دوای محەممـەدی خـەڵوەتی سـەرلەبەیانی شـاری بەجێهێڵا، بۆ گەیشتن بەو لە ماڵی خۆیان بەرە و گەراج بەڕێکـەوت، ئـەو لەگـەڵ ڕاپێچ کردنی جەماوەردا بۆ مەیدانی (خوناو) درابوویە بەر و دوای کارەساتە دڵ

تەزێنەکە لە دەستی جەللادەکان بەرەو دەرەوەی شار هەڵهات بوو، لەگەڵ بینینی محەممەدی خەڵوەتی و جاوید کوێستانی ماندوو بوون و ئازارەکانی لەسەر سووك بوو، بە محەممەدی خەڵوەتی شاد بوویەوە و دەستیان ئالاندە گەردنی یەکتری و یوسف وتی (دەبێ ئەم کەسە لەگەڵمان جاوید بێت؟)

خەڵوەتی (ئەو کەسەی مەینەتیەکان لەودا کۆتایی پێ دێت)

جاوید (ڕوو لە کوێ بکەین؟)

خەڵوەتیٰ (ڕوو دەکەینە ئەو مەملەکەتەی تیایدا مرۆڤەکان لە شەڕەنگێزی کەوتوون)

یوسف (با بڕۆین، هەتا هەنگاوێك زیاتر لە شار بە دوورببین ئازارێك زیاتر لە خۆمان دەکەینەوە)

جاوید (با بڕۆین بێ مەملەکەتی لە مەملەکەتی شار باشترە، شار جەنگەڵستانە، هێز و درندەیی توانای مانەوە لە شاردا دیاری دەکەن... لە شاردا یان دەبێت جەللاد بیت یان قوربانی بۆ جەللادەکان بدۆزیتەوە... ئاسك و جەنگەڵستان ئێمە و شارین... با بڕۆین...)

خەڵوەتی (ئێوە دەبێ هەردوو لەم جێگە بمێننەوە تا من گەشتێك بەم دەشتە بەرینەدا دەکەم... دەمەوێ لە لێوی خاك، لە گۆنای گوڵ، لە شەرمنی کزەبا، لە هەناسەی پەپوولە، لە ترپەی دڵی مێروولە، لە خەونی بەرد، لە سەمای لم، لە عیشقی گیا، پرسیار بکەم... پێیان بڵێم لە کوێوە گەشتی مەلەکوت دەست پێ بکەین؟)

جاوید (برۆ، ئێمە چاوەڕوانین)

محەممەدی خەڵوەتی گەشتی سارای دەست پێ کرد، زمانی حاڵی دەیوت:

بەجێ نایە، دەبێ ڕوو بکەینە سارا

حەقی ئادابی مەجنونی لە شارا

ئەو دەشت و سارای دادڕی کەوتە هاوار لە خۆر، سکالاّ کردن لای خاك، هانا بردن بۆ با، کوڕوزانەوە لەبەردەم میحرابی گیادا، لەناو سوژدەگای بوون نغرۆ بوو، بوو بە ژێر لێشاوی شەپۆلی دەریای ماناوە، ڕوو بە ڕووگەی لوتکەی چیایەك بە خشوعەوە وەستا بوو، وەستانێك لە تەوقی سەریەوە تا ڕۆح هانا ببات، بەقوولاّیی گەردوون بازنە بەرزەوە بوو، لەو چرکە ڕۆحانییە قوولّەدا چوارکەس بەرەو لای ئەو نزیك دەبوونەوە، دوانیان لە خۆرئاواوە کە یوسف و جاوید بوون، دوانەکەی تریان لە ڕۆژهەلاّتەوە کە فەخری و شەمسی سیراجی بوون...

شەمسی سیراجی بابای دوکانداری گیای کوردەواری بوو، ئەوکەسە بوو محەممەدی خەلّوەتیی سەوداسەر کرد بوو... شەمسی سیراجی دایکی خولیا و سەوداسەری چوارکەسەکەی تر بوو... سەرچاوەی هەموو خەیاڵ و ماخۆلانێکی ئەوان بۆ شەمس دەگەڕایەوە...شەمس و فەخری بە نیازی بینینی جاوید و محەممەدی خەلّوەتی سەردانی شاریان کرد بوو، ئەوانیش لە ڕاپێچ کراوانی مەیدانی خوناو بوون...

هەر چواریان لە (محەممەدی خەلّوەتی)دا بەیەکتر گەیشتن، بازنەیەکی زەمینیان بە دەوری محەممەدی خەلّوەتیدا دروست کرد، بەدەوریدا خولانەوە، خولانەوە تا محەممەدی خەلّوەتییان خستە ناو سەمایەکی ڕۆحییەوە، لە چەپەوە بۆ ڕاست بە خێراییەکی سەیر دەسوڕانەوە... سوڕانەوەی ئەوان توانەوە بوو لە جیهانی مانادا و لە ئامێزگرتنی ڕۆحی یەکتر بوو... لاقەکانی محەممەدی خەلّوەتی ئەو دواین مێخە بوو ئەوانی بە زەویەوە بەستبوەوە، لەگەڵ سوڕانەوەی بەردەوام ئەو دواین مێخە لە زەوی هەلّکەنرا و بوون بە چەند تەنێکی فەزای دەرەکی...لە سەمادا بوون تا خۆر لەو دیو شاری تاریکستانەوە ئاوا بوو، لەگەڵ ئاوابوونی خۆرا بەرەو دۆلّی پیرۆز و لوتکەی چیا و کانیاوی نوور دایان لە شەقەی باڵ... درەنگانێکی شەو گەیشتنە ناو دۆلّەکە... تاوێك

لەپەنای تاشە بەردێکدا هەڵنیشتن، دەتوت پۆلێك کەون لە دەستی ڕاوچی و هاوڕەگەزەکانی خۆیان هەڵهاتوون، لەپڕ هەناوی دۆڵەکە ڕوونـاك بوویەوە هەستانە سەرپێ و شوێن پێی ڕووناکیان هەڵگرت و بەرەو لوتکە بە ڕێ کەوتن، بەردەوام بوون تاگەیشتنە تڕۆپکی بەرزبوونەوە و لە وێشەوە ڕژانە سەر کانیاوی نوور... لەسەر کانیاوەکە دوو کەس چاوەڕێی دەکردن ئەوانیش ئەشرەفی سوڵتانی و مێریای سپیپۆش بوون، زەیەوانی کانیاوەکە-کە پیرەمێردێکی ڕیش سپی بوو- بە ڕوویەکی گەشەوە پێشوازی لێکردن، پەلی ئەشرەفی سوڵتانی و شەمسی سیراجی گرت و وتی (ئێمە سیان و ئێوەش پێنج، هەموومان هەشت گەر مێریای سپیپۆش بێتە لای ئێمە بەرانبەر بە یەکتر دەوەستین)

یوسف (بەڵام ئێمە حەوت بووین و تۆ بەتەنها بووی...)

پیرەمێردەکە (من ئەو کەسەم پەیامی نوور لە ڕێگەی منەوە ڕەوانە دەکرێت، ئەوکەسانەی نامەی نووریان پێ دەگات دەتوانن نوور ببەخشنەوە و هاوخەمێك بۆ خۆیان هەڵ ببژێرن، هاوخەمەکەی ئەو من ببینێ بەڵام لە منەوە پەیامی نوور وەرنەگرێت... کەسانێك هەن نوور دەخۆنەوە بەڵام نوور نابەنەوە، ئەوانە زەمبیلەی نووریان هەڵ نەگرتووە... وەرن بینبگرن لە کانیاوی نوور، مەینەتیەکان لەخۆتان بکەنەوە، تاریکی لەبەر خۆتان دابڕنن، تۆزی ئازارەکان بتەکێنن، چڵکی ئارازووەکان بشۆن...)

محەممەدی خەڵوەتی سەرنجی پیرەمێردەکەی دا و ناسییەوە، هەمان پیرەمێردی ژێر داری سەر شەقامەکە بوو کە لە یەکێك لە شەوەکاندا بانگی محەممەدی خەڵوەتی کرد، ڕووی کردە پیرەمێردەکە و وتی (گەر دەزانی بۆ ناو شار دەگەڕێمەوە لەم نووڕە نانۆشم، چونکە نوور و چڵکی شاریان نەوتووە... من دەمەوێ بۆ دواین جار نووڕانی ببم)

پیرەمێردەکە (ئێوە ناگەڕێنەوە، لە مەیدانی خونـاوی شـار جەستەکانتان خەڵتانی خوێنە و گوللەی جەللادەکان کون کونی کردوون، بەڵام کەسانێك هـەن دەیانەوێ شار لە سیمای سیا قوتـار بکـەن، پـەیامی ئێوە هـەر ئەوەندە بـوو بەوانەی دوای خۆتـان بڵێن مـرۆڤ دەتوانـێ بەختـەوەر بـێ و لـە کانیـاوی نـوور بەهرەمەند بێت)

ئەوان بۆیان دەرکەوت هەر ئەو ڕۆژە لەگەڵ کۆژاراوەکـانی مەیـدانی خونـاودا ئەوانیش گیانیان لە دەست داوە...

دوای پاراو بوون لە نوور، ڕۆحەکانیان هاتە باڵەتەپێ و دەستەکانیان نایە ناو دەستی یەکتر و لە دەریای نوورا کەوتنە سەما... لاقەکانیان لە زەوی بڕا و بەرز بوونەوە... لە ئاسمانەوە سەیری کانیاوەکەیان دەکرد، وێنەی هەموویان لەسەر تەختی نوور بەرجەستە بوو بوو، پیرەمێردەکە دارعەساکەی بەرەو ئەوان بـەرز کردەوە، خواحافیزی سەفەری هەتاهەتایی لێ دەکردن... ئەوان بەردەوام بوون لە بەرزبوونەوە تا خۆیان لە ناو هەرەمی نـووردا بینییـەوە و بوونیـان گـۆڕا بـە بوونی ڕەنگی سپی، گەڕانەوە بۆ ئەو چاوگەی لێیەوە هاتبوون... لـەو سـەفەرە گەردوونییەدا لە نهێنییەکانی یەکتر گەیشتن، لە نهێنی نێوان ئەشرەفی سـوڵتانی و شەمسی سیراجی حاڵی بوون، لەوە گەیشتن شەمسی سیراجی بۆ محەممـەدی خەڵوەتی سەوداسەر کـرد بـوو، تێگەیشـتن لـەو مـاخۆلان و کڵپـەو هەڵچـوونەی هەموویانی داگیر کرد بوو، نهێنـی نێـوان شەمسـی سـیراجی و فـەخریان بـۆ والاّ بوو، فەخری ناوەنـدی سـێیەم بـوو بـۆ تێپـەڕبوونی نـوور... نـوور لـە شەمسـی سیراجیەوە بۆ محەممەدی خەڵوەتی... محەممەدی خەڵوەتی هەریەك لە جاویـد و یوسفی سەوداسەر کرد بوو، لـە نهـێنی عیشـقی ئەشـرەفی سـوڵتانی و مێریـای سپیپۆش حاڵی بوون، هەموو ئەم کارانەش نهێنییەکی پەی پێ نەبراو بوو، تا لە گەشتی نوورا پەردەی لەسەر لا درا...

ئەوان شوێنپێی ڕووناکیان هەڵگرت تاگەیشتن بە بەختەوەری...

بەڵام شاریان بە قەقنەسی بەجێهێڵا...

کۆمەڵیان پێ نەگۆڕا...

ژیان ڕانەوەستا...

تاریکی هەر

تاریکی...

ئازیزەکەم باس کردنی ئەم ڕۆمانە بۆ تۆ فرێدانی کۆڵێکی قورس بوو، کە چەند ساڵێکە "باقر"ی پیری ماندوو شەکەت کردووە، گوێگرتنی تۆش یارمەتی دام بۆ هێنانەوە بەریادی... دڵنیام ڕۆمانەکە لەمە زۆرتر بوو کە من بۆ تۆم گێڕایەوە، بەڵام گێرانەوەی ئەم بڕە و تیانەچوونی باشترە لە خامۆشی و لە بیرچوونەوەی...ئەم هەوڵەی من وەفادارییە بۆ ڕۆماننوسی راستەقینە و داگیرسانی مۆمێکە بۆ ڕەواندنەوەی تەم و مژی تاریکی.....

تەواو...

ناوەرۆك

پێشکەش	٥
کەسایەتییە دیاریەکانی ناو ڕۆمانەکە:	٧
بەشی یەکەم (١١.....١٦٦)	
مەرگ دۆستی و ژیان دۆستی	١٣
قوتابخانەی پەروەردە	٢٣
کۆمەڵەی ئەخلاقی	٥٤
کۆچکردن لە مانا	٧٤
زوهد و تەنهایی (ئاراستەیەکی پێچەوانە)	٩٥
ئەشرەفی سوڵتانی بالێندەیەکی بێ لانە	١٠٢
عیشقی مامۆستا	١٣٦
بەشی دووەم (١٦٧.....٢١٤)	
خولیاو ئەندێشە	١٦٩
کەنارەکانی عیرفان	١٩٣

بەشی سێیەم (٢١٥.....٢٩٣)	
گەشتی گەردوونی	٢١٧
یوسوفی شوعله	٢٢٥
دۆزینەوەی فەخری	٢٤٠
کانیاوی نوور و زانستی پەنهان	٢٥٢
دیسان چاخانه	٢٥٦
دواین نامەی میّریای سپیپۆش	٢٦٦
دواین سەفەر	٢٦٨
دوا بڕیار	٢٧٨
نامەکەی خەڵوەتی	٢٨٩
کۆتایی (٢٩٥.....٣٢٥)	
مەرگ له شاری ڕەشدا	٢٩٧